

د. کامەران مەنتك

# کوردو ئایدیۆلۆجیا

## کاریگەرییە ترسناکەکانی ئایدیۆلۆجیا لەسەر تاکی کورد

چاپی یەکەم

2023

د. کامەران مەنتک

# کوردو ئایدیۆلۆژیا

## کاریگەرییە ترسناکەکانی ئایدۆلۆژیا لەسەر تاکی کورد

(بەرەو تێکشکاندنی بیرکردنەوەی یەک سەدە)

هەولێر
2023

**ناوی کتێب**

# کوردو ئایدیۆلۆژیا

## کاریگەرییە ترسناکەکانی ئایدیۆلۆژیا لەسەر تاکی کورد

**نووسەر: د. کامەران مەنتک**

**دیزاینی بەرگ و ناوەوە: نووسەر**

**تیراژ:**

**نرخ**

**چاپ:**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان**

**ژمارەی سپاردن( 703) ساڵی (2023) پێدراوە**

# ناوەڕۆک

پێشەکی
دەروازە: داگیرکردنی ئاوەزو بەکۆیلەکردنێکی بەردەوام
نەهێشتنی تایبەتمەندییەکانی بیرکردنەوە
جۆرێکی نوێ لە کۆیلەبوون
بەرگریکردن لە خودکۆیلەیی
ونبوون لەنێوان زانین ونەزانیدا
بەشی یەکەم: لاسایکردنەوە و وەبەرهێنانی نەزانی
لە بیرکردنەوەی خۆڕسکەوە بۆ لاسایکردنەوە
متبوون ولەدەستدانی توانای بیرکردنەوە
دروستبوونی کەسایەتییەکی ئاڵۆز
بەشی دووەم: لە وەهمەوە بۆ یۆتۆپیا
سەنگی پرەنسیپە چرووکەکان
کێشەی رۆنەچوون لە کرۆکی ئایدیۆلۆژیادا
لە وەهمەوە بۆ یۆتۆپیا
هاوردەکردن وەک بەرهەمی خود
بەشی سێیەم: خێڵگەرایی لەسێبەری ئایدیۆلۆژیادا
بەهێزکردنی خێڵگەرایی
وەبەرهێنانی خێڵگەرایی
درێژەکێشانی خێڵگەرایی
خێڵگەرایی دوژمنی سەر سەختی کورد
بەشی چوارەم:راسیسزم وتێکشکاندنی کەسایەتی

راسیسزم لە بۆتەی خێڵگەراییدا
**دروستکردن وتێکشکاندنی کەسایەتی**
**ئایدیۆلۆژیا و هەژموونی ئابووری**
**بەشی پێنجەم: نامۆبوونی سیاسی وتراویلکەی دەوڵەت نەتەوەیی**
**نامۆبوونی سیاسی ونەتەوەیی**
**ململانێی خێڵگەرایی و مۆدێلی دەوڵەت**
**تراویکەی دەوڵەتی نەتەوەیی**
**بەشی شەشەم: گرێکوێرەی چاکسازی وتێکشکاندنی خێزان**
**گرێکوێرەی چاکسازی**
**سیستەمی گورگ وریۆی**
**پووچەڵکردنەوەی بەهاکان**
**بەشی حەوتەم: گۆڕینی دیمۆگرافیاو دابەشکردنەوەی دانیشتوان**
**باسی یەکەم: گۆڕینی دیمۆگرافیا**
**لاسایکردنەوەی خراپترینەکان**
**هەڕەشەکان لە ناوەوە**
**هەڵوەشاندنەوەو دارشتنەوەی ئینتیما**
**بەشی هەشتەم: وەهم وپرۆسەی بە دوژمنکردن**
**لەخۆشەویستی وڵاتەوە بۆ دوژمنکاری**
**وەبەرهێنانی پرۆسەی بەدوژمنکردن**
**ونکردنی پەیامەکان**
**تەنگژەی ناسنامە**
**بەشی نۆیەم: ئایدیۆلۆژیا یا جیۆستراتیژی**
**کۆتایی ئایدیۆلۆژیا !**
**دەمەتەقێیەکی سۆفیستانەی ئازاربەخش**

**پێناسە کردنەوەی ئاکار**
**بیرکردنەوە و مەترسییەکانی رۆشنبیران**
**بەشی دەیەم: دابەشکردنەوەی ماڵی خودا**
**وێناکردنێکی تر بۆ کۆمەڵگە**
**دابەشکردنی ماڵی خودا**
**ماڵ هەبێت، مزگەوت بەتاڵە!**
**دیزە بە دەرخۆنەکردنی راستییەکان**
**بەشی یازدەهەم: جیۆستراتیژی، لە پەرتەوازەییەوە بۆ کۆکردنەوە**
ئیدارەدان لەجیاتی خۆبەدەستەوەدان
**شاردنەوەی بایەخی تەختەکە**
**لە پەرتەوازەییەوە بۆ کۆکردنەوە**
**سەرئەنجام**

# پێشەکی

بۆچی ئایدیۆلۆژیا، لەکاتێکدا زۆر کەس دەڵێن سەردەمی ئایدیۆلۆژیا بەسەرچووەو بەکۆتا هاتووە!؟ جێگەی سەرنجە خودی چەمکی بەکۆتا هاتنی ئایدیۆلۆژیاش، وەک چەمکی بەکۆتا هاتنی مێژوو بەشێکە لەشەڕێکی ئایدیۆلۆژی، لەبەرئەوەی ئایدیۆلۆژیا بە بیرکردنەوەی مرۆڤەوە بەندە وهەرگیز بەکۆتا نایە، تاوەکو مرۆڤ بمێنێت ئایدیۆلۆژیا بەشێوەیەک لە شێوەکان دەمێنیت، بەڵام رۆڵی ئایدیۆلۆژیا، واتە ئەو رۆلەی دەدرێتە ئایدیۆلۆژیاکان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێک ولەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت!

لەبیرمە کاتیک تازە دەستمان بەخوێندنەوە کردبوو، ململانێیەکی چڕ لەنێوان گەنجەکانی نەوەی ئێمەدا هەبوو، زۆرینەی گەنجانی ئەو سەردەمە خۆیان بە چەپ ومارکسی دەزانی، گفتوگۆ لەسەر بابەتی وا سەیر دەکرا، کە لە ئاستی تیگەیشتن وبیرکردنەوەی ئێمە زۆر گەورەتر بوو، بەشێکی زۆر لەو شەڕانەش نە شەڕی ئێمە بوو نە پەیوەندی بە ئێمەوە هەبوو، چونکە لە بنەڕەتدا لە ئایدیۆلۆژیای مارکسی نەگەیشتبووین، ژمارەیەکی زۆر کەمیشمان کتێبەکانی مارکس ولینین و ماوی بە تەواوی خوێندبووەوە، ئەگەرچی هەمووان سەرەڕۆییەکی زۆرمان دەکرد، تەنانەت گرەومان لەسەر ئازادی وژیانی خۆمان دەکرد بۆ ئەوەی ئەو کتێبانە بەدەست بێنین!.

سەیرە مرۆڤ ژیانی خۆی لەپیناو کتێبێکدا بخاتە مەترسییەوە، بەڵام دواتر حەوسەلەی نەبێت بۆ چەند کاتژمێرێک کاتی پێببەخشێت وبەوردی بیخوینێتەوە، هۆکاری سەرەکی ئەم کەمتەرخەمی و تەوەزلییە دەگەڕێتەوە بۆ، لەلایەک جدی نەبووین و بەشێوەیەکی ورد لە ئەرکی ئەو قۆناغەدا

تێنەگەیشتبووین، لەلایەکی تر مرۆڤ بە سروشتی خۆی، حەزی لەشتی ئاسان و ئامادە کراوە، بۆیە زۆربەی گەنجەکان ئەو شتانەی باسیان دەکرد، زانیاری خۆیان نەبوو، لە زاری ئەو کەسانەیان وەردەگرت، کە خۆیان بە بەرپرس و شۆڕگێڕ دەزانی، کەواتە ئەو زانیاریانەی شەڕە دەنووکیان لەسەر دەکرا، زانیاری دەستی دوو و دەستی سێ وچوار بوون، لە کەسانێکەوە وەرگیرابوون، کە خۆیان لە بنەڕەتدا لەو ئایدیۆلۆژیایانە نەگەیشتبوون!.

ئەو دیمەنە سواوەی رۆژانە لە گازینۆ وچایخانەکاندا دووبارە دەبووەوە، نمایشێکی دزێو لاسایکردنەوەیەکی کوێرانە بوو، هەمووی لاسایی ئەوەی تری دەکردەوە، لاسایکردنەوە ئەو کۆسپە گەورەیە بوو رێگەی لە پێشوەچوون وخۆپێگەیاندنی جدی دەگرت! رێگەی نەدەدا ئێمە بە دروستی لەکێشەی نەتەوەکەی خۆمان تێبگەین و وەکو مێگەل بەدوای گاڕان کەوتبووین! هەر بۆیە بەشێکی زۆر لەو گەنجانە، کە بەداخەوە زۆرینەیان کەسانی نیشتمان پەروەرو خەڵکانی دڵسۆز بوون، بوونە قوربانی ئەو شۆڕشەی، کە جگە لە نەوەکانی خۆی کەسیتری نەخواردەوە، بەشێکی زۆر لەو گەنجە شارستانیانە، لە کێو ودۆڵەکاندا کرانە قوربانی شەڕی ناوەخۆ، بەداخەوە بەشێکیان مرۆڤ کوژو تاوانباری گەورەیان لێدەرچوو، کە تاوەکو ئێستا بارن بەسەر کۆمەڵگەی کوردییەوە، دیارە بەشێکیشیان بوونە قوربانی ئەو شەڕەو لە پەنا شاخەکاندا تیرۆر کران، یاخود هەر بواری ئەوەیان بۆ نەڕەخسا بگەنە شاخەکان، بەچاوساخی شۆڕشگێڕەکانی چیا، خەبەریان لێدراو لە زیندانەکانی بەعس بە دڕندانەترین شێوە ئەشکەنجە دران ودواتر لە سێدارە دران.

دوای چەندین ساڵ تەمەن بەسەر بردن لەگەڵ کتێب وکایە ئەکادیمییەکان، تێگەیشتم، کە ئایدیۆلۆژیا چییەو چ کاریگەرییەکی ترسناکی لەسەر تاکی کوردیدا هەبووە و هەیە، چۆن ئایدیۆلۆژیا وەک چەکێک

بەکارهێنراوە بۆ فریودانی مرۆڤی کوردو دوورخستنەوەی لە ڕێگە ڕاستەقینەکەی ژیان وخەبات، ئەو فریودانە تاوەکو ئێستاش درێژەی هەیەو بەردەوامە، گەنجانی ئێستا زۆر ترسناکتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیاکان و وەک کێڵگەیەکی لەبار ئامادە کراون، بۆئەوەی هەموو جۆرە تاقیکردنەوەیەکی ئایدیۆلۆژی و چۆنییەتی پووچەڵکردنەوەی بەهاکانیان لەسەر ئەنجام بدرێت، بۆیە بەپێویستم زانی بەگژ ئەو هەڵە بەکارهێنانەی ئایدیۆلۆژیاکان دابچمەوە و لەڕوانگەی خۆمەوە خوێندنەوەی بۆ بکەم، ئەگەرچی لەم کارەدا کەمێک دوا کەوتم، بەڵام لەکۆتاییدا هێڵێکم ڕاکێشاو کۆمەڵێک خاڵم دانا، وەک بیرۆکە سەرەتاییەکان بۆئەوەی گفتوگۆیان لەسەر بکەم، لە 2022\1\3 یەکەم بەشی ئەو زنجیرە وتارەم بڵاوکردەوە، پلانە سەرەتاییەکە وابوو، کەنووسینەکە لە 50 بەش پێکبێت، بەڵام لەکۆتایدا لەکاتی کارکردن، بەهۆی خەستبوونەوەی هەندێک لە بیرۆکەکان، بە 45 بەش بەکۆتا هات، بەڵام بەشەکان درێژترو چڕتر بوون، دوابەشیشم لە2023\1\21 لە پێگەکەی خۆم لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک بڵاوکردەوە، هەرچەندە ماوەیەک بەر لەو کاتە تەواوم کردبوو، لە دواجاردا بەشەکانم لە چوارچێوەی بەش و باسەکاندا و لە چوارچێوەیەکی ئەکادیمیدا ڕێکخستنەوە و ئەو کتێبەیان لێدەرچوو، کە ئێستا لەبەردەستی ئێوەی بەڕێزدایە، هیوادارم سوودی هەبێت و خوێندنەوەیەکی جیاواز بێت بۆ مێژووی کورد لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیاوە، بۆئەوەی تاکی کورد بتوانێت بەشێوەیەکی تەندروست لە ئایدیۆلۆژیاکان تێبگات ومامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

د. کامەران مەنتک

2023\1\22

# دەروازە

# داگیرکردنی ئاوەزو بەکۆیلەکردنێکی بەردەوام

## نەهێشتنی تایبەتمەندییەکانی بیرکردنەوە

ئایدیۆلۆژیا کۆمەڵێک بیرۆکەو بیروباوەڕە، کە کاریگەری لەسەر دنیابینی مرۆڤ دروست دەکات ووای لێدەکات لەچوارچێوەیەکی دیاریکراو ولەژێر رۆشنایی ئەو بیروباوەڕانەدا بیر بکاتەوە، کەواتە ئایدیۆلۆژیا هەرچیەک بێت، لە هەوسارێک زیاتر نیە، کە توانای بیرکردنەوەی مرۆڤ زیندانی دەکات، ئەوانەی دەکەونە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوەوە، بەرلەهەموو شتێک ئازادی ورەسەنایەتی بیرکردنەوەی خۆیان لەدەست دەدەن و وەکو هەموو کەسێکیتر بیر دەکەنەوە، وەکو خۆیان نەبێت! شێلگیرانە بەرگری لە بۆچوونە دروستکراوەکانی خۆیان دەکەن وتەنانەت زۆر جارانیش گیانی خۆیانی لەپێناودا بەخت دەکەن، کەچی وا دەزانن ئەوان لەپێناو خۆیان وبیرکردنەوەی خۆیاندا ئەو کارە دەکەن، بێئەوەی هەست بکەن، دەکەونە ژێر کاریگەری بیروباوەڕێکی دیاریکراوەوە وتەنانەت رەنگ بێت ئەو بیروباوەڕە دژی بەرژەوەندیەکانی خۆشیان بێت!.

هەموو ئایدیۆلۆژیاکان، ئەگەرچی لەروخساردا وانیشان دەدەن، کە مامەڵە لەگەڵ ئاوەز وئەقڵی مرۆڤ دا دەکەن، بەڵام بەشێوەکی بنەڕەتی هەست وسۆزی مرۆڤ دەبزوێنن و وەکو خۆشەویستیەکی تاکلایەنە، وای لێدەکەن، جگە لە خۆشەویستەکەی، واتە ئەو بۆچوونانەی ئایدیۆلۆژیاکە بەسەریدا دەسەپێنێت، چاوی هیچی تر نەبینێت! بۆیە راست وچەپ هێڵی رەش وسپی بەسەر دەوروبەرەکەی خۆیدا دێنێت، ئایدلۆژیا ئاینیەکان بەرامبەر بەکافرو مورتەد دەچوێنن وئایدیۆلۆژیا

سیاسیەکان کار لەسەر بە دوژمن کردنی بەرامبەر دەکەن! ئەمە زۆر جاران پێی دەگوترێت شێوانی ئایدیۆلۆژی یاخود هۆشمەندیەکی ساختە، واتە لێکدانەوەیەکی ناڕاست بۆ دەوروبەر!.

ئایدیۆلۆژیا لە بنەڕەتدا وەک هێزی نەرم (Soft Power ) لەمللانێیە سیاسیە ناوخۆیی و نێودەوڵەتی وجیهانیەکاندا بەکاردەهێنرێت، هەوڵدەدرێت لەرێگای ئایدیۆلۆژیاوە رووی راستەقینەی سیاسەت وستراتیژەکان بشاردرێتەوە، بۆ نمونە روسەکان نزیکەی 70 ساڵ، ئایدیۆلۆژیای مارکسی –لینینینی، واتە مارکسزمێکی خۆماڵیان بەکارهێنا بۆئەوەی پاساو بۆ فراوانخوازیە جیۆپۆلەتیکیەکانیان بهێننەوە، هتلەر ئایدیۆلۆژیای نازی وپوختی رەگەزی ئەڵمانی بەشێوەیەکی کارامە لەپێناو دروستکردنی سیستەمێکی جیهانی بەکارهێنا، کە خۆیان تیایدا باڵا دەست بن، رۆژئاواییەکان ئایدیۆلۆژیای لیبراڵیان خستۆتە خزمەت سەپاندنی هەژموونی جیهانی و باڵا دەستی سەرمایەداری جیهانی! لەکاتێکدا ئەگەر بەراوردێک لەنێوان چەمکەکانی لیبراڵیزم وسیاسەتی ریالیستانەی رۆژئاوا بکەین، دەبینین ئاسمان وریسمانی بەینە، بۆ نمونە لەکاتێکدا ئەوان باس لە ئازادی ومافی مرۆڤ دەکەن، خۆیان پاڵپشتی زۆربەی سیستەمە دیکتاتۆرەکانی جیهان دەکەن وهەموو ئامرازێکیان دەخەنە بەردەست بۆئەوەی ئازادی و مافەکانی مرۆڤی هاوڵاتیانی خۆیان سەرکوت بکەن! لەزۆربەی کاتدا ئایدیۆلۆژیا کارەساتی گەورەو ترسناک بەسەر میللەتان دێنێت، بەتایبەتی ئەگەر بەنەزانیەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و بەپیرۆزیەوە رەفتاری لەگەڵدا بکرێت، واتە هەوڵبدرێت خۆیان بەرژەوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاکە بگونجێنن، نەک ئایدیۆلۆژیاکە بخەنە خزمەتی خۆیان.

ئایدیۆلۆژیا، بە هەموو جۆرەکانیەوە شتێکی پیرۆز نیەو نابێت مرۆڤ دەروێشانە بکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە، هەرچەندە ئایدیۆلۆژیاکە بریقەدار بێت و لێکدانەوە وشرۆڤەکردنێکی وردو لۆژیکیانە بۆ دیاردە کۆمەڵایەتی وسیاسی وئابووری وئاینیەکان پێشکەش بکات، چونکە لەبنەڕەتدا ئایدیۆلۆژیا هەرچەندە

لۆژیکیش بێت، لەگەڵ بنەمای بیرکردنەوەی لۆژیکیانە ناگونجێت! بیرکردنەوەی لۆژیکیانە واتای ئەوەیە بەرلەهەموو شتێک مرۆڤ خاوەنی خۆی بێت ووەکو خۆی بیر بکاتەوە، نەک وەک خەڵکانی تر، ئایدیۆلۆژیاکان ئەو تایبەتمەندیە رەسەن وخۆڕسکە لە مرۆڤەکان دەسەننەوە، واتە وابەستبوونی تەواو بەئایدیۆلۆژیا، بەشێوەیەک لەشێوەکان جۆرە کۆیلایەتیکی شاردراوەو ئارەزوومەندانە لای مرۆڤ دروست دەکات، بەجۆرێک شێلگیرانە بەرگری لەو کۆیلایەتیە دەکات وهەموو هەوڵێک دەدات بۆئەوەی بەکۆیلەتی بمێنێتەوە وئەو کۆیلایەتیە بپارێزێت!.

# جۆرێکی نوێ لە کۆیلەبوون

کۆیلایەتی لەبنەڕەتدا ئەگەرچی دژی سروشتە، بەڵام لەرێگای ئایدیۆلۆژیاوە رتووش دەکرێت وتەنانەت لەزۆر حاڵەتادا دەبێتە بنەمایەک بۆ دروست بوونی پرەنسیپەکان لای مرۆڤ، ئەو کارە مرۆڤەکە بەتەواوی پەلبەست دەکات، لەبەرئەوەی پرەنسیپەکان لەبنەڕەتدا کۆمەڵێک یاساو رێسای ئەخلاقین وشێوازی ژیان وبیرکردنەوەی مرۆڤ دیاری دەکەن، کەواتە ئایدیۆلۆژیەکان لێرەدا بەشێنەیی وبەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەچنە ناو هەموو وردەکاریەکانی ژیانی مرۆڤەوە، بەو پرەنسیپانەشەوە، کە بنەما سەرەکیەکانی شێوازی ژیانی دیاری دەکات! بۆیە دەبێت تاکی کورد زۆر بەوریایی وبەشێوەیەکی ئاوەزمەندانە مامەڵە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاکاندا بکات، وەک خۆی دەیەوێت بەگوێرەی پێویستیەکانی خۆی بەکاریان بێنێت، نەک ببێتە ئامرازێک بەدەست ئایدیۆلۆژیاکانەوە!.

گەر بڵێین مرۆڤ دەتوانێت بەیەکجاری خۆی لە ئایدیۆلۆژیاکان دابڕێت وتووڕیان هەڵبدات، ئەمە لەرۆژگارێکی وەکو ئەمڕۆدا، کە میدیاو سۆشیال میدیاکان چوونە ناو هەموو کونج وقوژبنێکی خێزانەکان وئازادانە مامەڵە لەگەڵ بچووکترین وردەکاریەکانی ژیانیدا دەکەن، کاریکی ئەستەمە، هاوکات مرۆڤ ناتوانێت خۆی لەدەوروبەرەکەی بەیەکجاری دابڕێت و کاریگەرییەکانی دەوروبەر لەسەر خودی خۆیدا بسڕێتەوە، بۆیە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ئاوەزمەند بەشێوەیەکی راستەوخۆ وناراستەوخۆ رووبەڕووی شاڵاوی دەیان شەپۆڵ لەئالنگاری وکاریگەریەکانی دەرەوەی خودی خۆی دەبێتەوە ولەرێگای هەستەکانیەوە وەریان دەگرێت، ئەو هەستکردنە هەندێکیان بێویستی خۆی، تەنانەت لە زۆر کاتدا بێئەوەی هەستیشیان پێبکات لەناخیدا دەچەسپێن ودەبنە بنەمای کۆمەڵێک پرەنسیپ، ئەو پرەنسیپانەش پێکهاتەیەک سەرەکی بزوێنەری رەفتارەکانن و کۆمەڵێک رەفتاریان لێدەکەوێتەوە،

ڕەنگدانەوەیان لەسەر ڕۆڵ وپێگەی ئەو لەناو کۆمەڵگادا دەبێت! بۆیە چەندەی تاک هوشیار بێت و هەوڵبدات بەشێوەیەکی بەرجەستە مامەڵە لەگەڵ شەپۆلی فشارەکانی دەوروبەری بکات، هێندە زیاتر دەتوانێت کەسایەتی ڕەسەنی خۆی بپارێزێت وئەو شتانەشی وەریدەگرێت، شتێک بێت بەبێژنگی زهنی ئەودا ڕەتبووبن ولەگەڵ بیرکردنەوە وبەرژەوەندیەکانی ئەودا هاوسەنگ کرابن!.

ئاشکرایە هەندێک پرەنسیپ هەیە مۆرکێکی گشتگیری و چەسپاویان وەرگرتووە ولای هەموو مرۆڤەکان، تەنانەت ئەوانەی کاریشی پێناکەن ڕێزی خۆی هەیە، وەک پرەنسیپەکانی چاکە ویارمەتیدانی خەڵک وخراپی ئەنجامدانی تاوان و ... هتد، بەڵام کێشەکە بەتەنیا لە خودی ئەو پرەنسیپانەدا نیە، کێشەدا لەوەدایە، کاتێک ئایدیۆلۆژیا دێت و ئەوپرەنسیپانە بۆ مەبەستێکی تایبەتی خۆی بەکاردەهێنێت وبەسیاسی دەکات! ئاسان نیە مرۆڤ لەناو کۆمەڵگایەکدا بژیت وبتوانێت کەسایەتیەکی ڕەسەنی تایبەت بەخۆی دروست بکات، بەڵام زۆر گرنگە مرۆڤ بتوانێت نەبێتە مرۆڤێکی خاوەن کەسایەتیەکی دروست کراو، واتە خرابێتە ناو پرۆسەیەکی بەرهەم هێنان و بەپیشەسازی کرابێت وهیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ خودی خۆیدا نەمابێت!

ئەوەی جێگای مەترسیە، مرۆڤی ئەم سەردەمە ئاسانتر دەخرێتە دووتوێی تاقیگە کۆمەڵایەتی ودەروونی وسیاسیەکان ووەک هەموو بەرهەمێکی تر، کاڵایەکی لێ دروست دەکرێت، کە بەشێوەی کاڵاکانی تر بەکاردەبرێت وبەگوێرەی پێویستیەکانی کۆمەلگا، یاخود حزب وگرووپ ولایەنێکی دیاریکراوەوە بەکاردەهێنرێت، زۆرن ئەوانەی لەسەر بیروباوەڕێکدا خۆیان بەکوشتن دەدەن، کەچی بێئەوەی هەست بکەن، بیروباوەڕەکە هی خۆیان نیەو دەروون وکەسایەتی ئەوان بە پیشەسازی کراوە! تێگەیشتن لەم دۆخە، بۆ مرۆڤ، بەتایبەتیش کاتێک دەکەوێتە ناو بازنەی ئەو کارانەی بۆی دانراوە ئاسان نیە، لەبەرئەوەی وای لێکراوە لەناو خودی خۆیدا بخولێتەوە ونەتوانێت چوارچێوەی ئەو بازنەبە بشکێنێت، کە بۆی دانراوە، بەواتایەکی تر لەکونی بیرێکەوە سەیری ئەو ئاسمانە دەکات، کە بۆی دەست نیشان

کراوە... تەنانەت رووبەڕووی هەموو هەوڵێکی رزگارکردنیش دەبنەوە ودژی دەوەستنەوە، چونکە کۆیلایەتی بەشێوەیەک رەگی لەدەروونیان دادەکوتێت، کە هەرگیز نەتوانن لەگەڵ ئازاد بووندا هەڵبکەن!.

# بەرگریکردن لە خودکۆیلەیی

رزگارکردنی مرۆڤ لە ستەمی هەژمموونی و بەکۆیلە کردنی ئایدیۆلۆژیادا، کارێکی دژوارە، چونکە مرۆڤ خۆی دەبێتە گەورەترین بەرگریکار لەکۆیلایەتیەکەی وبەهەموو توانایەکی بەرگری لێدەکات، لەبەرئەوەی بەتێپەڕبوونی کات دۆخی کۆیلایەتی زیاتر لەناخی دەچەسپێت و ڕەگ دادەکوتێت، وەک ئاماژەی پێکرا تێکەڵ بە پڕەنسیپەکانی دەبێت وداب ونەریتێکی وا بەرهەم دینێت، کە رزگاربوون لێی ئەستەم بێت، بەواتایەکی تر کۆیلایەتی دەبێتە شیوازێکی ژیان ومانەوە وبەرژەوەندیەکانی خۆی لەو کۆیلایەتیەدا دەبینێتەوە، راستە کۆیلایەتی ئازادی وویست وئیرادەی لێدەسەنێتەوە، بەڵام لە بەرپرسیاریەتیەکانی بەرپرسیاریەتیش دەیپارێزێت وکەمترین رادەی ژیانی بۆ مسۆگەر دەکات! رازی بوونیش بەکەمترین رادەی ژیان واتە گەڕاندنەوەی مرۆڤ بۆ دۆخی شمەک وبوونەوەرێکی سروشتی، مرۆڤی ئیرادە زەو تکراو، بەشێک دەبێت لەژمارەکانی خاوەن کۆیلە، بۆ نمونە لە یاسای کۆنی رۆمانیەکاندا هیچ جیاوازیەک لەنێوان ژمارەی ئەو سەر ئاژەلانەی خاوەن کۆیلەکان هەیانبوو، لەگەڵ ژمارەی ئەو سەر کۆیلانەی هەیانبوو نەدەکرا! لەشێوازی بەخێوکردن وەبەرهێنانیشدا بەهەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵ کۆیلەکان دەکرد، بۆ زگ وزان وکارکردن ... هتد بەکاریان دەهێنان، چۆن مامەڵەیان بە ئاژەڵەکانیان دەکردو لەکاتی پێویستیدا دەیانفرۆشتن، تەنانەت دەیانکوشتن، یاخود بەکوشتنیان دەدان، بەهەمان شێوە رەفتاریان لەگەڵ کۆیلەکانیش دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا قۆناغی کۆیلایەتی یەکێکە لەقۆناغە درێژەکانی مێژووی مرۆڤایەتی!. لەبەرئەوەی هەرگیز نابێت ئەوە فەرامۆش بکرێت، کە کۆیلایەتیش سیحرو کاریگەری خۆی هەیە، بەتایبەتی داشۆرین لە بەرپرسیاریەتی وا لەمرۆڤ دەکات، ئیرادەکەی ژەنگ هەڵبێنێت، لەهەموو شتێکدا پشت بەکەسانی تر ببەستێت وچاوەڕی بکات ئەوان

ژیانی بۆ دابین بکەن، واتە جۆرە مامەڵەیەکە، کە بەقازانجی تێدەگات، لە نێوان لەدەستدانی ئازادی و مرۆڤ بوونی خۆی، بەرامبەر بە رزگاربوون لەبەرپرسیاریەتی! ئەو رزگاربوون لە بەرپرسیاریەتیەکەی لەخودی ئازادیەکەش لاگرنگتر دەبیت، چونکە ژیانێکی تا رادەیەک ئاسانی بۆ دابین دەکات! هەر ئەمەش وایکردووە، لە کۆیلایەتیدا نوێدا ئەو کەسانەی کاریان پیناکرێت وناتوانن بەرپرسیاریەتی کارکردن هەڵگرن، دەچنە سەربازی، کە یادەخرێنە ناو شەڕو وەکو هەموو ئامێرێکی تر بەناوی نیشتمان وکۆمەڵێک دروشمی بریقەدارەوە خەڵکیان پێ دەکوژن ویا بەکوشتیان دەدەن، یاخود بۆ شەڕ ئامادەیان دەکەن، دیارە کاری هەموو سوپاکان ئەوەیە،یا لەشەڕدایە، یا خۆی بۆ شەڕ ئامادە دەکات!.

بەم چەشنە مرۆڤ کاتێک لەرێگای ئایدیۆلۆژیەکانەوە، ئاوەزی کۆت دەکرێت دنیا بەو رەنگە دەبینێت، کە بۆی کێشراوە، بەر لەهەموو کەسێک دژی خودی خۆی ومرۆڤ بوونی خۆی دەوەستێتەوە و چیتر وەک موڵکی خۆی نامێنێت، دەبێتە مۆڵکی ئایدیۆلۆژیاکەو خاوەن ئایدیۆلۆژیاکان، یاخود وردتر بەکارهێنەرانی ئایدیلۆژیاکان، کە بە هەمان شێوەی کۆیلەکانی سەردەمی کۆنی رۆمانیەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، ئەویش تەنیا ئەوەی بەدەست دەمێنێتەوە، وەک کورد دەڵێت شانازی بەوەوە بکات خاوەنەکەی پێی بڵێت (سەیە)، واتە سەگە!.

رزگارکردنی مرۆڤێک لەوەی شانازی بەدۆخێکی لەو شێوەیە بکات، بەر لەهەموو شتێک دەبێت لەشێوازی بیرکردنەوە و هەست وسۆزی خۆی بپارێزرێت، دەبێت بەرچاوەکانی بەشێوەیەک روونبکرێتەوە، چیتر لەتیشکی خۆر رانەکات، وەک ئەوەی لە چیرۆکی ئەشکەوتەکەی ئەفلاتووندا هاتووە، ئەفلاتوون باسی ئەوە دەکات، کە کۆمەڵێک مرۆڤ دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر لە تاریکایی ئەشکەوتێکدا زیندانی دەکرێن، کاتێک ئازاد دەکرێن، چاویان بەرگەی بینینی خۆر ناگرێت وداوا دەکەن بیانگەڕێننەوە بۆ ناو ئەشکەوتەکە، دیارە مەترسیدارترین زیندانیش بۆ مرۆڤ ئایدیۆلۆژیایە، کە بەتەواوی هزری داگیر دەکات ودەیکاتە بوونەوەرێکی بێ ئاوەزو

بێ سۆز وفریوخواردو، تەنانەت تا رادەیەکی زۆر وەک ئاماژەی پێکرا، مۆرکی مرۆڤ بوونیش لەدەست دەدات دەبێتە کاڵایەکی چرووک وشەڕ بۆ ئازادی وپاراستنی بەرژەوەندیەکانی گەورەکانی خۆی دەکات، بە بێئەوەی ببینێت وهەست بەخۆی بکات، کە لەچ قوژبنێکی تاریکی ئایدیۆلۆژیاوە ئاخنراوە وچۆن ئایدیۆلۆژیا رەفتارەکانی دیار دەکات و وەک ئامێرێک کاری پێدەکرێت!.

## ونبوون لەنێوان زانین ونەزانیدا

سەیر لەوەدایە، لە دووتوێی ئەو نەزانیەو کوێربوون و سڕ بوون بە تای ئایدیۆلۆژیا، مرۆڤ خۆی وەک زانایەک دەبینێت و وا لەخۆی دەگات، کە چارەسەری هەموو کێشەکانی کرمەڵگا، تەنیا لە بۆچوون ودنیابینیەکانی ئەودایە، واتە تەنیا لە ڕەهەندی خودی خۆیەوە سەیری ژیان دەکات ودەبێتە مرۆڤێکی تاک ڕەهەند، بۆچوون وتێگەیشتنەکانی تر هەمووی ڕەتدەکاتەوە، کە ئەمە بەر لەهەموو کەسێک، مەترسیەکی گەورە لەسەر خودی خۆی دروست دەکات، دووچاری چەق بەستوویی وبەدۆگما بوونێک دەبێت، بەشێوەیەک لەشوێنی خوی دەچەقێت وناتوانێت تاکە هەنگاوێک بۆ پێشەوە هەڵێنێت، کەچی شێلگیرانەش شەڕ لەسەر ڕێزی پێشەوە دەکات!

لەراستیدا ئایدیۆلۆژیا سەرچاوەیەکی باشە بۆ دروستکردنی دۆگمایەکی بەهێز لە ئاوەزی مرۆڤدا، لەبەرئەوەی زۆرینەی ئەوانەی بە ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوەوە دەنازن و شەڕی لەسەر دەکەن، زانیاریەکی سەرپێی وروکەشانەیان لەسەریدایە هەیەو نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی مەعریفی ئایدیۆلۆژیاکەیان دەربچن، واتە تەنیا بەدوای ئەو پرسیارو وەڵامانەن، کە ئایدیۆلۆژیاکە کاری لەسەر کردووە وچارەسەری بۆ دۆزیوەتەوە، بیروبۆچوونەکانی خۆیان وەک دەقێکی پیرۆز سەیر دەکەن وبەرامبەر ئەمەش هەموو بیروبۆچوونەکانی تر بەدزێو وناحەز دەبینن و ڕەتیدەکەنەوە! بە واتایەکی تر توانای داهێنانی پرسیاری نوێ وگەڕان بەدوای وەڵامی نوێدا لەدەست دەدەن، دیارە مەلەکردنیش لەناو مەعریفەدا، دەبێتە هۆی چەق بەستن وخولانەوە لەنێو بازنەی ئەو زانیاریانەی، کە ڕۆژ بە ڕۆژ کۆن دەبن وبەهایان نامێنێت. بەپێچەوانەی مرۆڤی هوشیار وئازاد، کە هەمیشە بەدوای درروستکردنی پرسیاری نوێ وگەڕان بەدوای وەڵامی نوێوەیە، واتە هەردوو بەشی مێشکی خۆی بەکاردەهێنێت، چونکە مێشکی هەموو مرۆڤێک لەرووی مامەڵەکردن لەگەڵ

دەوروبەردا دەکرێتە دووبەش، بەشێکیان هەمیشە بەدوای ئەو پرسیارو وەڵامانەدایە، کە بۆی ئامادە کراون، واتە کار لەسەر مەعریفە دەکات، دیارە ئایدیۆلۆژیاکان کار لەسەر ئەوە دەکەن وهەمیشە مرۆڤی کۆپیکراو بەرهەم دەهێنن، بەشەکەی تریش بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە خۆی لە قاوغە کۆنەکان رزگار بکات وبەدوای پرسیاری نوێ ووەڵامی نوێدا دەگەڕێت، واتە فەلسەفە، کە ئەمە دەبێتە هۆی پێشوەچوون وگۆڕینی دنیابینی مرۆڤەکان بەشێوەیەکی بەردەوام، چونکە ئاستی رۆشنبیری وبیرکردنەوەی مرۆڤ لە بنەڕەتدا وەکو گۆمە ئاوێکە، ئەگەر بەردەوام پڕ نەکرێتەوە ولەهەندێک شوێندا بەری بۆنەکرێتەوە بۆگەن دەکات، بەم چەشنە ئایدیۆلۆژیاکان وادەکەن بیرو بیرکردنەوەی مرۆڤەکان هەرگیز نەگۆڕێن وبۆگەن بکەن!.

هەڵگری ئایدیۆلۆژیاکان، یاخود بەواتایەکی تر دەروێشی ئایدیۆلۆژیاکان هەمیشە لە وەسفی شێخەکەیانن ولەئەشقی ئەودا دەتلێنەوە، لەدەرەوەی شێخەکەیان توانای بیرکردنەوەیان نامێنێت وهەموو شتێک رەتدەکەنەوە، بەم چەشنە خۆشەویستی چوارچێوەیەک بۆ ئاسۆی بینینیان دروست دەکات ورێگا نادات لە یەک ئاراستە زیاتر ببینن، وەک ئەوەی هەوسارکرابن، ناتوانن لەیەک ئاڕاستە، ئەویش ئاڕاستەی شێخەکەیانە زیاتر ببینن. رەنگ بێت هۆی سەرەکی ئەمەش ئەوە بێت، ئەوانەی بەم چەشنە دەکەونە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیاکان، تەنانەت لەرووی مەعریفیەوەش زانیاریەکی روکەش، تەنان خوێندەواریەکی روکەشیشیان هەبێت، هەرچەندە کۆگایەکی گەورەیان لە پرسیارو وەڵامە ستۆکەکان لەمێشکی خۆیان عەمبار کردبێت، چونکە زانین وزانیاری راستەقینە چەندە زۆر بێت رێگە لە لاسایی کردنەوە دەگرێت، بەشێکی زۆری ئەوانەی خۆیان وەک دەروێشی یەکێک لە ئایدیۆلۆژیاکان دەزانن، بەشێوەیەکی توند دەکەونە ژێر کاریگەری لاسایی کردنەوە ولەهەموو شتێکدا، تەنانەت لەشێوازی خواردن وجل لەبەر کردنیشیاندا لاسایی شێخەکانیان دەکەنەوە...

# بەشی یەکەم
# لاسایکردنەوە و وەبەرهێنانی نەزانی

## لە بیرکردنەوەی خۆڕسکەوە بۆ لاسایکردنەوە

ئایدیۆلۆژیستەکان، کەمینەیەکی ئێجگار کەمیان نەبێت، کە لەئایدیۆلۆژیاکە تێدەگەن ولەپێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا بەکاری دەهێنن، زۆرینەی هەرە زۆری ئەوانەی تر لاسایی کەرەوەن ولەژێر کاریگەری ئەو کەمینەیەدان، بەجۆرێک توانای ئەوەیان نامێنێت، بۆ چرکەیەکیش لەگەڵ خودی خۆیاندا ئاشت ببنەوەو وەک ئەوەی خۆیان دەیانەوێت بیربکەنەوە و لەدنیاو دەوروبەر رامێنن، ژیان لای ئەوانە دەبێتە پڕۆسەی زنجیرەیەکی نەپساوە لەدووبارە بوونەوە وکاوێژ کردنەوە، ئەو جۆرە مۆدێلە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لەباشوری کوردستان لە برەودا بوو، زۆرینەی گەنجەکانی ئەو قۆناغە، بەراست وچەپەوە بەدوای ئایدیۆلۆژیای مارکسی وهەندێکیان مارکسی لینینی کەوتبوون، بە بێئەوەی یەک لاپەڕەشیان لەکتێبەکانی مارکس ولینین خوێندبێتەوە، شەڕیان لەسەر ئەو بیرو باوەڕە دەکرد!.

سەیر لەوەدایە ئەو کەمینەی باڵا دەستبوون وخۆیان بەشرۆڤەکارو هەڵگری ئەو ئایدیۆلۆژیایە دەزانی و سەرکردایەتیان دەکرد و رۆشنبیرە شۆڕگێڕەکان لاساییان دەکردنەوە، وەک دەڵێن فریان بەسەر ئایدیۆلۆژیای مارکسیەوە نەبوو وکۆمەڵێک کەسی ساختەچی وبەرژەوەندیخوزار بوون ولەپەنای ئەو ئایدیۆلۆژیایانەوە بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەهێنایە دی، رووی راستەقینەی ئەوانە تەنیا ئەو کاتە بۆ خەڵکی کوردستان روون بووەوە، کاتێک هاتنە ناوشارەکان

وحکومەتی بەناو کوردی دامەزرا، هەموومان بینیمان چۆن وەک کولله داروبەری ئەو وڵاتەیان هەڵلوشی وویرانیان کرد!.

ئەمە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە تەنانەت خودی لاسایکردنەوەش لەرووی تیوورییەوە، لە رەوگەی ریبازی خۆی دەربچیت وهیچ شرۆڤەکرنێکی چەمکی لاسایکردنەوە، لەرووی زانستیەوە بەخۆوە هەڵنەگریت، چونکە لەرووی هزرییەوە هەمیشە ئەو کەسانەی دەکەونە ژێر کاریگەری هزر وکەسایەتی کەسانی ترەوە، دەبێت ئاستێکی تێگەیشتنی راستەقینەیان هەبیت، بەڵام لەباشووری کوردستان، هەردوو لا کۆڵەوار بوون، جیاوازیەکەیان تەنیا لەوەدابوو، کەمینەی بەناو سەرکردە دەیانزانی چی دەکەن وچۆن بەرژەوەندیەکانی خۆیان دێننە دی ودەیپاریزن، بۆ ئەم مەبەستەش دەستیان لەگەڵ داروبەرد تێکەڵ کردبوو و وەک کاڵایەکی چرووک ئامادەگی خۆیان بۆ هەموو داگیرکەرانی کوردستان خستبووە روو، هەر تەنیا بەرووخانی رژێمێکی وەک سەدام حوسێنیش، واتە تاکە رژێمێک لە مەنزومەی هەریمی ناوچەکە، دەرکەوت، کە نیوەیان سیخوڕو داردەستی دوژمنانی میللەتەکەی خۆیان بوون، بێگومان ئەگەر رژێمەکانی تری ناوچەکەش بڕوخێن، ئەو کاتە کارەساتە گەورەتر دەبێت وکۆی ئەو دیمەنە باشتر روون دەبێتەوە وبەرچاو دەکەوێت،

بەرامبەر ئەو کەمینە سەرکردە زانایە!!! مێگەلێکی فریوخواردووی بەناو شۆڕشگێڕ هەبوو، کە سەرباری مەست بوونیان بە ئایدیۆلۆژیای چەپ گەرایی، لەروانگەی ئایدیۆلۆژیایەکی ناسیونالیستانەوە کاریان دەکرد، زۆرینەی ئەوانە نەک پێشەنگی کۆمەلگا نەبوون، بگرە کەسانی ساویلکە وفریوخواردوو بوون وکەوتبوونە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیاکانەوە، جا یەکێک لەکێشەکانی ئایدیۆلۆژیستەکانی لەوجۆرە، خولانەوەیە لە بازنەی دروشمەکانەوە، چونکە لاسایکردنەوەی ئایدیۆلۆژی، دروشمبازی بەرهەم دێنێت وگفتۆکان، یا راستتر بڵێین گەڕەلاوژەکان لەسەر دروشمەکان دەبێت نەک کرۆکی ئایدیۆلۆژیاکان، لەبەرئەوەی خۆیان لەبنەڕەتەوە لە ئایدیۆلۆژیاکە نەگەیشتوون!!!.

# متبوون ولەدەستدانی توانای بیرکردنەوە

پرۆسەی لاسایکردنەوە لە بنەڕەتدا لەسەر کەمتەرخەمی وناهوشیاریەوە بەندە، ئەوانەی لاسایی دەکەنەوە، ئەوانەن، کە ئامادەنین خۆیان ماندوو بکەن وبچنە بنج وبناوانی شتەکان، بۆیە لەروانگەی کەسانی ترەوە سەیری رووداوەکان دەکەن وبەچاویلکەی ئەوانەوە دنیا دەبینن، ئەمەش واتای ئەوەیە کەسانی رووکەش وناهوشیارن بەئاسانی فریودەخۆن، بۆیە ئایدیۆلۆژیا زیاتر لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا، واتە کەسانی ناهوشیار مامەڵە دەکات، چونکە ئەوانە ئاسانتر فریو دەخۆن، لەپاڵ ئەمەشدا نابێت کەسانی ساویلکەو خۆش باوەڕیش لەیاد بکەین، کە مەبەستی سەرەکی ئایدیۆلۆژیاکە نیە وئەو بۆ شتێکی گەورەتر کار دەکات، بەڵام نازانێت فریودراوە، تا بۆی دەردەکەوێت کاتەکە درەنگ دەبێت وهەموو شتێکی لەدەست دەچێت، لەوانە رەنگ بێت خودی ژیانی خۆشی لەدەست بدات!

بوونی مەسەلەیەکی رەوا کار ئاسانی زۆر بۆ ئادیۆلۆژیا وئایدیۆلۆژیستەکان دەکات ودەرفەتی لەباریان دەڕەخسێنێت، بۆئەوەی بەسەرکەوتوویی کارەکانی خۆیان بکەن، بۆ نمونە وەکو بوونی مەسەلەیەکی نەتەوەیی، واتە چەوسانەوەی نەتەوەیی یاخود چینایەتی یا هەر جۆرە چەوسانەوەیەکی تر، دەبێتە هۆی ئەوەی زۆر کەس بەهەست وسۆزەوە مامەڵە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاکان بکات و وەریانبگرێت، چونکە ئەو لەبنەڕەتدا بەدوای رزگار بوون لەو دۆخە بن دەستیەدا دەگەڕێت، کە تێیدا کەوتووە، بە واتایەکی تر دۆخی ناو کۆمەڵگاو ئەو قەیرانانەی مرۆڤ رووبەڕووی دەبێتەوە، دەرفەتێکی لەبار بۆ ئایدیۆلۆژیاکان دەڕەخسێنێت، کە بەکارامەیی کاری خۆیان بکەن، لەبەرئەوەی ئەرکی ئایدیۆلۆژیا لە خودی خۆیدا شیکردنەوەی کێشەیەک ودۆخێکی دیاریکراو دەگرێتە ئەستۆو هەوڵدەدات چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، جا ئەگەر خودی قەیرانەکە بوونی نەبێت، ئایدیۆلۆژیا مامەلە لەگەڵ چی بکات!؟ ئەگەر مەسەلەی کوردو

چەوساندنەوەی نەتەوەیی نەبوایە لەکوردستان چۆن ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکان دەیانتوانی بەم شێوەیە یاری بەئاوەزی تاکی کورد بکەن!.

زۆربەی ئەوانەی دەکەونە داوی ئایدیۆلۆژیاوە بە سروشتی خۆیان کەسانی خۆڕسکن و هەستێکی پاک ومرۆڤانەیان هەیەو خۆیان بە بەرگریکاری مەسەلەیەکی رەوا دەزانن، راستیش دەکەن، وەک ئاماژەی پێکرا دەبێت مەسەلەیەکی رەوا لە ئارادا بێت، ئەگینا ئەوان خەریکی ژیانی خۆیان دەبن ووەکو هەر مرۆڤێکی ئاسایی ژیان دەکەن! ئەگەر قەیرانێکی دنیایی نەبێت وخەڵک لەسەر زەوی چارەسەری کێشەکانی بۆ نەدۆزرێتەوە، چۆن ئایدیۆلۆژیا ئاینیەکان، بە مەبەستیکی سیاسی ولەپێناو بەرژەوەندی کەمینەیەک، لەرێگای دنیایەکی ترەوە دەتوانن خەڵک ئامادە بکەن بۆ ئەوەی خۆی بتەقێنیتەوە!؟ ئەو کەسەی ئامادەیی ئەوەی دەبێت خۆی بتەقێنیتەوە وژیانی سەر دنیای بکاتە قوربانی ژیانی ئەو دنیا، واتە دونیایەکی میتافیزیکی تر، زۆرینەی ئەوانەن، کە بەهۆی نا دادپەروەری وچەوساندنەوەکانی ناو کۆمەلگاوە ژیانی ئەو دنیایەیان لەدەست داوە، رەشبین بووینە وهیچ رۆچنەیەک بەدی ناکەن رووناکی خۆری تیا ببینن، واتە دەروازەیەکی کراوە بەدی ناکەن ئومێدی ئەو ژیانە وئایندەی ئەو ژیانەی لەسەر هەڵچنن، بۆیە ئایدیۆلۆژیا ئاینیەکان پەنجەرەکی رووناکیان لەو دنیا (بەهەشت) بۆ دەکەنەوە وبەئاسانی دەتوانن فریویان بدەن، کە زۆر جار خودی ئاینەکە خۆی وەکو باوەڕداری ئەم کارە قبوول ناکات، بەڵام کاتێک ئەو باوەڕداریە دەبێتە ئایدیۆلۆژیا ورەوایەتی پیدەدرێت، ئەوە کەسیک قیت دەبێتەوە ولەجیاتی خواو پێغەمبەر بڕیار دەدات ویاری بە چارەنووسی مرۆڤەکان دەکات!.

دەتوانین بڵێین زۆربەی ئەوانەی دەبنە قوربانی ئایدیۆلۆژیاکان لە بنەڕەتدا بەدەست کێشەیەکەوە دەناڵێنن، هەر بۆ بەرچاو روونی ئەگەر سەیری ئەوانە بکەین، کە لەرێگای ئایدیۆلۆژیایەکدا دەبنە پێشمەرگە، کە تێینەگەیشتوون، لە ناخی خۆیاندا کاریان بۆ مەسەلەیەکی رەوا کردووە، متمانەی تەواویان هەبووە، کە مەسەلەکەیان رەوایە و لەراستیشدا خاوەنی مەسەلەیەکی رەوابووینە، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین،

زۆربەی ئەوانەی لەڕیزی پیشەوە بووینە وشێرو خەتیان لەسەر ژیانی خۆیان کردووە، ئەوانە بوون، کە لەخێزانێکی هەژارو کەم دەرامەتدا هاتبوون، ئەوان زیاتر ئامادەبوون خۆیان بکەنە قوربانی بۆئەوەی دنیایەکی جوانتر بۆ نەوەکانی ئایندە بونیات بنێن، ئەوانە کەسانی لەخۆ بوردوو ودڵسۆز بوون، بەڵام ئەگەر سەیری ژمارەی پێشمەرگەی هەموو حیزبەکان بکەیت، زۆر کەم کەسانێکت بەرچاو دەکەوێت، کە نازو نیعەمتیکیان جیهێشتبێت وریزی پێشەوەی بەرەکانی شەڕیان گرتبێت!.

کەسێکی دەوڵەمەند، کە لەسەر ئەم دنیایە توانیویەتی ئارامی ورادەیەکی باش لەخۆش گوزەرانی بۆ خۆی دابین بکات، زۆر ئاگای لەخەلکانی تر نیەو کەمتر هەست بەمەسەلەکان دەکات، بۆیە ئامادە نیە لەپێناو دنیایەکی تری گریمانە کراودا ژیانی خۆی بخاتە مەترسیەوە، لەنێو هەموو ئەو کەسانەی لە ناوداعشدا خۆیان دەتاقەندەوە چەند کەسی لەو بابەتە بەرچاو دەکەوێت، بێگومان نالێم هیچ بەڵام ڕێژەی ڕەهای ئەوانەی خۆیان دەتەقاندەوە منداڵی خێزانە بەد ەخت وهەژارەکان بوون، کە خەونیان بەئایندەیەکی باشتر بۆ خۆیان وخێزانەکەیان دەبینی...

## دروستبوونی کەسایەتییەکی ئاڵۆز

بوونی مەسەلەیەکی رەوا لەپاڵ پرۆسەی حەزی مرۆڤەکان بەلاسایی کردنەوە، کەسایەتیەکی زۆر ئاڵۆز دروست دەکات، کە زۆرجار خۆی لەخۆی تێناگات وبەدوای دۆزینەوە خۆیدا دەگەڕێت، جار ئەگەر ئاستێکی هوشیاری راستەقینەی نەبێت، لەو گەرانەیدا هەڵوەدا دەبێت بەدوای شتێکدا دەگەڕێت، کە هەرگیز تاماوە تووشی نابێت ونایدۆزێتەوە! ئەو کەسانەی بەدوای خودی خۆیان دەگەڕێن ولەرێگای هەستەکانیانەوە دەیانەوێت ئەو خودە بدۆزنەوە، ئەوە نەک هەر ناتوانن بگەنە ئامانجەکانیان، بەڵکو بەئاسانی دەکرێنە ئامراز وکەرەستەیەکی خاو بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی کەسانی ترەوە، بێگومان ئەمەش لەپەنای مەسەلە رەواکەدا، چونکە وەک ئاماژەی پێکرا، ئەوە مەسەلە رەواکەیە، کەرەوایی بەهەندێک کەس دەدات بەناوی شۆڕش وبزووتنەوەی رزگاریخوازیەوە کەسانی تر بەکاربهێنن وبیخەنە خزمەت بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە!.

زۆربەی ئەوانەی دەبنە قوربانی، تا لەژیاندان واتێدەگەن وبڕوای تەواویان بەوە هەیە، کە ئەوان لەپێناو مەسەلە رەواکەدا کاردەکەن، کەچی رەنگ بێت لە بنەڕەتدا هەنگاوەکان وشێوازی کارکردنی ئەوان هەرگیز لە خزمەت خودی مەسەلە رەواکەشدا نەبێت! چونکە وەک چۆن لە ناوەوەی کۆمەڵگاکاندا تاکەکان تەیاردەکرێن ولەپەنای ئەو مەسەلە رەوایانەوە دەخرێنە خزمەت ئەجێندایەک، کە تا دەشمرن درکی پێناکەن، بە هەمان شێوە مەسەلە رەواکان ئامرازێکی گرنگن لە سیاسەتی نێودەوڵەتی وزلهێزە هەرێمی ونێودەوڵەتیەکان لەپێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا بەکاریان دەهێنن، بۆ نمونە ئەمریکی ورۆژئاواییەکان کورد ومەسەلەی کوردیان لەهەموو پارچەکاندا زۆر بەئاسانی ولە پەنای رزگاری ومافی ئۆتۆنۆمی ودامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیدا بەکارهێناوە، هەر کاتێکیش بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەدی هێنا بێت، پشتیان لەکورد

کردووه، ئەمە لەوەی ناونراوە شۆڕشی ئەیلوول ورۆژئاوای کوردستان بەم دواییە زۆر بەروونی بەدیاردەکەویت!.

سەیر لەوەدایە، وەک گەمەیەکی هەریمیش، دەوڵەتە هەریمیەکانی وەک تورکیا وئیران وئیراق وسوریا، بەهەمان شیوە یاریان لەسەر ئەو مەسەلەیە کردووە ولەگەمە هەریمیەکاندا بەکاریان هیناوە! بۆ نمونە ئیران دژی هەموو مافیکی کوردەکانی خۆی بووە، کەچی یارمەتی کوردەکانی ئیراقی داوە، بۆئەوەی فشار بخاتە سەر حکومەتی ئیراق وبەرژەوەندیە جیۆپۆلەتیەکانی خۆی مسۆگەر بکات، ئیمە بینیمان دوای 14 ساڵ، کاتیک لەساڵی (1975) لەگەل حکومەتی ئیراق گەیشتە ریککەوتن، پشتی کوردی بەرداو ئەو دەریایە خوینە بەفیرۆ چوو، کە گەلی کورد لەپیناو ئازادی وسەربەخۆییەکەی خۆیدا بەخشی، ئایدیۆلۆژیستەکانیش، یا دروستتر بلیین بازرگانەکانی سیاسەت ومەسەلەی کوردیش، وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون وتەنانەت بەشیک لەسەرکردەکان لەخودی ئەو ئەمریکایە داوای پەناهەندەییان کرد، کە بەخیانەت کردن لەکوردو عەرابی ریککەوتننامەی جەزائیر تۆمەتباریان دەکرد!. بەهەمان شیوە حکومەتی ئیراقیش، کە هیچی بە کوردەکانی ژیر دەسەلاتی خۆی رەوا نەدەبینی، کەچی کوردەکانی رۆژهەلاتی دەلاواندەوە ولەپیناو بەرژەوەندیەکانی خۆیدا بەکاریدەهینان، هەمان شت بۆ سوریا وتورکیاش راستە، بۆ نمونە تورکیا لەکاتیکدا شەڕی لەناوبردنی هەموو کوردی دەکرد، لەژیرەوە پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ حیزبەکانی باشوور هەبوو وتەنانەت لە سالانی هەشتاکاندا، بزووتنەوەی بەناو کوردی نەیدەتوانی بەیاننامەیەک دژی رژیمی بەعس دەربکات، ئەگەر بەدڵی تورکەکان نەبووایە، سوریا مافی هاولاتی بوونی بەکوردەکانی خۆی رەوا نەدەبینی، کەچی دەستی بەسەری کوردەکانی باکوور وباشوور دادەهیناو دژی حکومەتی تورکیاو ئیراق سوودی لیوەردەگرتن!.

بەم چەشنە مەسەلەی کورد، کەمەسەلەیەکی رەوای میللەتیکە و تا ئیستاش ئەو مەسەلەیەش بەردەوامە و کراوەتە ئامرازی گەمەیەکی هەریمی وجیهانی،

بەشێوەیەک تا ئێستاش تاکی کوردو تەنانەت خێڵە سیاسەکانی کوردیش، کە ناوی حیزبیان لەخۆیان ناوە، لەو گەمەیە تینەگەیشتوون! بۆیە سەدان جار، دووچاری هەمان هەڵە بووینەوە ودەبنەوە، ئەگەر بتوانینن ناوی هەڵەی لێبنێن، چونکە ئەو رەفتارانەی بەرامبەر میللەتەکەی خۆیان و مەسەلەی رەوای میللەتەکەیان کردوویانە، هەرگیز ناکەوێتە چوارچێوەی هەڵەوە، بەڵکو دەکەوێتە چوارچێوەی خیانەتێکی زەقی نیشتمانیەوە!.

جێگای سەرنجە، هەموو ئەو لایەنانەش، کە لەلایەن ئەو دەولەتانە بەکارهێنراون، چ ئەوانەی لەگەل حکومەتەکاندابووینە وباوەڕیان بەو بزووتنەوەیە نەبووە، کە ناوی شۆڕشی لێنراوە، چ ئەوانەی چوونەتە دەرەوەی ئەو رژێمانە وچەکییان دژیان بەرز کردۆتەوە، یەکتریان بە جاش وخۆفرۆش تاوانبار کردووە، کە ئەگەر بە وردی لێی بکۆڵینەوە، کۆی پرۆسەکە، پرۆسەیەکی جاشایەتی وکرێگرتەییەکی گەورە بووە لەپەنای مەسەلەیەکی رەواوە گوزەراوە، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە لەماوەی زیاتر لە حەفتا ساڵی دواییدا، سەرباری ئەوەی تاکی کورد ئەو هەموو خوینەی کردۆتە قوربانی، کەچی نەک رزگاری نەبووە، بگرە رۆژ بەرۆژ زیاتر خاکەکەی لەدەست داوەو بەناوی سەرکەوتن وخەباتی نەپساوەوە، شکست لەدوای شکستی تۆمار کردووە!.

# بەشی دووەم

# لە وەهمەوە بۆ یۆتۆپیا

## سەنگی پڕەنسیپە چرووکەکان

کێشەی لاسایکردنەوە لە ئایدیۆلۆژیا، بە تەنیا یە نیمچە خوێندەوارو بەناو شۆڕشگێرەکانەوە ناوەستێت، بەڵکو لەرێگەی ئەوانەوە دەپەڕێتەوە ناو کۆمەڵگا، وەک پڕەنسیپێک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت ولەزۆربەی کاتدا وەک هۆکارێک بۆ مانەوە وبەردەوام بوون سەیری دەکرێت وبەخودی ژیان خۆیەوە دەبەسترێتەوە! چونکە کاتێک ئەو لاسایی کردنەوە بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام دەبێت، دەچەسپێت ووەکو کەلتوورێکی بۆماوەیی لێدێت، بە تایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی تا ئێستا لە قۆناغی بەر لە مۆدێرنێتەدا دەژین، لەو کۆمەڵگایانەدا وەک ئاماژەی پێکرا بەشێوەیەکی سۆزداریەوە مامەلە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاکاندا دەکرێت وپێیان شەرم دەبێت دەست بەرداری بن، تەنانەت ئایدیۆلۆژیا وایان لێدەکات راستیەکان نەبینن وئەو راڤەکردنانەی سیاسەتمەدارەکان بۆ رووداوەکان ودۆخی ولاتەکەیان دەیکەن، هەرچەندە خودی سیاسەتمەدارەکان خۆشیان نەخویندەوار بن ولە ئایدیۆلۆژیاکە تێنەگەیشتبن، وەک دەقێکی پیرۆز سەیر بکەن، دیارە لەدەقە پیرۆزەکانیشدا، قبووڵ نەکردن، یاخود رەتکردنەوەی بیرۆکەکان زۆر سەختە، تەنانەت زۆر گرانیش دەوەستێت، ئەمە وا دەکات، چۆن ئاینیەکان بەهێواشی ولەسەرەخۆ بەرەو پێشەوە دەچن، ئەو پێشوەچوونە بازنەییەی ، کە هەمیشە مەیلی بەگەڕانەوە بۆ دواوە هەیە، واتە هەنگاوێک بۆ پێشەوە ودەیان هەنگاو بۆ دواوە.

تەنانەت خودی ئاینیەکانیش کاتێک وەک بیروباوەڕ دەگۆڕدرێن بۆ ئایدیۆلۆژیا، دوچاری هەمان کێشە دەبنەوە! هەمیشە بە خەونی زیندوو کردنەوەی

یۆتۆپیاکانی رابردوو دەتلێنەوە، دەیانەوێت ئەو وێنەیە زیندوو بکەنەوە، کە ئایدیۆلۆژیاکە لەقۆناغێک لە قۆناغەکانی رابردوودا بۆی دروست کردوون، هەرچەندە ئەو وێنەیە لە بنەڕەتدا تابلۆی شکستێکی گەورە بێت وئایدیۆلۆژیاکە وەک سەرکەوتن وینای کردبێت!. بە واتایەکی تر شکست دەبێتە نمونەی باڵاو یۆپۆپیایەکی رابردووی لێ بەرهەم دەهێنرێت، کە ئەگەر سەریش بکەوێت، خۆی لەخۆیدا شکستێکی گەورەیە!. بۆ نمونە لەمێژووی کورددا چەندین کەسایەتی وسیاسەتمەدار دروستکراون ووەک کەسایەتیەکی پیرۆز سەیر دەکرێن، کە ئەگەر بەوردی لە رابردووی ئەو کەسایەتیانە وئەو قۆناغە بکۆڵینەوە، کە تیادیا ژیاون وبەراوردێک لەنێوان ئەو دەستکەوت وقوربانیدانانە بکەین، کە لەژێر سایەی ئەواندا دراوە وبەدەست هاتووە، بەروونی بۆمان دەردەکەوێت، کە قوربانی دانەکان بێ بەرهەم بووەو دەستکەوتی قوربانیەکان تەنیا قوربانی ومالوێرانی زیاتر بووە! بەڵام کاتێک کۆمەڵێک فاکتەر تێکەڵ بە ئایدیۆلۆژیایەکی ناسیونالیستی سەقەت دەکرێت، ئەو کاتە دیمەنی قێزەون وپڕ لەشکستی ئەو کەسایەتیانە، کە چارەنووسی میلەتێکیان کردۆتە قوربانی بەرژەوەندیەکانی خۆیان، رتووش دەکرێت خەڵکی سادە، تەنانەت لە هەندێک کات خوێندەوارە نەخوێندەوارەکانیش، لەکاتی باس کردنی ئەو رابردووە پڕ لەشکستەدا حاڵ دەگرن وفرمێسکی بۆ دەڕێژن، ئاخی بۆ بەبادەدەن وخەون بەزیندووکردنەوەی دەبینن، هەموو رەفتارە بێهەڵوێستیەکانی بەلاوە دەنێن وئیخەی خاڵیکی بچووک لەژیانی دەگرن وگەورەی دەکەن وبەسەری دا هەڵدەڵێن، ئەمەش هاوسەنگی نێوان خاڵە نەرێنی وئەرێنیەکان تێکدەدات وخاڵە ئەرێنیەکانی لەسەر حیسابی خاڵە نەرێنیەکانی بەرز دەکاتەوە!. دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک واتێبگات، کە ئایدیۆلۆژیاکان مرۆڤی خاوەن پڕەنسیپ بەرهەم دێنن، لەکاتێکدا ئەو مرۆڤانەی، کە لەپەنای ئەو جۆرە بیرکردنەوانەدا وەکو مرۆڤی راستگۆ وخاوەن پڕەنسیپ دەردەکەون، یا کەسانی نەفام ونەخویندەوارو فریوخواردەن، یاخود کەسانێکی ساختەچی وبازرگانن وبازرگانی بەدیمەنی ئەو راستگۆیی وپڕەنسیپانەوە دەکەن!.

لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا لەیەکتر جیاکردنەوەی خەڵکی بەهەڵوێست وخاوەن پرەنسیپ لەخەڵکی بێهەڵوێست بێ پڕەنسیپ زۆر بەزەحمەت لەیەکتر جیا دەکرێتەوە، ئەمە رێک ئەو حالەتەیە، کە لە ئێستادا کۆمەڵگای کوردی بەدەستیەوە دەناڵێنێت! چونکە هیچ کەسێک گومانی لەوە نیە، کە مێژووی ئەو حەفتا ساڵەی دوایی کورد لەو بەشەدا، مێژوویێکی قێزەون وپڕ لەشکستەو ماڵوێرانیەکی زۆر گەورەی بۆ میللەتی کورد هێناوە، کەچی تا ئێستا رێژەیەکی باش لە تاکی کورد وەک شانازیەکی نیشتمانی سەیری ئەو قۆناغە دەکات وتەنانەت دوای ئەو ماوە زۆرە، نەیتوانیوە خۆی لەهەوساری دروشمە ناڕاست وسواوەکانیش رزگار بکات، تا ئێستاش لە هەندێک لەخۆپیشاندانەکاندا، بە شانازیەوە دروشمەکانی بەر لەحەفتا ساڵ بەر لە ئێستا دەگوترێتەوە، بەبێئەوەی ئەو دروشمە راستیەکی بچووکیشی تیدا بێت!.

# کێشەی ڕۆنەچوون لە کرۆکی ئایدیۆلۆژیادا

تێگەیشتن لەوەی ئایدیۆلۆژیا جگە لەهێزێکی نەرم، کە لەدووتوێی ستراتیژێکی ڕاستەقینەی پەنهاندا حەشاردەدرێت کارێکی ئاسان نیە، لەبەرئەوەی ئایدیۆلۆژیاکان دەرفەتی یۆتۆپی گەورە لای مرۆڤەکان دروست دەکەن، واتە کار لەسەر پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییانە دەکەن، کە مرۆڤ بەدەستیەوە دەناڵێنێت، ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم، کار لەسەر دروستکردنی دنیایەک دەکات، کە چەوسانەوەی چینایەتی تیادا نیەو هەموو مرۆڤەکان یەکسانن تیایدا، واتە وێنای بەهەشتێک دەکات لەسەر زەوی، کە ئایدیۆلۆژیا ئاینیەکان ئەو بەهەشتەیان پەڕاندووەتەوە دنیای ئەو لا، وەک تۆینبی دەڵێت پێغەمبەری ئیسلام لە دەوارنشینینێکی بیابانەکان، سەربازێکی دروست کرد، ئەگەر لەشەڕدا سەرکەوێت، دەستکەوتی گەورەی دەبێت وژیانی سەر زەوی دەگۆڕێت، ئەگەر کوژراش، ئەوا لەولا بەهەشتێک لەچاوەڕوانیدا دەبێت!.

هەوڵدان بۆ رزگارکردنی تاک لەکاریگەرییە نەرێنیەکانی ئایدیۆلۆژیا، بەر لەهەموو شتێک وەک مارکسیستەکان خۆشیان دەڵێن، گۆڕینی ژێر خانی کۆمەڵگایە، بۆ ئەوەی تاکەکان بتوانن لەسەر زەمینەیەکدا کار بکەن، بەرچاو روونانەتر لە دەوروبەریان رامێنن و لەململانێکان ورد بنەوە وەک ئەوەی هەیە، نەک وەک ئەوەی لەرێگەی ئایدیۆلۆژیاکانەوە بۆیان وێنا دەکرێت. لەبەرئەوەی ئایدیۆلۆژیاکان پەیوەندیەکی پوختیان بە ململانێ فراوانەکانی ژیانەوە هەیە، رۆڵێکی گەورەش لە شاردنەوەی رووی راستەقینەی ململانێکاندا دەبینن. لەمبارەیەوە رەنگ بێت ئەزموونی سۆڤیەتیەکان نمونەیەکی لەبار بێت بۆ شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی ئەو بیرۆکەیە، چونکە لەکاتێکدا ئەو لەسەر بنەمای بەرەنگاربوونەوەو ململانێ لەگەڵ سەرمایەداری جیهانیدا سەری هەڵدا، دواتر خۆی بووە بەشێک لەگەمەیەکی جیهانی سەرمایەداری! هەر چوار ساڵ دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لینین ناچار بوو

ڕێککەوتننامەی بازرگانی لەگەڵ بەریتانیا، وەک دەڵێن عەرابی سەرمایەداری جیهانی لەو قۆناغەدا ئیمزا بکات، هاوکات چەند ساڵێک دواتر، بەوردیش لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، وەک هاوپەیمانی سەرمایەداری جیهانی، چووە ناو جەنگی جیهانیەوە، ئەمەش لە پەنای مەترسی تەشەنەسەندنی هزری نازیەکان. لەکاتێکدا بەشداریکردنی سۆڤیەت لەشەڕ هیچ پەیوەندیەکی بەشەڕی سەرمایەداری جیهانی، واتە ئایدیۆلۆژیاوە نەبوو، بەڵکو شەڕ بوو لەسەر داڕشتنەوەی سیستەمی جیهانی ودابەشکردنەوەی جوگرافیا لەسەر بنەما جیۆستراتیژیەکان! یاخود ململانێیەک بوو لەنێوان ئەمریکا و ئەڵمانیا بۆ دابەشکردنی میراتی ئیمپراتۆریای بەریتانی.

سەیرەکە لەوەدایە مێژووی مرۆڤایەتی لە ماوەی نزیکەی یەک سەدە، واتە لەسەدەی بیستەم دا، وەک مێژووی ململانێی نێوان بیری سوسیالیزم ولیبرالیزم نیشانی مرۆڤایەتی دەدراو دەدرێت، بە دەیان وبگرە بەهەزاران کتێب لەم بوارەدا نووسرانەوە وشیکردنەوەیان بۆ بنەماکانی ئەو ململانێیە ئابووریە، یاخود بە واتایەکی تر ئەو ململانێیە چینایەتیە دەکرد، تەنانەت دوای بەکۆتا هاتنی شەڕی ساردو ڕاگەیاندنی سەرکەوتن بۆ بەرەی لیبرالیزمی جیهانی وەک خۆیان بانگەشەیان بۆ کرد، باس لەکۆتایی مێژوو کرا، واتە مێژوو لە بەرژەوەندی سەرمایەداری یەکلابووەوە، لەکاتێکدا وەک ئێستا روسەکان خۆیان دانی پیادەنێن، ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت ڕووخانی ئایدیۆلۆژیای مارکسی –لینینی نەبوو، بەڵکو شکستێکی جیۆپۆلەتیکی بوو. ئێستاش روسیا، سەرباری ئەوەی بەهیچ شێوەیەک بانگەشەی کۆمۆنیستی وبەرگری لە پرۆلیتاریا ناکات، بەڵام دیسان دەبینین لەشەڕی ئۆکرانیادا، بەشێوەی جەنگی دووەمی جیهانی، دروشمی شەڕ دژی نازیستە تازەکانی ئۆکرانیای بەرز کردۆتەوە، لەکاتێکدا شەڕی ئۆکرانیا شەڕێکی جیۆستراتیژی پوختەو شەڕە لەسەر هێشتنەوە، یاخود داگیر کردنی ئەو دەروازەیەی روسیا بە ئەوروپاوە دەگەیەنێت.

بەم چەشنە دەبێت لەوە تێبگەین، کە ئایدیۆلۆژیا، جگە لەوەی رۆڵێکی یارمەتیدەر دەگێڕێت لە تەیارکردنی مرۆڤەکان بۆ شەڕێکی جیۆستراتیژی وسەپاندنی

هەژمونی جیهانی، زیاتر نیە، هەرچەندە لای تاکەکان، ریزبەندی یەکەمی پیدەدریت ودەخریتە پیشەوە، لەبەرئەوەی ئەگەر لەریگەی ئایدیۆلۆژیاوە خەونەکانی بۆ نەڕازینریتەوە، مرۆڤ هەرگیز ئامادە نابیت خۆی لە چوارچیوەی شەڕیکی وا فراواندا بزر بکات، واتە ئەگەر بەرژەوەندی تاک بە تاکی مرۆڤەکان، راستەوخۆ بەرووداوەکان نەبەستریتەوە، ئەو ئامادەییە بەهیزە، ئەو گوڕوتینە دەروونیەی نابیت شەڕیکی وا ترسناک وگەورە بەڕیوە بەریت، جا ئەو شەڕە لە پەنای ئاین، یاخود ناسیونالیوم، یاخود خەباتی چینایەتی، یا لەپەنای ئازادی ورزگاربوونەوە بیت، هیچ لەو بابەتە ناگۆڕیت، کە شەڕەکان لە بنەڕەتدا شەڕی جیۆستراتیژین، خودی ئەو چەمکانەش، کە ئایدیۆلۆژیاکان دەیڕازیننەوە، هەڵقولاوی ئەو ململانییە جیۆستراتیژیەن! وەک چەمکی ئازادی، چەمکی رزگاری، کە لەروانگە ریالیتسیەکەیدا، واتای رزگاربوون لەشیوازیک لەشیوازەکانی فەرمانڕەوایی وسیستەمی جیهانی، واتە راستەقینەیەکی تاڵ، کەچی وەک ئاماژەی پیکرا لەریگەی ئایدیۆلۆژیاکانەوە دەڕازینرینەوە ورتوش دەکرین.

## له وەهمەوە بۆ یۆتۆپیا

ئایدیۆلۆژیەکان کار لەسەر ئەوە دەکەن لەرێگەی وەهمەوە یۆتۆپیایەک دروست بکەن، خەونێکی جوان دروست بکەن، کە ئەو خەونە نەبێتە دی و نە توانای هاتنەدیشی هەبێت، تەنیا هێندە هەیە خەونێکی جوان وسەرنجڕاکێشەو بەشێوەیەک لەشێوەیەکان وەلامی ئەو پێویستیە دەروونیانەی مرۆڤەکان دەداتەوە، کە لە زەمەنی ئێستاداو لەبواری کردەیدا ناتوانێت بە دەستیان بێنێت، ئەمە وا دەکات هەرچەندەی دڵنیابێت لەوەی هاتنە دی ئەو یۆتۆپیایە کارێکی ئاسان نیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدات باوەڕ بەخۆی بهێنێت، یاخود بەشێوەیەکی راشکاوانەتر خۆی فریو بدات و تەنانەت چێژیش لەو خۆ فریودانە ببینێت وئومێدیشی لەسەر هەڵچنێت، ئەم پارادایمەی تاکەکان ئاسانکاری زۆر پێشکەش بە چینی باڵادەست دەکات بۆئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنن لە گۆڕینی وەهمەکان بۆ راستەقینە، بەم چەشنە بەشێکی گرنگ لە خەباتی چینی دەسەلاتدارو سەردەستە بەدرێژایی مێژوو بریتی دەبێت لە دروستکردنی وەهم وهەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو وەهمانە بۆ راستەقینە! ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو سەرئەنجامەی، کە بەشێکی زۆر لەو راستەقینانەی سیستەمی سیاسی بانگەشەیان بۆ دەکات ومامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، لە بنەڕەتدا کۆمەڵێک وەهمن و توانای هاتنەدیان نییە، یاخود زۆر لاوازە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین دامودەزگایان بۆ دەخرێتە گەڕ، بۆئەوەی لەرێگەی چەند میکانیزمێکی سەردەمیانەوە، بەرگی راستەقینانەیان لەبەر بکرێت.

بۆ ئەوەی وەهمەکان بگۆڕدرێنە راستەقینە، هەرگیز ناتوانن مامەڵە لەگەڵ چرکە ساتەکانی ئێستا دا بکەن، لەبەرئەوەی بەرگەی ئێستا ناگرن وئێستای چینی دەسەلاتدار رەهەندێکی چەسپاوی نیە، بەپێچەوانەوە سیفەتێکی جیوەیی هەیەو هەمیشە لەگۆڕاندایە، بەشێکی ئێجگار کەمی ئەوانەی دەیلێن وئەوانەی وا نیشان

دەدەن دەیانەوێت بیکەن، لە توانای ئەواندا نیە! بۆیە بەناچاری پەنا بۆ یەکەکانی رابردوو وداهاتووی زەمەن دەبەن، واتە پەنا بۆ نمونەیەکی مردوو، کەزیندووە لە یاددانی خەڵک وبەجوانی ماوەتەوە، دەبەن وئەو نمونەیە تەوزیف دەکەن ودەیکەنە بنەمایەک بۆ دروستکردنی وێنەیەکی جوان وهەوڵدان بۆ زیندوو کردنەوە وبونیاتنانەوەی ئەو چرکەساتانەی، کە لە ئایندەدا دێت لەسەر بنەمای ئەو وێناکردنە جوانە، بە هەمان شێوە پەنا بۆ چرکەساتەکانی ئایندەش دەبەن دروست دەکەن، کە هەمووان خەونی پێوە دەبینن، بە دەستەواژەیەکی تر یۆتۆپیایەک بۆ ئاینده بەرهەم دێنن و ئێستای تاکەکانی پێدەکوژن، ئەو ئێستایەی ئەمڕۆ لە ئارادایە وتیایدا دەژیت، دەخەنە خزمەت بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە!

ئەوەی جێگەی سەر سوڕمانە، ئەو وەهمانەی لە رێگەی ئایدیۆلۆژیاوە دەکرێنە راستەقینە، ئەو راستەقینەیە، مۆرکێکی وا وەردەگرێت، کە زۆر سەرنجڕاکێشترە لەو راستەقینەی بەکردەیی تیایدا دەژین، واتە ئەو چرکە ساتانەی بەکردەیی ژیانی رۆژانەیان تیایدا بەسەر دەبەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە بواری کردەیدا مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ دوو جۆر لە راستەقینە دەکات، راستەقینەیەک، کە لەرێگەی وەهمەکان ولەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیاکانەوە بۆی دروست دەکرێت، لەگەڵ ئەو راستەقینە ئاساییەی، کە تیایدا دەژی ودەرهاویشتەی ئەو گۆڕانکارییە ئابوری وکەلتووری سیاسیانەیە، کە لەکۆمەڵگاکەیدا دەگوزەرێت، واتە ئەو راستەقینە تاڵەی، ژیانی مرۆڤەکانی تیادا گوزەر دەکات، کە پڕیەتی لە ماندوو بوون وچەوساندنەوە وخەم وئازار، مرۆڤ بۆ ئەوەی لەو راستەقینە کردەییە رابکات، پەنا بۆ ئەو راستەقینەیە دەبات، کە لەرێگەی وەهمەکانەوە دروست دەکرێت و هەموو دەزگاو ئامرازەکانی سیستەمی بۆ دەخرێتە گەڕ بۆئەوەی جوانتر نیشان بدرێت، هەر بۆیە ئەو راستەقینە داتاشراوە زیاتر سەرنجی مرۆڤەکان رادەکێشێت ومامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، جا ئەگەر ئەو وەهمانە پەیوەندیان بە رابردووەوە هەبوو، هەموو توانایەکیان دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی ئەو رابردووە زیندوو بکەنەوە، دیارە زیندوو کردنەوەی ئەو

رابردووەش ئاسان نیە، وەک ئەپیوکرات دەڵێت ناتوانین دووجار لە رووبارێکدا بپەڕینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک جار ئەو رابردووە لە دیمەنێکی نوێدا دەکەوێتەوە بەرچاو، ئەکتەرەکان جلی هەزاران ساڵ بەر لەئێستا لەبەر دەکەن وهەوڵدەدەن هەمان رووداوەکانی رابردوو دروست بکەنەوە بەهەمان ئاوەزەوە مامەڵە لەگەڵ سەردەمی ئێستادا دەکەن، ئەمەیە هیگل ناوی ناوە مەکری ئاوەز(مکر العقل)، واتە مێژوو رووداوەکان دووبارە دەکاتەوە، بۆئەوەی بەیەکجاری لە یاددانی تاکەکانی بسڕێتەوە، پاشان تووڕی هەڵدەداتەوە ناو مێژوو، بەشێوەیەک جارێکی تر توانای گەڕانەوەی نەبێت! رەنگ بێت باشترین نمونەش بۆ ئەم شرۆڤەکردنە سەرهەڵدانی رێکخراوی داعش بێت، کە فلیمی دیمەنێکی هەزارو پێنج سەد ساڵ بەر لەئێستای لێدەدایەوە ودووبارە دەکردەوە، رووداوەکان ومامەڵە کردن لەگەڵ رووداوەکان، بەگوێرەی دەقی ئەو کتێبانە بوو، کە تەپ وتۆزی رۆژگاریان لەسەر نیشتووە، سەربازەکان هەمان بچم و هەمان جلوبەرگی ئەو سەردەمە مێژووییەیان لەبەر دابوو، ئەو رووداوانەی داعش لەسەردەمی ئێستادا دروستی دەکردن، رێک زیندوو کردنەوە وهێنانەدی یۆتۆپیای رابردوو بوو.

بەپێچەوانەی ئەو وەهمانەی لە رابردووەوە دەیانەوێت راستەقینە مۆزائیکیکەی ئێستا دروست بکەن، ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی، کار لەسەر دروستکردنی وەهمی ئایندە دەکەن، بە هەموو شێوەیەک رابردوو دەسڕنەوە، تەنات شەڕی بونیادی راستەقینەی خۆیان دەکەن ودانی پیا نانێن! واتە لەوحالەتەدا نەک هەر بەتەواوی بنەچەی خۆیان لەیاد دەکەن، بگرە بەهەموو شێوەیەک شەڕی ئەو بنەچەیەش دەکەن وبەرگری لەو راستەقینە وەهمدارە دەکەن، کە رەنگ بێت هەندێکجار لەرێگەی خوێن وتیغی شمشێرەوە بەسەریاندا سەپێنرابێت! بۆئەوەی باشتر لەو شرۆڤەکردنە تێبگەین، رەنگ بێت بەشێک لە تورکە ناسیونالیستە توندڕەوەکانی ئێستا باشترین ولەبارترین نمونە بن!

لای زۆرینەمان روونە، کە تورکەکان لە ناوەڕاستی ئاسیاوە هاتوون، واتە شێوەی روخساری تورکە رەسەنەکان مەنگۆلی ئاسیاییە، کاتێک تورکە عوسمانیەکان قوستەنتینەو وڵاتەکانی تری ئەوروپایان داگیر کرد، دەستیان بەسەر خاک وخەڵکەکەدا گرت، گەورەترین پرۆسەی تواندنەوەی نەتەوەییان دەست پێکرد، بەشێوەیەک دوای چەندساڵێک تورکێک هاتە بەرهەم، کەوا قژی زەردو چاوی شین بێت، بەواتایەکی تر تورکێکی ئەوروپی هاتە بەرهەم، کە ئەمانە ئەو هاوڵاتیە ئەوروپیانە بوون، کە لە بۆتەی نەتەوەی تورکدا توێنرانەوە، واتە زوڵمێکی زۆر گەورەیان بەرامبەر کرا، لەلایەک وڵاتیان داگیر کرا، لەلایەکی تر کەلتوورو زمانیان سڕایەوە، کەچی ئێستا هەمان ئەو ئەوروپیە بە تورک کراوانە، لەرێگەی ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیستی توندڕەوی تورکەوە، شەڕی ئەوڕوپیەکان دەکەن، لەوەش سەیرتر ئەوە، کە خودی زۆرینەی ئەو تیوروانانەی ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیستی تورکیان داتاشی، تورک نەبوون!.

## هاوردەکردن وەک بەرهەمی خود

ئایدیۆلۆژیاکان بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمی بێگانەن، بەتایبەتیش بەرهەمی هزری کۆمەڵگە رۆژئاواییەکانە، کەچی زۆرینەی ئەو نەتەوانەی دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو ئایدیۆلۆیانە، وەک بەرهەمی خۆماڵی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن! نزیکەی سەدەیەکە کورد بەدەست ئەو وەهمانەوە دەناڵێنێت وقوربانی دەدات، کە ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیستی هاوردەکراوی کوردی دروستیکردووە، لەبەرئەوەی دەڵێم ئایدیۆلۆژیای هاوردە کراو، لەبەرئەوەی ناسیونالیستی کوردی بەهیچ شێوەیەک رەنگدانەوەی دۆخی ئابووری وسیاسی ورۆشنبیری کۆمەڵگەی کوردی نەبووە، وەک چۆن رەنگدانەوەی کۆمەڵگەکانی تری ئاسیا بەگشتی ورۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی نەبووە! دوای ئەوەی رۆژئاواییەکان دوای شۆڕشی پیشەسازی ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیستیان بەرهەم هێنا، تۆوی ناسیونالیستی رۆژئاوا پەڕییەوە رۆژهەڵات، ئیتر وەکو ئاگری ناوپووش بەخێرایی تەشەنەی سەندو لەرێگەی لاسایکردنەوە وهاندانی لاسایکردنەوەوە، چینی خوێندەوار وبەناو رۆشنبیر ئەو ئایدیۆلۆژیایە ترسناکەیان خزاندە نێوکۆمەڵگاکانیان، لە عەرەبی عروبە ولەناو تورک تورانیزم ولەناو کوردیش کوردایەتی هاتە بەرهەم، ئەو کوردایەتیەی بووە هۆی ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر تاکی کوردی دەروێشانە مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسانە بکات، کە وەک پرسی نەتەوەیی ونیشتمانی لەلایەن بەناو دەستەبژێری کوردیەوە وێنا دەکرا.

جێگەی داخە بەشێکی زۆری ئەو دەستبژێرەش، وەک دەستەبژێری تورک وعەرەب ونەتەوەکانی تر، دەستەبژێرکی دروستکراو بوون ولەدەرەوەی سنورەکانەوە ئاڕاستە دەکران، بۆیە ئایدیۆلۆژیای کوردایەتی لەماوەی نزیکەی یەک سەدەدا، کە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە، جگە لە ماڵوێرانی وسەرگەردانی هیچی تری بۆ کورد نەهێنا، لەبەرئەوەی کورد بنەمایەکی خێڵەکی بەهێزی هەبوو، ئەو

کوردایەتیەی بەناوی ناسیونالیستی کوردی مامەڵەی لەگەڵ دەکراو دەکرێت، لەبنەڕەتدا، جگە لەروخسارەکەی، هیچ کرۆکێکی ناسیونالیستی بەخۆوە نەگرتووە، ئەو کەسانەی لافی کوردایەتیان لێدەدا وسەرکردایەتیان دەکرد، شێخ وبەگ ومنداڵە دەرەبەگە خوێندەوارەکان بوون، کە نەیانتوانیبوو، لە بەرژەوەندیشیان دانەبوو، بەیەکجاری بەرگی چین وتوێژەکانی خۆیان تووڕ هەڵدەن، ئەوان کوردایەتیان تەنیا بۆ ئەوە بەکارهێنا، تاوەکو وەکو مۆدە جلەکە کۆنەکەی خۆیان بگۆڕن، واتە کوردایەتی بۆ ئەوان پڕۆسەیەکی جل گۆڕین بوو، وەک چۆن مار ناوە ناوە جلی دەگۆڕێت ئەوانیش ئاوا، بۆیە ئەو کوردایەتیەی کورد، کە بەهەڵە وەک بزووتنەوەیەکی ناسیونالیستی کوردی خوێندنەوەی بۆ کراوە، بزووتنەوەیەکی دەروێشانەی کۆن بووە، کە جلێکی نوێی وەبەردا کراوە، ئەگینا لە ناسیونالیستدا میراتگری سیاسی نیەو بنەماڵەی سیاسی بوونی نییە، بەڵکو چینێکی تەکنۆکرات، واتە چینی بۆرژوای گەشەسەندوو سەرکردایەتی دەکات و بەگوێرەی تواناکان رۆڵ وپۆستەکان دابەش دەکرێن، لەکوردستاندا تا ئێستاش ئەوە بەدیناکرێت، حیزبەکانی کوردستان بەچەپ وراست وئیسلامی وسیکیولارەوە، کرۆکێکی خێڵگەرایی وگواستنەوەی دەسەڵاتیان لەباوکەوە بۆ منداڵەکانیانیان لەناخی خۆیاندا هەڵگرتووە.

با راشکاوانەترو وردتر شیکردنەوە بۆ ئەو بزووتنەوەیە بکەین، کە ناوی کوردایەتی لەخۆی ناوەو وەک ئاماژەی پێکرا، بە هەڵە بەرگی ناسیونالیستی کراوەتە بەر، ئەو بزووتنەوەیە لە کرۆکیدا بزووتنەوەیەکی کرێگرتەیی بووەو سەرکردایەتیەکی داردەستی بێگانە بەڕێوەی بردووە، خاوەنی هیچ ستراتیژێکی نیشتمانی نەبووەو تەنانەت ئەو داوایانەی بەناوی مافی کوردیشەوە بەرزیکردۆتەوە، لەلایەن خەڵکانی ترەوە بۆی داڕێژراوە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەو حکومەتەی مافەکانی کوردی زەوت کردووەو کوردی چەوساندۆتەوە، حکومەتێکی نیشتمانی ورەنگدانەوەی خواست و ویستی خەڵکەکەی بووە، نەخێر حکومەتەکانیش لە بنەڕەتدا لەچوارچێوەی هاوسەنگیەکی هێزو دابەشکردنی هەژموونیەوە لەناوچەکە دانراون، ئەگەر بەناوی

کوردایەتیەوە ئەوانەی سەرکردایەتی کوردیان کردووە رۆڵی بزووتنەوەیەکی چەکداریان دیبێت، ئەوە ئەو حکومەتانەش بەناوی جکومەتدارییەوە رۆڵی هاوسەنگی لاکەی تریان بینیوە، بەم چەشنە زلهێزەکان لەسەر ئەو هاوسەنگیەی نێوان حکومەتی ناوەندو بزووتنەوەی چەکداری کوردی یاریان کردووەو بەگوێرەی پێویستی وبەرژەوەندیەکانی خۆیان هەرجارەی یارمەتی لایەکیان داوە وئەو لایەنە، ئۆپۆزسیۆن(کوردایەتی) و حکومەتی ناوەندیان بەیەکتر ترساندووە ولەئەنجامی ئەوەشدا بەرژەوەندیەکانی خۆیان مسۆگەر کردووە، زۆر راشکاوانە دەتوانم بڵێم، ئەگەر بەوردی مێژووی ئەو حەفتاساڵەی دوایی کورد لە باشووری کوردستان بخوێنینەوە، بەو بزووتنەوە چەکداریانەی، کە ناوی شۆڕشی ئەیلوول، یاخود گوڵان، یاخود شۆڕشی نوێی گەلەکەمانیان هەڵگرتووە، تەنانەت وەک دەڵێن یەک قونەشەڕیش نیە دەستی دەرەکی تێدا نەبوو بێت! شۆڕشی ئەیلوول لەماوەی چواردە ساڵ دا، هەموو دانووستان وشەڕەکانی لەگەڵ حکومەت دەستی دەرەکی لەپشت بوو، رەنگدانەوەی هاوسەنگی و ئەو گەمە هەرێمیانە بوو. کە لەناوچەکەدا دەگوزەرا، ئەو شەڕو شانازیانەی لەمێژووی ئەو قۆناغەدا تۆمار کراون، لەراستیدا جگە لە شەرمەزارابیەکی گەورەو بەفیڕۆدانی خوێنی خەڵکی هەژارو دڵسۆزی کورد زیاتر نەبووە، تەنانەت مانەوەی شۆڕشەکەش پەیوەندی بەو گەمە هەرێمیەوە هەیە، کە لەقۆناغی یەکەمی، یا لەشەڕی یەکەمی ساردا لەناوچەکە گوزەراوە، بۆ نمونە لەساڵی (1972) ئەو شۆڕشە بەکۆتا هاتبوو، کە ناوی ئەیلوولی لێنرابوو، ئەوەی پێی دەگوترێت رێککەوتننامەی جەزائیر، یا لەژێر هەر ناوێکی تر، لەو ساڵەدا تەواو ببوو وتەنیا راگەیاندنی مابوو، بەڵام شەڕی ئیسرائیلی -عەرەبی (1973) تەمەنی ئەو بزووتنەوە چەکداریەی درێژ کردەوە بۆئەوەی کورد وەکو کارتێکی فشار دژی ئێراق بەکاربهێنن وباری ئیسرائیل لەو بەرەیدا سووکتر بکەن، جارێ ئەوەی پێی دەگوترێت شۆڕشی گوڵان، یاخود شۆڕشی نوێی گەلەکەمان مەهزەلەیەکی بێوێنەیە لەمێژووی کورددا، مەسەلەی جاشایەتی و کرێگرتەییەکە بۆ هێزە هەرێمی ونێودەوڵەتییەکان لەو

قۆناغەدا روونتر بەرچاو دەکەوێت، ئەو هێزانەی دروشمی رزگاریان بەرزکردبووەوە، خەریکی بازرگانی شەڕ بوون لەنێوان ئێراق وئێران وتورکیادا، یەکێتی هێزەکانی ئێرانی دەهێنا لە کەرکوک بدەن وپارتیش پێش سوپای پاسداران دەکەوت بۆ ئەوەی ناوچە ستراتیژیەکانی ئێراق لەسەر سنوورەکان داگیر بکەن، هەموو حیزبەکانی تریش هەریەکەیان بەگوێرەی قەبارەی خۆیان رۆڵیان لەو بازرگانیە ترسناک وپڕ شەرمەزاریەدا هەیە، دەستکەوتی ئەو بازرگانیەش دەوڵەمەند بوونی بەرپرسەکانی ئەو حیزبانەو جینۆسایدی بارزانیەکان وکیمیابارنکردنی هەڵەبجەو شێخ وەسانان وئەنفالکردنی نەتەوەی کورد بوو!

کاریگەری ئایدیۆلۆژیای کوردایەتی تاوەکو ئێستا بەهێزەو توانای بیرکردنەوە وبڕیاردانی لای بەشێکی گرنگی کۆمەڵگە نەهێشتووە، اهەر ئەمەشە وایکردووە، کە ژیان لەکۆمەڵگەی ئێمەدا تا رادەیەکی زۆر نەک هەر چەق بەستوو بێت، بگرە زۆر بەخێرایی بۆ دواوەش بگەڕێتەوە! تا ئێستا دروشمەکانی پەنجا تا شەست ساڵ لەمەوبەر، بەردەوامن وخەڵک بە حەماسەتەوە دووبارەیان بکاتەوە، رەنگ بێت یەکێک لە هۆکارەکانی ئەمەش ئەوە بێت، ئەوانەی بەرهەڵستی ئەو ئایدیۆلۆژیای کوردایەتیە دەکەن، جگە لە تەسلیم بوون بەداگیرکەران شتێکی تریان پێنەبێت، بە واتایەکی تر، ئۆپۆزسیۆنەکەش هەڵگری هەمان ئایدیۆلۆژیای کوردایەتیە، بەڵام بەپێچەوانەکەی...!!!.

# بەشی سێیەم
# خێڵگەرایی لەسێبەری ئایدیۆلۆژیادا

## بەهێزکردنی خێڵگەرایی

لە راستیدا کێشەی سەرەکی لەخوێندنەوەی ئەو بزووتنەوەی، کە ناوی بزووتنەوەی کوردایەتی لێنراوە، بەستنەوەیەتی بە بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردی وخەباتی نەتەوایەتی ونیشتمانی کوردیەوە، ئەم هەڵە ستراتیژیە بۆتە بنەمایەک بۆ شیکردنەوەی هەڵەو پەرچەکرداری هەڵە، لەلایەن ئەوانەی رەخنە لە رەفتارو سیاسەتەکاتی ئەو دەستەبژێرەی کوردایەتی دەگرن! ئەو بەرچاو نارونیە، بۆتە بنەمایەک بۆ زۆر کێشەی لۆژیکی وستراتیژی لە مێژووی نوێی کوردی، بۆیە بۆئەوەی شیکردنەوەیەکی زانستی بۆ مەسەلەی ناسیونالیستی کوردی بکەین، دەبێت بەر لەهەموو شتێک لەو بنەمایانە تێبگەین، کە ئەو مەسەلەیەی لەسەر بونیاتنراوە، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا دەبێت بە پشت بەستن بەمێژووی هاوچەرخی کورد لە باشوور، بە شێوەیەکی وردتر لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە پێناسەیەکی ئاوەزمەندانە بۆ کوردایەتی بکەین وئەو کاتە لە بزووتنەوەی ناسیونالیستی ونەتەوەیی کوردی جیای بکەینەوە، کە بە بۆچوونی ئێمە هێشتا دەستپێنەکردووە!

بزووتنەوەی کوردایەتی، وەک ئاماژەی پیکرا، رێک رەنگدانەوەی ئەو بزووتنەوانەیە، کە لە وڵاتانی دەوروبەرو لەژێر کاریگەری ناسیونالیستی رۆژئاوا هاتە بەرهەم، بزووتنەوەیەکە، هەموو سیماکانی ناسیونالیستی هەڵگرتووە، لەبەرئەوەی هەموو ئەو ئامرازانەی بەکارهێناوە، کە بزووتنەوە ناسیونالیستیەکان بەکاریان هێناوە، وەک دروشمی نەتەوەیی، یاریکردن لەسەر هەست وسۆزی نەتەوەیی خەڵک، بەڵام هەموو ئەوانە لاسایکردنەوەیەکی کوێرانەی ناسیونالیزمی

نەتەوەکانی دەوربەرو بەر بووەو لەلایەن هاوپەیمانیەک لەنێوان چینێکی ئەفەندی کوردی، کە بەشێکی زۆریان لە خێزانە دەرەبەگ وبنەماڵە سیاسی وئاینیەکانی کوردستانەوە هەڵقوولابوون و هەندێکیان ئاستی زانکۆیان بڕیبوو ئەگەر بەشێوەیەکی رووکەشانەش بوو بێت تێکەڵ بە رۆشنبیری سەردەم ببوون، لەگەڵ ئەو سەرۆک خێڵ ودەرەبەگانەی، کە کرۆکی هێزی چەکداری کوردیان لەبەردەست دابوو، ئەو هاوپەیمانیە لەو مێژووەی رابردوودا هەموو ئامانجێکیان بەدەستهێنانی بەرژەوەندی کەسی وخێڵەکی خۆیان بووە، تا ئەو کاتە لەگەڵ بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان دا بووینە، لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەواندا گونجا بێت و وناکۆک نەبوو بێت، بەڵام هەر کاتێک بەرژەوەندیەکانی ئەوان لەگەڵ بەرژەوەندیە نەتەوەیی ونیشتمانییەکان رووبەڕوو بووبێتەوە، ئەوا بێ هیچ سڵکردنەوە و دوودڵیەک بەرژەوەندیەکانی خۆیان رەپێشخستووە ولە چرکە ساتە چارەنووس ئامێزەکاندا پشتیان لە خەڵک، خەڵکی سادەو دڵسۆزی کوردستانکردووە، کە کەرەستە وئامرازی بزووتنەوەکەیان بووە!.

ئەو هاوپەیمانیە نەک هەر نەیهێشتووە دامودەزگای ناسیونالیستی کوردی گەشە بکات وکاروبارەکانی وڵات لەسەر بنەمای دامودەزگایی بەڕێوە ببرێت، بەڵکو بە هەموو توانایەکیشیانەوە رووبەڕووی بە دامودوزگایکردنی مۆدێرنیتە بوونەتەوە ودامودەزگاکانی خێڵیان پاراستووە، لەبەرئەوەی تەنیا دامودەزگا خێڵەکیەکان توانیویەتی بەرژەوەندیەکانی ئەوان بپارێزێت، رەنگ بێت باشترین نمونەش بۆ ئەم شیکردنەوە ئەزموونی سی ساڵەی هەرێمی کوردستان بێت، کە تاوەکو ئێستا هەموو هێزە سەرەکیەکانی هەرێم، هەر لەسووپا وپۆلیس و تەنانەت کایە ئەکادیمیەکانیش لەسەر بنەما خێڵەکان رێکخراون. لە هەموو شەڕەکانیشدا، لە دوای راپەڕین، مەبەستم شەڕەکانی ناوخۆیە، هێزەکان لەسەر بنەمای هێزی خێڵەکان دابەش دەکران، نەک لەسەر بنەمای هێزێکی سەربازی مۆدێرن وخاوەن دیسپیلینی سەربازی! دیارە ئەمەش هەر لەبەرژەوەندی ئەو دەستەبژێرەی کوردایەتی نەبووە، بەڵکو لە خزمەتی داگیرکەرانی کوردستان وئەو دەوڵەتە هەرێمیانەشدا بووە، کە کوردیان بەسەر

دابەشکراوە، لەو خاڵەدا، کە بەرژەوەندیەکانی ئەو دەستەبژێرە کوردیە، کە زیاتر لە بازرگانێکی شەڕ دەچن، لەگەڵ بەرژوەندی داگیرکەرانی کوردستان یەکدەگرێتەوە!. بۆ نمونە تورکیا وئێران باشترین سوودیان لەم دۆخە وەرگرتووە، لەلایەک وەک چەکێک لەپێناو بەرژەوەندیە ستراتیژی وسەربازیەکانی خۆیان بەکاریان هێناوە، لەلایەکی تر ڕێگەیان لە دروستبوونی هێزێکی سەربازی ڕێکخراوو دامودەزگایی کوردی گرتووە، ڕەنگ بێت ئەو شەڕەی لە ساڵی (1992) دژی پارتی کرێکارانی کوردستان بەڕێوە چوو نمونەیەکی لەبار بێت بۆ روونکردنەوەی ئەم شرۆڤە کردنە، کاتێک پەرلەمانی کوردستان بەکارهێنرا بۆ شەرعیەت دان بەو تاوانە گەورەیە، کە بووە کرۆکی لەرێدانی بزووتنەوەی کوردی لە دوای راپەڕین، بەڵام هێزەکانی حکومەت، لە شەڕەکانی دژ بە پارتی کرێکاران، کە دەبوایە هێزیکی نیزامی ودامودەزگایی بێت، لەسەر بنەمای خێڵەکان دابەش کرابوو و ژەنەڕاڵە تورکەکان ئیدارەیان دەکرد، ئەمە سەرباری بوونی کەسانی وڵاتپارێزی فریوخواردوو، یاخود تێوەگلاو لە ریزی ئەو هێزانە! ئەمە دەرفەتی بۆ تورکیا رەخساند بوو، کە بە سەرکەوتوویی مامەڵە لەگەڵ هاوسەنگی ئەو خێڵانە بکات و هەموویان بەرامبەر یەکتر بەگومان بکات ولەسەر بنەمای ئەو گومانەش ئیدارەی شەڕەکە بکات!.

تا ئێستاش دوای زیاتر لە 30 ساڵ ئەو بنەما خێڵەکیە، کە بنەمای رەوتی کوردایەتی لەسەر بەندە کاریگەری خۆی هەیەو ڕێگە نادات سوپاسەکی نیشتمانی دروست بێت، کە ئەمە یەکێکە لە ئامانجە سەرەکیەکانی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی لە هەموو وڵاتێکدا، بۆ هەمووان روونە، کە ئێستا هەرێم دوو هێزی پێشمەرگەی سەرەکی سەر بە پارتی ویەکێتی وهەندێک وردە هێزی تری نهینی وئاشکرا، کە ناوە ناوە مانۆری سەربازی دەکەن.... هەیە، سەرباری ئەو هەوڵانەی دەدرێت ناتوانرێت لەبۆتەی هێزێکی نیشتمانی کۆبکرێنەوە، نەک خەڵکی کوردستان دەیەوێت، بەڵکو لەرووکەشدا هاوپەیمانی نێودەوڵەتیش دەیانەوێت ئەو هێزە رێکبخرێت ویەکبگرێتەوە، تەنانەت هەڕەش دەکەن بە بەکۆتاهێنانی ئەزموونی هەرێم، ئەگەر هێزی پێشمەرگە

ڕێکنەخریتەوە، کەچی ئەوان گوێ بەهیچ نادەن وبەرژەوەندیەکانی خۆیان پێش بەرژەوەندی مانەوەی هەرێمیش دەخەن! چونکە بنەمای مانەوەی ئەو هێزانە لەسەر لە بندەستبوونی ئەو هێزە چەکداریانەوە بەندە، هەر کاتێک ئەو هێزانەیان لەدەست نەمێنێت، ئەوە خەلکی کوردستان رووبەڕوویان دەبێتەوە، بۆیە ئەوەی چاوەروانی یەکگرتتنەوەی هێزی پێشمەرگەو دروستبوونی سوپایەکی نیشتمانی بکات لەدۆخێکی سیاسی وادا، بەدوای تراویلکە کەوتووەو نەیتوانیوە لە راستیەکان تێبگات.

بزووتنەوەی ناسیونالیستی دەرهاویشتەی قۆناغێکی دیاریکراوە، کار بۆ هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەلگە دەکات بە پلەی سەرەکیش لەلایەن چینی مام ناوەندەوە، بە چەمکە مارکسیەکەی وردە بۆرژواوە بەڕێوە دەبرێت، بەڵام وەک ئاماژەی پێکرا، بزووتنەوی کوردایەتی لەلایەن بنەماله سیاسی وخێڵەکانەوە بەڕێوە بردراوە، بزووتنەوەی ناسیونالیستی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێری ئازادیخوازە، بەڵام بزووتنەوەی کوردایەتی بزووتنەوەیەکە زیاتر لە بزووتنەوەیەکی چەتەگەرایی دەچێت وحەزو ئارەزووی کەسەکان لەبڕیارەکانیدا رۆلی سەرەکی دەبینێت. ئەگەر سەیری بڕیارەکانی ئەو مێژووەی باسمان کرد، واتە دوای جەنگی دوەمی جیهانی بکەین، هەموو بڕیارەکان لەسەر بنەمای حەزو میزاجی ئەو کەسانە دراوە، کە خۆیان بە رابەرو سەرکردەی ئەو بزووتنەوەیە زانیوە، گەل وتەنانەت دەستەبژێری رۆشنبیری کوردیش بە بێبیرکردنەوە ولەسەر بنەمای هەست وسۆزی نەتەوەییەوە بەدوای بڕیارەکانیان کەوتووە، ئەمەش جۆرە ستەمکاری وتاکڕەویەکی لە بڕیاردان بەرهەم هێناوە، کە کاریگەریەکی ئیجگار نەرێنی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی هەبووە، شۆڕش بکەن، خەڵک رایکردۆتە چیاکان، چەک دابنێن خەڵک وەک مێگەل ملی کەچکردووەو تەسلیم بۆتەوە.

## وەبەرهێنانی خێڵگەرایی

بەهێزبوونی بنەمای خێڵگەرایی لەکوردستان، بۆتە هۆی ئەوەی ئەو توێژە رۆشنبیرەی لەناو ئەو خێڵانەش هەڵکەوتوون ولە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا وایان نیشانداوە، کار بۆ مەسەلەی ناسیونالیستی وتێکشکاندنی رەگەکانی خێڵگەرایی دەکەن، لە چرکە چارەنووس ئامێزەکاندا رووی راستەقینەیان بەدیار بکەوێت وجارێکی تر پەنا بۆ دامودەزگای خێڵگەرایی بەرنەوە! گەڕانەوەش بۆ دامودەزگای خێڵەکیەکان، واتای رێگرتن وکۆسپ دروستکردنە بۆ دامودەزگا یاسایی وئیداریانەی مۆدێرنێتە، تاوەکو ئەو دامودەزگا یاسایی وئیداریانەی مۆدێرنیتەش بەهێز نەکرێن، تاک هەرگیز ناتوانێت دەستبەرداری پەیوەندیە خێلەکیەکانی بێت، لەبەرئەوەی لە دواجاردا ئەو هەمیشە پێویستی بە دامودەزگایەک دەبێت، کە بیپارێزێت!

بەم چەشنە ئەو هێزانەی لەکوردستان کاریان کردووە، نەک بە تەنیا ئەوانەی دروشمی کوردایەتیان بەرزکردۆتەوە، بەڵکو ئیسلامیەکان ومارکسیست وچەپەکانیش بەشێوەکی گشتی، لە بۆتەی دامودەزگا خێڵەکیەکاندا تواونەتەوە، ئەوانیش رێگر بووینە لە دروستکردنی دامودەزگای مۆدێرنیتە، بۆیە مەسەلەی بۆ ماوەیی لە دەسەڵات، تا رادەیەکی زۆر لای هەڵگرانی ئەو ئایدیۆلۆژیایانەش دروست بووە وبەشێوەیەک لە شێوەکان پەیڕەو دەکرێت، ئەمەیە وایکردووە بزووتنەوە چەپگەرایی وئیسلامیەکانی کوردستان، زۆر جیاوازتر دەرکەون لەبزووتنەوە چەپگەراو ئیسلامیەکانی نەتەوەکانی دەوروبەر، لەبەرئەوەی ئەوان بەشێوەیەک لەشێوەکان لینکێکیان لەگەڵ روحی ناسیونالیستی نەتەوەکانیان ئاوێتە بووە، بۆیە هەمیشە هەوڵیانداوە ئەو ئایدیۆلۆژیایانە بخەنە بەرژەوەندی نەتەوەکانی خۆیان، بۆ نمونە تورکەکان، فارسەکان، ئیسلامیان لەگەڵ بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی خۆیان گونجاندووەو خستوویانەتە خزمەت خۆیانەوە، کەچی ئیسلامیە کوردەکان هەموو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان خستۆتە خزمەت ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی

نەتەوەکانی دەوروبەر، ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی، کە پیاوە ئاینیەکانی کوردی، لە ماوەی چەند دەیەکێک بەر لەئێستا، کەئاینیان تێکەڵ بە بنەمای هزری نەتەوەیی کوردی کردبوو وئەوان هەڵگری رەوتی گەشەسەندنی زمان و کەلتووری کوردی بوون، جیاوازیەکی زۆریان لەگەڵ ئەو مەلاو بەناو بانگخوازانەی ئێستا هەبێت، کە بانگەشەی بانگخوازی و رێبەرایەتی ئیسلام دەکەن.

ئەگەر سەیری بزووتنەوە ئیسلامیە کوردیەکان بکەین لە ئێستادا، بەتەواوی مۆرکی بزووتنەوە ئیسلامیەکانی نەتەوەکانی دەوروبەریان گرتووە، لە ئیسلامی هەموو نەتەوەکانی تر دەچن، لە ئیسلامی کوردی نەبێت، تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی لە زۆر بۆنەدا، لە پەنای رۆشنبیری وئاینی ئیسلامدا، سووکایەتی بە پیرۆزیەکانی نەتەوەکەی خۆشیان بکەن، رۆژانە لەلایەن ئەوانەی بە بانگخواز ناودەبرێن وئەو مەلا مۆدێرنانەی دەرچووی قوتابخانە ئاینیە سیاسیەکانن سووکایەتی بە کورد و خاکی کوردستان دەکرێت، کەچی ئەمە لای بانگخوازو پیاوە ئاینیەکانی تورک وفارس نابینرت، لای ئەوان پەیوەندیەکانی نێوان مزگەوت وناسیونالیزم وا رێکخراوە، کە بتوانن شان بەشانی یەکتر کار بکەن وئاوێتەی یەکتر بن، رەنگ بێت هاوپەیمانی ئاکپارتی لەگەڵ مەهەپە لەتورکیا باشترین نمونە بێت، سەرئەنجامی ئەو هاوپەیمانیەش مزگەوت بە تەواوی خراوەتە خزمەت ناسیونالیستی تورکیەوە، ئێمە بینیمان لەکاتی داگیرکردنی عەفریندا لە زیاتر لە 95 هەزار مزگەوت سورەتی فەتح خوێندراو نزایان بۆ سەرکەوتنی سوپای وڵاتەکەیان کرد، واتە بەشێوەیەک لەشێوەکان تەپڵی غەزاو بانگی شەڕی کافران بەرز کرایەوە، لەکاتێکدا شەڕی عەفرین شەڕێکی داگیرکاری وپەلاماردانی گەلێکی موسڵمانی هاوسێی ژیان دۆست بوو، ئەمە جگە لەوەی ئەو شەڕە لە ژێر چەتری ناتۆو بزووتنەوە کریستیان وماسۆنیەتی جیهانیدا بەڕێوە دەچوو، کە دوژمنی راستەقینەی ئیسلامن، کەچی ئیسلامیستی کوردو، ئەو هەموو بەناو بانگخوازو پیاوە ئاینیانەی ئەوەی بێتە سەردەمیان، بەرامبەر نەتەوەو نیشتمانەکەی خۆیان دەیڵێن ودەیکەن، بە بێئەوەی

رەچاوی بەرژەوەندیە نەتەوەیی ونیشتمانیەکان بکەن، تاک وتەرا ولەسەر ئاستی کەسی نەبێت، کەسێک بەرامبەر ئەو داگیرکاری وزوڵم وزۆرەی تورکەکان نەک هەر نقەی لێوە نەهات، بگرە لە زۆربەی کاتدا بەشێوەیەکی راستەوخۆو ناراستەوخۆ لەژێر پەردەی شەڕی ئایدیۆلۆژیاوە، گوایە رۆژئاوای کوردستان لەژێر دەستی بزووتنەوەیەکی مارکسی کافردایە، پاڵپشتی داگیرکاریەکانی تورکیایان دەکرد، بەم شێوەیە بەشێک لەپیاوانی ئاینی فرمێسکیان بۆ کوژرانی سەربازە داگیرکەرە تورکەکان دەڕشت، کەچی چاویان ئەو هەزاران ژن ومنداڵەی رۆژئاواو باکوورو تەنانەت باشووری کوردستانیش نەدەبینی، کە بەدەستی ئەو ناسیونالیستە توندڕەوانەی تورک دەکوژران، کە خۆیان لەژێر پەردەی ئایندا حەشار دابوو!

ئەم راستیە تەنیا لەسەر بزووتنەوە ئیسلامیەکانی کوردستان پراکتیزە نابێت، بەڵکو لەسەر چەپەکانی کوردستانیش بە دروستی پراکتیزە دەبێت، باشترین کۆمۆنیستەکان ئەوانە بوون، کە بە زمانێکی عەرەبی پاراو قسەیان دەکرد، تەنانەت ئەگەر کوردێک بە زمانی دایکی خۆی ئاخاوتایە، بە کۆنەپەرست وقەومچی تاوانباریان دەکرد،، هەر بۆیە دەبینین، ئەگەرچی بەشێکی زۆر لە سکرتێرەکانی حزبی کۆمۆنیست کورد بوون، کەچی کوردەکان لەناو ئەو حیزبەشدا بە کەمتر سەیر دەکران ودووچاری جۆرە دونیەت وخۆ بەکەمزانینێک ببوون، ئەم کێشە لەقۆناغەکانی ناوەڕاست وکۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا بە زەقی لەناو پارتی کۆمۆنیستی ئێراقی دەرکەوت وبەدیدەکرێت.

ئەم شرۆڤەکردنە ئەوەمان بۆمان روونەدەکاتەوە، کە لە کوردستاندا ئایدیۆلۆژیا هەمیشە وەک ئامانج سەیر کراوە و ژیانی تاکەکانی کراوەتە قوربانی، کەچی ئایدیۆلۆژیا، بە واتا فراوانەکەیەوە، لای ئەو نەتەوەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە، وەک ئامرازێک لە پێناو بەرژەوەندیە نیشتمانی وجیۆستراتیژیەکاندا بەکارهاتووە، ئەمە رێگەی لە مەلایەکی تورک، یاخود فارس گرتووە، کە هەرچەندە جیاوازی لەگەڵ دەسەڵات وحکومەتەکەیدا هەبێت، دەسەڵاتەکە

هەڵگری هەر ئایدیۆلۆژیایەک بێت، لەسەر هەندێک مەسەلەی ستراتیژیدا لەگەڵیدا ڕێکبکەون وهەرگیز هێڵی سوور نەبەزێنن، سەیری تورکیا بکە، هەموو حیزبەکانی تورکیا، بە چەپ وڕاست وئیسلامی، لەسەر مەسەلە ستراتیژیەکان کۆکن ولەکاتی تەنگانەدا پشتی ئەو حکومەتە دەگرن، کە ئەوان ئۆپۆزسیۆنن تیایدا وبەهەموو شێوەیەک شەڕی دەکەن، بۆ نمونە کاتێک تورکیا هێرشێک دەکاتە سەر هەرێم، یاخود ڕۆژئاوای کوردستان، لەگەل ڕاگەیاندنی بانگی شەڕ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان خێرا پاڵپشتی خۆیان بۆ حکومەت دەردەبڕن، تەنانەت ئامادە نابن، لە هاوپەیمانیەکانیاندا بۆ گۆڕینی حکومەت، جێگەی ئەوحزبە کوردیانەش بکەنەوە، کە بانگەشەی ئاشتی وبرایەتی دەکەن.

تاکی کورد تاوەکو لەو هاوکێشە ئاڵۆزو سادەیە تێنەگات، ناتوانێت لە قووڵایی ئایدیۆلۆژیاو کاریگەریە ترسناکەکانی ئایدیۆلۆژیا تێبگات، دەبێت چەپەکان جیاوازی بکەن لەنێوان بیروباوەڕی چەپگەرایی وئایدیۆلۆژیای چەپگەرایی، هاوکات ئیسلامیەکانیش جیاوازی بکەن، لەنێوان ئیسلام وەک بیروباوەڕو ئاین، لەگەڵ ئیسلام وەک ئایدیۆلۆژیا، کە جێگەی داخە چەندین ساڵە بۆ فریودانی کورد بەکاردەهێنرێن.

# درێژەکێشانی خێڵگەرایی

بنەمای خێڵگەرایی لە کوردستان لەلایەک بۆتە کۆسپێکی گەورە لەرێگەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی، لەلایەک تر بۆتە داردەستێکی لەبار لەلایەن هێزە هەرێمیەکانەوە بۆئەوەی بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەکاریبێنن، دیارە هێنانەدی بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانەش، کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، واتە تەفروتوناکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد، ئەو هاوسەنگیە ترسناکەی لەنێوان خێڵەکانی کوردستاندا پیادە کراوە، تەمەنی زیاتر لە یەک سەدەیەو میراتی بەریتانیەکانە، کاتێک ساندمان لە ئەفغانستان هەوڵیدا هاوسەنگیەک لەنێوان خێڵە گەورەو بچووکەکاندا بێنێتە ئارا، بەشێوەیەک هەردوولا بخاتە مەداری خزمەتی بەریتانیەکانەوە ولەسەردەمی شێخ مەحمودیشدا ئەو بیرۆکەیان گواستەوە باشووری کوردستان. لە وتاری پیشەسازی دروستکردنی بنەماڵە سیاسیەکان لە کوردستان دا بەوردی گفتوگۆمان لەسەر ئەو بیرۆکەیە کردووە، بۆیە لێرەدا نامانەوێت دووبارەی بکەینەوە، هێندە نەبێت ئەو هاوسەنگیەی لەنێوان خێڵەکانی کوردستاندا دروستکراوە، ئێستا جڵەوەکەی لەدەست هێزە هەرێمیەکاندایەو زانایانە دژی هەموو گەشەسەندنێکی دۆسیەی نەتەوایەتی کوردی بەکاریدەهێنن، وەک لە بەشەکانی پێشووتردا ئاماژەی پێکرا، بینیمان چۆن دوای راپەڕین، کە دەرفەتێکی مێژوویی دانسقە بۆ کورد هاتە پێشەوە، ئەو خێڵە سیاسیانەی لە کوردستان، کە ئێستا بەشێکی زۆریان ناوی حیزبی سیاسی هەڵگرتووە، بە ئاسانی بۆ تێکشکاندن ولەباربردنی ئەو دەرفەتە بەکارهێنران!.

بەروونی دەرکەوتووە، کە ئەو هێزە سیاسیانەی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان خۆیان دەنوێنن، خۆیان گەورەترین کۆسپ بووین لە رێگەی بەرەو پێشوەچوونی مەسەلەی کورد، هەموو تاکێکی سادەی کورد لە ئێستادا درک بەوە دەکات، لەماوەی 30 ساڵی رابردوودا، هێندەی ئەو هێزە خێڵەکییە سیاسیانەی کورد

زیانیان له مەسەلەی کورد داوەو دوژمنداری هەموو پێشوەچوونێکییان کردووە، دوژمنانی کورد هێندەیان نەکردووە، تەنانەن گەیاندویانیەته قۆناغێک، که کورد بەهۆی ئەوانەوە پێویستی بەهیچ دوژمنێک نەمێنیت، تەنانەت دوژمنەکانیش لەدووره وه سەیری رووداوەکان بکەن وئەوەی ئەوان دەیانەوێت بەو هێزانەی ئەنجام بدەن، ئێستا ئاشکرایه، که کوردستانیان کردۆته لانکەی سیخوڕێتی نێودەوڵەتی ورۆژانه گەنجی پارچەکانی تری کوردستان بەدەستی بازرگان وچەرچیه سیاسەکانی باشوور تیرۆرو شەهید دەکرێن.

ناکرێت لەژێر رۆشنای بنەمایەکی کۆمەڵاییەتی لەو شێوەیەدا، لەدەرەوەی بواری لێکدانەوە وتیووریزەکردندا باس له ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیستی وبزووتنەوەیەک بەناوی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردی بکرێت، تا ئێستا بزووتنەوەی ناسیونالیستی له کوردستان لەرووی پراکتیکیەوە نەهاتۆته بەرهەم، ئەگەر سەریشی دەرهێنابێت، ئەوا خێرا لەلایەن دەرەبەگ وسەرۆک خێڵەکانی کوردستاندا سەرکوتکراوە، رەنگ بێت یەکێک له نمونه له بارەکانیش کۆمەڵەی ژێکاف بێت ، لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا له رۆژهەڵاتی کوردستان له دایک بوو، هەرچەندە ژێکافیش ستراتیژێکی روونی نەبوو ودروشمەکانی زیاتر لەسەر هەست وسۆزی نەتەوایەتیەوە بەند بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کرایه قوربانی ولەژێر کاریگەری سۆڤیەتیەکاندا، پارتی دیموکراتی کوردستانی رۆژهەڵات ودواتریش هی باشوور دامەزرا، که لەو خاڵەدا دروشمی دیموکراسی بۆ ئێران.... ئێراق وئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لەدایک بوو، کەیەکەمین وەرچەرخان وپاشەکشه بوو لەهزری نەتەوایەتی وکارکردن بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی کوردی!.

ئەگەر له هەزارەی سێیەمدا، واته له ماوەی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی هەرێمدا لەو دروشمە(دیمەکراسی بۆ ..... ئۆتۆنۆمی بۆ ...) بکۆڵینەوە، ، دوای زیاتر له 70 ساڵ، ئنجا تێدەگەین، که چ مەهزەلەیەکی گەورەبووە، نەتەوەیەکی بچووک، که خۆی له بنەڕەتدا هیچ بنەمایەکی دیموکراسیی تیادا نەبێت، هەوڵ بدات دەوڵەتێکی وەکو

ئێران، یاخود وەک ئێراق بە دیموکراسی بکات! ئنجا دوای ئەو هەنگاوەش، کە هەرگیز لە توانایدا نەبووە هەڵینێت، مافی ئۆتۆنۆمیەکی ئیداری بەخۆی بدات، ئەو دروشمە بەوردی واتای خەباتکردن لەپێناو بندەستی ودژی رزگاربوونە، تۆ وڵاتێک بکەیتە دیموکراسی، کە لەتوانای تۆ دانیە، تاوەکو لەژێر سایەیدا بتوانیت مافێکی کەمی ئۆتۆنۆمی بەدەست بێنیت، لەکاتێکدا خۆت نەک لەچوارچێوەی هەرێمەکەی خۆتدا، بگرە لەچوارچێوەی خێڵ وخێزانەکەی خۆتدا باوەڕت بەدیموکراسی نەبێت! ئەمەیە ئەو خەباتی کوردایەتیەی، کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە دەیان و بگرە سەدان هەزار گەنجی کوردی  بە عەرابی ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیستیەوە لە پێناو کرایە قوربانی.

ئەو قۆناغە نەک قۆناغی رزگاریخوازی نیە، بەڵکو قۆناغی خۆبچووک کردنەوە ودوونیەتە لە مێژووی نەتەوەی کورد، ئەو خۆبچووک کردنەوە وخۆ بەکەم زانینەش، رێک لە ناواخنی خێڵگەرایی کوردستاندا چەقی بەستووە، بۆیە کاتێک ئەوانەی هەوڵیاندا جێگەی شێخ وبنەماڵە ئاینیەکان لەکوردستاندا بگرنەوە، نەیانتوانی بە یەکجاری خۆیان لە بن عەبای ئەو شێخانە رزگار بکەن، بەم چەشنە دەسەڵاتی فعلی کۆمەڵگە لە دەست شێخ ومەلایەکان ولەبەرژەوەندی سەرۆک خێڵە سیاسیەکان بە پلەی دووەم وداگیرکەرانی کوردستان بەپلەی یەکەم مایەوە، ئەو خۆ بە کەمزانین ودوونیەتە سیاسیە( دیموکراسی ... بۆ ... ئۆتۆنۆمی بۆ ....) تا ئێستا لەناخی دەسەڵاتی سیاسی وهێزە سیاسیەکانی کوردستاندا ماوە، جگە لە پارتی کرێکارانی کوردستان نەبێت، هیچ هێزێکی تر لە کوردستان هەوڵی تێکشکاندن وچارەسەرکردنی ئەو خۆ بەکەم زانین ودونیەتە سیاسیەی نەداوە، کە من لە نووسینێکدا ناوی بتپەرستی سیاسیم لێناوە، ئەو بتپەرستیە سیاسیە بوو وایکرد دوای راپەڕین، لەکاتێکدا هەموو خەڵکی کوردستان ئاوارەی کێو وهەندەران ببوو و مەسەلەی کورد میدیاکانی دنیای تەنی بوو وویژدانی مرۆڤایەتی هێنابووە جوولە، لەو کاتە هەستیارەدا سەرۆک خێڵە سیاسیەکانی کورد خۆیان خستەوە بن عەبای سەدام وروومەتە ژاراوایەکەیان ماچ

کرد، دوای رووخانی ئەو رژێمەش، لە ناسیونالیستە توندڕەوەکانی عەرەب خراپتر، لە پەنای دروشمێکی سەقەتی وەک فیدرڕاڵیدا، کە هیچی لە دروشمی (دیموکراسی ... بۆ ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) زیاتر نەبوو، کەوتنەوە دروستکردنەوەی ئەو ئێراقەی، کە چەندین ساڵ گەنجی کوردیان دژی بە کوشتندا.

# خێڵگەرایی دوژمنی سەر سەختی کورد

یەکەم دوژمنی کورد، ئەو بیرکردنەوە سیاسیەیە، کە ڕەنگدانەوەی ئەو بنەما خێڵگەراییە سەرسەختەیە، کە لەکوردستاندا چەقی بەستووەو تا ئێستا نەتوانراوە هەڵتەکێنرێت، لەبەرئەوەی وەک ئاماژەی پێکرا لە دوولاوە پاڵپشتی دەکرێت، لەلایەک لەلایەن چینی دەستەبژێری سیاسی کوردستان، کە بەرژەوەندیان لە مانەوەی ئەو ژێرخانە کۆمەڵایەتیەدا هەیە، لەبەرئەوەی ڕەگی خۆیان لەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیە هەڵقوڵاوە و لەسەر ئەو بنەمایە جڵەوی دەسەڵاتیان لەبەردەست دایە وحوکمی هەرێم دەکەن، لەلایەکی تر ئەو دەوڵەتانەی، کە کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە، شێلگیرانە کار لەسەر مانەوەی ئەو ژێرخانە کۆمەڵایەتی ودواتریش سیاسی وئابووری وئەو دەستەبژێرە سیاسیەش دەکەن، کە ئەو کۆمەڵگایە بەڕێوە دەبات، لەو ڕێگەیەوە دەتوانن بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ حوکمی ئەو هەرێمۆکەیە بکەن، کە لە ئەنجامی گۆڕانکاریەکانی سیاستەمی جیهانی هاتۆتە بەرهەم، نەبوونی بیرکردنەوەیەکی سیاسی سەربەخۆ، بۆتە هۆی تێنەگەیشتن لە هاوکێشە ئاڵۆزەکانی سیاسەتە هەرێمی وجیهانیەکان وئەو گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکیانەی لەسیستەمی جیهانیدا ڕوودەدات، هەر هێزێکیش ئەو بنەما هزری  فەلسەفە سیاسیەی نەبێت، ناتوانێت ببێتە خاوەنی ستراتیژێکی ڕوون ولەسەری لووتی خۆی زیاتر نابینیت، ناچار دەبێت سیاسەتی ڕۆژ بەڕێکردن ودرێژەدان بە مانەوە پەیڕەو بکات، تەنانەت ئەگەر ئەو مانەوەیەش دژی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیشی بێت، بۆیە کاتێک بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان ڕووبەرووی بەرژەوەندییە خێڵەکییەکان دەبنەوە، بێ هیچ دوودڵییەک خێڵە سیاسیەکان بەرژەوەندیە خێڵەکیەکان ڕەچاو دەکەن ودەیخەنە پێشەوە، زۆرجاران بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیش لەپێناو بەرژەوەندییە خێڵەکییەکانی خۆیاندا بەکاردەهێنن، تەنانەت ئەو هێزانەش، کە بەشێکن لە دەزگای نەتەوەیی

ونیشتمانییەکانەوە دەخرێتە خزمەت خێڵەکانەوە، باشترین نمونەش ئەو شەڕوململانێیانە بووە، کە لەسەر باڵادەستی خێڵەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەڕێوەچووە و هێزی پێشمەرگە بۆ یەکلاخستنەوەی ئەو ململانێیانە بەکارهاتووە، لەکاتێکدا بەشێکی زۆری هێزی پێشمەرگە ئەو گەنجە نیشتمان پەروەرانە بووە، کە بەبیری ناسیونالیستی ونیشتمانپەروەری گۆشکراون ولەپێناو مەسەلەی نەتەوەو نیشتمانەکەیاندا چەکیان کردۆتە شان وژیانی خۆیان کردۆتە قوربانی، کەچی بێئەوەی هەست بکەن، زۆر زانایانە لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی خۆیان دوورخراونەتەوە وخراونەتە خزمەت بەرژەوەندی خێڵە سیاسیەکانەوە!.

لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا بەهەزاران گەنجی نیشتمان پەروەرو وڵات پارێز، کە سامانێکی راستەقینەی نیشتمانی ونەتەوەیی بوون، کرانە قوربانی ئەو هاوسەنگیە وخۆیان لەنێو شەڕێکدا دۆزییەوە وتێیەوە گلان، کە هەرگیز رۆژێک بە خەیاڵیان دانەدەهات وکاریان بۆ نەکردبوو! بەم چەشنە ئەو هێزە نیشتمانیە لە بۆتەی ئەو دۆخە بۆگەنەی ململانێیە خێڵەکیەکاندا توانەوە ولەپەنای ئایدیۆلۆژیە جیاوازەکاندا، کە بەزانایی لەلایەن خێڵە سیاسیەکاندا بەکاردەهێنرا ولەلایەن خودی ئەو رژێمانەوە پاڵپشتی دەکرا، کە گوایە خەبات دژیان دەکرێت، بوونە ماشێنی شەڕێکی خۆتڕێن، کە لەمێژووی نوێدا ناوی شەڕی ناوەخۆ، یاخود براکوژی لێنراوە، کە لەبنەڕەتدا شەڕی هاوسەنگی ویەکتر سڕینەوەی خێڵە سیاسیەکانی کوردستان بوو، بەڵام بەدێوجامەیەکی مۆدێرن وئایدیۆلۆژیای جیاوازەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی گەورەترین زەرەر بە مەسەلەی کورد بگات، ئەو قوربانیانەی لەو شەڕانەدا کەوتەوە، زۆر زیاتروگەورەتر بوو لەو قوربانیانەی لەشەڕەکانی دژی رژێمە داگیرکەرەکاندا بەڕێوە دەچوو، بۆیە ئەگەر توێژینەوەیەکی ورد بۆ ئەو قوربانیانە بکرێت، کە لەنێوان ساڵانی (1975–1988) کەوتنەوەو ئامارێکی ورد پێشکەش بکرێت، دەردەکەوێت زۆرینەی ئەو توانا راستەقینەو شۆڕشگێڕانەی، واتە ئەو هێزە بزوێنەرە راستەقینەی، کە دەکرا بۆ خزمەتی نەتەوەیی بەکاربهێنرێت، کرایە قوربانی

شەڕە بازرگانیەکانی ئەو خێڵە سیاسیانەی، کە وەک ئاماژەی پێکرا، لەژێر زۆر پەردەی جیاوازی ئایدیۆلۆژیدا خۆیان نمایش دەکرد، لە بنەڕەتیشدا ململانێیەکی دواکەوتووانەی خێڵەکیانە بوو ومەبەست تیایدا تەنیا تێکدانی مەسەلەی کوردو سووتماک کردنی کوردستان وهێشتنەوەی ئەو خێڵە سیاسیانە نەبوو، کە بەناوی شەرعیەتی شۆڕشگێڕییەوە جڵەوی ئیدارەی مەسەلەی کوردیان خرابووە بەردەست، لەکاتێکدا ئەوانە شۆڕشگێڕی راستەقینە نەبوون وئەو هێزانەش، کە لەسەر بنەمای ئەو شەرعیەتە شۆڕشگێڕییە مامەڵەی لەگەڵ دەکردن، دەستێکی نادیاری هەرێمی ونێودەوڵەتی بوو، کە لەچوارچێوەیەکی جیۆستراتیژی جیهانی زۆر فراوانترەوە یاری دەکردا! ئەمە بووە هۆی سەرباری ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لە ناوچەکە هاتە ئارا، کورد نەک هەر نەتوانێت تاقە هەنگاوێک بچێتە پێشەوە، بەڵکو بەسەدان ساڵ گەڕایەوە دواوەو بەهەزاران کیلۆمەتری چوارگۆشە خاکی کوردستان لەدەست درا.

دوای راپەڕین بەروونی پەردە لەسەر کرۆکی ئەو ململانێیە هەلماڵرا، بەڵام تازە کار لەکار ترازابوو، ئەوانەی کوانووی شۆڕش وگۆڕانکاری بوون لەو گەمە قێزەونە تێوە گلابوون ونەیاندەتوانی بەئاسانی لێی دەرباز بن، لەلایەکی تر بەرژەوەندی مادی گەورەییان دەست کەوت ئەوانیش هەوڵیاندا لاسایی خێڵە سیاسیە گەورەکانی کوردستان بکەنەوە، بەم جۆرە لەدوای راپەڕین لەجیاتی ئەوەی کار بۆ بەدامودەزگایی کردن و دامەزراندنی بنەمای دامودەزگایی نیشتمانی ونەتەوەیی بکرێت، کەوتنە دروستکردنی یەکەو قەوارەی بچووک وئەو یەکانە وەک کۆمپانیایەکی بچووک، کەوتنە دادۆشین ودارماندنی کوردستان، لەسەر ئەو بنەمایەش لەرووی ئابووری وکۆمەڵایەتیەوە، ئەو چینی سێیەمەیان وەک دەڵێین هەپرِوون بەهەپرِوون کرد، کە جێگەی ئومێدی خەڵکی کوردستان بوو، واتە بە چەمکە مارکسیەکەی ئەو وردە بۆرژوا نیشتمانیە شۆڕگێڕەیان تواندەوە، کەبنەمای دامەزراندنی قەوارەی نەتەوەیی ودەوڵەتی نەتەوەییە، کۆمەڵگەی کوردی کرایە دووبەش، بەشێکی کەمی سەرمایەداری ناشەرعی، لەرێگەی تالآن وبازرگانیکردنی بە مەسەلە نەتەوەییەکاندا

له پڕێکدا هەڵتۆقان بوونە خاوەنی ملیاران دۆلار، لەگەل زۆرینەیەکی داماڵراو لەهەموو مافێکی ئابووری وسیاسی، ئاشکرایە هەر کۆمەڵگایەک چینی سێیەمی تیادا بگاتە ئەو ئاستە، کۆمەڵگەیەکی مێگەلیەو لەسەر بنەمای پەیوەندیەکانی نێوان شوان ومەڕەکانی بەڕێوە دەچێت، کە مەڕەکان متمانەیان بەخۆیان لەدەستداوەو هەموو هیوایەکیان خستۆتە سەر ئەو شوانانەی، کە ئەوان خۆیان لێی دڵنیان ومێژووش بۆی سەلماندوون، لەکاتی تەنگانەدا یا سەریان دەبڕن، یاخود دەیانفرۆشن.

# بەشی چوارەم
# راسیسزم وتێکشکاندنی کەسایەتی

## راسیسزم لە بۆتەی خێڵگەراییدا

لە دابەشکردنەوەی ئابووری کوردستان ودروستبوونی چین وتوێژی نوێدا، بە تەواوەتی بنەماکانی ململانێی خێڵگەرایی لە هەرێمی کوردستاندا بە دیدەکرێت، تەنانەت ئەو گۆڕەپانانەی ململانێشیان لەسەر دەکرێت، گۆڕەپانی پەرتەوازەو نا هەماهەنگن، هۆی ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە هەر لەبنەڕەتەوە، هێزە سیاسیەکانی کوردستان، لەچوارچێوەی خێڵەوە سەیری ململانێکانی کوردستانیان کردوەو لەسەر بنەمای خێڵگەرایی هەڵتۆقیون، جگە لە دروشم وهەوڵدان بۆ فریودانی گەنجانی وڵاتەکەیان، تاوەکو لە پەنای نیشتمان پەروەری ولاتپاریزیەوە ، تاوەکو لە پەنای ئەو دروشمە زەق وگەورانەوە بەرژەوەندییە خێڵەکیەکانی خۆیانیان بەدیبێنن، زیاتر نەبووە، هەر هێزێک ئەگەر لەسەر بنەمای رزگاری ودروستکردن وبونیاتنانەوەی نیشتماندا کاری کردبێت، هیچ دەرفەتێک بەفیرۆ نادات، کەچی لە هەرێمی کوردستان، هێزە دیموکراتخوازو ناسیونالیست و ..... ، کە گەڕانەوە وڵات، وەکو نیشتمانێکی رزگار بوو سەیری خاکیان نەکرد، بەڵکو وەکو دەستکەوتێکی شەڕ مامەڵەیان لەگەڵ کردو لەجیاتی بونیاتنانەوە و دامەزراندنی بناغەی قەوارەیەکی سیاسی مۆدێرن، کەوتنە دزین وتالانکردنی سەرخان وژێر خانی وڵاتەکەیان، تەنانەت بەشێک لەو پرۆژە ستراتیژیانەشیان ئاودیوی سنوورەکان کردو پەکیانخست، کە ئەو رژێمە دروستیکردبوو، کە بەدوژمن وداگیرکەری کوردستانیان وەسف دەکرد وگوایە خەباتی رزگاریخوازیان دژی ئەنجام دەدا! لەکوێی دونیا بووە

هێزێکی رزگارکەر، حزبێکی نەتەوەیی ونیشتمانی، لەگەڵ یەکەم دەرفەتیدا وەکو غەنیمەی شەڕ مامەڵە لەگەڵ وڵاتەکەی خۆیدا بکات!؟ خەڵکی کوردستان ناحەقی نییە زۆرجاران ئەوانە بەوە دەچوێنێت، کە نەک شۆڕشگێڕ نەبوون، بەڵکو رەوە کوللەیەک بوون ولەشەوێکی تاریکدا خۆیان خزاندەوە ناو نیشتمان وهەموو ئەو کارانەیان کرد، کە دوژمنان وداگیرکەران سڵیان لێدەکردەوە، سەیر نییە، کە گوێمان لەسەرکردە سیاسیەکان بێت، سەرچاوەکانی هێزی خۆیان بەوە لێکبدەنەوە، کە چەند هەزار پیاویان هەیە، نەک چەند پاڵپشتی جەماوەریان هەیەو پڕۆژەکانیان چەندە لە خزمەتی وڵاتەکەیاندا بووە!؟.

ئەمە ئەو راستیە تاڵەمان بۆ دەچەسپێنێت، کە تاوەکو ئێستا هیچ بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی لە باشووری کوردستان نەبووە، جێگەی داخە خوێنی ئەو دەیان وسەدان هەزار گەنجەیش، کە بەناوی رزگاری نیشتمانەوە رژێنرا، جگە لە خزمەتکردنی دەستەو تاقمێک، بنەماڵەیەکی سیاسی زیاتر نەبووە، لە ئەنجامی ئەوەشدا زۆرینەی خەلک برسی وکەمینەیەکیش هەڵتۆقی، کە هیچ پیرۆزیەکی نیشتمانیان نەهێشت وهەموو شتێکیان بۆ خۆیان حەڵاڵ کردو بۆ خەڵکیش حەرام، ئەمە وایکرد، کە ئەگەر پێشتر تاکی کورد بەدەست راسیزمی نەتەوەییەوە دەیناڵاندو خەمی داگیرکرانی ولاتەکەی هە بوو، لەسەردەمی درۆینەی ئازادیدا راسیسزمیکی تری ترسناکتر هاتە کایەوە، ئەویش راسیسزمی خێڵگەرایی بوو، کە لەپەناو لەژێر ناوی راسیسزمی حزبایەتیدا خۆی وێناکردووە، ئەگەر تاکی کورد لەسەردەمی رژێمی بەعسدا، تا رادەیەک بەدەست چەوسانەوەی نەتەوەیی وئەو شەڕوشۆڕانە دەینالاند، کە بەعس رووبەڕووی دەکردەوە، لەسەردەمی دەسەلاتی کوردیدا، جگە لەوانەی ملکەچی رێساکانی خێڵن، واتە رێساکانی بەناو حیزبن، ئەوانەی تر لە مافی هاولاتی یوونیش داماڵڕاون، دۆخەکە بەشێوەیەکە ئەوانەی نەیانتوانیبێت خۆیان بخەنە ژێر چەتری یەکێک لەو خێڵە سیاسیانەوە، لەهەموو مافێک بێبەش کراون، بۆیە کۆمەڵگەی کوردی لەئێستادا لە جیاتی رەش وسپی، لەجیاتی داگیرکار وبن دەست، بۆ حیزبیەکان

وناحیزبیەکان دابەش کراوە، حیزبیەکانیش، ئەو هەڵپەرستانەن، کە وەکو حەربا لەگەڵ ڕۆژگارەکان دەگۆڕێن وفێری هونەری ئەوە بوون، کە لەگەڵ هەموو سەردەمێکدا خۆیان بگونجێنن وڕیزی پێشەوە بگرن، تەنانەت ئەو کەسە دڵسۆزە حیزبیانەش، کە لە ڕۆژگارێکدا بە دروشمەکانی نەتەوەیی وڕزگاری فریویان خواردبوو، چیتر جێگەیان نابێتەو ئاوارەو نامۆ دەبن، ئەو دیاردەیە بە زەقی لەناو هەموو حیزبەکانی هەرێمی کوردستان بەدیدەکرێت.

لەڕاستیدا ئەو کەسە هەلپەرست و بەرژەوەندیخوازو بێپرەنسیپانە ڕیز پێشەوە جیزبەکانیان گرتووە، ئەوانە ئەو کەسانەن، کە لە دواڕۆژدا دەبنە هۆکاری یەکەمی ڕوخان وداڕمانی خودی حیزبەکانی خۆشیان، هەرکاتێک بزانن، بەرژەوەندیەکانیان دەکەوێتە مەترسیەوە، لە پەنجەرەیەکی تر دەگەڕێن بۆئەوەی سەیری ژیانی تیادا بکەنەوە، ئەوانەش بەپلەی یەکەم بەشێک لەخەڵکە هەلپەرستەکەی شاران و ئەو خێڵە بچووکانەن، کە ناتوانن ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی هێزی خێڵە گەورەکان، واتە حیزبە سیاسیەکان ببنەوە و بەناچاری بۆ ماوەیەک خۆیانی لەگەڵیدا دەگونجێنن وبەرژەوەندیەکانی خۆیانی پێدەپارێزن، بەڵام هەر کاتێک دەرفەتێکیان بۆ بڕەخسێت لێی هەڵدەگەڕێنەوە ولە دواوە خەنجەری لێدەدەن، ئەوە ئەرکی هەموو ئەو خێڵە بچوکانەیە، کە بە دەست هەژموونی خێڵە گەورەکان دەناڵێنێت، ڕەنگ بێت کۆماری مەهاباد نمونەیەکی باش بێت، کە دوای ڕوخانی دەرکەوت چەندین خێڵی گەورە ژێر بەژێر پەیوەندیان بە ڕژێمی شاهەنشاهی ئێرانەوە کردبوو!. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی خێڵی گەورە هەمیشە لەسەر بنەمای  گەورەو بچووکی، مامەڵە لەگەڵ خێڵە بچووکەکاندا دەکات، هەژموونی خێڵگەرایی بە پلەی یەکەم لەسەر بچووککردنەوەی بەرامبەرەکەی بەندە وهەمیشە کار لەسەر ئەوە دەکات بیانخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و پلەیەک، یاخود چەندین پلە لەخوار خۆیەوە لێیان بڕوانێت، ئەم بیرکردنەوە و کەلتوورە کلاسیکیە، گەورەترین کۆسپە بۆ دروستکردنی هاوڵاتی، یاخود کۆیلەی مۆدێرن، کە دەتوانێت لەژێر سایەی کۆمەڵێک یاسادا بەشێک لە

مافەکانی خۆی بپارێزێت، بۆیە لەژێر کاودانێکی سیاسی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان، هەرگیز ناکرێت چاوەڕێی ئەوە بکرێت هاوڵاتییەک بێتە بەرهەم، کە لەئەرک ومافەکانی خۆی تێبگات ووەکو دامودەزگایەکی نیشتمانی سەیری حکومەت ودامودەزگا یاساییەکانی تر بکات، چونکە لە بنەڕەتەوە ئەو دەزگایانە، ئەگەرچی دەزگای مۆدێرنن وبەرهەمی قۆناغێکی جیاوازن لە قۆناغی خێڵگەرایی، بەڵام بە ناوەڕۆک لە هەموو ڕێساکانی خۆیان داماڵراون و لەسەر کەلتوورێکی تر ڕێکخراونەتەوە، کە پێش قۆناغی مۆدێرنیتەو دروستبوونی هاوڵاتیەکی نوێیە، بۆیە لەسەر بنەمای پەیوەندیە خێڵەکیەکان کار دەکات و لەسەر ئەو بنەمایەش تاک دەتوانێت مافەکانی خۆی بەدەست بێنێت.

ئەمە یەکێک لەو هۆکارە گرنگانەیە، کە لەماوەی سی ساڵی رابردوودا نەتوانرابێت هاوڵاتییەک بهێنرێتە بەرهەم، لەجیاتی حیزب ودامودەزگا خێڵەکیەکان ئینتیمای بۆ نیشتمان وولاتەکەی هەبێت، تاوەکو ئەو جۆرە  هاوڵاتیەش لە دایک نەبێت، ناتوانرێت باس لە دروستکردنی دامودەزگای دەوڵەتی بکرێت، ئەگەر گریمانی ئەوەش بکەن، توانرا ئەو دامودەزگایانە دروست بکرێت، ئەوە لە کۆمەڵگایەکی لەو شێوەدا ئەو دامودەزگا دەوڵەتیانە نەک هەر ناتوانێت کارەکانی خۆی بە دروستی رایی بکات، بەڵکو بەچاوێکی سووکیشەوە سەیر دەکرێت، دەزگا کۆمەڵایەتیەکان کاریگەریان لە دادگاکان زیاتر دەبێت، دەرچووە نەخوێندەوارەکانی حزبەکان، جێگەی پسپۆڕو ئەکادیمیستەکان دەگرنەوە، بەم چەشنە خەڵک لەجیاتی ئەوەی پەنا بۆ دادگاکان بەرێت، پەنا بۆ سەرۆک خێڵ وکەسایەتیەکانی حیزب دەبات، کە لەو دەزگا کۆمەڵایەتیانە کۆکراونەتەوە، لەجیاتی ئەوەی بخوێنێت وشەونخوونی بۆ پێگەیاندنی خۆی بکات، لەرێگەی تەزکیەی نەخوێندەوارێکی حزبەوە دەچێتە زانکۆ وخوێندنی باڵا بە پلەی بەرزو نایاب وەردەگرێت، کە ئەمە زیاتر ئادگاری راستەقینەی دامودەزگاکانی دەوڵەت دەشێوێنێت، وەکو دەڵێن نامۆبوونێکی شارستانی وا دروست دەکات، کە نەتوانرێت بەئاسانی رۆڵی تاکەکان بناسێنرێت وخویندنەوەی بۆ بکرێت! کاتی خۆی

هیتلەر بۆ ژوورەکانی ئازاردانی خەلک ناوی جیاجیای دانابوو، بۆ نمونە لەسەر ژووری لە سێدارەدان ناوی ژووری راهێنانی وەرزشی نووسیبوو، لەم ڕێگەیەوە نەیدەهێشت کرۆکی دەزگا داپلۆسێنەرەکانی ئاشکرابێت، بە هەمان شێوە و کەمێک جیاوازتر، ئەمڕۆ لە هەریمی کوردستان رۆلی تاکەکان بە تەواوی شێواوە، لە زانکۆیەکدا بە روخسار لەگەڵ پڕۆفیسۆرێک دادەنیشی، لە راستەقینەدا لەگەڵ کێخوایەک، یاخود سەرکارێک، یاخود کرێگرتەیەکی ئاغایەک یاخود سەرۆک خێڵێکی گەورەی کوردستان دانیشتووی، کە ئەگەرچی بە روخسار گۆڕاوە وجلێکی مۆدێرنی پۆشیوە و پێگەیەکی دەزگایی داگیر کردووە، بەڵام کاتێک داخێوێت ورەفتار دەکات، رووی راستەقینەی کەسایەتیەکەت بۆ دەردەکەوێت!.

## دروستکردن وتێکشکاندنی کەسایەتی

تێکشکاندنی ڕۆڵ وسڕینەوەی کەسایەتی ڕاستەقینەی تاکەکان، هەر لەخۆیەوە دروست نابێت وپرۆسەیەکی دروستکراوە، هەوڵێکە بۆ گۆڕینی سروشتی کۆمەڵگەو بەلاڕێدا بردنی، بۆئەوەی هەرگیز نەتوانێت لە ئامانجە ڕاستەقینەکانی خۆی تێبگات، گەر کۆمەڵگەیەکیش نەتوانێت لە ئامانجەکانی خۆی تێبگات، ئەو کاتە چۆن دەتوانێت ئەو ئامانجانەی بێنێتە دی، تەنانەت دەتوانین بڵێین چۆن دەتوانێت ئامانجەکانی دیاریبکات وببێتە خاوەنی ئامانجی تایبەتی خۆی، ئامانجیش خۆی لە دروشمی گەورەو زەبەلاح وبێناوەڕۆک نادۆزێتەوە، بەڵکو ئامانج لە ڕێگەی دانانی ستراتیژێکی نیشتمانییەوە بە وردی و لەئەنجامی توێژینەوەی ریالیستی وزانستیەوە دادەنرێت، کەواتە ئامانج بەرهەمی ئاوەزی دەستەبژێریکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەیەو بەبەردەوامی دەگۆڕێت ونوێ دەبێتەوە، هیچ ئامانجێک نییە تا سەر بەردەوام بێت، لەبەرئەوەی ئامانجەکان کۆمەڵێک یەکەی بچوکن و هاتنە دی یەکێکیان دەبێتە پەیژە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی تر، دەبێت ئەو ئامانجانەش ڕوون وڕاستەقینە بن، توانای هاتنەدیان هەبێت، یاخود بەلایەنی کەمەوە، ئەگەری هەبێت لە داهاتوودا بێتە دی، ئەرکی ئایدیۆلۆژیا هەمیشە شێواندن وتەمومژاویکردنی ئامانجەکانە، بۆئەوەی خەڵک لە جیاتی ئامانجە ڕاستەقینەکان، بەدوای ئەو ئامانجە وەهمیانە بگەڕێت، کە ئایدیۆلۆژیاکە بۆی دیاریدەکەن!.

ئەگەر کۆمەڵگەیەک بیەوێت پێشبکەوێت داهاتوویێکی گەش بۆ خۆی دابین بکات، پێویستی بەوە هەیە بەشێوەیەکی ریالیستی ئامانجەکانی خۆی دیاریبکات ولەو ئامانجانەش تێبگات، وەک ئاماژەی پێکرا دانانی ئەو ئامانجەش لەڕێگەی ستراتیژێکەوە دەبێت، کە بەرهەمی ئاوەزی سیاسی کۆمەڵگەیە لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا، ئەگەر ئەو ئاوەزە کۆت وبەند کرابێت، بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت باس لە ئامانج و

بوونی ستراتیژێک بکرێت، ئەوەی تێبینی دەکرێت لەمبارەیەوە، لە هەرێمی کوردستان ئاوەزی کۆمەڵگەی کوردی بە ئاشکرا ، لەرێگە راسیسزمی حزبایەتتیەوە زیندانی کراوە و توانا  نیشتمانی وراستەقینەکانی کوردی فەرامۆشکراوە، ئەو بزووتنەوە خێڵەکییەی ناوی بزووتنەوەی کوردایەتی لێنراوە، لەبەرئەوەی لە ئاوەزی راستەقینەی کۆمەڵگەی نەک هەر دابڕاوە، بگرە دوژمنداریشی دەکات، نەیتوانیوە ستراتیژێکی نیشتمانی دابڕێژێت، هەموو جولەو رەفتارەکانی بەگوێرەی ستراتیژێکی هەرێمی وجیهانی فراوانترە بووە، کە لەلایەن ئەو دەوڵەتانە دانراوە، یا کوردستانیان دابەشکردووە، یاخود کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە، ئەمەش وایکردووە جگە لەئامانجێکی بریقەدار وفشۆڵ، کە زیاتر لە دروشمێکی سیاسی وهەوڵێک بۆ فریودانی خەڵک دەچێت، هیچ شتێکی تری نەبێت، ئەمەش ئەو دێوجامەیە، کە لەرێگەیەوە ستراتیژی خێڵە باڵادەستەکانی کوردستانی تیادا ئاوێتەی ئامانجە نیشتمانی ونەتەوەییەکان کراوە!.

بەشێوەیەکی وردتر ستراتیژی راستەقینەی بزووتنەوەی کوردایەتی، کە بەداخەوە بەهەڵە بۆ ماوەی زیاتر لە 70 ساڵ وەک بزووتنەوەیەکی رزگاریخوزای نەتەوەیی خۆی نیشانداوە وکۆمەڵگەی کوردیش بەهۆی دڵسۆزی بۆ نیشتمانەکەی تینوێتی بۆ ئەو ئازادیەی، کە تێینەگەیشتووەو نەیزانیوە چیە، بەئاسانی کەوتۆتە ئەو داوەو فریوی خواردووە، لەبنەڕەتدا ستراتیژی چەند خێڵێکی سیاسی بووە، کە هەموو ئامانجێکیان ئەوە بووە هەژموونی خۆیان بەسەر یەکتردا بسەپێنن، ئەو ئامانجە لەگەڵ ئامانجی نیشتمانی وستراتیژی نەتەوەیی بەهیچ شێوەیەک یەکناگرێتەوە، رەنگ بێت یەکێک بپرسێت، ئەگەر خێڵێکی گەورە بتوانێت هەژموونی خۆی بەسەر هەموو خێڵەکانی تر بسەپێنێت ویەکیەتیەکی نیشتمانی بێنێتە ئاراوە چ زیانێکی هەیە؟ ئەو پرسیارە لە جێگەی خۆیدایە، تەنانەت لەو وڵاتانەی پەرتەوازە بوون ودواتر دەوڵەتێکی یەکگرتوویان دروست کردووە، سەرەتا هەوڵدراوە هەموو هێزەکانی ناوخۆ، لەرێگەی سیاسەت، یاخود هێزەوە یەکبخرێت، هەر سێ یەکێتی ئەڵمانیاو ئیتاڵیا و یەکێتی

ئەمریکا لە سەدەی هەژدەو نۆزدەدا بەو شێوەیە دروست بوو، بەڵام ئەو هێزانەی توانیان یەو سەرکەوتنانە بەدەست بێنن، هێزی نیشتمانی و خاوەنی ئیرادەی خۆیان بوون، بەڵام لە کوردستان بەهۆی ئەو پێگە جیۆپۆلەتیکیە سەخت وئاڵۆزەی لە ئارادایە، هێزە کوردیەکان لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا وەکو داردەستێک لە ململانێیە هەرێمی وجیهانیەکاندا، لە ژێر ناوی بزووتنەوەی کوردایەتیەوە بەکارهێنراون وبەهیچ شێوەیەک خاوەنی ئیرادەی خۆیان نەبووینەو نوێنەرایەتی راستەقینەی خەونەکانی کۆمەڵگەی کوردیان نەکردووە! ئەو خێڵە گەورانەی کوردستان، راستە جلی مۆدێرنیان پۆشیوەو لە پایتەختە گەورەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکان ژیاون، بەڵام نەیانتوانیوە خۆیان لە بیری خێڵگەرایی رزگار بکەن، یاخود بە واتایەکی وردتر هێندەی بیرە خێڵگەراییەکە خزمەتی بەرژەوەندی ئەوانی کردووە، هێندە بزووتنەوە نیشتمانییەکە، کە بزووتنەوەیەکی سەخت وپڕ هەورازو نشێو بووە خزمەتی ئەوانی نەکردووە، هەر بۆیە ئەو سەرکردە خێڵەکییانە هەرگیز سەرکردە نەتەوەیی و نیشتمان نەبووین، هێندەی رۆڵی سەرکارێکیان بینیوە، کە لە خەمی بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بوو بێت ولەدواوە دەستێک بیانجولێنێت، هێندە لە خەمی نیشتمانەکەیان دا نەبووینە!.

ئەگەر سەیری مێژووی نوێی کورد بکەین، بە تایبەتی لە باشووری کوردستان، زۆر کەم سەرکردەکان، خۆیان یا مناڵەکانیان زیانی گەورەیان بەرکەوتووە، یاخود کوژراون، لە ماوەی هەردوو ئەو بزووتنەوە خێڵگەراییەی ناوی ئەیلوول وگوڵان، یاخود شۆڕشی نوێی گەلەکەمانی لێنرا، کە تەنیا ناوەکەی نوێ بوو وهیچ شتێکی نوێی نەک تیا نەبوو، بگرە بەشێوەیەکی قێزەونتر وزۆر خراپتر لاسایی قۆناغە رەش وتاریکەکانی کوردی تیا کرایەوە، هەزاران رۆڵەی کورد بووە قوربانی، کەچی کەسێک لەو سەرکردانە، نەخۆیان ونەمناڵەکانیان پەنجەیەکی بەخوێن دانەهات، تەمەنی خەباتی عەبدوللا ئۆجەلان نیو هێندەی تەمەنی خەباتی باشوور نەبوو، کەچی گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتی بەسەرداکراو خرایە کونجی زیندانەوە! باشە نابێت تاکی

کورد لەخۆی بپرسێت بۆچی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بەدوای تاک بەتاکی دڵسۆزانی کۆمەڵگەی کوردیەوەن و لەهەر شوێنێک بۆیان بلوێت پاکتاویان دەکەن و لەناویان دەبەن، کەچی ئەو خێڵە سیاسیانەی کوردستان، لەگەرمەی بازرگانیدان لەگەڵیانداو کەوتوونەتە دڵداریەکی شێتانە! لەوە سەیر تر هەیە رۆژانە لە وڵاتەکەت گەنجی کورد تیرۆر بکرێت، کەچی راگەیاندنەکانی ئەو خێڵە سیاسیانە وەک راگەیاندنی دەوڵەتانی داگیرکەر  باسی ئەو رووداوانە بکەن وسەرکردەکانیشیان نەپیکیان بێت نەبەڵا، ئایا هیچ سەرکردەیەکی نیشتمانی ئەوە قبووڵ دەکات، بەو شێوەیە رۆڵەکانی خەڵتانی خوێن بکرێت وخاکەکەی لاقە بکرێت، کەچی ئەو نەک هەر دەنگی لێوە نەیەت، بەڵکو لەژووره تاریکەکانیشدا، لە پێناو مانەوەی خۆیدا شان بەشانی ئەو دوژمنانە بەشداری لە پلانی کوشتنی رۆڵەکانی خۆیدا بکات؟ ئایا هێزێکی نیشتمانی ئەوە قبووڵ دەکات؟ قبووڵی بەروو بوومی نیشتمانی چرووک بکرێت وبەرهەمی جوتیارو کاسبکارانی لەسەر شەقەمەکان فڕی بدرێت، کەچی بەرهەمی ئەو دەوڵەتانەی خاکەکیان داگیر کردووە بازاڕەکانی کۆنترۆڵ کردبێت، چ هێزێکی سیاسی هەیە، بتوانێت بە بێهەبوونی ئابووریەکی سەربەخۆ، سەربەخۆیی سیاسی خۆی بپارێزێت، یەکێتی ئەوروپا، بەتایبەتیش ئیتاڵیاو ئەڵمانیا تەنیا پشتیان بەگازی روسەکان بەست،  بزانە لە ئێستا دا لە چ قەیرانێکدان وچاوەڕوانی قەیرانێکی چەند گەورەترو قووڵتر دەکەن! ئەی ئەگەر هەموو کایەکانی ئابووریەکەت وابەستەی ئابووری دوژمنەکەت کرابێت؟ ئەی ئەگەر خوان دوژمنەکەت لەلایەن دوژمنەکەتەوە بۆ ئامادە کرابێت!؟

## ئایدیۆلۆژیا و هەژموونی ئابووری

هەرێمی کوردستان لەهەموو شتێکدا، تەنانەت لەدروستکردنی کورتانی ئاژەڵیشدا پشت بە دەوڵەتانی داگیر کەر دەبەستێت، چۆن دەکرێت باس لە سەربەخۆیی سیاسی بکرێت، لە کاتێکدا ئابوورییەکەت بەو شێوەیە لەلایەن دوژمنانتەوە کۆنترۆڵ کرابێت!؟ لەمڕووەوە پرسیارێک خۆی دەسەپێنێت، باشە بۆچی ئەو هێزە سیاسیانەی کوردستان بەو شێوە وابەستەی داگیرکەرانن وتەنانەت لەو پێناوەشدا شەڕی نەتەوە وکۆمەڵگاکەی خۆشیان دەکەن؟ لێرەدا دەبێت بگەڕێینەوە سەر هەمان بنەچەی خێڵایەتی لە کرۆکی ئەو هێزە سیاسیانەدا، کە تەنیا بەرژەوەندی خۆیان رەچاو دەکەن، داگیرکەران هوشیارانە ولەسەر ئەو بنەمایەوە مامەڵەیان لەگەڵ دا دەکەن، بۆ نمونە بەرامبەر زیان و زەرەرمەند بوونی جوتیارانی کورد، بەهۆی کردنەوەی دەروازەی سنوورەکان لەکاتی پێگەیینی بەرهەمەکاندا، بەشێک قازانجی بازرگانی وباجی گومرگی خراوەتە دەست ئەو بنەماڵانە! کەواتە راستە کۆی پڕۆسەی ئابووری هەرێم وبەپلەی یەکەم جووتیاران زەرەرمەند دەبن، بەڵام ئەو خێلە سیاسیانە سوودمەندن وقازانجی زۆریان دەست دەکەوێت، ئەمەیە وا دەکات، لەهەرێمی کوردستاندا هەرگیز نەتوانین ئەو هێزانە وەک هێزی سیاسی نیشتمانی ونەتەوەیی لە قەڵەم بدەین وباس لە هەبوونی هیچ ئامانجێکی نەتەوەیی ونیشتمانی بکەین، هەرچەندە مێشکی خەڵکیان پڕکرد بێت لە دروشمی قەبە قەبەی نیشتمانی ونەتەوەیی!

دەبێت ئەو راستیە بزانین، دروشمەکانیش بە بێبوونی ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیستی، یاخود هەر ئایدیۆلۆژیایەکی تر ناتوانن رۆڵێکی ئەوتۆ بگێڕن، لەبەرئەوەی ئەوە ئایدیۆلۆژیایە، کە دەتوانێت پاساوی رازیکەر پێشکەش بە تاکەکانی کۆمەڵگا بکات، زەمینەی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتیش رێگە خۆشکەر دەبێت بۆ

زیاتر بە هەڕمێنکەوتنی ئەو ئایدیۆلۆژیانەو زیاتر بە هاناوەچوونی خەڵک، چونکە ئەو یۆتۆپیایەی ئایدیۆلۆژیا دروستی دەکات، بەهەشتێکی وا دەخاتە مێشکی تاکەکانەوە، کە جگە لەو بەهەشتە نەتوانن هیچ بەشێکی تری ژیانە ریالیستیەکە ببینن، ئەوان بە ئاسانی باوەڕ بە درۆ ودەلەسەو تەڵەکەبازییەکانی دەستەبژێرە بازرگانە سیاسیەکە دەکەن وژیان وماندوو بوونی خۆیان لەسەر سینییەکی زێڕین پێشکەشیان دەکەن، ئیتر هێندەی زەحەمەتە تا تێوە دەگلێن، ئەو کاتە لە دوو رێگە زیاتریان لەبەردەم نامێنێت، یاخود بەردەوام دەبن لە نمایش کردن بەوەی درۆکان وەک راستی ببینن وکوێرانە گوێڕایەڵی هەموو ئەو شتانە بن، کە بۆیان دەخرێتە روو، یاخود دووچاری نامۆبوون دەبن، ئەو کاتە ئەگەر بۆیان بلوێت یا لە خێڵە سیاسیەکە، واتە حیزبەکە دوور دەکەونەوە، یاخود دەکەونە رەخنەگرتن ولاتەریک دەکرێن، لە هەندێک حالەتیشدا رووبەڕووی تیرۆری سیاسی دەبنەوە، ئەگەر سەیری مێژووی نوێی کورد بکەین، ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە دڵسۆزان وشۆڕشگێڕانی راستەقینەمان بەرچاو دەکەوێت، کە یا بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەلایەن خودی حیزبەکەی خۆیانەوە تیرۆر کراون، یاخود لەرێگەی سیناریۆیەکی رووکەشەوە خراونەتە نێو ئالنگارییەکی ناهاوسەنگ، لەپێشەوە بە فیشەکی دوژمن، یاخود لە دواوە بەفیشەکی خۆیان شەهید کراون .

کاتێک پەردەی ئایدیۆلۆژیا لەسەر چاوی تاکەکان لادەچێت وسیحرەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، ئەو کاتە راستیەکان وەک ئەوە دەبینن، کە هەیە، نەک وەک ئەوەی ئایدیۆلۆژیاکە بۆی وێناکردوون، کاتێکیش راستیە مجردەکە دەبینن، دەتۆرێن ولێی هەڵدەگەڕێنەوە یاخی دەبن، ئەو کاتە جیابوونەوە وکەرت بوون لەنێو حیزبەکەدا روودەدات، ئەوانەی راستیان بۆ دەرکەوتووە، دەیانەوێت لاسایی دەستەبژێرە سیاسیەکە بکەنەوە، واتە ئەوانیش لە کرۆکی گەمەکە تێدەگەن وئامادە نابن وەکو سەربازێکی تەختەی شەترەنجەکە بمێننەوە، بەڵکو چاویان لەوە دەبێت خۆیان ببنە پاشاو ئیدارەی گەمەکان بکەن، چونکە یەکێک لە دەرهاویشتەی گەیشتن بە

راستەقینەی خێڵە سیاسیەکان، دەرکەوتنی رووی راستەقینەی کەس وسەرکردە پیرۆز کراوەکانە، کە نەک لە ئاستی ئەو وشانە ووێناکردنانە نەبوونەو نین، کە نیشان دەدرێت، بگرە زۆر لە خوارەوەی خۆشیان دەبینێت، بۆیە کەسی یاخی دەگاتە ئەو بڕوایەی، کە ئەو سەرکردە بەکاریزما کراوانە نیوەی تواناکانی ئەویان نییە وشایەنی ئەوە نین لەژێر سەرکردایەتی ئەواندا بێت، بۆیە دادەبڕێت وئەگەر لە دابڕانەکەیدا بتوانێت بە باشی بۆی دەربچێت وبەساغی لە ژیاندا بمێنێتەوە، ئەویش دەبێتە کرۆکی دامەزراندنی خێڵێکی سیاسی تر (حیزبێک تر)، بەڵام زۆر کەمن ئەوانەی دەتوانن لەو دابڕانەدا بە سەلامەتی رزگاریان بێت، چونکە لەو کاتەدا روحی شەڕانگێزی خێڵایەتی وحەزی دەست بەسەرداگرتن وهەژموونی، هانی سەرۆک خێڵە گەورەکان دەدات، کە هەموو رێگەیەکی دەربازبوون لەو تاکە یاخیبوانە بگرن، بۆیە زۆربەی ئەو جۆرە کەسانە، بەشێوەیەک لەشێوەکان تیرۆر دەکرێن ولە یارییەکە دوور دەخرێنەوە، هیچ سەرۆک خێڵێکی سیاسی حەز ناکات کەسی تری هاوشانی ئەو هەڵکەوێت وهەمیشە کار لەسەر گەورەکردنی خۆیان بچووک کردنەوەی ئەوانی تر دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک بۆی دەردەچن ودەتوانن پێگەیەکی سیاسی داگیر بکەن، زۆربەی ئەوانەی دەرفەتی دەرچوون ورزگاربوون وسەرکەوتنیشیان دەبێت، ئەوانەن، کەوا کلیلی یاریەکەیان دۆزیوەتەوە وئەو دەستەیان مسۆگەر کردووە، کە لە دواوە دەتوانێت بیانپارێزێت، هەروەک چۆن دەتوانێت یاریشیان پێبکات.

بەم چەشنە بەرهەمهێنانی کەسایەتی سەرکردەو هێزی بەناو سیاسی نوێ، رەنگدانەوەی پێویستیەکانی ناوەخۆی کۆمەڵگە نابێت، هێندە وەک پاشکۆ ورەنگدانەوەی ململانێیەکی هەرێمی یاخود جیهانی دەبێت، ئەمەش دیارە دەبێتە هۆی چەقبەستن وتەنانەت سەر لێشێوانی کۆمەڵگەش، ئەو دیالێکتیکەی لەنێوان کۆن و نوێدا هەیە ولە هەموو کۆمەڵگەیەکی زیندوو وتەندروستدا دەبێتە هۆی نوێبوونەوە وپێشکەوتن، سڕ دەبێت وپەکی دەکەوێت، لەبەرئەوەی کۆی پڕۆسەکە، پڕۆسەیەکی شازو نامۆ دەردەچێت وبەگوێرەی تەونێکی هەرێمی وجیهانی بەڕێوە دەچێت، کە

پێشتر نەخشەی بۆ کێشراوە، نەک بەهۆی ڕەوتی گەشەسەندنی کۆمەڵگەو لەدایک بوونی نوێ لە باوەشی کۆنەکەدا، بگرە هەر کۆنەکەیە دەیەوێت تەنیا بۆ فریودانی ڕای گشتی وبەدیهێنانی بەرژەوەندییە خێڵەکی وکەسی وبنەماڵەییەکانی خۆی، وانمایش بکات، کە دەیەوێت تەکانێک بەکۆمەڵگا بدات ولەو چەقبەستووییەی ڕزگار بکات، لەو قۆناغانەشدا هەمیشە پەنا بۆ بانگەشەی چاکسازی ونەهێشتنی گەندەڵی دەکەن، لەکاتێکدا خۆیان بەرهەم هێنەری گەندەڵیەکەن! بۆیە ئەو جلی نوێبوونەوەی نیشانی دەدات دەیپۆشێت، هیچ کرۆکێکی نوێخوازی لەخۆوە ناگرێت، جگە لە کاوێژکردن لەسەر کۆنەکە هیچی تری لەباردا نابێت، ئەم شرۆڤە کردنە ڕێک حاڵی ئەو هێزانەش نیشان دەدات، کە دەیانەوێت ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن بگێڕن وناڕەزایەتی خۆیان بەرامبەر دۆخێک دەردەبڕن، کە بەشێوەیەک لەشێوەکان خۆشیان دەستیان لە دروست کردنیدا هەبووە .

# بەشی پێنجەم

# نامۆبوونی سیاسی وتراویلکەی دەوڵەت نەتەوەیی

## نامۆبوونی سیاسی ونەتەوەیی

بوونی هێزی خێڵەکی سیاسی وئۆپۆزسۆنی نا بەرپرسیار، لە لایەک بێهوودەیی ولەلایەکی تر نامۆبوونی سیاسی وزۆرجاران نەتەوەیشی لێدەکەوێتەوە، لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا دروستبوونی ئەو جۆرە ئۆپۆزسیۆنە، رەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکاریانە نییە، کە لە خودی کۆمەڵگەکەدا روویداوە، بەڵکو تەنیا ململانێیەکی خێڵەکیە لەسەر پشکی زیاترو جێکردنەوە لەناو توێژی دەسەلاتداراندا. لەکۆتایشدا ئەمە دەبێتە هۆی نەهێشتنی ئینتیمای تاکەکان وزۆرجار بەکەم سەیرکردنی خودی خۆیان، لەو حالەتەشدا مەسەلەی گاڵتە کردن بە نیشتمان وسووکایەتیکردن بەنەتەوەکەی خۆیان رەواجی زیاتر دەبێت ولاسایکردنەوەی ئەو نەتەوانەش، کەوا زوڵمیان لێکردوون، دەبێتە رووێکی پێشکەوتن ونوێخوازی، ئەمەش لە کۆتایدا دەبێتە هۆی ئەوەی وردە وردە و بست بەبستی نیشتمانەکە لە دەست بچێت و کەسانی واش بەناوی ئۆپۆزسیۆن بوون ولەپەنای ئایدیۆلۆژیای بە پیشەسازیکراوی ترەوە، دەهۆڵ بۆ لەدەستدان وهەڕاجکردنی ئەو نیشتمانە لێبدەن وشانازیش بەو کارەیان بکەن!. ئەمە رێک دۆخی ئەو ئۆپۆزسیۆنەیە، کە بازرگانی بە کەموکوڕییەکانی دەسەلات دەکات وخۆشی جگە لە خەمی بەدەستهێنانی پێگەیەک بۆ خۆی وبەدەستهێنانی دەسکەوتێکی کەسی خەمی هیچی تری نییە، خەڵک بۆ ماوەیەک بەو جۆرە ئۆپۆزسیۆنە فریودەخوات، بێگومان ئەمەش لە کۆمەڵگە دواکەوتوەکاندا.!

هەر کاتێک خەڵک هوشیار بێتەوە ولەسەر بنەمای خودی دۆخەکەدا خوێندنەوە بۆ ڕووداوەکانی دەوروبەری دەکات و لێیان ورد دەبێتەوە، واتە فێری ئەوە دەبێت مامەڵە لەگەڵ ڕاستەقینەو ئەو توانایانەدا بکات، کە لەبەردەستیدایەو دەتوانێت خزمەتی خۆی پێبکات ولە بیرکردنەوە لەو بەهەشتانە دوور بکەوێتەوە، کە بۆی دروست دەکرێن، ئەو کاتە ئایدیۆلۆژیاکان کاریگەریان کەم دەبێتەوە ووەک دەرهاویشتەکیش بۆ کەمبوونەوەی ڕۆڵی ئایدیۆلۆژیا، دروشمەکانیش بەهای خۆیان لەدەست دەدەن وتوانای فریودانی خەڵکیان نامێنێت، یاخود بەشێوەیەکی وردتر توانای فریودانی خەڵکیان کەمتر دەبێتەوە، ئەو هێزانەی، کە ئایدلۆژیاکانیش وەک هێزێکی نەرم لە گەمە سیاسیەکاندا بەکاردەهێنن، یا دەبێت پشتبەستنی خۆیان بە ئایدیۆلۆژیاکان کەمبکەنەوە ولەسەر بنەمای گۆڕانکارییە ئابووری وسیاسی وکۆمەڵایەتیەکان مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەکانیاندا بکەن، یاخود دەبێت گۆڕەپانەکە بۆ هێزێکی تر چۆڵ بکەن، کە بتوانێت ریالیستانەتر مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەکەیدا بکات.

لە هەموو حالەتێکدا لەو جۆرە کاودانە دینامیکانەدا، هەمیشە مێژوو جۆرە گەڕانەوەیەک بۆ دواوە بەخۆیەوە دەبینێت و ئەو رکابەری وململانێیانەی بەر لە قۆناغی دروستبوون وسەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژیاکە لە ئارادا بووە، سەرلەنوێ لەژێر زۆر بچم وشێوەی تردا سەرهەڵدەدەنەوە، باشترین نمونە بۆئەوەی ئەو چەمکەی پێ شێبکەینەوە، دۆخی کۆمەڵگەی عەرەبیە لە دورگەی عەرەبیدا بەر لە هاتنی ئیسلام، کە کۆمەڵگەیەکی بیابانشین وناسەقامگیر بوو، خێڵەکان هەمیشە لەسەر سەرچاوەکانی ژیان لەشەڕدابوون، لەو قۆناغەدا یەکیەتیەکی خێڵەکی دروست دەبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خێڵە گەورەو بەهێزەکانی تر، بەڵام کاتێک ئیسلام هات، شوێنی ئەو یەکیەتییە خێڵەکیەی گرتەوە ولەژێر چەتری خۆیدا هەموو ئەو هێزانەی یەکخست وبەیەکەوەیانی کۆکردەوە، بەم چەشنە لەجیاتی هێزی پەرتەوازەی خێڵەکان هێزێکی یەکگرتووی ئیسلامی دروست بوو ولەدورگەی عەرەبیدا پەنگی خواردەوە، ئەمە دەروازەیەکی تری بۆ کردەوە، ئەویش ئەوەبوو لەجیاتی ئەوەی شەڕو شۆڕو

ناسەقەمگیری لەنێوان خێڵەکاندا بەردەوام بێت، کە ئیسلام ڕێگەی نەدەدا بەردەوام بێت، دەبوایە بۆ دەرەوەی سنوورەکان هەنگاو بنێن، بەم چەشنە ئەو پرۆسە داگیرکارییە ئاینییە دەستیپێکرد، کە لەمێژووی ئیسلامدا پێیدەڵێن فتوحاتی ئیسلامی ولەژێر کاریگەری بیروباوەڕو ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی تا سەردەمی عوسمان بێ کێشە بوو، دوای ئەوەی ململانێی خێڵەکی لەشێوەی ململانێ لەسەر دەسەڵات زیندوو بووە و ئیسلام بۆ سەر هەردوو باڵی شیعەو سوننە دابەش بوو، ئیتر دوای ئەو قۆناغە بیروباوەڕی ئیسلامی دەچێتە دواوە وئایدیۆلۆژیای ئیسلامی جێگەی دەگرێتەوە، کە زۆر لێزانانە ئەمەوییەکان توانیان ئەو هێزە نوێیە بەکاربهێنن وسنوورەکانی ئیمپراتۆریای ئیسلامی تا ئەوپەڕی فراوان بکەن،.

لەگەڵ ئەوەشدا ململانێ خێڵەکییەکە لەژێرەوە وەکو پەنگر دەگەشایەوە، کاتێک دەوڵەتی ئەمەوی گەیشتە قۆناغەکانی کۆتایی، مەسەلەی فتوحاتی ئیسلامیش لەگەڵ ئەوان بەکۆتا هات، هەموو تەمەنی دەوڵەتی عەباسی نەیانتوانی بستێک ئیمپراتۆریای ئیسلامی فراوان بکەن، ئەوان لەسەر ئەو دەسکەوتانە ژیان، کە ئەمەوییەکان بەدەستیان هێنابوو، واتە دەتوانین بڵێین تەمەنی دەوڵەتی ئەمەوییەکان، قۆناغێک بوو لە هەڵزنان بەرەو لوتکە، هەرچی دەوڵەتی عەباسی بوو، ڕۆیشتن بوو لەسەر ئەو تەختاییەی لەسەر لوتکەکەدا هەیە، واتە بەچەمکە فەلسەفیەکەی قۆناغی مەدەنیەتی ئیسلامی وپاشانیش شۆڕبوونەوە بەرەو خوارەوە ودارمانی دەوڵەتی عەباسی لەسەر دەستی مەغۆلەکان. کە بەهۆی گەندەڵی دەسەڵاتدارانەوە ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی بەتەواوی رەونەقی لەدەست دابوو وئەو دروشمانەی عەباسیەکان شانازیان پێوە دەکردو مێژوویان لەسەر بونیات نابوو کاریگەری نەما، بەم شێوەیی کۆمەڵگە پەرتەوازە بوو وسوپا نەیتوانی بەرامبەر مەغۆلەکان خۆی رابگرێت وقۆناغی عەباسیەکان، واتە دەوڵەتی ئیسلامی بە کۆتا هات.

لەمێژووی نوێدا سۆڤیەتیەکانیش بە هەمان شێوە، بۆ ماوەی نزیکەی 70 ساڵ بەشان و باڵی مولکداریەتی گشتی ودیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریان هەڵدا، بەشێوەیەک

حەزو ئارەزووی موڵکداریەتی تایبەتی وبەرهەمهێنانیان لای زۆربەی تاکەکانی بە تەواوی سەرکوت کرد، جا لەبەرئەوەی حەزو ئارەزووی موڵکداریەتیش بەشێکی خۆڕسکە لە سروشتی مرۆڤ، لە دواجار ئەو سەرکوتکردنە بووە یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی هەڵوەشانەوەی یەکێک لە ئیمپراتۆریا گەورەکان لەمێژوودا، شایەنی باسی تا ئەو قۆناغە زۆربەی ئیمپراتۆریاو زلهێزەکانی جیهان، لە ئەنجامی داڕمانی ناوەخۆ وپەلاماردانی هێزی دەرەکیەوە دەڕووخان، سۆڤیەت نەبێت لە ئەنجامی هۆکارە ناوەخۆییەکان هەڵوەشایەوە وبەهۆی ئەوەی خاوەنی چەکی ئەتۆمی بوو، هیچ هێزێک لە دەرەوە بوێری ئەوەی نەبوو پەلاماری بدات وتێکیبشکێنێت.!

لەم دوو نموونەیەدا مەبەستمان ئەوە بوو، لە کۆمەڵگا ئاسیاییەکاندا، تا ئێستا ململانێیە خێڵەکیان لەژێر کوانووی ململانێیە سیاسیەکاندا کڵپە دەکات و لە نزیکترین دەرفەتدا رووی راستەقینەی ئایدیۆلۆژیاکان ئاشکرا دەکات وکرۆکی راستەقینەی ململانێکان، کە ململانێیە لەسەر پێگەی سیاسی و دەستکەوتی ئابووری، ئاشکرا دەکات.

# ململانێی خێڵگەرایی و مۆدێلی دەوڵەت

سەرهەڵدانەوەی ململانێی خێڵەکی، کە لەدەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا ململانێی سەرمایەداری جێگەی دەگرێتەوە لەژێر هەر بچم وسیمایەکدا دابێت، دەبێتە هۆی وەستاندنی گەشەسەندنی دامودەزگا یاساییەکانی دەسەڵاتی سیاسیی، کە بەشێوەیەک لەشێوەکان خۆی لە هاوپەیمانی یەکگرتنی نێوان خێلەکاندا دەبینێتەوە، بۆیە کاتێک هاوپەیمانی خێلەکان دەرفەتێکیشی بۆ دەڕەخسێت ولە ئەنجامی قۆناغێکی دیاریکراو لەململانێی سیاسی وسەربازی جیهانیدا، قەوارەیەکی سیاسی مۆدێرن وهاوچەرخی بۆ دروست دەکرێت، ئەو کاتە لەرێگەی بەکارهێنانی زەبرو زەنگ نەبێت ناتوانێت بمێنێتەوە، ئەو زەبرو زەنگەش لە پێناو بەرژەوەندی وڵاتەکەیدا نییە، بەڵکو لە پێناو دروستکردنی دەسەڵاتێکی ستەمکاری بنەماڵەییە، واتە بەشێوەیەک لەشێوەکان هەوڵدەدات دەسەڵاتی سیاسی وتەنانەت خودی وڵاتەکەش لەسەر بنەماڵەکەی خۆیدا تاپۆ بکات، بۆ هێشتنەوەی وەلای خێڵە بچوکەکانی تر بەشێکی کەم لەکێکەکەیان لەبەردەم دادەنێت، بەرادەیەک نەتوانن لەرووی چینایەتیەوە هەرگیز خۆیان لە قەرەی ئەو بدەن وریزبەندی یەکەمی چینایەتی ئەو بخەنە مەترسییەوە.

لێرەدا دەڵێین دەوڵەتی بۆ دروست بکرێت، نەک دەوڵەت دروست بکات، چونکە ئەو جۆرە پێکهاتە خێڵەکییە هەرگیز ناتوانێت خۆی دەوڵەت دروست بکات، بە هۆی پێکهاتە چینایەتی وسروستە خێڵەکییەکەیەوە ناتوانێت، ئەو یەکگرتنە دروست بکات وهێزێکی وا بەرهەم بهێنێت، کە بتوانێت هەموو هێزە دژەبەرەکان لە چوارچێوەیەکدا کۆ بکاتەوە وبەرەو دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی هاوچەرخی بەرێت، لەبەرئەوەی دروستکردنی ئەو یەکگرتنە بەر لە هەموو شتێک پێویستی بە ژێرخانێکی هزری وئابووری هەیە، کە دەکەوێتە دوای قۆناغی خێڵەکییەوە، واتە ئەو قۆناغێکی رێک لە رەوتی گەشەسەندنی مێژوویدا بەجێماوە، بۆیە توانای ئەنجامدانی

ئەو ئەرکەی نییە، کە قۆناغێک لەپێش ئەودایەو لە ئاستی ئەرکەکانی ئەو قۆناغەشدا نییە!.

لە دۆخێکی لەم شێوەیەدا هەندێکجار باس لە توانەوەی چینایەتی، یاخود بازدانی چینایەتی دەکرێت ، کە مارکس لەسەری دواوە، واتە ئەو خێڵانە بەهۆی ئەو دەوڵەتەی بۆیان دروست دەکرێت، فێری ئەوە دەبن جلی ئەفەندییەکانی قۆناغی سەرمایەداری لەبەر بکەن ولەرووی چینایەتیەوە ببنە سەرمایەدارێکی مۆدێرن، بەڵام ئەم چەمکە نە لەرووی تیوورییەوە، نە لەبواری پراکتیزەکردندا لە راستیەوە نزیک نییە، چونکە لەلایەک سەرمایەداری بە تەنیا بە کۆکردنەوە سەرمایە دروست نابێت، واتە ئەوەی پارە وسامانێکی زۆری بکەوێتە بەردەست مەرج نییە ببێتە سەرمایەدار، سەرمایەداری پرۆسەیەکی مێژووی تەواوەو لەئەنجامی کۆمەڵێک گەشەسەندنی ئابووری بەپلەی یەکەم وسیاسی وکۆمەڵاتی، بەپلەی دواتر دروست دروست دەبێت، لەلایەکی تر بەبۆچوونی ئێمە لە بواری کردەییەوە شتێک نییە پێی بگوترێت بازدانی چینایەتی، بەڵکو ئەوەی هەیە خۆ گونجاندنی چینایەتییە، واتە کاتێک چینێک دەگاتە ئەو بڕوایەی، قۆناغە، کە لە بەرژەوەندی ئەودا بەڕێوە ناچێت، جلی ئەو قۆناغە وچینێکی تر، کە کاریگەری لەسەر دروستکردنی دەسەڵاتی سیاسی نوێدا هەیە دەپۆشێت و وەک نواندنێکی کارامە دەیەوێت کۆی کۆمەلگاکە فریو بدات و وانیشان دەدات، کە ئەو بۆ نمونە قۆناغی دەرەبەگایەتی بە تەواوی جێهێشتووەو لەگەڵ چینی بەشخوراو مەینەتباراندایە، دەشێت لێرەو لەوێ نمونەی لەو جۆرەمان بەرچاو بکەوێت، بەڵام ئەو نمونانە شتێکی سروشتی وگشتگیر نییە ورەنگ بێت کاریگەرییەکی کاتی تای ئایدیۆلۆژیا، یاخود پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بێت و هەرکاتیک تایەکە بەرییدات، دەگەڕێتەوە بۆ دۆخەکەی خۆی، ئەگەر بێت و تایەکە نەیکوژێت ووەک نمونەیەکی زیندوو بیهڵێتەوە، بە واتایەکی تر، ئەوەی پێی دەگوترێت بازدانی چینایەتی، جگە لە خۆگۆڕینێکی کاتی ووەک رەنگدانەوەی بەرژەوەندیەکان لە قۆناغێکی دیاریکراودا زیاتر نییە، لە بچووکترین دەرفەتدا دەگەڕێتەوە دۆخی خۆی، لە پاڵ

ئەمەشدا ئەو کەلتووره خێڵەکییەکەی لە کرۆک وناخی خۆیدا هەڵیگرتووه، ئاوێتەی خوێنی کۆمەڵگاش دەکات و زۆرینەی خەڵک دەیەوێت لاسایی بکاتەوه، واتە ئەمجارەیان ئەوانەی لە چینی خوارەوه یاخود مامناوەندی کۆمەڵگەدان کاتێک دەرفەتێکیان بۆ دەڕەخسێت، ئەوانیش دەیانەوێت لاسایی چینی خێڵەکی دەسەڵاتدار بکەنەوه، وەکو ئەوان کۆشک وتەلاری بەرز دروست دەکەن وبایەخ بە خۆشگوزەرانییەکی ساختەی ژیان دەدەن ونمایشی رۆڵێکی نوێ دەکەن، ئەم دۆخە لە هەرێمی کوردستان دوای راپەڕین بە تەواوی بەرجەستە دەبێت ووەک لەبەشەکانی پێشووتردا ئاماژەی پێکرا، ئەوەی خۆیان لا رۆشنبیری شار وشۆڕشگێڕی شاخ بوو، بەر لە سەرۆک خێڵەکان کۆشک وتەلاریان لەسەر گردۆڵکەو لووتکە شاخەکانی کوردستان بەرز کردەوه، کە ئەمە لەرووی کۆمەڵایەتی وئابووریەوه کۆمەڵگەی کوردی دووچاری قەیرانی گەورە کردەوه، هەرێمی کوردستانی زیاتر پارچە پارچە کردو لەرووی ئابووری کشتوکاڵییەوه زیاتر وێرانی کرد، لەبەرئەوەی هەموو زەویەکانیان دابەش کردو سیمیان کرد، بەم شێوه رووبەرێکی ئێجگار گەورەی زەوی کشتوکاڵی لەدەستدرا ولەجیاتی کێڵگەیەک بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ وبەرهەمە کشتوکاڵییەکان، کرایە شوێنی کات بەسەر بردن وبەفیڕۆدانی سامانی گشتی وتێکدانی ئاکاری گشتی کۆمەڵگە.

ئەم نمونەیە جگە لە هەرێمی کوردستان بەشێکی زۆر لە دەوڵەتانی ئاسیاو وڵاتانی عەرەبی، بە تایبەتی وڵاتانی کەنداو دەگرێتەوه، لەبەرئەوەی ئەو وڵاتانە لە بنەڕەتدا خۆیان توانای دامەزراندنی دەوڵەتیان نەبوو، لەگۆڕانکارییەکانی نەخشەی سیاسی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی شوێنێکیان بۆ کرایەوه، خێڵە باڵا دەستەکانیان هێناو قەوارەیەکی سیاسیان بە ناوی دەوڵەتەوه بۆ دروستکردن، ئەرکی پاراستنی ئەو دەوڵەتانەش، بەرامبەر هەڕەشە ناوەخۆیی دەرەکییەکان کەوتە ئەستۆی خودی ئەو زلهێزانەی ئەو دەوڵەتانەیان دروستکرد، دەتوانین بڵێین حوکمێکی بە وەکالەتیان دامەزراند لەژێر ناو ووێنەی ئەو خێڵە گەورانەدا هەژموونی خۆیان پاراست، ئەم

پاراستنەش دۆخێکی دۆزەخ ئامێزی لە ناوەوە دروست کردو وڵاتی وەکو دەستکەوتێکی شەڕ خستە بەردەست ئەو دەسەڵاتدارە نوێیانەو ئەوانیش لەژێر کاریگەری هزری خێڵەکی هەروەک دەستکەوتی شەڕ مامەڵەیان لەگەڵ وڵاتەکانی خۆیان کرد، کەوتنە تاڵانی وهەموو سەروەت وسامانەکەیان بۆخۆیان قورخکرد، بۆیە تەنیا خێڵی دەسەڵاتدار وئەو خێڵانەی لە مەداری ئەو دا دەخولانەوە بوونە خاوەنی هەموو شتێک وزۆرینەی خەڵکیش کەوتە ژێر هێڵی هەژارییەوە، بۆ نمونە دەوڵەتێکی وەکو شانشینی سعودیە، زیاتر 55% خەڵکەکەی لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژیت، ئەوانەی لە دەوری دەسەڵات نەبن لە هەموو شتێک بێبەش دەکرێن، وەک ئەو راسیسزمە حیزبیە سەقەتەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئەوانە لە چەوساندنەوەی میللەتەکانی خۆیان زیاتر پێدرێژ دەکەن، چونکە بەرامبەر هەڕاجکردنی نیشتمانەکەیان وئەو سازشەی بۆ دوژمنانی نیشتمانەکەیان دەکەن، پاراستنێکی تەواو بۆ خۆیان مسۆگەر دەکەن، لەلایەکی تر لە پەنای ئایدیۆلۆژیای ئاینی وناسیونالیستی، خەڵک فریودەدەن و شەرعیەت دەدەنە رووتاندنەوە وتاڵانکردنی وڵاتەکانی خۆیان.

خاڵێکی تر پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەوەیە، کە ئەو جۆرە دەوڵەتانە هەرگیز ناتوانن ببنە دەوڵەتی یاسایی مۆدێرن، لەبەرئەوەی بەهۆی پێکهاتەی وردی هاوسەنگی نێوان خێڵە هاوبەشەکان لە دەسەڵات، ناتوانرێت یاسا لەسەر هەمووان وەک یەک جێبەجێبکرێت، کە ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندیە بنەڕەتیەکانی رێسای یاسایی، بەم چەشنە بەشێک لە کۆمەڵگا دەکەونە سەرەوەی یاساو بەشەکەی تری زۆر بەتوندی یاسایان لەسەر جێبەجێدەکرێت، ئەمەش بەدرێژایی رۆژگار توورەیی لەناو ئەو بەشە بەهێزتر دەکات ورق وکینە لە ناو کۆمەڵگەکە زیاتر رۆدەچێت، ناکرێت لە کۆمەڵگەیەکی لەو شێوەیەش، کە لەسەر بنەمای ناعەدالەتی ونا یەکسانی دامەزرابێت باس لە سەقامگیری سیاسی وکۆمەڵایەتی بکرێت، هاوکات ناکرێت باس لەپەیوەندی هاوڵاتی بوون بکرێت لە نێوان تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیانەدا.

## تراویکەی دەوڵەتی نەتەوەیی

لە هەر کۆمەڵگایەکیشدا، کاتێک پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی وپەیوەستەی خوێنەوە دەگۆڕێت، بۆ پەیوەندییەک بنەما بێت لەسەر ترس وتۆقاندن، ئەو کۆمەڵگەیە هەمیشە لەژێر هەڕەشەی ناوەخۆیی ودەرەکیدا دەبێت، هەڕەشەی ناوەخۆ لەبەرئەوەی هەموو دەبێتە دوژمنی یەکترو داب ونەریتە خێڵەکییەکان لە توانایاندا نامێنێت ئەو بەرژەوەندییانە بە وردی ڕێکبخەن، واتە بەشێوەیەک ئەو بەرژەوەندیانە ڕێکبخەن، هەموو لایەک بەلایەنی کەم هەست بە کەمترین رادەی دادپەروەری بکات، لەبەرئەوەی داب ونەریتی خێڵەکی لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەدا دەکەوێتە بەر شەپۆلی ژیانی ساختەی سەرمایەداری نوێوەو بەهاکانی خۆی لە دەست دەدات، کە بەپلەی یەکەم سەرمایەداران لەرێگەی بازرگانی شەڕەوە سامانەکانیان بەدەستدەهێنن، لەو حالەتەدا پارادۆکسێکی سەیر دروست دەبێت، لەلایەک داب ونەریتە خێڵەکییەکان باویان نامێنێت وقۆناغیان بەسەر دەچێت، لەلایەکی تر ئەو جۆرە سەرمایەدارییەی باسکرا ناتوانێت دەوڵەتێکی مۆدێرن دامەزرێنێت وبەڕێوەی بەرێت، چونکە بە پرۆسەیەکی سروشتی گەشەی نەکردووە وچینێکی داتاشراو و لەکارگە دەرچوو دروست کراوە، کە تەنیا جلی سەرمایەداری لەبەرکردووەو لە ئاستی بیرکردنەوەدا قۆناغی خێڵەکی جێنەهێشتووە! لە هەمان کاتدا رەگە خێڵەکییەکە کۆسپ بۆ ئەو هەوڵانەش دروست دەکات، کە دەیانەوێت بەشێوەیەک لەشێوەکان رادەیەکی کەمی یاسا سەروەر بێت وبەرژەوەندیان لەگەڵ دامەزراندنی دامودەزگای مۆدێرنیتەی نیمچە راستەقینە یەکدەگرێتەوە، رێگە نادات بە ئاسانی یاسا لەسەر هەمووان وەک یەک جێبەجێبکرێت، چونکە ئەو لە بنەڕەتدا باوەڕی بەو جۆرە یەکسانییە نیە، کە قۆناغە نوێیەکە، واتە مۆدێرنیتە ساختەکە دەبێت

بەرهەمی بهێنێت، ئەوان باوەڕی تەواویان بەوە هەیە، کە (خوا بەردی گەورەو بەردی بچووکی داناوە).

ئەو ڕێسا خێڵەکییانە ناتوانن بەوردی ڕووبەڕووی ئەو قەیرانانە ببنەوە، کە کۆمەڵگە بە دەستییەوە دەناڵێنێت، سەردەمی نوێی سەرمایەداری دروستکراو کایەو ڕەفتاری نوێ لەگەڵ خۆیدا دێنێت، کە لە فەرهەنگی داب ونەریتە خێڵەکییەکاندا نییە، ئەمە جۆرە ئاژاوەیەکی کۆمەڵگایی وا دێنێتە ئاراوە، هەڕەشەی جدی نەک بە تەنیا لە بونیاتی دەسەڵاتی سیاسی دەکات، بەڵکو کۆی بونیاتە کۆمەڵایەتییەکانیش تێکدەشکێنێت، هەڵوەشانەوە وبێبەهابوونی داب ونەریتەکان، لەبەرامبەر ئەویشدا نەبوونی یاسایەک وتوانایەکی بەهێزی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە، بۆشاییەکی سیاسی ئابووری فەرهەنگی وکۆمەڵایەتی بەرهەم دێنێت، کۆمەڵگە دەکەوێتە فەوزایەکی وا، کە زیاتر لە دارستان دەچێت وبەهێز بێهێز لرف دەکات، ئەو جۆرە کۆمەڵگەیە بەپێچەوانەی هەموو ئەو بنەما هزری وتیوورییە فەلسەفیانەیە، کە بنەمای سیستەمی سیاسیی مۆدێرنیتەن، بۆ نمونە کەسێکی وەکو (تۆماس هۆبز) لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتێکی ڕەها دەبەخشێتە فەرمانڕەوا، واتە لایەکەی تری ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتییەی دەیەوێت بنەماکانی سیستەمی سیاسی وپەیوەندییەکانی نێوان فەرمانڕەواو بەرفەرمانی لەسەر شیبکاتەوە، دەسەڵاتی ئەوەی لێدەسەنێتەوە، ژیانی تاکەکان بخاتە مەترسییەوە، چونکە ئەو لەکاتێکدا داوای دەست بەرداربوون لە هەندێک لە مافە سروشتیەکان دەکات وئەو دەسەڵاتە ڕەهایە دەداتە دەست فەرمانڕەوا، مەبەستی سەرەکی تیایدا ئەوەیە تاکەکان بتوانن لەژێر سایەیدا بە ئارامی بژین، بەڵام لەو شێوە کۆمەڵگایانەی باسکرا، کە کۆمەڵگەی کوردیش بەشێکە لەو جۆرە کۆمەڵگانە تاک ناتوانێت تیایدا بە ئارامی بژیت وهەمیشە لە ترس ودڵەڕاوکێدا دەژیت، بۆیە لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا ڕادەکات، پڕۆسەی وڵات جێهێشتن وکۆچکردن برەو دەسەنێت، بێئومێدی لەگۆڕانکاری وهاتنە دی ڕادەی کەمی دادپەروەری، خەڵک ناچاری ڕاکردن و وڵات بەجێهێشتن دەکات!.

نەبوونی یاساو توانای جێبەجێکردنی یاسا، هاوکات بوونی هاوسەنگییەکی ئاڵۆزی نێوان خێڵە باڵا دەستەکان، جۆرێک لە دەوڵەت دروست دەکات، کە (گونار میردال) ناوی ناوە دەوڵەتی نەرم (Soft States)، لەو جۆرە دەوڵەتانەدا دامودەزگاکان بە خوارو خێچی کاردەکات وناتوانێت کارەکانی خۆی بەشێوەیەکی تەندروست رایی بکات، بەمەش رێگە لەبەرەو پێشووەچوونی کۆمەڵگەکە دەگرێت ولە هەنگاوی کیسەڵانە زیاتر ناتوانێت هەنگاوی خێراو ریشەیی هەڵێنێت و گۆڕانکاری بنەڕەتی بێنێتە ئاراوە، لەبەرئەوەی وەک چۆن ئەو دۆخە پەنگخواردوو وچەقبەستووەی کۆسپ بۆ هەنگاوەکانی سیستەمی سیاسی دروست دەکات، بەشێوەیەکی رەها لەبەرژەوەندی فەرمانڕەواو دەستەبژێری سیاسیدا نییە، بە هەمان شێوە گۆڕانکاری ریشەیش لەبەرژەوەندی ئەو دەستەبژێرەدا نییە، چونکە ئەو جۆرە گۆڕانکاریانە بەرژەوەندییەکانی ئەویش دەخاتە مەترسییەوەو لەرەگەوە هەڵیدەتەکێنێت، بۆیە بۆئەوەی هاوسەنگییەک لە نێوان ئەو دوو دۆخە نەخوازراوەدا دروست بکات، کار بۆ ئەوە دەکات تەمەنی خۆی لە رێگەی بەرزرکردنەوەی دروشمی چاکسازییەوە درێژ بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دروشمی چاکسازی برەو دەسەنێت وهەموو ماکینەکانی سیستەمی بۆ دەخرێتە کار، تاوەک ئومێدێک لای خەڵک دروست بکات وئەگەر بۆ کەمێکیش بێت لە مەترسییەکانی ئەو دۆخە چەق بەستووە کەم بکاتەوە، بەواتایەکی تر لە هەڕەشەکانی سەر مانەوەو بەرژەوەندییەکانی خێڵە باڵا دەستەکان، واتە دەستەبژێرە سیاسیەکە کەم بکاتەوە!.

# بەشی شەشەم
# گرێکوێرەی چاکسازی وتێکشکاندنی خێزان

## گرێکوێرەی چاکسازی

چەمکی چاکسازی ئامڕازێکە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بۆ ئیدارەدانی قەیرانەکان بەکاردەهێنرێت، لەناوەوە کۆمەڵگەکانیشدا سیستەمە سیاسیەکان وەک دەرچەیەک بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیارییەتی و درێژەپێدانی گەندەڵیەکانیان بەکاریدەهێنن، ئەو جۆرە چاکسازییەوەک گێرەکردنێکە لەنیو زەلکاو پیسایی خۆیاندا، چونکە هیچ قەوارەیەکی دامەزراو لەسەر خێڵگەرایی، هەرگیز ناتوانێت ئەو چاکسازییانە ئەنجام بدات، کە وڵاتەکە، یاخود هەرێمەکە پێویستییەتی، بۆیە لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەدا دەسەڵاتی سیاسی هێندەی لە دەوری پڕۆسەی چاکسازیدا دەخولێتەوە، هێندە بوێری ئەوەی نییە خۆی لەقەرەی بدات وورووبەڕووی بێتەوە، لەبەرئەوەی هەر چاکسازییەکی ریشەیی دەبێتە هۆی هەڵتەکاندن و هەڵوەشاندنەوەی بنەمای دەسەڵات وفەرمانڕەواییەکەی، بۆیە دەبینین ئەو هەنگاوە کیسەڵیانەی بەناوی چاکسازییەوە هەڵیدەنێن، بەرامبەر بە خێرایی وقووڵی ئەو گۆڕانکاریانەی لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی روودەدەن، زۆر سادەیەو لە دواوە بەجێدەمینێت، لەلایەکی تر، لە پڕۆسەی ئەو چاکسازییە بانگەشە بۆ کراوەشدا، هێندە کێشە لاوەکی ورووکەشەکان دەخرێتە پێشەوە، هێندەی بوێری ئەوەیان نابێت خۆیان لەقەرەی کێشەو قەیرانە گەورەکان بدەن، لە راستیشدا ناتوانن رووبەڕووی دۆسییە هەستیارەکان ببنەوە، کە کۆمەڵگە دەهێنێتەوە سەر هێڵی راستەقینەی خۆی، لەبەرئەوەی ئەو هەنگاوە بەرژەوەندییەکانی خۆشیان دەخاتە مەترسییەوە وورووبەڕووی هێزە دەسەڵاتدارە مۆنۆپۆل کەرانی ناو کۆمەڵگەشیان دەکاتەوە، بێگومان لەلایەک لە توانای دا نیە مل لەبەر ملی ئەو چین

وتوێژە باڵا دەستانە، واتە خێڵە بچووکەکانی تر بنێت، کە سەرچاوەیەکی باشی هێزیان لەبەر دەستدایە، لەلایەکی تر بەرژەوەندییەکانی بەوانەوە بەستراوەتەوە ودەست درێژ کردن بۆ ئەوان زیان بەخۆشی دەگەیەنێت، بەم چەشنە خولانەوە لە بازنەی دروشمەکانی چاکسازیدا، رۆژ بەرۆژ پرۆسەی چاکسازی لە بەها راستەقینەکانی خۆی دادەماڵێت ورووی راستەقینەی ئەو سیاسەتە فریودەرە بۆ خەڵک ئاشکرا دەبێت، ئەمە ناچاری دەکات، پەنا بۆ سیاسەتی دروستکردنی قەیران وبەرزکردنەوەی دروشمە ئایدیۆلۆژییەکان بەرێت و کۆمەڵگە لە قەیرانێکەوە بەرەو قەیرانیکی تر بەرێت...

لەمەشدا ئەو هێزانە دەرەکیانەی بەرژەوەندیان لە مانەوەی ئەو دۆخەدا هەیەو ئامانجی ستراتیژیان لەو وڵاتەدا هەیە، بەهەموو شێوەیەک پاڵپشتی ئەو دەسەڵاتە دەکەن، چونکە دەیانەوێت لەرێگەی ئەو دەسەڵاتەوە دژایەتی مەسەلەیەکی نیشتمانی ونەتەوەیی بکەن، کە بەمەترسی لەسەر خۆیانی دەزانن، چەندەی هەرەشە ناوخۆییەکانیش زیاتر بێت وقەیرانەکان چڕتر ئێخەی دەستەبژێری سیاسی بگرێت، هێندە زیاتر دەکەونە ژێر هەژموونی دەوڵەتانی باڵادەست وزیاتر هەوسار دەکرێن، بەم چەشنە وڵاتەکە لەوڵاتێکی سەربەخۆ وئازاد، دەبێتەو وڵاتێکی بندەستی داپۆشرا و داگیرکەران لەجیاتی ئەوەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ فەرمانڕەوایی ئەو وڵاتە بکەن وبەخۆیانەوەی بلکێنن، کەرەنگ بێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا دەرهاویشتەی مەترسیداری لێبکەوێتیەوە، لەڕێگەی ئەو دەسەڵاتدارانەوە وبەوەکالەت فەرمانڕەوایی خۆیان دەکەن، کە ئەمە لەلایەک بەرژەوەندییەکان باشتر مسۆگەر دەکات، لەلایەکی تر لەجیاتی ئەوەی تووڕەیی وناڕەزایەتی خەڵک ئاڕاستەی ئەوان بکرێت، ئاڕاستەی ئەو دەسەڵاتە دەکرێت، کە پۆشاکێکی خۆماڵی ساختەی لەبەر کراوە.

ئەو شرۆڤە کردنە بە وردی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا پراکتیزە دەبێت، لەئەنجامی ئەو هاوسەنگییەی باس کرا، کۆمەڵێک قەیرانی قووڵ رووبەڕووی کۆمەڵگەی کوردی بۆتەوە، کە دەستەبژێری کوردی، بە دەسەڵات

وئۆپۆزسیۆنەوە ناتوانن وبوێری ئەوەیان نییە خۆیان لە قەرەی بدەن وراشکاوانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، لەبەرئەوەی بەر لەهەموو کەسێک بەسەر خۆیان دەشکێتەوە وهەر گۆڕانکارییەکی ریشەیی ئەنجام بدەن، بەر لە هەموو کەسێک خۆیان رادەماڵێت، بۆیە لەدۆخی ئێستادا دەسەڵات وئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان، لەیەک قۆناغی تەمەنی ریسوابووندا دەژین، ئەگەر ئۆپۆزسیۆنەکە پیروخەڕۆتر نەبوو بێت، بەهۆی ئەو سیاسەتە هەلپەرستانەی لەماوەی رابردوودا گرتییە بەر وتووڕەیی ودڵسۆزی خەڵکی کوردستانی، لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی خستە خزمەتی دەسەڵات، بۆیە رەنگ بێت هەرێمی کوردستان یەکێک بێت لەو شوێنە دەگمەنانەی جیهان، کە خەڵک بارتەقای دەسەڵات لە ئۆپۆزسیۆنیش تووڕەیەو وبەقێزەوە تێی دەڕوانێت، هەر لەبەرئەوەشە هەردوولایان بەیەکەوە وشان بەشان، لە زەلکاوی پڕوپاگەندە ودرۆی چاکسازی دەخولێنەوە وبەم شێوەیە سەرەتا خۆیان ودواتر خەڵکی کوردستان فریودەدەن، کە ئەمە بۆتە یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی ئەو چەق بەستوویییە سیاسییەی هەرێمی گرتۆتەوە، سەیر لەوەدایە، لەکاتێکدا ئەوان بەر لەهەموو کەسێک، واتە دەسەڵات وئۆپۆزسیۆن، دەبێت بەر پڕۆسەی چاکسازی بکەون، کەچی خۆیان لەسەرەوەی پڕۆسەکە دەبینن وهەمیشە رۆڵی ئامۆژگاریکارو پێشکەشکاری یاساو پڕۆژەی چاکسازی ساختە دەگێڕن، بەمەش دەیانەوێت تەمەنی خۆیان درێژ بکەنەوە وبەرژەوەندی زیاتر بەدەست بێنن! لەکاتێکدا چاکسازی لە هەرێمی کوردستان، نەپێویستی بە یاسای چاکسازی هەیە، نەپێویستی بە پڕۆژەو ئەو هەموو دەزگایە هەیە، بەناوی دەستەی دەستپاکی و ...هتد دوایی، لەبەرئەوەی هەموو ئەو یاسایانەی هەیە، لەوانە یاسای سزادانی ئێراقی، کە لەهەرێمی کوردستانیش کاری پێدەکرێت، ئەگەر بەتەواوی جێبەجێبکرێت هەموو کێشەکان چارەسەر دەکات وهیچ شتێک نامێنێت، کە پێویستی بە چاکسازی بێت، کاتێک تاوانێکی گەورە ناودەنێن گەندەڵی ولەرێگەی ئەو زاراوەیەوە دیزە بەدەرخۆنەی دەکەن، ئەوە خۆی لەخۆیدا دەبێتە بنەمای هەموو گەندەڵییەکان وتەنیا چاککردنەوەی ئەو هەڵەیە هەموو کێشەکانی تر

چارەسەر دەکات، بەڵام کاتێک خۆت ودارو دەستەکەت هەموو شتێک بۆ خۆتان حەڵاڵ دەکەن ویاساش بۆ چاکسازی دەردەکەن، ئەوە ئەو یاسایە جگە لە پاراستنی ئەوانەی وڵاتیان تاڵان کردووە، هیچ دەرهاویشتەیەکی تری ئەرێنیانەی لێناکەوێتەوە، بەم شێوەیە دابەشکردنی خەڵک بۆ ئەوانەی لەخوارەوەی یاسادان ودەکرێنە قوربانی و ژمارەی ئەوانەی لەسەرەوەی یاسادان رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبێت و تاوانکارانیش وەک جەللادێکی روخسار بەڕێز دەمێننەوە ودەخرێنە بەرچاوی خەڵک، کۆمەڵگە لە دۆخێکی خراپ بەرەو خراپتر ولە چەقبەستووییەکی سیاسی، کە ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی زۆریش درێژە بکێشێت بەرەو تەقینەوەیەکی جەماوەری دەبات.

## سیستەمی گورگ وڕێوی

دیارە لە هەرێمی کوردستان مەسەلەی چاکسازی زیاد لە پێویست درێژەی کێشاوە وئەو هەنگاوانەی نراون زۆر بچووکترە بە بەراورد لەگەڵ ئەو بانگەشانەی دەکرێت وئەو کاتەی تیایدا بە فیرِۆ دراوە، ئەوەش راستییەکی تاڵ دەسەلمێنێت، ئەویش ئەوەیە، کە پڕۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان شکستی هیناوە وچاوەڕوانی هەنگاوی گەورەش، وەک ئەوە وایە تۆ ماسی لە سەر بەرد بەخێو بکەی وچاوەروانی گەورەبوون وژیانی لێبکەی! وەک ئاماژەی پیکرا، تاوەکو یاسا بە یەکسانی لەسەر هەمووان جێبەجێنەکرێت وهەندێک خۆیان لەسەرەوەی یاساوە ببینن، مەسەلەی چاکسازی لە بابەتێکی ئەندێشەیی زیاتر نابێت وهیچی لیَ شین نابێت، بەڵام بۆچی ئەو چەقبەستووییەو ئەو دریژە کێشانە، بەپێچەوانەوەی هەموو بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی ومێژوویی، تا ئێستا تەقینەوەیەکی گەورەی جەماوەری لینەکەوتۆتەوە، رەنگ بێت هۆی یەکەمی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی لای خەڵکی کوردستان بێت، کە نایانەوێت ئەو ئەزموونەیان لەدەست بچێت وبەدەستکەوتێکی نەتەوەیی هەژمار دەکەن  ولەسەرەوەی هێزو حیزبەکان سەیری دەکەن، لەلایەکی تر هیچ هێزێک نیە ودەرنەکەوتووە، کە بتوانێت راستگۆیانە ئەرکی ئەو قۆناغە بگریتە ئەستۆ سەرکردایەتی خەڵکی تووڕەو ناڕازی بکات. کە زۆرینەی رەهای خەڵکی باشوور پێکدەهێنن، ئەمە جگە لەوەی ئەوانەی خۆیان وەک ئۆپۆزسیۆن نیشان دا، خەڵکی کوردستانیان فریوداو متمانەیان بە ئۆپۆزسیۆن بوون ئێجگار لاواز کرد، بەتایبەتی بزووتنەوەیەکی وەک گۆڕان، کە خەڵکی هەرێم ئومێدێکی زۆریان لەسەر هەڵچنی، کەچی رێک پێچەوانەی ئەو دروشم وبەڵێنانە رەفتاریان کرد، کە بەرزیان کردەوەو بە خەڵکیان دا. ئەمە سەرباری ئەوەی ئەو دەستەبژێرە سیاسیەی لە هەرێمی کوردستان جڵەوی دەسەڵاتی لە دەستدایە، لەلایەن هێزە هەرێمی وجیهانییەکانەوە

پاڵپشتیدەکرێن ووەک ئامرازێک بەکاردەهێنرێن بۆ جێبەجێکردنی سیاسەت وستراتیژی دیاریکراوی خۆیان!.

ئەو رووداوانەی لە رابردوودا روویاندا وئەو توندو تیژییەی لە خۆپیشاندانەکان کەوتەوە، ئومێدی گۆڕانکاری بەشێوەیەکی ئاشتیانە ولەرێگەی ئامرازەکانی دیموکراسییەوە تا رادەیەکی زۆر لەگۆڕنا، هاوکات ئەو ساختەکاریانەی لە هەڵبژاردنەکان کراو دەکرێت وئەو بێڕێزییەی بەرامبەر کاتی هەڵبژاردنەکان وتەنانەت خودی پەرلەمانیش دەکرێت، هەر لە دیاریکردنی ئەندامەکانییەوە تا دەگاتە هەڵوێستەکانی پەرلەمان بەرامبەر کارە نایاساییەکانی حکومەت وحیزبەکان وئەو هەموو تاوان وپێشێلکاریانەی بەرامبەر تاکی کورد دەکرێت، هێندەی تر پرۆسەی دیموکراسی بێبایەخ وریسوا کردووە، ئێستا دیموکراسی لەهەرێم وەک ئەو دێوجامە وایە، کە هەموو تاوان و شتێکی دزێو وناشیرینی لە پەناوە ئەنجام دەدرێت، لە راستیشدا ئەوەش ئەرک ورووی راستەقینەی سیستەمی دیموکراسیە، کە خۆی لە بنەڕەتدا سیستەمێکە لەسەر درۆو فریودانی خەڵک بونیاتنراوە، هەوڵدانە بۆ پاساو هێنانەوە بۆ شێوازێکی فەرمانڕەوایی سەرمایەداری، کە کاری سەرەکی کۆکردنەوەی سامانەو لە پێناو ئەوەشدا کۆمەڵگە دەکاتە کۆمەڵگایەکی ماتریالی وپوولەکی وهەموو بەها مرۆییەکان تێکدەشکێنێت، لە پەنا هەڵبژاردنێکی رووکەشەوە، کە جگە لە دەزگا هەواڵگرییەکانی سیستەمی سەرمایەداری، هیچ تاکێکی تری کۆمەڵگە نازانێت دەرئەنجامەکان چۆن یاریان پێدەکرێت وچۆن لەرێگەی رێککەوتنی ژێر بەژێرەوە بەرژەوەندیەکان رێکدەخرێن وئەنجامەکان بڵاو دەکرێتەوە، بەمەش بەناوی گەلەوە رەوایەتی دەدرێتە کەسانێک، کە تەنیا لەو خاڵانەوە پەیوەندییان بەگەلەوە هەیە، کە بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵیدا یەکدەگرێتەوە، ئەو جۆرە سیستەمانە هەرگیز لەرێگەی هەڵبژاردن ودیموکراسییەوە وەک وێنا دەکرێت وبانگەشەی بۆ دەکرێت بەڕێوە ناچن، بەڵکو لەرێگەی بەرژەوەندیە جیۆستراتیژیەکان وپێگەی دەوڵەتەکانیان لە مەنزوومەی هاوپەیمانییە جیهانیەکان بەڕێوە دەبرێن! هەر لەبەرئەوەیە دەبینین کامە سیستەم

خۆی زۆر بە دیموکراسی نیشان دەدات، نەک بێدەنگە بەرامبەر ئەو تاوانانەی دەرهەق بە مرۆڤەکان دەکرێن، ئەگەر لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەوان یەکبگرێتەوە، بگرە بە چەکی ئەوانیش ئەو تاوانانە ئەنجام دەدرێت، لە هەرشوێنێکی دونیا ئەمڕۆ تاوانێکی قێزەون دەرهەق بە مرۆڤایەتی ئەنجام بدرێت، یا بە چەکی ئەو دەوڵەتانەیە، کە خۆیان بە پێشەنگی دیموکراسی دەزانن، یا بەدەستی ئەوانە، یاخود بە چەک ودەستی ئەوانە، رەنگ بێت ئەو تاوانانەی بەرامبەر گەلی کورد دەکرێت لە هەر چوارپارچەی کوردستان باشترین نمونە بێت!.

دیموکراسی، بێگومان مەبەستم لە دیموکراسی نوێیە، لە بنەڕەتدا بەرهەمی سەرمایەو بازاڕەو ئەو هێزانە بەکاریدەهێنن، کە سیفەتی گورگ ورێویان تیادایە، بۆیە دەتوانین ناوی ئەو جۆرە سیستەمە بنێین سیستەمی گورگ – رێوی نەک سیستەمی دیموکراسی، واتە حوکمی زۆرینەی گەل، کە لەبنەڕەتدا حوکمی زۆرینەی گەل نیە، بەڵکو حوکمی کەمینەیەکە بەناوی زۆرینەوە پاساو بۆ فەرمانڕەوایی خۆیان دەهێنێتەوە رەوایەتی پێدەبەخشن!. جا ئەگەر بنەمای سیستەمی دیموکراسی لە کرۆکدا بەو شێوەیە بێت، دەبێت لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکان و لەژێر سایەی دەسەڵاتدارە نانیشتمانی وچاو چنۆکەکاندا چی بەسەر هێنرابێت و چۆن هەتک کرابێت!؟

سەیر لەوەدایە لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەدا هەموو لافی دیموکراسی ولیبراڵی و ئەو پڕەنسیپ و دروشمە بریقەدارانە لێدەدەن، کە خۆیان لە بنەڕەتدا نەتێیگەیشتوون ونەباوەڕیشیان پێی هەیە، بۆ نمونە گەورەترین حیزب لە کوردستان، کە پارتی دیموکراتی کوردستانە، کە نەک هەر لافی دیموکراسی بوون لێدەدات، بگرە ناوی خۆشی بە دیموکراسیەوە ناو ناوە، کەچی ئەندامە پێشکەوتووەکانی، واتە دەستەبژێرەکەی ئەو حیزبە، راشکاوانەو لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان وکەناڵەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بەشانازییەوە بانگەشە بۆ دەسەڵاتی بنەماڵەیی دەکەن وسەرکردەکان پیرۆز دەکەن وبەر لەوەی کۆنگرەکانیشیان ببەستن، ئاماژە بە ناوی

سکرتێرو سەرۆک وئەندامانی نوێی مەکتەبی سیاسیان دەکەن! یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کە خۆی بە عەرابی دیموکراسی دەزانێت لە هەرێمی کوردستان، پێیان وایە خاوەنی بنکەیەکی جەماوەری فراوانن و پشت بە توێژی رۆشنبیران دەبەستن وهەموو دەستکەوتەکانی هەرێم بەهی خۆی دەزانن، کەچی هەر ئەو رۆشنبیرو کۆنە شۆڕشگێڕو قارەمانانەی مێشکی خەڵکیان بردووە بە سەروەرییەکانیان، بە قاتی گران بەهاو بۆیناباخی پانەوە، کۆ دەبنەوە وبۆئەوەی دەنگ بە کوڕەکەی تاڵەبانی بدەن ، کە رەنگە بەو حیسابەی خۆیان بێت لە هەموو ئەندامێکی سادەی یەکێتی نا تێگەیشتووتر وناشایستە تر بێت، بە چەپڵە رێزان بیکەنە سەرۆکی بێڕکابەری یەکێتی، کە وەک خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن، خاوەنی دەیان هەزار شەهیدە! ئەم راستییە تاڵە بۆ هەموو حیزبەکانی تری هەرێمی کوردستان، بەچەپ وراستەوە، بە سیکیولارو دینییەوە، راستییەکی حاشا هەڵنەگرە، هەمووی لەسەر پۆستە چەورەکان لەشەڕ دایەو هیچ کەسێک ئامادەنیە دەست بەرداری کورسیەکەی بێت هەرچەندە بچوکیش بێت.

لە هەموو ئەو دیاردانە سەیرتر ئەوەیە، هەندێک سکرتێرو سەرۆکی ئەو حیزبە بچووکانە، کە رەنگ بێت مێژوویەکی زۆریشیان هەبێت وخەڵکێکی زۆریشیان کردبێتە قوربانی، سەرۆکەکانیان لەلایەن حیزبە باڵا دەستەکانی کوردستانەوە دەست نیشان دەکرێت وپشتی دەگیرێت و مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت!، کەچی بەدەنگی ئەندامە شۆڕشگێڕەکانی خۆیان پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە! ئایدیۆلۆژیای لیبڕاڵی، کە هەڵبژاردن یەکێکە لە ئامڕازەکانی بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات وپاساو هێنانەوە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان فەرمانڕەواو بەرفەرمان، یەکێکە لەو ئایدیۆلۆژیایانەی، لە هەرێم خەڵکی پێ فریودراوەو گەورەترین زیانی بە ژیان وشێوازو ئاستی بیرکردنەوەی تاکی کورد گەیاندووە، جگە لەوەش وەک ئامڕازێکی ترسناک بەکار هاتووە بۆ گۆڕینی دیموگرافیای کوردستان وهەڵتەکاندنی کەلتوورو بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردی لە رەگ وریشەوە.

## پووچەڵکردنەوەی بەهاکان

زیانەکانی ئایدیۆلۆژیای لیبرالی لە هەرێمی کوردستان، لە قازانجەکانی زۆر زیاتر بووەو کۆمەڵگەی کوردی رووبەڕووی چارەنووسێکی مەترسیدار کردۆتەوە، لەبەرئەوەی ئەو ئایدیۆلۆژیایە لە بنەڕەتدا وەک هێزێکی نەرم بەکاردەهێنرێت لە ناوچەکە بۆ داڕشتنەوەی نەخشەیەکی سیاسی نوێ، کە بەردەوام لە هەڵکشان وداکشاندایەو دەوەستێتە سەر ئاست وشێوازی یەکلایی بوونەوەی ئەو ململانێیە جیهانییە، بۆیە ناکرێت لە دەرەوەی چەمکە جیهانی وجیۆستراتیژییەکانەوە سەیری گەمەی دیموکراسی وئایدیۆلۆژیای لیبرالی لە هەرێم بکرێت، لەبەرئەوەی لەلایەک هیچ بنەمایەکی دیموکراسی بەو پێوەرەی رۆژئاواییەکان دەیانەوێت نەک بە تەنیا لە هەرێم بگرە لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وتەنانەت زۆرینەی هەرەزۆری کۆمەڵگەکانی ئاسیاش دا نییە، لەلایەکی تر رۆژئاواییەکان خۆیان گەورەترین بەربەستن لەپێناو گەشەسەندنی دیموکراسی لەو وڵاتانە، ئەوان تا ئەو رادەیە دیموکراسیان دەوێت، کە بتوانن کۆمەڵێک داردەستی خۆیان بگەیەننە کورسی دەسەڵات، یاخود لەسەر دەسەڵاتی بهێڵنەوە، بە پێچەوانەی ئەمە هیچ پێشکەوتنێکی تر لەبەرژەوەندی خۆیاندا نابینن، لەراستیدا جیاوازی نێوان قۆناغی شەڕی ساردو قۆناغی سیستەمی جیهانی نوێ، کە دوای دەرکردنی ئێراق لە کوەیت راگەیەنرا، تەنیا ئەوەبوو پێشتر پاڵپشتی هەموو سیستەمە دیکتاتۆرییەکانی ناوچەکەیان دەکرد، هەموو جۆرە چەکێکیان دەدانە دەست بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی خۆیان سەرکوت بکەن وشەڕی بە وەکالەتیان بۆ بکەن، لە سیستەمی نوێشدا، ئەمجارەیان لە پەنای بڵاوکردنەوەی دیموکراسی، جلێکی نوێیان لەبەر هەمان دیکتاتۆر کردو لەرێگەی هەڵبژاردنێکی رووکەش وساختەوە، شەرعیەتی هاتنە سەر دەسەڵات ومانەوەیان بۆ دابین کرد، بۆیە هیچ گۆڕانکاری وبەرەو پێشوەچوونێک لەو سەردەمەی، کە پێی دەگوترێت سەردەمی دیکتاتۆریەت، لەگەڵ

سەردەمی نوێ، کە ناویان ناوە سەردەمی دیموکراسیەت، روینەداوە، هەمان کرۆک و هەمان ئامانج هەیە، ئەویش خزمەتکردنی بەرژەوەندی رۆژئاواییەکانە، لە رووکەشدا هەوڵدەدرێت بە شێوەیەکی جیاوازتر نیشان بدرێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا دووبارەبوونەوەی هەمان کۆمۆتراژیدییە!. رەنگ بێت ئێراق وهەرێمی کوردستان باشترین نمونە بێت بۆ دووڕوویی ئەو سیستەمە دیموکراسییەی، کە رۆژئاواییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن پشتی دەگرن، ئەگەر پێشتر پشتی تەنیا یەک دیکتاتۆر، یاخود یەک ستەمکاریان گرتبێت، ئەوا لە سەردەمی نوێدا ئەو دیکتاتۆریەیان خورد کردەوە وپشتی کۆمەڵێک دیکتاتۆری بچووکتر دەگرن، کە لەژێر جڵەوی خۆیاندایە.

رۆژئاواییەکان بە پێی چەمک وپێوەری خۆیان ئەو دیموکراسیانە دەخوێننەوە وهەڵیدەسەنگێنن، کە خۆیان باوەڕیان پێی نیەو لەخودی ولاتەکانی خۆیاندا نە بەو شێوەیە پراکتیزەی دەکەن ونەلێشییان قبوول دەکرێت وا پراکتیزەی بکەن، بۆیە ئەو دیموکراسیەی بۆ ولاتانی رۆژهەڵاتیان دەوێت زۆر جیاوازە لەو دیموکراسیەی بۆ خۆیان کاری پێدەکەن، هەرچەندە وەکو لە بەشەکانی پێشووتردا ئاماژەمان پێکردوە، دیموکراسیەکەی خۆشیان جۆرێک لە کۆیلایەتی نوێ بەرهەم دەهێنێت! . ئەمە لەکاتێکدایە کرۆکی ئەو چەمکانەی رۆژئاواییەکان بەکاریدەهێنن وبانگەشەی بۆ دەکەن، وەک یەکتر قبووڵکردن وبەیەکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی وسیاسی وئاینی، رەگێکی قوڵی لە کۆمەڵگەی کوردی دا هەیە، ئەگەر ئایدیۆلۆژیا سیاسی وئاینییەکان خۆیان تێهەڵنەقورتاندبێت، هەموو ئاینەکان بە ئاشتی وئاراماییەوە بەیەکەوە ژیاون ویەکتریشیان قبووڵ کردووە، بەڵام هەرکاتێک لە دواوە ولەپێناو بەرژەوەندییەکی سیاسی جوولەیەک کرابێت، کێشە لەنێوان ئاینەکان تەنانەت نەتەوەکانیش دروست بووە، ئەوە هیچ لە کرۆکی ئەو راستیە کەم ناکاتەوە، کە جووڵەی نەتەوەکانیش لەسەر بنەمای بواری ژیاری(المجال الحیوی) وبەرژەوەندییەکانە، هەر کاتێک بەرژەوەندیەکان رووبەڕووی یەکتر بووبێتەوە، یاخود هەر کاتێک هاوسەنگی هێز لەبەرژەوەندی لایەکدا یەکلابووبێتەوە، لایەنی باڵا درێغی نەکردووە لەوەی پەلاماری

ئەوانەی تر بدات وبیانخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە، لەبەرئەوەی پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیاو ئەو دروشمە گەورانەی بەرزدەکرێنەوە رێکناخرێت، بەڵکو ئەوەی  لە بنەڕەتدا پەیوەندیەکان رێکدەخات کۆمەڵێک بەرژەوەندی ئابووری وجیۆپۆلەتیکیە، ئەوانەی تر، تەنیا ئامڕازێکن بۆ خزمەتکردنی ئەو سیاسەتە بەکاردەهێنرێن، نەرمبوونەوە وتوندبوونەوەی ئەو پەیوەندییە ئاینی ونەتەوەیی وئەتنیکی و ... هتد، تا رادەیەکی زۆر دەکەوێتە سەر دۆخی ئەو هاوسەنگی هێزەی، کە لەو قۆناغەدا لە ئارادایە، چونکە لەوەتەی ئاین پەیدابووەو مرۆڤ وەک بیروباوەڕێک ودواتریش وەک ئایدیۆلۆژیایەک پەنای بۆ بردووە بۆ شیکردنەوە ولێکدانەوەی رووداوەکانی دەوروبەری، ئاینەکان هەمیشە وەک ئامڕازێکی کاریگەر لەشەڕوململانێکان بەکارهێنراون، دیارە شەڕەکانیش لە بنەڕەتدا لەسەر ئاین وبڵاوکردنەوەی ئاین وپاراستنی ئاین نەبووە، وەک بانگەشەی بۆ کراوە ودەکرێت، بەڵکو دەرئەنجامی لەدایک بوونی هێزی نوێ وگۆڕانکاری هاوسەنگی هێزو گەڕان بەدوای شوێنی نوێدا بووە، بۆ شوێن کردنەوەی ئەو زیادەیەی لە هێزەکە روویداوە، بە تایبەتیش هێزە مرۆییەکان، لەشەڕی خاچ هەڵگرەکان، کە لەکتێبەکاندا وەک شەڕێکی ئاینی لەنێوان موسڵمان وکریستیانەکان پێناسە دەکرێت، لەبنەڕەتدا دەرهاویشتەی ئەو گۆڕانکارییە ئابووریانە بوو، کە لە ئەورووپا روویدا، بۆیە بەشێک لە دروشمەکانیشیان گەیشتن بوو بە وڵاتی هەنگوین وشیر، دیارە مەبەستیان فەلەستین ووڵاتە دەوڵەمەندەکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، هەمان شیکردنەوە بۆ فراوانخوازییەکانی ئیسلامیش راستە، کە بە فتووحات ناوزەد دەکرێت، ئەویش لەبنەڕەتدا دەرهاویشتەی هاتنە دنیای ئەو هێزە گەورەبوو، کە لە ئەنجامی هاتنی ئاینی ئیسلام کەوتەوە، ئەو هێزە دەبوایە ئاڕاستە بکرێت وبنێردرێتە دەرەوە، بۆئەوەی لەلایەک شوێن بۆ ئەو زیادەی دانیشتوان پەیدا بکات، کە لەئەنجامی رێساکانی ئاینە نوێکە هاتبووە بەرهەم، لەلایەکی تر سەرچاوەی ئابووری وداهاتی نوێش بەدەست بێنێت، وەک سەرئەنجامێکیش بۆئەوە ئاینی ئیسلامیان بڵاو دەکردەوە ! ئەگەر

هۆکاری ئابووری نەبوایە، ئیسلام زیاتر بەرەو ئەفریقا تەشەنەی دەکرد نەک ئاسیا، لەبەرئەوەی ئەفریقا لە مەڵبەندی بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام نزیکتر بوو.

بڵاوبوونەوەی ئاین خۆی لە خۆیدا سەرئەنجامی ئەو بەیەکەوە ژیانەیە، کە دروست دەکرێت، یا دەسەپێنرێت، لە هەموو شەڕو هێرشەکانی مێژوودا هەموو لایەنە سەرکەوتووەکان هەمیشە هەوڵیانداوە ئاینی خۆیان، کەلتووری ورۆشنبیری خۆیان بەسەر بن دەستەکانیان بسەپێنن، کە لەبنەڕەتدا ئەوان بۆ ئەمە نەچوو بوون، بەڵکو ئەوان شەڕیان کردبوو بۆئەوەی سەرچاوەی داهاتی زیاتر وناوچەی دەوڵەمەندی تر، بخەنە ژێر دەستی خۆیان ووەک رێگایەکیش بەکاری بهێنن بۆ زیاتر بڵاوبوونەوەو فراوانخوازی.

# بەشی حەوتەم
# گۆڕینی دیمۆگرافیاو دابەشکردنەوەی دانیشتوان

## باسی یەکەم: گۆڕینی دیمۆگرافیا

پرۆسەی بەیەکەوە ژیان، یەکێکە لەو ئامرازانەی بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیا بەکاردەهێنرێت، ئایدیۆلۆژیای لیبراڵی لە کوردستان بەگشتی وهەرێمی کوردستان بە تایبەتی، لەرێگەی چەمکی بەیەکەوە ژیان ویەکتر قبوولکردنەوە پرۆسەیەکی گۆڕینی دیمۆگرافی وا بەڕێوە دەبات، کە لەمێژووی نوێدا وێنەی کەم بووە، سەیر لەوەدایە ئەو پرۆسەیە بەشێوەیەکی وا نەرم وخێراش بەڕێوە دەچێت، رووبەڕووی هیچ ئالنگارییەک نابێتەوە، لەلایەک لەرێگای ئایدیۆلۆژیاکانەوە، ئەو چینە هوشیارو زرنگە پەرتەوازە کراوە و لە قوژبنێک ئاخنراوە، کە گیانی ئالنگاری وبەرەنگاربوونەوەی تیادایەو ولاَتەکەی خۆی خۆش دەوێت، بۆ ئەوەی رووبەڕووی فشاری کۆمەڵگە نەبێتەوە وەک رەگەز پەرست وراسیزم پێناسە نەکرێت، نقەی لێوە نایەت، لەلایەکی تر خوێندەواری کورد بۆئەوەی نیشانی بدات، کە دەیەوێت هاوشانی سەردەمەکەی خۆی هەنگاو بنێت وبیسەلمێنێت، کە قۆناغی بیرتەسکی ناسیونالیزمی تێپەڕاندووە، نەک هەر بەرەنگاری ئەو تەوژمە نابێتەوە، بگرە پاساویشی بۆ دەهێنێتەوە، هاوکات لەرێگەی میدیاو پروپاگەندەو بارێکی ئابووری سەخت وفەزایەکی بەڕەڵلاوە، دۆخێکی دەروونی وا بۆ تاکەکان دروست کراوە، کە نەک توانای بەرەنگاربوونەوەیان نەماوە، بگرە ئینتیماشیان بۆ خاک وولاَتەکەیان لەرەگەوە دەرهێنراوە، بۆیە دەبینین لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا نیشتمان زۆر بەئاسانی هەڕاج دەکرێت وخەڵکیش لە خەوێکی قووڵدایە، نەک خەڵکی سادە بگرە ئەوانەی خۆیان لا رۆشنبیرو دەستەبژێرو خاوەن بڕوانامەی بەرزیشە، پاساو بۆ ئەو هەڕاجکردنە دێننەوە پارە ودۆلاریان کردۆتە

ئامانجی سەرەتاو کۆتایی، بە بێئەوەی بیر لەوە بکەنەوە، کە پارە ئەو کاتە بەهای هەیە، کە تۆ خاکێکت هەبێت، لەسەری بژیت وولاتێکت هەبی شانازی پێوە بکەیت، بەپێچەوانەی ئەمە ئەو ملیاران دۆلارەی دێتە هەرێمی کوردستان و خاکی پێ هەڕاج دەکرێت. بەرامبەر خاک، لە کاغەزێکی چرووک وبێبەها زیاتر هیچی تری نییە!

ئێستا پڕۆسەی گۆڕینی دیموگرافیاو بەدەرنانی کورد لەخاکی خۆی، یاخود چۆڵکردنی کوردستان لە کورد لەسەر چەند ئاستێکدا زۆر بەچڕی کاری لەسەر دەکرێت، دەوڵەتە هەرێمیەکان بۆئەوەی پشتێنەیەکی ئاسایش بۆ خۆیان دروست بکەن، دیمۆگرافیای ناوچە سنووریەکانی خۆیان دەگۆڕن، بەئاسانی دەیبینین وهەست پێدەکەین، کە تورکیا چۆن لەرێگەی دروستکردنی پشتێنیەکی ئاسایش ودروست کردنی ناوچەیەکی ئارام، دیمۆگرافیای ناوچە سنوورییەکان دەگۆڕێت، بۆ نمونە گەر سەیری ناوچەیەکی وەک عەفرین بکەین، دیمۆگرافیای ئەو شارە بەر لە داگیرکردن و دوای داگیرکردنی تورکیا ئێجگار جیاوازە، بەر لەداگیرکردنەکە زیاتر لە 98% رێژەی دانیشتوان کورد بوو، بەڵام دوای داگیر کردنە نیوەی زیاتری ئەو رێژەیە لەدەست چووەو تورک وعەرەبی وەک دەڵێن هاوردەی تیا ئاخنراوە، هاتنی داعشیش دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ ئەو پڕۆسەیە لە رۆژئاواو باشووری کوردستان، دەتوانین بڵێین هاتنی ئەو رێکخراوە، یەکێک لەو ئامڕازە ترسناکانە بوو، کە دیمۆگرافیای کوردستانیان لە رەگەوە گۆڕی، لە رۆژئاوای کوردستان، شاڵاوی عەرەبە سوننەکان، کە لەبەر هێرشی سوپاکەی ئەسەدو پەلامارەکانی داعش رایاندەکرد، زۆرینەی بە ئاڕاستەی شارە کوردیەکان بوو، لە باشووریش بە هەمان شێوە، کاتێک داعش لە ساڵی (2014) هوە موسڵی داگیر کردو خەڵکێکی زۆری عەرەبە سوننەکان ئاوارەبوون، دەرگای ناوچەکانی ناوەڕاست وخوارووی ئێراقیان بە روودا داخرا، لەبەرئەوەی لەلایەک لەبەرکێشەی ئاینزایی بوێری ئەوەیان نەبوو، یاخود نەیاندەویست بەرەو ئاو ناوچانە بچن، لەلایەکی تر رێگەیان لێدەگیرا، بینیمان چۆن لە فرۆکەخانەی بەغدا رێگەیان نەدەدا ئاوارە عەرەبە سوننەکان لە فرۆکە دابەزن

ورەوانەی هەرێمی کوردستانیان دەکردن، لە ئێستاشدا بەهۆی چاوچنۆکی بەرپرسان وسەرمایەدارە هەڵتۆقیوەکانی کوردستان، جارێکی تر پرۆسەی گۆڕینی دیمۆگرافیاو بەعەرەبکردن بەشێوەیەکی مەترسیدارتر دەستپێکردۆتەوە، بە ئاشکرا دەستی دەوڵەتە هەرێمییەکان وتەنانەت حکومەتی ئێراقیش لەو پرۆسەیە دیارە، مەترسیەکە لەوەدایە خەریکە چارەسەری مەسەلەی کوردو سەقامگیرکردنی ناوچەکە لەوەدا دەبیننەوە، کە شتێک نەهێڵن بەناوی مەسەلەی کوردو خاکی کوردستان، لە ئێستادا خەریکە دیمۆگرافیای باشووری کوردستان بە تەواوی لەبەرژەوەندی عەرەب دەگۆڕێت وکڕینی زەوی خانوو وشارەکانی تێپەڕاندووەو بەرەو گوندەکان رۆیشتووە، لەم رۆژانە لای برادەرێک بووم، بەرپرسی یەکێک لە دایەرەکانی تاپۆی خانوو بەرەی کوردستانە، گوتی بڕیار دەرچووە، لەگوندەکانیش زەوی وخانوو بەناوی عەرەب بکرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە دەسەلاتی کوردی هیچ ئیرادەیەکی سیاسی لە دەست خۆیدا نەماوەو لە پێناو مانەوەی خۆیدا بە تەواوی جلەوی کەوتۆتە دەست داگیر کەران.

هیچ وڵاتێک رێگە نادات خاکەکەی بەو شێوەیە هەڕاج بکرێت، ئەوە مەسەلەی دیموکراتی وبەیەکەوە ژیان وقبوڵکردنی یەکتر نیە، بەڵکو ئەوە مەسەلەی دابەشکردنەوەی کوردستانە لەسەر بنەمای گۆڕینی دیمۆگرافیا، تورکیا کاتی خۆی لە ساڵی (1932) یاسای دوورخستنەوە وپەرتەواوەکردنی دەرکرد، لەرێگەی ئەو یاساییەوە کوردەکانی بۆ شارەکانی رۆژئاوای ئەناتولیا دەگواستەوە، بەشێوەیەک رێژەی 5% زیاتری دانیشتوان پێکنەهێنن، بۆئەوەی لەنێو خێزانە تورکەکان بتوێنەوە وبەتورک ببن، ئێستاش ئەو وڵاتە، هەرچەندە ئەوەی موڵک بکڕێت مافی نیشتەجێبوونی پێدەبەخشێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک رێگە نادات 25% ژمارەی دانیشتوانی شارەکان تێپەڕێنن، ئەگینا ئەوان کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگەی تورکی دەبێت نەک بە پێچەوانەوە، کەچی لە کوردستان وەک ئەو ئامارانە ئاماژەی پێدەکەن، ولەکەسانی پسپۆڕو بەرپرسانی فەرمانگە تایبەتمەندەکان بڵاودەکرێنەوە و

دەبیبستین، خەریکە ڕێژەی عەرەب لەشارێکی وەکو هەولێر لە 50% نزیک دەبێتەوە وئەو ڕێژەیەش لە گۆڕانێکی زۆر خێرادایە، ئەوەی سەردانێکی نووسینگەکانی کڕین وفرۆشتنی خانوو بەرەو فەرمانگەکانی تا پۆ بکات، بە ئاسسانی هەست بەو لێشاوە دەکات، کە بەرەو هەرێمی کوردستان دێن ورەوانە دەکرێن، سەیر لەوەدایە ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆیان بەشۆڕشگێڕو خاوەنی مەسەلەی کورد دەزانی، ئێستا لە هەموو کەس خراپتر کەوتوونەتە ویزەی خاک وئەو وڵاتە هەڕاج دەکەن.

جگە لە خاک لە پەنای دیموکراسی وئایدیۆلۆژیای لیبڕاڵیەوە، خەریکە داب ونەریت وبەها کۆمەڵایەتیەکانی کورد لە رەگەوە هەڵدەکەنرێت، شەڕی زمان ومێژوو وویژەو ئەدەبی کوردی دەکرێت هەرچی پیرۆزیەکی وڵات ونەتەوە هەیە سووک وریسوا کراوە، لەرێگەی ئەو پەرتەوازەیی وبێسەروبەرییەی لە ئیدارەو بەڕێوەبردن دا هەیە، لەرێگەی ئەو لاسایکردنەوە کوێرانەی، کە بۆ کەلتوورو رۆشنبیری رۆژئاوا دەکرێت، لە دایانگەو باخچەی ساواو قوتابخانە سەرەتاییەکاننەوە بگرە تا دەگاتە کۆلیژەکان وئاستی خویندنی باڵاش، بۆی دەردەکەوێت، کە پڕۆسەیەکی چەندە سڕینەوەی کوردبوون بەڕێوە دەچێت، دەبێت تاکی کورد درک بەوە بکات، ئەمە کارێکی بەرنامە بۆ داڕێژراوەو دەستی دەوڵەتە هەرێمی وجیهانیەکان لەپشتەو شتێک نیە پەیوەندی بە بەیەکەوە ژیان ویەکتر قبولکردنەوە هەبێت، ئێستا خەریکە دیمۆگرافیای باشووری لەسەر بنەمای ئاینزایی ، واتە مەزهەبی دادەڕێژرێتەوە، بۆئەوەی لە جیاتی کورد بوون، مامەڵە لەگەڵ سوننە بوون بکرێت وپێدەچێت لەژێرەوە بەڵێنێکیش بە بنەماڵە فەرمانڕەواکانی کوردستان درابێت، کە ئەوان بکرێنە فەرمانڕەواو پاشاو ... هتد ئەو هەرێمە سوننەیە، بۆیە ئەوانیش کار ئاسانی بۆ ئەو پڕۆسەیەی بە عەرەبکردنە ترسناکە دەکەن!.

لەدوای دروستبوونی هەرێمی کوردستانەوە، بەناوی دیموکراسی وئازادی بیروراو یەکتر قبوولکردن بەیەکەوە ژیانەوە هەموو کایەکانی ئەو کۆمەڵگەیە تێکشکێنرا، بەرلەوەی ئەو زاراوە سواوانە بگاتە هەرێمی کوردستان، کە دڵنیام

زۆرینەی خەڵک، بەوانەی خۆشیان لاخوێندەوارو رۆشنبیرە، وەک پێویست تێیانگەیشتووە، خەڵک لەرووی کۆمەلایەتیەوە تا رادەیەکی زۆرتر یەکتری قبووڵ بوو وهاریکاری زۆرتر بوو، کە چی دوای هاتنی ئەو شەپۆڵە، هەموو شتێک بەرەو خراپتر چووە، لەرووی کۆمەلایەتی وئابووری ورۆشنبیری کۆمەڵگەی کوردی هەڵوەشێنرایەوە، بە واتایەکی تر کاتێک ئەو چەمکانە هاتنە هەرێم، رێک بەپێچەوانەوە بەکارهاتن و تەنیا لایەنە خراپەکانی وەرگیرا، باس لە دیموکراسی دەکرێت، ئەو فەزاو بەرەلاییەی لەهەرێم هەیە وەک دیموکراسی پێناسە دەکرێت، کەچی لەو شتانەی پەیوەندیان بەدیموکراسیەوە هەیە، خۆیانی لێدەدزنەوە هیچی لێجێبەجێ ناکەن، کەس نییە نەزانێت حاڵی هەڵبژاردنەکان وبەڕێوەبردن وئەرک ومافی هاولاتیان لەو هەرێمەدا چۆنە؟

# لاسایکردنەوەی خراپترینەکان

ئەمریکا لەسەر بنەمای جینۆسایکردنی خەڵکی رەسەن و گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو جوگرافیایە دروستبووە، بەڵام ئەزموونی گۆڕینی دیمۆگرافیا، لەئەوروپاو تەنانەت ئەمریکاش لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو بیستدا، پەیوەستە بە ئایدیۆلۆژیای لیبراڵی وسیستەمی دیموکراسیەوە، هەندێک لە نووسەرە ئەمریکییەکان پێیان وابوو لە رێگەی کۆچکردنی رەگەزە ئەوروپیەکان بۆ ئەمریکا پێکهاتەیەکی ئەمریکی نوێ دروست دەبێت، کە دەتوانێت پەیامەکانی ئەمریکا بە باشی هەڵگرێت، بەشێکی تر پێیان وابوو دەبێتە هۆی هێنانە ئارای فرە رەنگییەک و لە هیچ شارێک زۆرینەی پەرلەمانی نامێنێت، ئەو هاوسەنگیە دەبێتە هۆی هێنانەدی پێشکەوتنێکی گەورە لە فەزای دیموکراتی، بەڵام ئەوەی ئەوان لە یادیان نەبوو شەپۆڵی کۆچبەران زیاتر لە ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکاو لاتین رووی تێکردن، بەشێوەیەک، کە هێندە بەخێرایی گەشە دەکەن، ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوام بێت، ئەوە ئەگەر کۆچبەرە ئەمریکیەکان لە سەرەتای دۆزینەوەی ئەمریکا لەرێگەی کوشتن وبڕین وهێزەوە دانیشتوانە رەسەنەکە، واتە هیندییە سورەکانیان لە ناوبرد، ئەوە ئەگەری کۆچبەرەکانی ئێستا لەرێگەی دەستگرتن بە ناسنامەو وەچە نانەوە، ئەمریکیە ئەوروپیەکان لە ئەمریکا جەتوێنێتەوە و وەک هیندییە سوورەکان دەیانکەنە کەمینە.

لە راستیدا ئێستا کێشەی ناسنامە یەکێکە لەو کێشە گەورانەی کۆمەڵگەی ئەمریکی دووچاری هاتووە، (سامویل هنتگتن) لەکتێبەکەی خۆیدا ئێمە کێین ( who are we) باس لەو قەیرانە دەکات وئەو بابەتە بەوردی شیدەکاتەوە، کە چۆن بۆ نمونە ئیسپانیە مەکسیکیەکان دەستیان بە ناسنامەی خۆیانەوە گرتووە، ئەمەش بۆتە هەڕەشەیەکی جدی بۆ سەر ناسنامەی ئەمریکی، چونکە گەلانی ئەفریقاو ئاسیاو ئەمریکای لاتین لەو گەلانەن بە ئاسانی دەستبەرداری رۆشنبیری وکەلتوورو

ناسنامەی خۆیان نابن، ئەم جیاوازیە رۆشنبیریە کاریگەریەکی گەورەی لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی ئەمریکا هەبووەو رۆژ بە رۆژ ئەو کاریگەریەش زیاتر دەبێت، بەشێوەیەک وای لێدێت هەڵبژاردن لە پرۆسەیەکی دیموکراتی وئامرازێک بۆ دەستاو دەستکردنی دەسەڵات، دەبێتە شەڕێکی رۆشنبیری لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی ئەمریکا. ئەوروپیەکانیش لە ساڵی (1991) کاتێک بیریان لەدروستکردنی یەکێتی ئەوروپا کردەوە، بۆئەوەی لە ناوچەیەکی بازرگانی هاوبەش بیکەنە یەکێتیەکی سیاسی هەمان نیازی ئەمریکیەکانیان هەبوو، بەڵام دووچاری هەمان کێشەی ئەمریکیەکان بوونەوە، ئەو شەپۆڵەی لەئاسیاو ئەفریقاوە بەرەو ئەو ناوچەیە دەستپێکرد، مەترسیەکی گەورەی بۆ سەر گۆڕینی دیمۆگرافیای یەکێتی ئەوروپا دروست کرد، کە ئەمە بەشێوەیەک لەشێوەکان هانی بوژانەوە وگەشەسەندنی بزووتنەوە راسیستەکان دەدات لەو  وڵاتانەدا، ئەگەر بەراوردێک بکەین لەنێوان وەرگرتن ورەتکردنەوەی بیری رەگەزپەرستی وراسیستی لەنێوان ئێستا وچەند ساڵێکی کەم بەرلە ئێستا، دەبینین جیاوازیەکی ئێجگار گەورە بەدیدەکرێت وئەو بیرە توندڕەوانە زۆر بەخێرایی گەشە دەکەن، لە ئەنجامدا ئەو توندڕەوییە لەگەڵ ئەو توندڕەوییە ئاینی وکەلتووری وسیاسیەی کۆچبەرەکان لەگەڵ خۆیان بردوویانە رووبەڕوو دەبێتەوە، بەم شێوەیە وڵاتانی ئەوروپا نابێت تەنیا چاویان لە دوژمنەکانیان بێت لە دەرەوە، بەڵکو دەبێت دڵیان دەربارەی هەڕەشەکانی ناوخۆشیان لێبدات، رووداوەکانی 11 سەپتەمبەر ئەمریکا باشترین نمونەیە بۆ ئەو هەڕەشەیە وزۆرینەی ئەوانەی ئەو کارەیان ئەنجامدا ناسنامەی ئەمریکیان هەبوو.

جگە لەوەی بەهۆی تێکەڵبوونی ئەو هەموو کەلتوور ورەگەزە جیاوازە، کۆمەڵێک چەمک ورەفتاری خراپ، کە لەزۆربەی ئاین وپرەنسیپە کۆمەڵایەتیەکان وداب ونەریتەکان بەکارێکی قێزەون لە قەڵەم دراوە، وەک هاورەگەز خوازی وبازرگانیکردن بە مرۆڤ و... هتد پەرەی سەندووە، تەنانەت ئەو لەرێلادانە بۆتە یەکێک لەو ئامرازە کاریگەرانەی ئەمرۆ لە سیاسەتی جیهانی وململانێی زلهێزەکان

وەک چەکێکی کاریگەر بەکاردەهێنرێت، بۆ نمونە کەسێکی وەکو (ئەلیکساندەر دوگین)، جیۆپۆلیتەکستی گەورەی روسیا، کریستیانەکانی ئەوروپاو ئەمریکا وەک کریستیانە دەجالەکان پێناسە دەکات، لەبەرئەوەی پالپشتی ئەو لەرێلادانە ئاکاری وکۆمەلایەتیانە دەکات، کە لە کتێبە پیرۆزەکاندا وەک کاری خراپ هەژمار کراوە، داوا لە موسلمانان دەکات پشتی کریستیانە ئەرسەدۆکسەکان، واتە ئەو ئاینزایەی کریستیانی، کە روسیاو بەشێکی زۆر لە دەولەتانی ئەوروپای رۆژهەلات پیادەی دەکەن، بگرن، لەبەرئەوەی کریستیانی راستەقینە ، لەشەڕی هەرمەگیدۆن، واتە شەڕی دەجال، کە لە کوردیدا پێی دەلێن شەڕی یاجوج وماجوج، یاشەڕی تەجاری (شەڕی کۆتایی دنیا) مەبەستی لەو جەنگە جیهانییە، کە پێشبینی دەکرێت، پشتی کریستیانە راستەقینەکان، واتە روسیا بگرن، هاوکات سەرۆکی روسیا راشکاوانە ئاماژەی بەوە کرد، کە شارستانی رۆژئاوا بەهۆی ئەو لادانە ئاکاریانەوە دەڕوخێت.

کەواتە ئەوروپا خۆی بەدەست کێشەکانی دیموکراسیەوە دەنالێنێت وپڕەنسیپی لیبڕالی رۆژئاوایی کەوتۆتە قەیرانەوە، کەچی لە هەرێمی کوردستان تازە خەریکە کوێرانە بەدوای ئەو پڕەنسیپانە دەکەون، کە لە قۆناغەکانی کۆتایی تەمەنیدایە! ئێستا لە هەرێمی کوردستان کۆمەلێک چەمکی نا باوو ناتەندروستی رۆژئاوایی بەهەڕمێن خراوە، کە بەهیچ شێوەیەک لەگەل داب ونەریت وکەلتووری کوردەواریدا ناگونجێت، ئێستا خەریکە لەرووی کۆمەلایەتییەوە خێزان هەلدەوەشێتەوە، کە بەهێزترین وپتەوترین یەکەی کۆمەلایەتیە لەپێناو پاراستنی ناسنامەی هەر میللەتێک، ئێستا دۆخی هەرێمی کوردستان لەرووی سیاسی وکۆمەلایەتی و کەلتوورییەوە، بە بەراورد بە پارچەکانی تری کوردستان لە پاشەکشەیەکی زۆر مەترسیداردایەو ئەو پڕەنسیپە کۆمەلایەتیانەی، کە ئەستووندەی کۆمەلگەی کوردی بوون، وەک راستگۆیی وبە وەفایی و میوان دۆستی وریزگرتنی ئافرەت و...هتد، خەریکە بەرەواژوو دەبنەوە وچەمکە قێزەونەکانی رۆژئاوا جێگەیان دەگرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی دەولەتانی هەرێمیش، بەگەرمی کار لەسەر هەلوەشاندنەوەو تواندنەوەی کەلتورو بەهاکانی

کۆمەڵگەی کوردی دەکەن وبۆئەم مەبەستەش بەملیۆنان دۆلار سەرف دەکەن، چەندین کەناڵی تەلەفزیۆن میدیاو تۆڕەکانی سوشیال میدیایان بەگەڕخستووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی خێزانی کوردی وسڕینەوەی ئەو پرەنسیپ وبەهایانەی کۆمەڵگەی کوردیان لەسەر وەستاوە.

ئەم دۆخە بۆتە هۆە ئەوەی لە ئێستادا هەرێمی کوردستان سەرەو خوارو لینگەقووچ بێتەوە، ئەوەی پێشتر بە راستگۆیی لە قەڵەم دەدرا، ئێستا تاوان وگەمژەییە، بۆ نمونە شارێکی وەکو هەولێر، کە بەناو بۆتە پایتەختی هەرێمی کوردستان، لەرەگەوە هەڵتەکێنراوە، مەسەلەی درۆ ودەلەسەو خیانەت کردن ولەشفرۆشتن، کە پێشتر لە کەلتووری کوردی بێزراو وقێزەون بوو، ئێستا وەک ئازایی وقارەمانیەتی وزیرەکی هەژمار دەکرێت، هەولێر بەداخەوە لەشارێکی خۆپارێزی ناسراو بە رەوشت بەرزی بۆتە گەورەترین بازاڕی لەشفرۆشی لە هەموو ئێراقدا، وەک میدیا کوردیەکان زۆر جاران ئاماژەی پێدەکەن، خاوەنی زۆرینەی ئەو شوێنانە بەرپرسان وخزم وکەسی بەرپرسەکانن، بەناوی پێشکەوتن ولاسایکردنەوەی رۆژئاواوە ئێستا شوێنی نایاب و دانسقە بۆ بەدڕەوشتی دروستکراوە، رەنگ بێت هەندێک کەس پاساو بۆ بەدڕەوشتیەکانیش بێننەوە وەک بەشێک لە پێشکەوتنەکانی مۆدێرنیتەی هەژمار بکەن، بەڵام وەک ئاماژەی پێکرا، بەشێک زۆر لە گەلانی ئەو دەوڵەتانەی خۆیان بەرهەمهێنەری مۆدێرنیتەن، ئێستا لەو هەنگاوانە پەژیوانن بە هۆکاری سەرەکی دارمانی شارستانی رۆژئاوای دادەنێن، هیچ کاتێک وەکو ئێستا ئەو ژمارە زۆرە کتێبە دەرنەچووە، کە باس لە رووخان ودارمانی شارستانیەتی رۆژئاوا بکات، ئەو بەناو پێشکەوتنە ناتەندروستەی کۆمەڵێک خەڵکی گەمژەو سوودمەند بەشان وباڵێ هەڵدەڵێن، ئەوە ئاڵوگۆڕو گوێزرانەوەی بەهاکانە وەک فەیلەسوفی ئەڵمانی نیچە ناوی دەنێت سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوەی هەموو بەهاکانە، کارە باشەکانی رابردوو دەبێتە کاری خراپ وکارە خراپەکانی رابردوو وەک چاکە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، دیارە گۆڕانی رۆشنبیری وئاکاری هەر نەتەوەیەک بەو ئاڕاستەیە، سەرەتایەکە بۆ رووداني

گۆڕانکاری گەورە، لەوانەش روخانی ئەو شارستانیانەی دەگەنە ئەو ئاستە لە بیرکردنەوە، بۆ نمونە رۆشنبیری سنورداركردنی منداڵ یەکێک بووە لەو رۆشنبیرییە نەرێنیانەی ئەوروپای بەرەو پیری بردو دواتریش بەرەو مردن ودارمانی دەبات، رەنگ بێت بە پێچەوانەی هۆکارەکانی رووخانی هەموو ئیمپراتۆریاکانی پێشوو جگە لەیەکێتی سۆڤیەت، پەلاماردانی بووە لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە، بەڵام شارستانی رۆژئاوا بە هەمان شێوەی سۆڤیەت لە ناوەخۆی دەڕوخێت، کە دەشێت یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانیشی رۆشنبیری سنووردارکردنی وەچە نانەوە بێت، کە دەبێتە هۆی رێگریکردن لەوەی خوێنێکی نوێ بچێتە ناو جەستەی ئەو شارستانیەتەو خوێنەکۆنەکەش لەشوێنی خۆی پەنگ بخواتەوە وژەنگ هەڵبێنێت.

## هەڕەشەکان لە ناوەوە

ئەو رۆشنبیریە کارەسات ئامێزەی، کە بەناوی لیبڕالیزمەوە و لەرێگای میدیاکانەوە بە ناتەندروستی گوێزراوەتەوە هەرێمی کوردستان، دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو شەڕە نەرمەی زۆر بە شێنەیی بەرامبەر گەلی کورد پیادە دەکرێت، ئەمە جگە لەوەی لە هەموو پارچەکانی تری کوردستان، لەرێگەی بڵاوکردنەوەی نەخۆشی و ژاراوایکردنی کەش وهەواو سەرچاوەکانی خۆراک وبەکارهێنانی هێزی سەربازی، دەیانەوێت گۆڕینی دیمۆگرافی بە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی کورد وەرچەرخێنن ولەبەرژەوەندی دوژمنانی کورد یەکلایی بکەنەوە، ئەو رۆشنبیرییە سەقەتە رێک رووبەڕووی فرەژنی وشانازیکردن بە وەچە نانەوە وژمارەی زۆری منداڵان دەبێتەوە، کە لەلایەن ئەو عەرەبانەی هێنراونەتە هەرێم پەیڕەو دەکرێت، ئەوان تاوەکو ئێستا باوەڕیان بە فرەژنی هەیەو هەر خێزانەی چەند ئافرەتێکی گەنجی لە تەمەنی منداڵبوونی لەخۆوە گرتووەو وەکو کارگەیەک بەردەوام کاردەکەن لەسەر بەرهەمهێنانی منداڵی نوێ، کە ئەمە بەشێوەیەک لەشێوەکان شان بەشانی ئەو شەپۆلە مەترسیدارەی بە لێشاو روویان لە هەرێم کردووەو خەریکی کڕینی خانوو وزەوی زارن، تەنانەت بەرپرسە گەندەڵەکانی بەغداش، پارەکانی خۆی لەرێگەی کڕینی زەوی زارو خانوو وبەرە لە شارەکانی هەرێم سپی دەکەنەوە، لەسەر هەردوو ئاستی مرۆیی وخاکدا زیانی گەورە بە کورد دەگەیەنێت، ئەگەر بێتوو بەر بەو لێشاوە نەگیرێت، دۆخی هەرێم زۆر خراپتر دەبێت لەوەی جولەکەکان لە فەلەستین کردیان!.

هەست نەکردن، یاخود خۆگێلکردن لەو گۆڕینە دیمۆگرافیەی، کە بەشێوەیەکی بەرنامەرێژو پلان بۆ دانراو لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەچێت، ئەگەر خێرا ئاوڕی لێنەدرێتەوە وچارەسەرییەکی ریشەیی بۆ دانەنرێت، کە ئێستا دەتوانین بڵێین لە دەست دەرچووەو یاخود گەیشتۆتە قۆناغی لە دەست دەرچوون، کۆتایی بە هەموو شتێک

دەهێنێت وکارەساتێکی نیشتمانی ونەتەوەیی گەورەی لێدەکەوێتەوە، واتە ئەو گۆڕانکارییە دەبێتە ئەو فاکتەرەی مەسەلەی کورد لە ناخەوە هەڵتەکێنێت، لەبەرئەوەی راستە زۆر جار وڵاتان بەهۆی هێرشی دەرەکییەوە، وەک لە فەلسەفەی مێژوو پێی دەڵێن بە هۆی پەلاماری بەربەرییەکانی دەرەوەی سنوور، ئەوانەی مرخی خۆیان خۆش دەکەن ولەدەرەوەی سنوورەکانەوە خۆیان ئامادە دەکەن بۆئەوەی لەکاتێکی گونجاودا هێرش بکەن، دەڕوخێت، بەڵام ئەگەر بەوردی بیری لێبکەیتەوە، هۆی سەرەکی رووخانی دەوڵەتان، یاخود شارستانیەکان، ئەو بەربەرانە نین، کە هێرش دەکەن، بەڵکو ئەو دۆخە ناوخۆییەیە، کە هانی بەربەرەکان دەدات پەلاماری بدەن، بە واتایەکی تر، ئەوە دۆخی ناوەخۆی ئەو شارستانیەتانەیە، کە داوا لەبەربەریەکان دەکات بێن ودوا فیشەکی مردنی پێوە بنێن، بۆئەوەی لە ئازاری ئەو گیانەڵایە پڕ ژانە رزگاری بکەن، کە بە دەستیەوە دەناڵێنێت!.

ئەوەی دەبێتە هۆی رووخانی هەر دەوڵەتێک، هەر قەوارەیەک، هەر شارستانییەک، هۆکاری دەرەکی نییە بەڵکو هۆکاری ناوەخۆییە، کە هانی هۆکارە دەرەکییەکان دەدات، ئەو دۆخە ناوەخۆییە بقۆزنەوە، ناکرێت لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بە تەنیا سەیری خۆت بکەیت وتەنیا خۆت ببینیت، لەکاتێکدا لەنێو بازنەی کۆمەڵێک قەوارەی سیاسی ونەتەوەی جیاوازدا بژیت، کە هەر یەکەیان لە قۆناغێکی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی جیاوازدا دەژیت وبە گوێرەی قۆناغەکەش پێویستیەکانیان لە یەکتر جیاواز دەبێت، دیارە جیاوازی پێویستیەکانیش هەمیشە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە پەیوەندیەکانی نێوان ئەو یەکە سیاسی و مرۆییانە لە کێشمە کێش وململانێدا بێت، واتە ململانێ لەسەر بەرژەوەندیەکان، ئەوەیە، کە لە ئەدەبیاتی سیاسی پێی دەگوترێت پەیوەندی نێودەوڵەتان، کە ئەو پەیوەندییە یا بەشێوەیەکی نەرێنیانە دەبێت، واتە هەوڵدەدەن بۆ رێکخستنەوەی ئەو بەرژەوەندیانە پەنا بۆ هێزو دایساندنی شەڕ ببەن، یاخود پەیوەندیەکی ئەرێنیانە دەبێت، کە هەوڵدەدەن پەنا بۆ زمانی گفتوگۆو دیپلۆماسیەت ببەن بۆ رێکخستنەوەی بەرژەوەندییەکان

وچارەسەرکردنی ئەو کێشانەی، کە لە ئەنجامی جیاوازی بەرژەوەندییەکانەوە دەکەوێتەوە، ئەو قۆناغەش لە ئەنجامی هاتنە ئارای هاوسەنگییەکی هێزی وایە، کە هیچ یەکێک لە لایەنە رکابەرەکان دڵنیا نەبێت، کە دەتوانیت لەرێگەی بەکارهێنانی هێزەوە دەستکەوتی زیاتر بەدەست بێنێت وبەرژەوەندییەکانی خۆی مسۆگەر بکات.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە هەموو هۆکاریکی دەرەکی، کۆمەڵێک هۆکاری ناوەکی لە دوادایە، کە هانی دەدات، بۆئەوەی ئەو شێوازە سیاسیە دیاربکات، کە دەیگرێتە بەر، ئەگەر لە ماوەی سی سالی رابردووی ئەزموونی هەرێم بکۆڵینەوە، بە وردی بۆمان دەردەکەوێت، کە هەر لەسەرەتاوە، هۆکاری دەرەکی بۆتە هۆی دروستکردنی ئەو ئەزموونە وتەنانەت هێشتنەوەو پاراستنیشی، تاوەکو ئێستاش مانەوەی هەریم بەندە بە هۆکارە دەرەکیەکان وبەرژەوەندیە جیۆستراتیژییەکانی زلهێزە جیهانییەکان، ئەگینا ئەگەر بە پشت بەستن بە فاکتەری ناوەخۆ بووایە، ئەوە هەر لەسالی 1992، دوای ئەوەی هێزەکانی باشوور وەک ئامرازێک بەکارهێنران بۆ لێدانی بزووتنەوەی کوردی لە باکووری کوردستان، واتە بۆ خواردنەوەی کورد خۆی، دەبوایە ئەو ئەزموونە بڕوخابوایەو کۆتایی پێهاتبوایە، بەڵام ئەوە رۆژئاواییەکان بوون، لەلایەک هەوڵیان دەدا ئەو شەڕانە بەو هێزانە بکەن، کە خۆیان دەیانویست، لەلایەکی تر بیپیارێزن بۆئەوەی ئەو هاوسەنگی هێزە لە ناوچەکە بهێڵنەوە، کە لەبەرژەوەندی خۆیاندا بوو، ئێستاش هەرێمی کوردستان لە ناخەوە داهێزراوە، ئەوە ئاوەزمەندی وژیری ئەو هێزو کەسانە نیە، کە خۆیان بە حیزب و فەرماندەو سەرکردەو بەرپرسی بەروبەحر دەزانن، بەڵکو ئەوەی تا ئێستا ئەو ئەزموونەی هێشتووەتەوە پاراستوویەتی، هێزە جیهانییەکانن، بەتایبەتیش رۆژئاواییەکان. لەبەرئەوەی هێشتنەوەی ئەو هێزانە وەک بارێکی سەخت بەسەر کوردو کوردستان، هێندەی لەبەرژەوەندی دوژمنانی کورددایە، هێندە لەبەرژەوەندی کورددانیە، ئەوەی ئێستا لە پەنای ئەو هێزانەوە بەرامبەر کوردو مەسەلەی کورد دەکرێت لە باشوور، بەناوی سەربەخۆیی وئازادییەوە، هیچ دوژمنێک ناتوانێت بەو

راشکاویە ئاوا لەگەڵ کورد بکات، یەکێک لەو کارانە، وەک ئاماژەی پیکرا گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستانە، رژێمی بەعس بەو هەموو توانایەوە نەیتوانی هێندەی دەسەلاتی کوردی پرۆسەی بەعەرەبکردن وگۆڕینی دیمۆگرافیای باشووری کوردستان بەسەرکەوتوویی بەڕێوە بەرێت، نەیتوانی ئینتیمای تاکی کورد بەو شێوەیە بە نیشتمانەکەی لەق بکات وئەو گەڕەلاوژە سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووریە بێنیتە کایەوە، کە ئەمرۆ هەموو خەڵکی کوردستان بە دەستیەوە دەناڵێنێت.

نەک بەتەنیا سیستەمی دیموکراسی وئایدیۆلۆژیای لیبڕاڵی، کە وەک ئاماژەی پێکرا، تەنیا ئەو لایەنانەی سوودی لێوەرگیراوە، کە لەبەرژەوەندی کورد نییە، واتە تەنیا لایەنە نەرێنیەکەی ئەو ئایدیۆلۆژیایە وەرگیراوەو ئەوەی تر پشتگوێ خراوە، ئەوەتا تاوەکو ئێستا لە ماوەی سی ساڵدا دەستاودەستکردنێکی ئاشتیانەی دەسەڵات نەک بە تەنیا لە هەرێم، بگرە لە ناو خودی حیزبەکان خۆشیاندا بوونی نیە، تاوەکو ئێستا مۆرکی دەسەڵاتی بەعس بە کوردستان نەک لەناو نەچووە، بگرە گەشەی پێدراوەو جلێکی نوێی کوردانەشی لەبەر کراوە، ئەوەی لەدامو دەزگاکانی هەرێم وشێوازی حوکمڕانی کوردی بڕوانێت لەو پارچەیە، بەروونی ئەوەی بۆ دەردەکەوێت، کە لە کارەساتێکدا دەژیت، نەک بەعسی لێدەرنەکراوە، بەپێچەوانەوە بۆتە مۆلگەو پەناگەیەکی ئارام بۆ ئەو سەرکردە بەعسیانەی ئەنفال ورەشەکوژی کوردیان کردووە، بۆیە ئەمجارەیان نابێت تەنیا بیر لە رووخانی ئەو ئەزموونە بکرێتەوە، ئەوە بەرامبەر ئەو چارەنووسەی چاوەڕوانی کورد لەو پارچەیە دەکات تا رادەیەک ئاساییە، چونکە لە بزووتنەوە چەکدارییەکانی تر، کە ناوی شۆڕشی لێنراوە، کاتێک رۆڵی سەرکردەکان تەواو دەبوو وپێشمەرگەیان دەناردە مالەوە، خاکی کوردستان تا رادەیەک سەلامەت دەبوو، یاخود زیانێکی گەورەی بەرنەدەکەوت. راستە پرۆسەی بەعەرەبکردن وراگوێزان بەهێزتر دەبوو، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ئێستا رۆڵێکی ئەوتۆی نەبوو، خەلک دەگەڕایەوە بۆ سەرکاری خۆی ورژێم دەیویست بەهەر شێوەیەک بیت دڵی خەلکەکە رازی بکات، بەڵام ئەمجارەیان خاکی باشوور هەمووی

لەدەست دراوە، ئێستا لە باشوور، خەریکە شتێک نامێنێت بەناوی زۆرینەی کوردی، ئەگەر ئەمجارەش سەرکردە کوردەکان ئەرکیان تەواو بێت، ئەوە خۆیان ومال ومنالەکانیان وەک سەرمایەداری گەورە لەوڵاتێکی تر ژیان دەکەن وگەلی کوردیش دەبیتە کەمینەیەک لەو پارچەیەی پێی دەگوترا.....!!! باشووری کوردستان.

## هەڵوەشاندنەوەو دارِشتنەوەی ئینتیما

ئەوەی لە هەرێمی کوردستان بەسەر تاکی کورد هاتووە، لەرووی ئینتیماو نیشتمان پەروەرییەوە، بەسەر تاکی هیچ بەشێک لە پارچەکانی تری کوردستاندا نەهاتووە، تاوەکو ئێستا نەفەسی بەرەنگاربوونەوە ودروستکردنی کردارو پەرچە کرداری نەتەوەیی لای بەشەکانی تر بەهێز ماوەتەوە، لەبەرئەوەی تاوەکو ئێستا لەو بەشانەدا، ئەوەی کورد دەچەوسێنێتەوە، خودی کورد خۆی نییە، بەڵکو دوژمنانێکن بە هەمان میکانیزمی سەد ساڵی رابردوو لەبەرچاوی کورد ناشیرین کراون وهەموو خراپەکارییەکاریان خراوەتە ئەستۆ، رێک وەک ئەوەی بەر لە راپەڕین لە باشووری کوردستان روویدەداو خەڵک لەپەنای دروشمی کوردایەتییەوە، ناشیرینی وتاوانەکانی هێزە کوردیەکانیشی لەسەر رژێم هەژمار دەکرد، چونکە ئایدیۆلۆژیای کوردایەتی وێنەیەکی وای بۆ دەگواستەوە، توانای ئەوەی لای تاکەکان نەدەهێشت، کە شتەکان بە رووی و راستەقینەی خۆی ببینێت، بەڵام هەر کاتێک دۆخێکی هاوشێوەی ئەو هەرێمە هاتە ئاراوە، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو هێزانە دەسەڵات بگرنە دەست، کە لەرووی هزریەوە هێشتا لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا دەژین، دۆخی ئەوانیش هاوشێوەی باشووری لێدێت، واتە ئەوانیش دووچاری نامۆبوونێک دەبنەوە وهەموو هاوکێشەکانیان لەلا ئاوەژوو دەبێتەوە، هۆکاری سەرەکی ئەم نامۆ بوونەش ساویلکەیی سەیرکردنی کێشەکان بووە لە روانگەی ئایدیۆلۆژیایەکی هاوردەکراوی نامۆوە، ئەو ئایدیۆلۆژیاییەی دوژمنێکی سەرسەختی دروستکرد، کە تەمەنی یەک سەدەی تێپەڕاندو تا ئێستاش ئەو بە دوژمن سەیرکردنەی دەوروبەر لای تاکی کورد بە بەهێزی ماوەتەوە، لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر کاری لەسەر کراوەو بەقووڵی چەقیوە، مەترسیەکە لەوەدایە، وەک هەست پێدەکەین ولەبەشەکانی تردا ئاماژەمان پێکرد، وەک پەرچەکردارێک بۆ ئەو بەدوژمن کردنەی دەوروبەر، بەهەڵە جارێکی تر

چەمکی بەیەکەوە ژیان پێناسە بکرێتەوە وبەشێوەیەک وڵات ئەمجارەیان لە پەنای ئەو دروشمەوە هەڕاج بکرێت، وەک ئەوەی ئێستا سەرەتاکانی لە باشووری کوردستان دەستیپێکردووە!.

پرۆسەی بەدوژمنکردنی دەوروبەر وسڵەمینەوە لەمامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەر، واتە لەگەڵ ئەو رژێمانەی دەسەڵاتی ئەو وڵاتانەیان بەدەست بووە، کە کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە، بەشێکە لەشەڕێکی ئایدیۆلۆژی وبەشێوەیەک لە شێوەکان دەکەوێتە چوارچێوەیەک دیپۆلۆماسیەتی گەلیەوە، واتە لەرێگەی راگەیاندن وبەهەرمێنخستنی ئایدیۆلۆژیاکانەوە، گەلێک ئاڕاستە دەکرێت، بۆئەوەی بەشێوەیەک رەفتار بکات، کە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی ئەوان بکات. بەریتانیەکان، کە هاتنە ئەو ناوچەیە بەر لەهەموو شتێک تۆوی رقێکی قووڵیان لەناو نەتەوەکانی ئەو ناوچەیە چاند، هاوکات لەرێگەی ئۆپۆزسیۆنێکی چەکدارییەوە، کە جێگەی داخە کورد لەناو ئەو ئۆپۆزسیۆنەدا جێگەی کرایەوە، شەڕێکی مالوێرانکەر لەو ناوچەیە هەڵگیرسا، کە ئاورەکەی تا ئێستا بەردەوامە، هەندێک نەتەوە بەناوی دەسەڵات، وەک تورک وعەرەب وفارس، هەندێک نەتەوەش بەناوی ئۆپۆزسیۆنی چەکداری ولەپەنای ئایدیۆژیای ناسیونالیستیەوە ئەو شەڕەیان ئەنجام دەدا، هەردوولاش بەرێژەی جیاوازی زەرەر مەند بوون، بۆ نمونە شەڕی کوردو حکومەتی ئێراقی، کە نزیکەی یەک سەدەی خایاند، زیانێکی زۆری بە هەردوولا گەیاند، لەلایەک بەهۆی شەڕو شۆڕەوە رێگە لەبەردەم گەشەسەندنی کۆمەڵگەی کوردی لە هەموو ئاستەکانەوە داخرا، لەلایەکی تر ئەو نەتەوانەی دەسەڵاتیشیان لەبەردەست بوو، واتە ئەو حکومەتانەی وەک رکابەرێک بەرامبەر ئۆپۆزسۆنی چەکدار کوردی دانرابوون، حەسانەوەیان نەبوو، راستە زۆرجار وەک سەرکەوتوو وێنا دەکران، بەڵام خودی ئەو سەرکەوتنانەش دەبووە بنەمایەک بۆ ماڵوێرانیەکی ئێجگار گەورەتر، بۆ نمونە بزووتنەوەی چەکداری کوردی، ئەوەی بە شۆڕشی ئەیلوول دەناسرێت، چواردەساڵ خوێنی لەبەر نەتەوەی کورد چۆڕاند، بەڵام دواتر لەرێگەی سازشکردنێکی هەرێمی

ونێودەولەتیەوە، واتە ڕێکەوتننامەی جەزایر، پشتی ئەو بزووتنەوەیە لە زەوی دراو خەباتگێرە چەکدارەکانی بە ریسواییەوە رەوانەی ماڵەوە کران، بەڵام ئەو ریسواکردنە بووە یەکێک لە فاکتەرە سەرەکیەکانی شەڕی ئێراقی – ئێرانی، کە بە درێژترین شەڕی سەدەی بیستەم هەژمار دەکرێت، رەنگ بێت بە یەکێک لە کاولکارترین شەڕەکانی سەدەی بیستەمیش، کە تیایدا چەندین جۆر چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی بەکار هات، لەوانە چەکی کیمیاوی، ئەوەی جێگەی سەرنجە لەو شەڕەدا راشکاوانە ئاماژە وهەڕەشە بە بەکارهێنانی ئەو جۆرە چەکانە دەکرا، لەوانە چەکی کیمیایی، سەدام حوسێنی سەرۆکی ئێراق لەراگەیاندنەکاندا راستەوخۆ هەڕەشەی لە ئێران کرد، کە سەری سەربازەکانیان بۆیە بکەن بۆئەوەی بناسرێنەوە، کەچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەک هەر لێی بێدەنگ بوو، بگرە هانیشی دەدا، تاوەکو لەرێگەی ئەو هیزە لە بن نەهاتووەی خرایە ژێر دەستی سەدام، ئێران ناچار کرا شەڕ رابگرێت، وەستاندنی شەڕیش بووە بنەمایەک بۆ داگیرکردنی کوێت ودەستپێککردنی شەڕێکی تری فراوانتر، کە بەرووخانی رژێمی بەعسیش لە ئێراق ئەو شەڕە بە کۆتا نەهات، زۆرینەی ئەو شەڕانەش لە پەنای عروبەو پاراستنی دەروازەی رۆژهەلاتی عەرەبی وبەکورتی ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیستی عەرەبیەوە دەکران، کە تیایدا نەتەوەی عەرەبیش سەرباری ئەوەی قوربانی سەرەکی ئەو دەیدا، لەگەڵ ئەوەشدا لەپێشەوەی هەموو ئەو نەتەوانەدا بوو، کە لەو شەڕانەدا بەریسوایی دەهاتە دەرەوە.

ئەمە ئەوەمان بۆ روونلدەکاتەوە، کە ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیستی، دواتریش ئایدیۆلۆژیای مارکسی لەلایەن سۆڤیەتەکانە بە چری بەکارهێنرا، بۆئەوەی نەخشەی سیاسی ناوچەکە لەبەرژەوەندیەکانی خۆیان داڕێژنەوە، زۆربەی خەڵکی سادە جگە لەدروشمەکان نەیدەزانی ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیستی هەر چیە، جگە لەو چەند دێرەی میدیاکان بە بەردەوامی لە بن گوێچکەی دەیانگوتەوە، لە پاڵ ئەمەش دەستەبژێرێک، کە ئەو ئایدیۆلۆژیایەی بەهەڕمێن دەخست وئاگری دوژمنداری وشەڕی نێوان گەلانی ئەو ناوچانەیان خۆشتر دەکرد، ئەو دەستەبژێرە سیاسیە، کە زۆرینەی وەزیفەی

سەرۆک وپلە باڵاکانی دەسەڵاتیان لەژێر دەستدابوو، لەژێرەوە بۆ دەزگا هەواڵگرییە جیهانییەکان کاریان دەکرد وبەکاردەهێنران وئەجیندای ئەو وڵاتە زلهێزانەیان جێبەجێدەکرد، لەوانە خودی سەدام حوسێن، کە وەک (جۆن پیرکنز) لە کتێبەکەی (بکوژی ئابووری) یدا دەڵێت، کوڕەکەمان، مەبەستی(سەدام حوسین) ە پەروەردەکرد، هانمان دا بۆئەوەی لە عەبدولکەریم قاسم بدات، لەبەرئەوەی باجی زۆری دەخستە سەر کۆمپانیاکانی نەوت، چەکمان دایە دەستی، لەوانە چەکی کیمیایی بۆئەوەی کورد لەناو بەرێت...پاشان هەموو جۆرە چەکێکیان خستە بەردەستی بۆئەوەی شەڕی ئێران بکات، وەک کیسنجەر دەڵێت شەڕی ئێراق – ئێران درێژترین شەڕ بوو لەسەدەی بستەمدا، کە نەماندەویست هیچ لایەک تیایدا سەرکەوێت!.

# بەشی هەشتەم
# وەهم وپڕۆسەی بە دوژمنکردن

## لەخۆشەویستی وڵاتەوە بۆ دوژمنکاری

ئەگەر بەناوی نیشتمان وبەرژەوەندی نەتەوە ووڵات وئەو دروشمە زلانەوە نەبێت، هیچ کەسێک ئامادە نابێت لەسەر شتێک دوژمنداری کەسانێکی تر بکات، کە نایانناسێت! جەنگاوەرێک چۆن بێ سڵەمینەوە دەستی دەچێتە خوێنی کەسێکی تر، کە ئەگەر لە کاودانێکی پێچەوانەوە یەکتریان ببینیایە، رەنگە بونایەتە نزیکترین دۆست وهاوڕێ! هیچ سەربازێک ئەگەر لە ژێر سێبەری ئایدیۆلۆژیایەک ولەژێر هەژموونی دیسپلینێکی سەربازی وکۆمەڵێک رێسای یاسایی توند نەبێت، ناتوانێت لەپێناو ئەو خەونەدا بمرێت، کە بۆی دەڕازێنرێتەوە و واگەورە دەکرێت لەو زیاتر هیچی تر نابینێت! ئەگەر کاودانێکی دەروونی لەو شێوەیەی بۆ دروست نەکرا بێت، هەرگیز ناتوانێت تەقە لە مرۆڤێکی تر بکات، وژیانی لێبسەنێتەوە، کە وەک ئەو منداڵەکانی... خێزانەکەی، یاخود باوک ودایک وخوشک وبراو هاوڕێکانی لە ماڵەوە چاوەڕوانی دەکەن!.

کەواتە لەشەڕەکاندا ئەرکی ئایدیۆلۆژیاکان سڕینەوەی مرۆڤایەتی مرۆڤەکانە، ئەو سروشتە جوانانەی لە مرۆڤدا هەیە، وەک خۆشەویستی وبەزەیی ووەفاداری و ... هتد، لە رەگەوە دەردەهێنێت، لەکاتی ئاشتیشدا مرۆڤ تەیار دەکات بۆ دۆخێکی نەخوازراوی لەم شێوەیە! واتە ئەو رق وقینەی لە ماوەیەکی زۆردا لە دەروونی تاکەکاندا دەیچێنێت وپەروەردەی دەکات، بەشی ئەوە دەکات لە چەند چرکەساتێکی کەمی شەڕدا ماڵوێرانیەکی وای لێبکەوێتەوە، کە بە دەیان ساڵ برینەکەی سارێژ

نەبێت. ئەو راستیە بۆ زۆربەی شەڕەکانی مێژوو راستە، هەرچەندە ئەو شەڕانە بەناوی بەرگری وپارێزگاری لە نیتشتمانیشەوە بێت، هێندە هەیە لە کاتی بەرگریکردندا پاساوێک هەیە، بەوەی تۆ بەرگری لە ماڵ وخاکی خۆت دەکەیت، لەو حالەتەشدا بێئەوەی هەست بکەیت، بەناوی نیشتمان وخاک وڵاتەوە بەرگری لە بەرژەوەندی دەستەو تاقمێک دەکەیت، کە خاک ونیشتمان ووڵات وەک ئامرازێک بەکاردەهێنن بۆ بە دەستهێنانی بەرژەوەندیەکانی خۆیان! واتە مردنی کەسانی تر وەبەردەهێنن لە پێناو بەدەستهێنانی سەروەت وسامانی زیاتر ودابینکردنی خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ منداڵ ونەوەکانی خۆیان! ئەگینا ئەگەر بڕیار وابێت شەڕ لە پیناو نیشتمان بێت، بۆچی لەکاتی گەرمەی شەڕەکاندا، زۆرینەی سەرکردەکان، بە دەگمەن نەبێت، خۆیان ومنداڵەکانیان لە باشترین ولەبارترین ژیان دا دەژین! زۆر دڵگرانم، کە ناچارم ئاماژە بەو راستییە تاڵە بکەم، کە نیشتمانیش وەک پێگەیەکی ژیانی ئەبەدی مرۆڤ، چ لەو کاتەی تیایدا دەژی، چ لەوکاتەی لێی رادەکات و لەروحەوە لەگەڵی دەژیت وناتوانێت دەستبەرداری بێت، ئاویتەی ئایدیۆلۆژیاو دەکرێ ووەک کەرەستەیەکی بازرگانی بۆ باشترکردنی ژیانی چەند کەسانێک بەکاردەهێنرێت، کە لە بنەڕەتدا جگە لە بازرگانیکردن ومفتەخۆری، هیچ شتێک بە نیشتمانەکەیانەوە نابەستێتەوە!.

کاتێک سەرەتای هەرزرەکاریم بوو، وا تیدەگەیشتم بۆئەوەی ببیە بەرپرسێک. یاخود سەرکردەیەک، بەرلەهەموو شتێک پێویستە مرۆڤێکی دڵسۆز و لەخۆبوردە بێت بۆ خاک وگەلەکەی، دەبێت کەسێکی رۆشنبیرو هزرمەند و..... هتد بیت، بەڵام بەداخەوە کاتێک کەوتمە ناو دنیای خوێندنەوە ومێژووی مرۆڤایەتییم شەن وکەو کرد، رێک پێچەوانەی ئەوەم بۆ دەرکەوت، لەوە تێگەیشتم ئەوانەی لە رۆژگارێکی وەکو ئەمرۆدا دەبنە بەرپرس وسەرکردە، خەڵکی دڵسۆزو لەخۆبوردە و فیداکار نین، بەلکو خەڵکانێکن، کە ئەوەی ئەوان بۆ دوژمنانی دەکەن، هیچ کەسێک. ئەگەر تۆزێک ویژدانی هەبێت وڵاتەکەی خۆی کەمێک خۆش بوێت ئەوە ناکات، تێگەیشتم ئەوانەی

دەبنە سەرکردە زیرەکتریین و رۆشنبیرترین مرۆڤەکانی وڵات نین، بگرە گەمژەترین وهەلپەرسترین کەسەکانی وڵاتن، ئەوانەی، کە بازرگانی بە هەموو شتێکەوە دەکەن وبە ئاسوودەیش خەو دەچێتە چاوەکانیانەوە، نمونەی ئەو سەرکردانە هێندە زۆرە، مرۆڤ روو بۆ هەرلایەک وەرچەرخێنیت دەیان نمونەی بەرچاو دەکەوێت، سەرۆک وشێخ ومیرو پاشاکانی کەنداو نمونەی زەقی ئەو وڵات فرۆشیەن، ئەوان لەلایەن زلهێزەکانەوە بەخێودەکرێن ورادەگیرێن ودەپارێزرێن، تەنیا بۆئەوەی خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەوان بکەن، شای سعودیە هەموو سامانی ولاتەکەی خستە خزمەتی ئەمریکیەکان، تەنیا بۆئەوەی خۆی ومالومنالەکەی لە هەڕەشە ناوەخۆیی ودەرەکیەکان بپارێزن، واتە لە توورەیی میللەتی خۆی بیپارێزن!. سەدام حوسێن لەکاتێکدا بەناوی بەرگریکردن لە نیشتمانەوە هەموو خەڵکی ئێراقی خستبووە نێو شەڕێکی خوێناویەوە، خۆی خەریکی رابورادن وئافرەت وکات بەسەر بردن بوو، لەگەرمەی شەڕە خوێناویەکاندا ئەو دەست بەرداری شەوە سوورەکانی خۆی نەدەبوو! ئەمە بۆ بەشێک لە سەرکردە و بەرپرسەکانی باشووری کوردستانیش راستەو ئەو دیاردەیە زۆر بەزەقی بەرچاو دەکەوێت، لەشەڕی ناوەخۆدا زۆربەی خەڵکە نیشتمان پەروەرو وڵاتپارێزەکان، یاخود وردتر ئەوانەی بە تەلیسمی ئایدیۆلۆژیای کوردایەتیەوە، یا وردتر حیزبایەتیەوە فریویان خواردبوو، کوژران وبوونە قوربانی، کەچی بەرپرسەکان ومندالە بەرپرسەکان خەریکی بازرگانی و سەوداکاری بوون لەگەڵ یەکتر، تەنانەت وەک ئەوەی جۆرە رێکەوتنێکی ناڕاستەوخۆشیان لەنێواندا هەبووبێت ئازاری یەکتریان نەدەدا، لەشەڕی ناوەخۆی نێوان ویەکێتی وپارتی، لە 31 ئاب چەندین بەرپرسی گەورەی یەکێتی، لەوانە خێزانی خودی سکرتێری گشتی یەکێتی کەوتە دەست پارتی، بەڕێزەوە پاراستیان و رەوانەی سلێمانیان کردنەوە، لەکاتێکدا سەری منداڵی خەڵکیان بە بلۆک پان دەکردەوە! هاوکات لەگەرمەی شەڕی داعشدا، ئەو شەڕەی هەڕەشەی لە بوونی کورد دەکرد وخەریک

بوو تێکڕای کوردستان جارێکی تر دووچاری کۆڕەو و وڵات جێهێشتن بکاتەوە، بەرپرسەکان خەریکی بازرگانی بوون لەگەڵ ئەو هێزە دڕەندەیەدا!.

سەرباری ئەوەی لەکاتی شەڕەکاندا گەنج ودڵسۆزانی کورد قوربانی یەکەم بوون، لەکاتی شکستەکانیشدا هەر ئەوان لە پێششەوەی قوربانیدانەکان بوون، کاتێک شۆڕشی ئەیلوول شکستی هێنا، بەدەیان پێشمەرگەی کورد خۆی کوشت! وەک سەرچاوە زارەکیەکان ئاماژە پێدەکەن، بە دەیان کەس مەژی لە ئاوەزیان نەماو تێکچوون، واتە شێت بوون، ئەمەش سەرئەنجامی دوو هۆکاری سەرەکی بوو، یەکەمیان پاکی ودڵسۆزیان بوو بۆ خاکەکەیان، باوەڕبوونیان بوو بە رەوایی مەسەلەی میللەتەکەیان، دووەمیش چۆنییەتی مامەڵە کردنیان بوو لەگەڵ خودی ئایدیۆلۆژیای کوردایەتی، لەبەرئەوەی ئەوان وەک ئەشق، وەک سۆز مامەڵەیان لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای کوردایەتی دەکرد، نەک وەک ئاوەزو ئەقڵ، ئەگەر لە روانگە ئاوەزییەکەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاو دۆخەکە بەگشتی بکردبوایە، بە وردی لەوە تێدەگەیشتن لە خەباتدا کەوتن هەیە، بەڵام دۆڕاندن نیە، ئەگەر بێتوو بەردەوام بن لە خەبات ورێچکەیەکی زانستی ودامودەزگایی بگرنە بەر، سەیر لەوەدایە لە کاتێکدا خەڵکێکی دڵسۆز بەو شێوەیە شکستەکەی پێ هەزم نەدەکرا، بەرپرسەکان، هەڵپەی ئەوەییان بوو چۆن خۆیان ماڵومنداڵیان بپارێزن و لەوڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان دا داوای پەناهەندەییان دەکرد، بەکەسە یەکەمەکانی شۆڕشیشەوە!.

ئەگەر ئەو شۆرشە نەمێنێت، ئەگەر ئەو حیزبە نەمێنێت، با منیش نەمینم، ئەوە شێوازی بیرکردنەوەی زۆرینەی ئەو گەنجانە بوو، کە لە ئەوەی پێی دەگوترێت شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، یاخود شۆڕشی گوڵان، بەشدارییان کردبوو، ئەم چەمکە دەروێشیە لەکاتێکدا بوو، هەندێک لەو حیزبانە، وەک برادەریک لە نزیکەوە ئاگادار بوو، هەوالگری عراق لە بەغدا دەستی لە دامەزراندنیداندا هەبوو، زۆر کەس لە کوردستان بوونە قوربانی ئایدیۆلۆژیای جیا جیا، کە لەبنەڕەتدا گەمەی هەرێمی وجیهانی مەترسیدار بوو وبەهیچ

شێوەیەک لەبەرژەوەندی ئەودا نەبوو، بەم شێوەیە رق وبەدوژمنکردنی دەوروبەر، ئامرازێکی مەترسیدار ببوو بۆ فریودانی تااکەکان وپەلکێش کردنیان بەرەو کوورەی دۆزەخێکی راستەقینە لەسەر رووی زەمین.

## وەبەرهێنانی پڕۆسەی بەدوژمنکردن

پڕۆسەی بە دوژمن کردن، یەکێکە لەو ئەرکانەی ئایدیۆلۆژیاکان تیایدا زۆر سەرکەوتوو بووە، سیاسەتی پەرتکەو زاڵ بە، کە بنەمایەکی پتەوی لە سیاسەتی ناوەخۆو دەرەوە و جیهانیدا هەیە، لەسەر بە دوژمن کردنی بەرامبەر وەستاوە، جا ئەو دوژمنداریکردنە لەسەر ئاستی ناوەخۆی نەتەوەیەک بێت، یاخود لەسەر بنەمای ناوچەیەک بێت، وەک ئەو نەتەوانەی لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست دا دەژین!.

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین، بۆمان دەردەکەوێت، کەوا کاریگەری ئەو بە دوژمن کردنەی بەرامبەر، لای ئەو نەتەوانەی قۆناغی خێڵایەتیان تێنەپەڕاندووە بەهێزترە، لەبەرئەوەی جگە لەلایەنی ئاوەزو هزریەوە، لایەنی هەست وسۆزیش تێکەڵ بە رقەکە دەبێت، ئەمە وا دەکات رقەکە لەرقێکی سیاسی وئایدیۆلۆژییەوە بگۆڕێتە دوژمندارییەکی کەسی، لە زۆربەی کاتەکاندا دوژمندارییەکی نەتەوەیی، بۆ نمونە ئەو دوژمندارییەی ئایدیۆلۆژیای راسیسزمی تورکی، کە خۆی لە کەمالیزم ولە ئێستاشدا خۆی لەبەرەی ئیسلامی – راسیسزمی تورکی (هاوپەیمانی ئاکپارتی ومەهەپە) فۆرمۆلە دەکات، جۆرێک لە دوژمنداری لای نەتەوەی تورک بەرامبەر کورد دروست کردووە، لە مێژوودا وێنەی ئێجگار کەم بووە، ئەگەر بە هەشتا ساڵێک ئەو رقە چێنرابێت، سەدان ساڵی پێویستە بۆئەوەی بسڕێتەوە، یاخود بەلایەنی کەم لەکاریگەری کەم بکرێتەوە، ئەو دوژمندارییە بە هەمان شێوە، بەڵام بەرێژەیەکی کەمتر لەنێوان کوردو عەرەبیشدا دروستکراوە، تەنانەت زۆر لە رۆشنبیرە عەرەبەکانیش ئامادەنین دان بەکێشەی رەوای کورد بنێن ووقەوارەیەکی سیاسی بۆ کورد بە رەوا نابینن. لەکاتێکدا رژێمی بەعس کوردی ئەنفال دەکردو شارو گوندەکانی باشووری کوردستانی کیمیاباران دەکرد، دەسەڵاتدانی عەرەب وشەقامی عەرەبی بەگشتی

پاڵپشتی ئەو رژێمەیان دەکردو وەک پاڵەوانێکی نیشتمانی سەیری تاوانباری گەورەی دژ بە مرۆڤایەتی (سەدام حوسێن) یان دەکرد!.

سەیر لەوەدایە، وەک لەبەشەکانی پێشووتردا ئامادژەی پێکرا، ئەو ئایدیۆلۆژیانەی، کە بۆتە ئامرازێکی ترسناک لە پەروەردەکردنی تاکەکان وهاوکات لە ململانێیە ئەتنیکی وسیاسیەکان، بەرهەمی خودی ئەو کۆمەڵگایانە خۆیان نییە، رۆژئاواییەکان تۆوی ئەو ئایدیۆلۆژیانەیان چاندو برەویان پێدا، کەچی لە دواجاردا خۆیان لێی دەرباز کردو لە کاریگەریەکانیان کەمکردەوە، هەرچەندە لەهەموو حالەتەکاندا ئایدیۆلۆژیا لەناخی تاکەکاندا، گەیشتبنە هەر ئاستیکی رۆشنبیری، ئامادەگی هەیە ولەهەر چرکەیەکدا بێت دەتوانێت سوودی لێوەربگیرێت وبتەقێنرێتەوە، لەبەرئەوەی لەو وڵاتانەدا ئایدیۆلۆژیا تێکەڵ بە ناسنامەی هزری ونیشتمانی دەکرێت، واتە ئایدیۆلۆژیا دەکرێتە بەشێک لەبەرهەمی هزری خۆماڵی وبەشێک لە شانازییە نەتەوەییەکان، بەشێوەیەکی وردتر ئایدیۆلۆژیاو ناسنامەی نەتەوەیی وا ئاوێتەی یەکتر دەکرێن، کە لەیەکتر جیاکردنەوەیان کارێکی ئێجگار ئاستەنگ دەبێت، دەیان ئامێر ودەزگای رێکخراو کار بۆ سەپاندو بەهێزکردنی رەگی ئەو ئایدیۆلۆژیایانە دەکەن، سەرباری ئەوەش تاکەکان خۆیان، واتە مەژی مرۆڤ خۆی زەمینەیەکی لەبارە بۆ وەرگرتن وچەسپاندنی هەموو ئەو بیرۆکانەی لە راستییەوە، یاخود لە ریالیستیەوە دوورە، مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ئاڵۆز، بەهۆی ئەو ترس ودڵەڕاوکێیەی بەرامبەر ئێستا وئەو دواڕۆژە نادیارەی هەیەتی، هەمیشە حەز ناکات گوێی لە راستیەکان بێت، یاخود هێندە ئامادەیە خۆی فریو بدات ومامەڵە لەگەڵ وەهمەکاندا بکات، هێندە ئامادە نییە راستەقینەکان وەربگرێت، کە تارادەیەکی زۆر ماندووی دەکەن، جا ئەگەر مرۆڤ هەر بەسروشتی خۆی بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ رووداوەکانی دەوروبەریدا بکات، مامەڵە لەگەڵ راستەقینەکان بکات، ئەی چی دەبێت ئەگەر بەشێوەیەکی رێکخراوەییش لەروانگەیەکی نیشتمانی ونەتەوەییشەوە دەرچەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە بۆئەوەی لە راستیەکان رابکات! واتە وەک ئەوەی لێدێت،

تۆ لە بیابانێکی زۆر وشکدا تراویلکەیەک بە مرۆڤێکی تینوو نیشان بدەیت، کە خۆی لەبنەڕەتدا بەدوای ئاودا دەگەڕێت، جا ئەو ئاوە لەدوو توێی هەر روخسارێکدا خۆی شاردبێتەوە، یاخود شاردرابێتەوە! لەو دۆخەدا مرۆڤ بەراکردن بەرەو رووی تراویلکەکە دەچێت وهەوڵدەدات لە دووتوێی ئەو تراویلکەیەدا شەڕ لەسەر چارەنووسی خۆی بکات، هەرچەندە دڵنیاش بێت، کە ئەنجامی شەڕەکە لەبەرژەوەندی ئەودا نابێت!.

## ونکردنی پەیامەکان

ئاشکرایە کە ئاوەز کارگەی سەرەکی ئایدیۆلۆژیاکانە، لەرێگەی ئایدیۆلۆژیاکانیشەوە مرۆڤ وەهم دروست دەکات و وەک ئامرازێک بەکاریدەهێنێت بۆئەوەی کۆمەڵگا لە بیرکردنەوەیەکی ئاوەزمەندانە دوور بخاتەوە، بۆیە هەرکاتێک بۆشاییەکی روحی دروست دەبێت ومرۆڤ ناتوانێت لە بوون وهەبوونی خۆیدا چارەسەری کێششەکان بدۆزێتەوە، پەنا بۆ ئەو وەهمانە دەبات، کە ئایدیۆلۆژیاکان بۆیان ئامادەکردووە، چونکە ئایدیۆلۆژیاکان لە کاودانی دروستبوونی بۆشایی و شکستهێنان لە دۆزینەوەی چارەسەرییەکاندا دا زیاتر گەشەدەکەن ولە رێگەی وەهمەکانەوە چارەسەری بۆ ئایندە پێشکەش دەکەن، واتە رێگە بۆ مرۆڤ خۆش دەکات لە جیاتی ئەوەی لە زەمەنی ئێستادا رووبەڕووی تەنگژەو قەیرانەکان بێتەوە، رابکات وخۆی بخاتە باوەشی زەمەنی ئایندە وبەدوای بەهەشتیکدا بگەڕێت، کە لەدنیای ریالیستیدا بوونی نیە!.

کەواتە کاتێک ئاوەز (ئەقڵ) شکست دێنێت، یاخود ناتوانێت پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا بەشێوەیەک رێکبخات، کەچارەسەری کێشەکانی بۆ بکات، وەهم بەرهەم دێنێت، تەنانەت کەسێکی وەکو فریدریک نیچە خودی ئایدیۆلۆژیا وەک وەهم وفرِوفێڵ دەناسێنێت، کە مرۆڤ لە رێگەیەوە بە گژ یاسای ژیان دادەچێتەوە، لەبەرئەوەی پێی وایە، ئاوەز ناتوانێت هیچ بەهایەک بەرهەم بهێنێت، ئەگەر وابەستە نەبێت بەژیانەوە، بە واتایەکی تر ئەوەی دژی ژیان بووەستێتەوە پەنا بۆ بەهای وەهمەکان دەبات، دیارە مەبەستی نیچە لە ژیان، ژیانی راستەقینەی پوختە، واتە ئەو ژیانەی لە زەمەن وسەردەمی ئێستادا بەڕێوە دەچێت، بە پێچەوانەی ژیانی رابردوو، یاخود ژیانی ئایندە، لە چوارچێوە وەزیفیەکەیەوە نەبێت ناتوانرێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت!. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی، کە یەکێک لە بنەماکانی تێگەیشتن لە

ئایدیۆلۆژیاکان تێگەیشتنە لە چۆنییەتی مامەڵەکردنی ئەو ئایدیۆلۆژیایانە لەگەڵ یەکەکانی زەمەن، مرۆڤ نابێت هێندە بۆ ئایندە بژیت کارەکانی ئێستای پەکبخات وبیکاتە قوربانی، بە هەمان شێوە ناکرێت رابردوو هێندە پیرۆز بکات، کە لە جیاتی ئەوەی بۆی ببێتە دەرس وعیبرەتی بۆ ژیانی ئێستا لێوەرگرێت، جۆرە کۆیلایەتییەکی نوێی بۆ بەرهەم بهێنێت، کە خۆی لە کۆیلایەتی بۆ رابردوو دەدۆزێتەوە، لە راستیدا یەکێک لە کێشەکانی مێژوو، بەو چەمکە کلاسیکیکەی لە قوتابخانەو زانکۆکان، بەتایبەتی لەوڵاتانی جیهانی سێیەم، دەخوێندرێت پیرۆزکردنی ئەو رابردووە (مێژووە)یە، کە بەشێوەیەک لەشێوەکان کۆسپ بۆ زەمەنی ئێستا وتێگەیشتن لە زەمەنی ئێستا دروست دەکات، ئەم جۆرە مامەڵە کردنە تەنیا پاڵەوانە دۆن کیشۆتییەکان بەرهەم دەهێنێت، ئەوانەی لەکاتی سەرەمەرگدا نەبێت، لە گۆڕانکاریەکانی زەمەن تێناگەن، ئەو کاتەش تێگەیشتن یاخود تێنەگەیشتنیان هیچ بایەخێکی نامێنێت!.

کاتێک یەکێک لە ئامانجەکانی ئایدیۆلۆژیا دەبێتە دروستکردنی وەهمەکان، واتە بینین وگوێگرتن لە راستیەکان وەک ئەوەی ئەو خۆی دەیەوێت، یەکێک لە مەرجەکانی خۆ رزگارکردن لە وەهمەکان ولە مەترسیەکانی ئایدیۆلۆژیاش، دەبێتە خۆ رزگارکردن لە زەمەنی رابردوو وداهاتوو، بەو بڕە نەبێت، کە بۆ زەمەنی ئێستا پێویستە، چونکە ژیانی راستەقینە، لە ئێستادا وهەر لەو چرکە ساتەدایە، کە هەست بە بوونی خۆت دەکەیت ودەتوانیت وەک یەکەیەکی زیندوو، واتە وەک جەستەیەکی بەرجەستە مامەڵە لەگەڵ خودی خۆت وئەو پەیامانە بکەیت، کە لەدەرەوەی جەستەی خۆتدا بۆت دێت، ئەو هەستکردنەش تەنیا لە زەمەنی ئێستادا فەراهەم دەبێت ولەدوو یەکەکەی تری زەمەندا(رابردوو وداهاتوو) بوونی نییە.

بۆیە بۆئەوەی وەک راستەقینە مامەڵە لەگەڵ کێشە نەتەوەییەکانی خۆت بکەیت، دەبێت ریزبەندی یەکەم بدەیتە ئەو پەیامانەی، کە مامەڵە لەگەڵ ئێستادا دەکەن ودەتوانن بەرجەستە بکرێن، واتە مامەڵە لەگەڵ راستەقینەکان دەکەن، بەشێوەیەکی

وردتر تا دەکرێت دەبێت هەوڵبدرێت رۆڵی ئەو وەهمانە کەمبکرێتەوە، کە ئایدیۆلۆژیاکان دروستی دەکەن، دەڵێم کەمبکرێتەوە، چونکە مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت وەهمەکان بنەبڕ بکات، لەبەرئەوەی مرۆڤ بەسروشتی خۆی بۆئەوەی لە جەنجاڵی ژیان رابکات، هەندێک پێویستی بە وەهمەکانیش دەبێت. ئەوەی بۆ تاکی کوردی مەترسیدارە، ئەوەیە، کە ئەو وەهمانە، بوونەتە رێگەیەک بۆئەوەی مرۆڤ ژیانی راستەقینەی خۆی بکاتە قوربانی لەپێناویان، دەروێشانە مامەڵە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاو حزبابەتیدا بکات، چون دەروێشێکی مورید ناتوانێت دەستبەرداری شێخەکەی بێت، بە هەمان شێوە ئەندامێکی حزبیش ناتوانێت دەستبەرداری حزبەکەی بێت، ئەگەر حزبەکەی هەرچیەکیش بکات، ئەو هەر وەک ئەوە دەیبینێت، کە خۆی دەیەوێت وتوانای ئەوە لە دەستدەدات، کەسەیری رووە راستەقینەکەی بکات، یاخود رووە راستەقینەکەی ببینێت، ئەمە جگە لەوەی هەندێکجار بەرژەوەندییەکانیشی هاندەرێک دەبن بۆ مانەوەی ئەو دۆخە چەقبەستووەی تیایدا دەژی، بۆیە دەبینین لە کوردستاندا حزبایەتی بۆتە بۆماوەیی وپشتاو پشت بۆ نەوەکان دەگوێزرێتەوە وزۆر کەمن ئەوانەی دەتوانن، ئەو کەلتوورە تێکبشکێنن، هۆکاری هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، دەروێشایەتی وحزبایەتی، لەبنەڕەتدا لەیەک سەرچاوە هێز وەردەگرن، ئەویش مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەو وەهمانەی ئایدیۆلۆژیاکان دروستی دەکەن، چەندەی ئەو کۆمەڵگایەش لە قۆناخێکی دوواکەوتوو تردا بژیت، هێندە زیاتر تاکەکانی دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو کاودانە هزریە وئەم دۆخەش تا رادەی نەخۆش بوون بەردەوام دەبێت، لەو کۆمەڵگایانەدا، بێگومان کۆمەڵگەی کوردیش یەکێکە لەوانە، ناسنامەی نیشتمانی ونەتەوەیی وتەنانەت ئاینیش، لەسەر بنەمای ئەو وەهمانە دروست دەکرێت، یا هەوڵدەدرێت دروست بکرێت.

## تەنگژەی ناسنامە

کاتێک ئایدیۆلۆژیا ناسنامە دەست نیشان دەکات، ئەو میللەتە دووچاری کارەسات دەبێتەوە، چونکە ئەمە ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە ئەو میللەتە لە کێشەکەی خۆی نەگەیشتووەو لە پەرتەوازەیی ونەزانییەکی ترسناکدا دەژیت، لە ڕاستیدا یەکێک لەکێشە بنەڕەتییەکانی کورد ئەوەیە، تا ئێستا لە خودی کێشەکەی خۆی تێنەگەیشتووە، تا ئێستا وەک کێشەیەکی نەتەوەیی پێناسەی خۆی کردووەو کۆمەڵێک دروشمی پڕ لە کڕووزانەوە ونووزانەوە، یاخود ئالنگاری و بەرەنگاربوونەوەی بەرز کردۆتەوە، وەک ئەوەی ئێمە گەورەترین نەتەوەین دەوڵەتمان نییە، هەرچۆنێک بێت پێویستە ببینە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان، یاخود ئێمە گەلێکی دابەشکراوین ولەلایەن دەوڵەتانی سەردەستەوە دەچەوسێنرێینەوە وغەدرمان لێدەکرێت، ئەمانە ڕێک ئەو بۆچوونەی سەرەوە دەسەلمێنن، کە ئێمە وەکو نەتەوەیەک لە کێشەکەی خۆمان نەگەیشتووین، کە لەبنەڕەتدا کێشەیەکی نەتەوەیی نییە وکێشەیەکی جیۆستراتیژییە، کێشەی جیۆستراتیژیش مامەڵە لەگەڵ هزرو دنیابینی فراوان دەکات وبەرژەوەندییە گەورەکان ڕێکیدەخەن، بۆیە هەرگیز مامەڵە لەگەڵ فرمێسک وقوربانیدان وبەقوربانی بوونی میللەتان ناکات!. کەواتە تاوەکو ئێمە وەکو کێشەیەکی نەتەوەیی مامەڵە لەگەڵ کێشەکەی خۆمان بکەین، ناتوانین بگەینە هیچ چارەسەرییەک، چونکە ئەو وێناکردنە لە بنەماوە وێناکردنێکی کوردی نییە بۆ ئەو کێشەیە، بەڵکو وێناکردن وپێناسەکردنێکە، ئەو هێزانە دایانهێناوە، کە خۆیان نەخشەی سیاسی ناوچەکەیان دارِشتووە، نزیکەی سەد ساڵیشە کورد، بە بێئەوەی بیر بکاتەوە، بەدوای ئەو دروشمانە کەوتووەو قوربانی لەپێناو داوە، یاخود بە واتایەکی ڕەقترو ڕاشکاوانە تر تواناکانی خۆی لەپێناو بەفیرۆداوە!.

کاتێک دەڵێم کێشەیەکی نەتەوەیی نییە، ڕەنگ بێت دەستەواژەیەکی تا ڕادەیەکی زۆر نامۆو قبووڵکراو نەبێت لە کۆمەڵگەی کوردی، بە تایبەتیش لە ڕوانگە سیاسییەکەیەوە، یاخود لەلایەن ئەو هێزانەی بازرگانی بەو مەسەلەیەوە دەکەن، بۆیە من دڵنیام وەرگرتنی ئەو بۆچوونە، کارێکی ئاسان نابێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بە ئەمانەت وراشکاویەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا بکەین وهەوڵبدەین کێشەی ئەو نەتەوەیە بخەینەوە سەر هێڵی ڕاستەقینەی خۆی، ئەویش ئەوەیە، کە کرۆکی کێشەی کورد کێشەیەکی جیۆستراتیژییەو پەیوەندی بە جوگرافیاو ئەو بلۆکە جیۆستراتیژییەی کوردستانەوە، هەیە، کە لە چوارچێوەی دیمەنە گەورەکەی ئۆڕاسیاوە، ڕۆڵێکی چارەنووس ئامێز دەگێڕێت ودەکەوێتە چەقی پڕۆژە جیهانییەکانەوە، بەگوێرەی هەموو تیوورە جیۆپۆلەتیکییەکان و جیۆستراتیژییەکان، هیچ هێزێک ناتوانێت ببێتە هێزێکی جیهانی، ئەگەر بێت وهەژموون وبالادەتی خۆی بەسەر ئۆڕاسیادا نەسەپێنێت، کوردستانیش وەک جوگرافیا گەورەترین بلۆکی جیۆستراتیژی لە پانتایی ئۆڕاسیا داگیر دەکات، بەواتایەکی تر هەر هێزێک بیەوێت ئامانجە جیهانییەکانی خۆی بێنێتەدی، ئەوە بێدەستی خۆی ناچار دەبێت سەوداو مامەڵە لەگەڵ ئەو پانتاییە جیۆستراتیژییە بکات، لەبەرئەوەی ئەو تەختەیە خۆی یاریزانەکان ڕادەکێشێت ودڵنیایان دەکاتەوە، کە بەبێ سەپاندنی هەژموونی لەسەر ئەو ناوچەیە ناتوانن هەژموونی خۆیان بەسەر ئۆڕاسیادا بسەپێنن، هەر ئەمەشە وایکردووە، هەموو گەمەیەکی دیپلۆماسی وسیاسی، هەر لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بگرە، تاوەکو دەگاتە نیمچە دورگەی هیندی ورۆژهەلاتی ناوەڕاست وناوچەی کەنداوو حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست، تارمایی کێشەی کوردی لەسەر بێت و بەشێوەیەک لەشێوەکان لینکێکی بەکوردەوە گرێ درابێت، کە لەبنەڕەتدا لینکەکە وابەستەیە بە کوردستانەوە نەک نەتەوەی کورد.

لە ئێستادا بەروونی ئەوە بەدیاردەکەوێت، کاتێک تورکیاو ڕوسیا، ڕوسیاو ئەمریکا، ئەمریکا وتورکیا، تورکیاو ئێران، ئێراق وتورکیا، تورکیاو سوریا، سوریا

وئێراق ، ئێراق وئێران، هەموویان بەیەکەوە .... هتد، هیچ ڕێکەوتنامەیەک وپەیماننامەیەک لەنێوانیاندا بەڕێوە ناچێت، ئەگەر بەشێوەیەک لەشێوەکان پەیوەندی بە کوردو خاکی کوردستانەوە نەبێت، لەبەرئەوەی ئەو وڵاتە دەکەوێتە چەقی ئەو ململانێیە هەرێمی وجیهانییە، ئەگەر گریمانی ئەوە بکەین، ئەو ناوچەیە ناوی کوردستان نەبوایە وهەر ناوێکی تری هەڵگرتبوایە، لە جیاتی کوردیش هەر نەتەوەیەکی تری لەسەر ژیابوایە، هەمان چارەنووسی کوردی ئێستای دەبوو، چونکە کێشەکە پەیوەندی بەخاک وجوگرافیاو شوێنی جوگرافی کوردستانەوە، هەیە، کە لەروی ستراتیژییەوە بایەخێکی جیۆستراتیژی گەورەی لە ئۆراسیادا هەیە.

کەواتە ئەگەر بمانەوێت لەخودی کێشەی نەتەوەکەی خۆمان تێبگەین، ئەوە دەبێت لە دیمەنە گەورەکەوە سەیری بکەین، نەک لەروانگە ئایدیۆلۆژییە بەرتەسکەکە، کە بەگوێرەی قۆناغەکان گۆڕانکاری بەسەر دادێت، بۆ نمونە لە قۆناغێکدا بزووتنەوەی کوردی دروشمی دیموکراتی هەڵگرت وکەوتە ژێر چارشێوی رۆژئاوا، لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیشەوە کەوتە ژێر چارشێوی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو قاچێکیشی لەژێر سایەی سۆڤیەتیەکاندا بوو، دوای رووخانی بزووتنەوەی چەکداری ئەیلوول، زۆرینەی حیزبەکانی کوردستان، وەک پەرچە کردارێک بۆ هەڵوێستی ئەمریکاو رۆژئاوا دروشمی مارکسی – لینینی وماویزم و... هتد بەرزکردەوە، راستڕەوترین وخۆپارێزترین حیزبی کوردی لە باشوور، کە پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە پەیڕەوو پڕۆگرامی خۆیدا ئاماژەی بەوە دەکرد، کە ئەوان سوود لە کەلتووری بارزانی ومارکسی –لینیی وەردەگرن وبەشێوەیەک لەشێوەکان دەیانویست مۆرکی چەپ بوون بەخۆیانەوە بلکێنن، یەکێتی لەپاڵ جەلالیزم وخەتی گشتی، هەوڵیدا کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، کە وەک کۆمەڵەیەکی مارکسی – لینینی خۆی پێناسە دەکرد و بزووتنەوەی سوسیالیستی کوردستان، کە بەهەمان شێوە بزووتنەوەیەکی چەپی کوردی بوو، بکاتە بچم وروخساری خۆی!. ئەمەش خۆگونجاندنێک بوو لەگەڵ ئەو شەپۆلە چەپگەراییەی، دوای ساڵی (1975) باشووری

کوردستانی گرتەوە، هەموو ئەو تێگەیشتنە ئایدیۆلۆژیانەش یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان بوو بۆئەوەی کورد لەقووڵایی کێشەکەی خۆی تێنەگات، ناتوانێت ناسنامەی نیشتمانی خۆی دەست نیشان بکات.

# بەشی نۆیەم
# ئایدیۆلۆژیا یا جیۆستراتیژی

## کۆتایی ئایدیۆلۆژیا !

ململانێی ئایدیۆلۆژیاکان و بیرکردنەوە لەو ململانێیە، ڕەنگدانەوەی ئەو ململانێیە جیهانییە گەورەیە بوو، کە لەنێوان هەردوو بلۆکدا پیادە دەکرا، واتە بلۆکی ڕۆژهەڵاتی، کە پەیڕەوی ئایدیۆلۆژای مارکسی – لیینی دەکرد، بلۆکی ڕۆژئاواش، کە پەیڕەوی ئایدیۆلۆژیای لیبڕاڵی دەکرد، ئەگەرچی لە روخساردا دیمەنەکە وا دەخرایە بەرچاو، بەڵام لەبنەڕەتدا ئەو ململانێیە ململانێیەکی جیۆستراتیژی بوو لەسەر بەدەستهێنانی هەژموونی جیهانی، هەرکاتێک ئەو ململانێیە دوای نەمانی سۆڤیەت بەکۆتا هات، یاخود کاڵ بووەوە، بانگەشەی ئەوە بەرز بووەوە، کە مێژوو لەبەرژەوەندی لیبڕالیزمدا بە کۆتا هات، بۆیە سەرهەڵدانی رووی ڕاستەقینەی ململانێ جیهانیەکان، واتە ململانێ جیۆستراتیژیەکان بەکۆتایی سەردەمی ئایدیۆلۆژیا پێناسە بکرێت، بە واتایەکی تر روخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات وسەرهەڵدانی سیستەمی نوێێ جیهانی، وەک چۆن بەکۆتایی مێژوویی ململانێی نێوان لیبڕاڵیزم ومارکسیسزم هەژمار دەکرێت، کە لەبەرژەوەندی لیبڕاڵیزمدا بەکۆتا هات، بە هەمان شێوە باس لە بەکۆتاهاتنی ئایدیۆلۆژیاش دەکرێت، لەبەرئەوەی کاتێک مللانێی نێوان هێزە ڕەقەکان بە ئاقارێکدا یەکلایی دەبێتەوە، هیچ بەهایەک بۆ مانەوەی ململانێی هێزە نەرمەکان، کە ئایدیۆلۆژیاکان بەشێکی گرنگی پێکدەهێنن! بۆیە چۆن مێژوو بەکۆتا هات، بە هەمان شێوە ئایدیۆلۆژیاش بە کۆتاهات! بەدەیان کتێب وتوێژینەوە لەسەر کۆتایی ئایدیۆلۆژیا کەوتە سەر رەفەی کتێبخانەکان، کە لەراستیشدا نەمێژوو بەکۆتا هات ونە

ئایدیۆلۆژیا، بەڵکو ئەو رۆڵەی لەماوەی شەڕی سارددا دەیانگێڕا بەکۆتا هات، بە واتایەکی تر جیهانگەرایی وبەشێوەیەکی وردتریش شۆڕشی گەیاندن، راستەقینەکانی پشت پەردەی هێنایە سەر کەناڵە ئاسمانییەکان وتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، چیتر دەرفەتی ئەوە نەمایەوە کرۆکی رووداوەکان لە پەنای ئایدیۆلۆژیاوە بشاردرێتەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی وێنەو راستەقینەی ململانێ جیۆستراتیژییەکان زیاتر بەدیار بکەوێت و تەنانەت خەڵکی ئاسایش هەوڵبدات لە کۆی دیمەنە گەورەکەوە سەیری رووداوەکان بکات وچیتر ئایدیۆلۆژیا نەتوانێت فریوی بدات.

لەراستیدا خودی چەمکی کۆتایش مێژووش چەمکێکی ئایدیۆلۆژی سیاسیە، ئەرەستۆ کۆتایی مێژووی بەوە لێکداوەتەوە، کە شارستانیەتی گریکی باڵ بەسەر هەموو شارستانیەتەکانی تر بکێشێت ومرۆڤاڤەیەتی لە هۆڤیەتی وبەربەرێتی دەرەوەی سنوورەکانی گریک رزگار بکات، بۆ ئەم مەبەستەش دەبوایە قارەمانێک دروست بکات، کە بتوانێت مێژوو لەبەرژەوەندی ئەو شارستانییەتە بەکۆتا بێنێت وململانێیەکان یەکلایی بکاتەوە، ئەو ئەرکەشی دایە دەست ئەسکەندەری مەکدۆنی، کە یەکێک بوو لە قوتابیەکانی خۆی، بۆیە دەتوانین شەڕ وفراوانخوازییەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنی، وەک پراکتیزەکردنی چەمکی کۆتایی مێژوو لای ئەرەستۆ لێکبدەینەوە. دواتر هیگل ئەو چەمکەی بۆ کۆتایی ململانێی نێوان کۆیلەو خاوەن کۆیلە بەکارهێنا، پاشانیش فۆکۆیاما، بەهەمان واتا ئەرەستۆییەکەی جارێکی تر بەکاریهێنایەوە، بەڵام هەرزوو دەرکەوت، کە مێژوو دوای رووخانی نەمانی ئەسکەندەرە مەکدۆنی و دواتریش روخانی بلۆکی رۆژهەڵات نەک هەر بەکۆتا نەهات، بەڵکو سەرەتایەکی تر لە ململانێکان دەستیپێکردەوە، ئەمجارەیان سامویڵ هنتگتۆن خێرا تێزی ململانێی شارستانیەتەکانی ورورژاند وناوی نا ململانێی شارستانیەتەکان، هێڵی دابەشکردنی شارستانییەتەکانی دیاریکردو بەشێوەیەک لەشێوەکان ئاماژەی بەوە کرد، کە ململانێی ئایندە لەنێوان شارستانیەتەکاندایە، واتە لەنێوان ئاینەکاندایە، لەبەرئەوەی هەموو ئاینێکی نوێ شارستانیەتێکی نوێ لەگەڵ خۆیدا دێنێت، بە

واتایەکی تر هەموو ئاینێک شارستانیەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە، هنتگتۆن وایلێکدایەوە، بەپلەی سەرەکی ململانێیەکە لەنێوان ئاینی ئیسلام وئاینەکانی تر دەبێت، بەمەش رێگەی بۆ ئەمریکا خۆشکرد زیاتر شوێن پێی خۆی لەناوچە ستراتیژییەکانی جیهان پتەو ترو بەهێزتر بکات.

زۆر لەتوێژەران پێیان وایە، ئەو تێزەی هنتگتۆن، وەک سەرئەنجامێک بوو بۆ شکستی چەمکی کۆتایی مێژوو، لەبەرئەوەی دوای باڵادەستی ئەمریکاو راگەیاندنی سیستەمی تاکجەمسەریش ململانێکان لە ناوچە جیۆستراتیژیە هەستیارەکانی جیهان هەر مایەوە وبەردەوام بوو، بەڵام لەراستیدا تێزەکەی هنتگتۆنیش تەواوکەری تێزەکەی فۆکۆیامایە، ئەویش کاتێک جەخت لەسەر ململانێی شارستانییەتەکان دەکاتەوە، بێئەوەی ئاماژەی بۆ بکات، باس لە شێوازێکی تر لەململانێی ئایدیۆلۆژی دەکات، ئەویش ململانێی نێوان ئایدیۆلۆژییە ئاینیەکانە، چونکە کاتێک ئاین وەک کرۆکی شارستانیەت وکەرەستەیەک بۆ ململانێکان بەکار دەهێنرێت، دەبێتە ئایدیۆلۆژیای ئاینی، ئەوەی پەیوەندی بە بیروباوەڕو پەیوەندیەکانی نێوان خواو تاکەکانەوە هەیە، دەخرێتە چوارچێوە تاکییەکەوە، کەواتە ململانێی شارستانیەتەکانیش بریتیە لە ململانێی نێوان ئایدیۆلۆژیاکان، بەڵام ئەمجارەیان لەجیاتی ئەوەی ململانێ لەنێوان چەپ وراست، یاخود مارکسی ولیبراڵی بێت، شێوازێکی فراوانتر بەخۆوە وەردەگرێت ودەچێتە قاوغی ململانێی نێوان ئایدیۆلۆژیا ئاینییەکان.

کاریگەری ئەو ململانێیە جیهانییە بەروونی لەسەر باشووری کوردستان دەبینرێت، دوای رووخانی بلۆکی رۆژهەڵات، بە چەمکە ئایدیۆلۆژییەکەی دوای بەکۆتا هاتنی مێژوویی ململانێی نێوان چەپ وراست، هێزە ئایدیۆلۆژییەکانی کوردستانیش زەرەرمەندی یەکەم بوون، بەتایبەتی هێزە چەپەکان، هەرچەندە هەوڵیاندا خۆیان نوێبکەنەوە وگرووپ وریکخستنی نوێ دروست بکەن، بەڵام نەیانتوانی رووبەڕووی ئەو شەپۆلە جیهانیەی لیبراڵیزم ببنەوە، کە دوای سەرکەوتن وراگەیاندنی سیستەمی تاکجەمسەی، لە هەموو کاتێک زیاتر بەهەڕمێن کەوت، کێشەی سەرەکی هەرێمی

کوردستان ئەوەبوو، کەوا ژینگەی کۆمەڵایەتی لەباشوور لەبارنەبوو بۆ گەشەسەندنی هزری لیبرڵیش، لەبەرئەوەی لەلایەک ئەمریکا وەک هێزێک، کە خۆی وەک پێشڕەوی هزری لیبڕالیزم دەناساند، مێژوویێکی تاڵی لەگەڵ گەلی کورد هەبوو، بەتایبەتیش لەوەی پێیدەگوترێت شۆڕشی ئەیلوول، لەلایەکی تر بەشێکی زۆری ئەو پڕەنسیپانەی لیبڕالیزم بانگەشەی بۆ دەکردو بانگەشەی بۆ دەکات، لەگەڵ کەلتووری کۆمەڵگەی کوردی رووبەڕوو دەبێتەوە، لەسەر ئاستی پراکتیزەکردنیش، پرۆسەی دیموکراسی لەبەرژەوەندی هێزە تەقلیدیە کوردیەکاندا، بەتایبەتیش یەکێتی وپارتی وئەو هێزانەی لە مەداری ئەواندا دەخولانەوە نەبوو، لەبەرئەوەی هەر زوو نەیانتوانی خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بگونجێنن وکەوتنە ژێر هەژموونی دەوڵەتانی داگیرکەر، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لەخەڵک دابڕێن، ئەو لەخەڵک دابڕانەش بەقازانجی ئەوان لەسەر سندووقی دەنگداندا نەدەشکایەوە، هاوکات رووبەڕووی تووڕەیی وناڕەزایەتی خەڵک بوونەوە، ئەم گۆڕانکاریانە تەنیا دوو دەروازەی لەبەردەمدا بەکراوەیی بۆ هێشتنەوە، یەکێکیان گەڕانەوە بوو بۆ بنەماڵە، دووەمیان خۆپاراستن بوو لەژێر چەتری داگیرکەران. بەواتایەکی تری هێزە سەرەکییەکانی هەرێمی کورد، لەکاتی بەتاڵبوونەوەیان لە دروشمە ئایدیۆلۆژییەکان، هیچ ریگەیەکی تریان لەبەردەم خۆیان نەدۆزییەوە، بۆ رزگار بوون لەو دۆخە نوێیەی هاتە پێشەوە، جگە لەو دوو دەروازەیە نەبێت، کە ئاماژەمان بۆ کرد ( گەڕانەوە بۆ بنەماڵە، خۆپاراستن لەژێر چەتری داگیرکەران) دا. بەم چەشنە حزبایەتی لە کوردستان مۆرکێکی تایبەت بەخۆی وەرگرت، کە زیاتر لەمۆرکی ئەو دەوڵەتە هۆزگەراییانە دەچێت، کە لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا هەیە و ئەمەش زیانێکی ئێجگار گەورەی بە مەسەلەی کورد گەیاند.

لەپاڵ ئەمەشدا کۆمەڵگەی کوردی، وەک هەموو کۆمەڵگەکانی تۆی ناوچەکە، کەوتە ژێر کاریگەری هەژموونی ئاینی وهێزە ئیسلامییەکان، لەبەرئەوەی ئەوان زۆرزانانەتر سیاسەتیان دەکردو بەزمانێک قسەیان دەکرد، رەنگدانەوەی زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردی بوو، کە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامییە، بەم چەشنە ململانێیەک

لەباشوور هاتە ئارا، کە خۆی لەنێوان دوو ئایدیۆلۆژیای دژ بەیەک لەسەر ئاستی جیهانی دەدۆزێتەوە، ململانێی نێوان ئایدیۆلۆژیای ئاینی و ئایدیۆلۆژیای لیبڕاڵی، واتە کۆمەڵگەی کوردی کەوتە نێو تۆڕی ململانێی شارستانیەکان، ئایدیۆلۆژیایەک زۆرینەی ئەوانەی خۆیان بەهەڵگری دەزانی نەتێیگەیشتبوون، نەدەیاندەتوانی بەدروستی بەرگری لێبکەن، کە ئەویش ئایدیۆلۆژیای لیبڕاڵی بوو، نەزانانە وزۆر زانانە بەشێوەیەکی سەرەکی مامەڵەیان لەگەڵ ئەو چەمکانەی لیبڕاڵیزم دەکرد، کە لەلایەن کۆمەڵگەی کوردییەوە نەک قبوولکراو نییە، بگرە وەک قێزەونیش سەیر دەکرێت، بەرامبەر ئەمەش، لە کوردستاندا ئایدیۆلۆژیایەک بەرامبەر لیبڕاڵیزم وەستایەوە، کە زیاتر لە (1400)ساڵە لەناوچەکە کاردەکات، ئەم ململانێیە ئایدیۆلۆژیە ناتەندروستە، لەلایەک کۆمەڵگەی لەناخەوە هەڵتەکاندووە، لەلایەکی تر هەموو مەسەلە ستراتیژی ونەتەوەییەکانی شاردۆتەوە وبەلایناوە!.

# دەمەتەقێیەکی سۆفیستانەی ئازاربەخش

ئەم ململانێیە ئایدیۆلۆژییە ترسناکەی لە کوردستان دەگوزەرێت، ئەگەر لەرووکەشدا ململانێیەک بێت لەنێوان دوو ئایدیۆلۆژیای جیاوازەوە، لە راستەقینەدا دەرهاویشتەی ململانێیەکی جیۆستراتیژی زۆر مەترسیدارە، کە لەناوچەکە بەڕێوەدەچێت، ئەو ململانێیە زۆر لە تواناکان وئامادەباشییەکانی کورد گەورەترە، کە بەداخەوە  نەک هەر خۆی بۆ ئەو جۆرە ململانێیە ئامادە نەکردووە، بەڵکو زۆر ساویلکانەش مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیە دەکات وتاوەکو ئێستا وەکو پێویست لە هەڕەشەو مەترسییەکانی نەگەیشتووە، کە لەهەردوو ئایدیۆلۆژیاوە رووبەڕووی دەبێتەوە، ئایدیۆلۆژیای لیبڕاڵی وئایدیۆلۆژیای ئیسلامی، ئایدیۆلۆژیای لیبڕاڵی بەو شێوازەی لە کوردستان، بەتایبەتیش لە هەرێمی کوردستان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، دەبێتە هۆی تێکشکاندن ولەباربردنی کەلتوور وبەهاکانی کۆمەڵگەی کوردی، کە یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی  پێکهاتەی نەتەوەیی کوردی، لەلایەکی تر گرنگترین وپڕ بایەخترین یەکەی کۆمەڵایەتی، کە خێزانە هەڵدەوەشێنێتەوە، مانەوەی خێزان یەکێکە لەو فاکتەرە گرنگانەی مانەوەی نەتەوە دەپارێزێت وبەهێزی دەکات، بەپێچەوانەوەش هەڵوەشاندنەوە ولەیەکترازاندنی خێزان، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو ئەستوندە بەهێزەی، کە کۆمەڵگەی کوردی لەسەری وەستاوە، تێکبکشێنێت، لەبەرئەوەی کێشەی خێزان یەکێکە لەو کێشە گەورانەی هەموو ئەو وڵاتانە بەدەستییەوە دەناڵێنن، کە ئێستا خۆیان بە وڵاتانی دیموکراتی وسەرمایەداری دەناسێنن!.

ئەمریکا، کە خۆی بەپێشەنگی هزری لیبڕاڵیزم دەزانێت، ئێستا بەدەست هەڵوەشانەوەی خێزان دەناڵێنێت، لە ساڵی (1997) پڕۆفیسۆرێکی ئەمریکی هاتە کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین وبابەتێکی دەربارەی میدیا پێشکەش کرد،

لەدوو تویێی بابەتەکەیدا ئاماژەی بەخاڵێکی سەرنجڕاکێش کرد، گوتی ئێوە وەک کورد پلیتی فرۆکەیەکتان بۆ دەرچووە بۆ ئەوەی بەرەو پێشکەوتن ودیموکراسی هەنگاو بنێن، بەڵام دڵنیابن دیموکراسیەکەی ئێوە لە هی ئەمریکا باشتر دەبێت، چونکە لە کۆمەڵگەی ئێوە تاوەکو ئێستا خێزان وەک یەکەیەکی پیرۆزو تۆکمە ماوەتەوە! کەچی ئێستا هەر لەرێگەی بەناو هەندێک رۆشنبیری کوردەوە کار لەسەر تێکشکاندنی ئەو یەکەیە دەکرێت، لەکاتێکدا خێزان بەو شێوەی لە ئاراشدایە، نەک کێشەی گەورە لەبەردەم پێشکەوتنە راستەقینەکاندا دروست ناکات، بگرە هاریکارو یاریدەدەریشی دەبێت، بەتایبەتیش لە کۆمەڵگەیەکی تەقلیدی وەکو ئێمە، کە تاوەکو ئێستا هیچ دامودەزگایەکی فەرمی ودەوڵەتی هێندە تۆکمە دانەمەزراوە، کە بتوانێت شوێنی خێزان بگرێتەوە، لەئەوروپاو ئەمریکاو زۆر لە وڵاتانی تری دیموکراسی وپێشکەوتوو، کار لەسەر تاکییەتی مرۆڤ دەکرێت وهەوڵدەدەن لەرێگای دامودەزگاکانەوە، پێویستیەکانی مرۆڤ بۆ خێزان پڕ بکەنەوە، یاخود بەلایەنی کەم کەمیبکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئەو دامودەزگایانە تا رادەیەکیش توانیبیان رۆڵی خێزان لەرووە ماتریالیکیەکەیەوە کەمبکەنەوە وهەوڵبدەن شوێنی پڕ بکەنەوە، لە رووە روحی و مرۆڤایەتییەکەیدا هەرگیز نەیانتوانیوە شوێن بەخێزان لەق بکەن، لەبەرئەوەی پێشکەوتنی مرۆڤ بە تەنیا لایەنی ماتریالی نییە، بەڵکو لایەنی روحیشە، تەنانەت خودی هزرمەندە رۆژئاواییەکان خۆشیان رەخنە لەو نا هاوسەنگییە دەگرن، کە لەنێوان لایەنی ماتریالی ولایەنی روحی لە شارستانییەتی رۆژئاوادا هاتۆتە ئاراوە، نووسەری ئەڵمانی ئاسواڵد شپینگلەر کتێبێکی تایبەتی بەناوی دارمانی شارستانیەتی رۆژئاوا نووسیوە ورەخنە لە پێشکەوتنە ماتریالییەکانی رۆژئاوا دەگرێت، دەڵێت ئەگەر دەربارەی پێشکەوتن پرسیارم لێدەکەن هیچ پێشکەوتنێک لە رۆژئاوا رووینەداوە، چونکە راستە لەرووی ماتریالییەوە پێشکەوتووە، بەڵام لەلایەنی روحیەوە بەجێماوە، راستیش دەکات، ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی تەنیا لە رووە ماتریالییەکەوە مامەڵە لەگەڵ پێشکەوتن دەکەن، وەک ئامێرێک، یاخود وەکو ئامرازێک

سەیری مرۆڤ دەکەن، کەسێکی وەکو ستالین چەندین ملوێن هاونیشتمانی وڵاتەکەی کردە قوربانی بۆئەوەی وڵاتەکەی لە وڵاتێکی کشتوکاڵییەوە بگۆڕێتە وڵاتێکی پیشەسازی، کاتێک مرۆڤ دەبێتە تەنیا ژمارەیەک، ئەو کاتە شارستانیەتی مرۆڤایەتی لەو کۆمەڵگەیەدا، لە هەموو کاتێک زیاتر دەکەوێتە مەترسییەوە.

لەلایەکی تر ئەو بیرۆکانەی بەناوی لیبڕاڵیزمەوە لەهەرێمی کوردستاندا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت وبەهەرمێن دەخرێن، ئەو بیروبۆچوونە نامۆیانەن، کە تاوەکو ئێستا لەلایەن زۆرینەی خودی کۆمەڵگا رۆژئاواییەکانەوە، ئەوانەی چەندین قۆناغ لەو رووەوە لەپێش ئێمەدان رەتدەکرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی برەوسەندنی ئەو بیروبۆچوونانەی، کە پێچەوانە، یاخود دژی سروشتی خۆرسکانەی مرۆڤە، وەکو مەسەلەی هاورەگەزبازی و ... هتد، هۆکارێکی سەرەکین لە رووخانی زۆر لە شارستانیەتەکاندا، ئەو پرۆسەیە وەک لە رێدانێکی ئاکاری ودەرئەنجامی خۆشگوزەرانییەک لە دایک دەبێت، وەک ئیبن خەلدون ناوی ناوە، ئەگەر خۆشگوزەرانی لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا پێداویستی بێت بۆ دروستکردنی شارستانییەت، ئەوە هۆکارێکی سەرەکیشە بۆ رووخانی شارستانییەت، وەک رێسایەکی یاسایی هەیە، دەڵێت، هەر شتێک لە رادەی خۆی زیاد بێت، پێچەوانە دەبێتەوە، واتە وەک ئیبن خەلدوون خۆی دەڵێت خۆشگوزەرانی پێداویستییە بۆ دروستبوونی شارستانییەت بەڵام خۆشگوزەرانی زۆر دەبێتە هۆی رووخان ودارمانی شارستانییەت. جا لەکاتێکدا ئەگەر کۆمەڵگەیەک هەموو قۆناغە سروشتیەکانی گەشەسەندنی خۆی بڕیبێت، ئەو هزرو بۆچوونانە ئاوا کۆسپی بۆ دروست بکەن وبەرەو هەڵدێری ببەن، دەبێت کۆمەڵگەیەکی وەکو کۆمەڵگەی کوردی، لەقۆناغێکی وەکو ئێستادا چ پێویستییەکی بەمجۆرە گفتوگۆیە سۆفیستانە بێت، کە جگە لەزیان ولەیەکترازان هیچی تریان بۆ کورد پێنیە!

ئەوەی بەناوی ئازادی وکرانەوە ودیموکراسی ولیبڕالیزم لە ناو کۆمەڵگەی کوردییەوە دەگوزەرێت، هیچ پەیوەندییەکی بە گفتوگۆیەکی ئەقڵانی ئاوەزمەندانە نییە

وجگە لە ئامرازێک لە ئامرازەکانی شەڕی نەرم، کە بەچڕی دژی نەتەوەکەمان ئەنجام دەدرێت زیاتر نییە، لەراستیدا لەهۆکارە سەرەکییەکانی مانەوەی کورد وەکو نەتەوەیەک بۆماوەی ئەو هەزاران ساڵە، پتەوی خێزان بووە، لێدان لەخێزان لە پەنای هەر ئایدیۆلۆژیایەکەوە بێت، واتە لێدان لەخاڵی بەهێزی نەتەوەی کورد، ئەمەش شێوازێکی نوێیە لە شێوازەکانی تواندنەوەو سڕینەوەی میللەتێک، ئەم دۆخەش تەنیا لەباشووری کوردستان بەو شێوەیە بەڕێوە دەچێت، لەبەرئەوەی ئەو بەشە لەرووی جیۆپۆلەتیکییەوە روحی کوردستانی گەورەیە، هەموو سامان وپێگە جیۆپۆلەتیکیە گرنگەکان، کە وەک بواری ژیاری (المجال الحیوی) وان بۆ کورد دەکەونە باشووروو رۆژئاوای کوردستانەوە، بەشێکی زۆری رۆژئاوای کوردستان لەدەست کورد دەرهێنراوە، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کورد لە دەریا نزیک دەکەنەوە، وا وردە وردە خەریکە، وەک ئاماژەی پێکرا دیمۆگرافیای رۆژئاواو باشوور دەگۆڕدرێت، ئەگەر ئەو دوو بەشەش لە کوردستان بکەیتەوە، هەرگیز توانای دروستکردنی وڵاتێکی گەورەو پێشکەوتوو لەسەر خاکی کوردستان نامێنێت، کە بتوانێت خۆی بژیەنێت وپەلبهاوێت، بەم چەشنە خەونی دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی بەیەکجاری لەدەست دەچێت، بەواتایەکی تر ئەو هەوڵانەی بەناوی لیبڕاڵیزمەوە لەباشووری کوردستان دەدرێن، لەبنەڕەتدا هەوڵێکە بۆ نەهێشتن وتواندنەوەی کورد لەگرنگترین بەشە جیۆپۆلەتیکیەکانی کوردستان، لەکاتێکدا کورد خۆی بەدەست کۆمەڵێک کێشەی گەورەی نەتەوەیی وستراتیژیەوە دەناڵێنێت، لەجیاتی ئەوەی بیر لە چارەسەری بکرێتەوە، دەرگا بۆ ئەو تەوژمە نارەسانانە دەکرێتەوە، کە زیانێکی گەورە نەک بە تەنیا بە کۆمەڵگەو تاکی کوردی دەگەیەنن، بگرە زەرەری زۆر گەورەش لە دۆسیەی کوردی وئایندەی کوردی دەدەن لەو ناوچەیە، هەر لەبەرئەوەشە ئەو گەلانەی، کە دەیانەوێت خۆیان بپارێزن، بەتایبەتی ئەو شارستانیەتانەی مۆرکێکی ئۆراسیان هەیە، سەرباری گەورەیی ئەو هێزانەی لەبەردەستیان دایە، دەرگا لەسەر ئەو هێرشە ئاکارییە دادەخەن، کە بەناوی لیبڕالبیزمەوە دەکرێت، بەشێکی زۆری خودی

کۆمەڵگاکانی رۆژئاواش، ئەو هەنگاوانەی لیبڕاڵیزم بە لەرێلادانێکی ئاکاری هەژمار دەکەن ورەتیدەکەنەوە، بۆچی دەبێت کۆمەڵگەیەکی وەکو کۆمەڵگەی کوردی، کە خۆی لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچووندایە، دەرگا بەرووی ئەم کەلتوورە ورۆشنبیریە دزێوانەدا بکاتەوە.

# پێناسە کردنەوەی ئاکار

دەبێت رۆشنبیری کوردی کار لەسەر ئەوە بکات، سوود لەو یەکانەی لیبڕاڵیزم وەربگرێت، کە دەتوانێت ببێتە چرایەک بۆ پێشکەوتن ورزگاربوونی لە شەوەزەنگی ئەو نەزانییەی تیایدا دەژیت، لیبڕاڵیزم وەک سیسستەمێکی هزری، زۆر لایەنی باشی تیایەو دەتوانرێت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا سوودی لێوەربگیرێت، بەڵام وەستان وچربوونەوە لەسەر ئەو بابەتانەی لە زیانگەیاندن زیاتر هیچ سوودێکی تریان بۆ کۆمەلگەکەمان نییە، ئەوە جێگەی پرسیارە!!؟ کۆمەڵگەی ئێمە وەکو کەسێکی ئاوبردی لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بەوە هەیە دەست بۆ پووشێکیش بەرێت بۆئەوەی رزگاری بێت، لەبەرئەوەی ئێمە لەنێو دەریای ململانێیەکی ئایدیۆلۆژی هێندە ئاڵۆزو ترسناکدا دەژین، ئەگەر کار لەسەر تێگەیشتنی کرۆکی ململانێکان نەکەین وخۆمان بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئامادە نەکەین، زیانێکی زۆر گەورەمان بەردەکەوێت وپێویستە لەو راستەقینەش تێبگەین، هەر چرکەیەک لە ئێستادا بە قەدەر چەندین ساڵ لە سەدەکانی تر کاریگەری خراپ ونەرێنی لەسەر ئێمەدا هەیە، لەبەرئەوەی گۆڕانکارییەکان هێندە خێران وکاریگەرییەکەیان هێندە بەرفراوان وگشتگیرە، هەرگیز مێژوو شتی لەو شێوەیەی بەخۆیەوە نەبینیوە.

دەبێت زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاکان بکەین و بەگوێرەی پێویستییەکانی خۆمان بەکاریبێنین، راستە هزری لیبڕاڵی لەهەموو شوێنێکدا سەرچاوەکەی یەکە، بەڵام هەر کۆمەڵگەیەک بەشێوەیەک لێکدانەوەی بۆ دەکات وبەگوێرەی پێویستیەکانی خۆی راڤەی دەکات، هیچ نەتەوەیەک، هیچ کۆمەڵگەیەک ناتوانێت بیرۆکەیەک دەقاو دەق لە کۆمەڵگەیەکی تردا وەربگرێت لە ناوەخۆیدا پراکتیزەی بکات، لەبەرئەوەی کۆمەڵگەکان لەقۆناغی پێشکەوتنی جیاوازدا دەژین وبیرکردنەوەی هەر کۆمەڵگەیەک، رەنگدانەوەی ئەو قۆناغە مێژووییە، کە

کۆمەڵگەکەی تیادا دەژیت، هاوکات هەر کۆمەڵگەیەک داب و نەریت وکەلتووری تایبەت بەخۆی هەیە، هیچ کاتێکیش رۆشنبیران و سیاسەتمەداران و ئەکادیمیستان، بە تەواوی رەنگدانەوەی خودی کۆمەڵگەکانی خۆیان نین ونابن، ئەوان لە هەموو تاکەکانی تری کۆمەڵگەکەیان زیاتر دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو شەپۆلانەی لەدەرەوەی سنوورەکانی ئەواندا دێت، مەرجیش نییە هەموو جارێک ئەو گۆڕانکاریانەو کاریگەری ئەو گۆڕانکاریانە لەباربێت و بۆ هەموو کۆمەڵگەکان لەیەک ئاستدا بێت، رەنگ بێت یەکێک لەکێشە گەورەکانی کوردیش ئەوە بێت رۆشنبیرو خوێندەوارەکانی بە سەقەتی دەکەونە ژێر کاریگەری شەپۆلی ئەو ئایدیۆلۆژیاو بیروباوەڕانەی لە دەرەوەی سنوورەکانەوە دێت، کە ئێستا بەهۆی شۆڕشی گەیاندنەوە دەروازەکانیش بە تەواوی کراونەتەوە وبەئارەزووی خۆیان کاریگەری دروست دەکەن، هیچ دەزگایەکی تۆکمەو پێویست نییە، کە لەئاست بەرپرسیارییەتی ئەو قۆناغە ترسناکەدا بێت وکەلتوور وبەهاو شتە جوانەکانی کۆمەڵگەکەمان بپارێزێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک، لەوانە لەبەشەکانی تری کوردستان، کە لەژێر دەستی داگیرکەراندایە، دەسەڵاتی سیاسی لەو وڵاتانەدا بەهەموو شێوەیەک هەوڵی سڕینەوەو تواندنەوەی ئادگارەکانی کورد بوون دەدات لەوناوچانەی لەژێر دەستیدایە، هەرچی لەباشووری کوردستانە، کە بەرواڵەت لەژێر دەستی دەسەڵاتێکی کوردی دایە، ئەوە لەلایەک لاساییکردنەوە کاریگەرییەکی زۆر نەرێنیانەی دروست کردووە، خوێندەوارو بەناو رۆشنبیری کورد، لەبەرئەوەی قووڵ نەبوونەتەوەو ئامادەی کارکردنی جدی نین وتەنیا هێندە پێویستیان بە زانین وزانیاری هەیە، کە ئەگەر بە رووکەشانەش بێت، بتوانن خۆیان لە تاکەکانی تر جیا بکەنەوەو پێگەیەکی بەرزتر لەناو کۆمەڵگە بۆ خۆیان دابین بکەن! بۆیە زۆر جاران لاسایکردنەوەیەکی کوێرانەو نەزانانە وەک جۆرێک لە پێشکەوتن لێکدەدەنەوە، هەندێکجاریش، کە ئەمەیان جێگەی داخە، بەشێوەیەکی راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆش بێت لەلایەن داگیرکەران و دوژمنانی کوردەوە فریو دەدرێن، بۆیە رەفتاری وا دەکەن، کە

نیشانەکەی لەوە زیاتر هیچ واتایەکی تر بەخۆوە ناگرێت، کە ئەوان نە لە گۆڕانکارییە جیهانییەکان و نە لە خودی کۆمەڵگەکانی خۆشیان تێینەگەیشتوون!.

قۆناغی هەشتاکانی سەدەی بیستەم نمونەیەکی لەبارە بۆ ئەو شیکردنەوەیە، لەکاتێکدا جووتیاری کورد لەقۆناغێکی کشتوکاڵی زۆر دواکەوتوودا دەژیا، گەنجێکی کاکۆڵ درێژ وجامانە لەسەر شان، بەناوی کوردایەتی وپێشمەرگایەتی وشۆڕشگێڕییەوە دەهات گفتووگۆی لەسەر بوون یا نەبوونی خوای لەگەڵ دەکرد!؟ لەکاتێکدا هەموو ژیانی ئەو، واتە ئەو ژێرخانە ئابوورییەی ئەو تیایدا دەژیا بوونی خوا بۆ ئەو پێداویستییەکی ئێجگار گرنگ بوو، بۆئەوەی بتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە لەژیانی ریالیستیدا نەیدەتوانی بەدەستیان بێنێت! ئەو گەنجە لەپەنای چەپڕەوی ومارکسی بوونەوە ئەو بابەتە هەستیارانەی دەوروژاند، کە ئەمەش رەنگدانەوەی سادەیی ئاستی رۆشنبیری ئەوی دەنواند، کە زانیارییەکانی زانیاری سەرپێیبوون ولەدەمی کەسانی ترەوە وەریگرتبوون وئەویش بۆ ئەوەی خۆی وەک رۆشنبیرو خوێندەوار نیشان بدات کوێرانە لاسایی دەکردەوە و ئەو قەوانە سواوە، کە دژی رۆشنبیری وئاستی هوشیاری زۆرینەی رەهای کۆمەڵگەی کوردی بوو، بەردەوام لێدەدایەوە، لەکاتێکدا ئەگەر زانیاری وردی لەسەر بیروباوەڕی مارکسی – لینییدا هەبوایە، کە خۆی بە هەڵگری ئایدۆلۆژیای ئەوان دەزانی، هەرگیز بەو شێوەیە رەفتاری لەگەڵ ئاین نەدەکردو بەم ساویلکەییە مامەڵەی لەگەڵ هەست وسۆزی ئەو چین وتوێژە رەنجەرو قوربانیدەرە نەدەکرد، کە ئەستوندەی سەرەکی مانەوە وبەردەوامبوونی ئەو جولانەوەیە بوون، کە ئەوان ناویان نابوو کوردایەتی! بە بێئەوەی لەوە تێبگەن، کە لینین خۆی دژی ئەوە بوو، کە رێز لەئاین نەگیرێت وبەو شێوازە دژایەتی وسووکایەتی پێبکرێت، لەبەرئەوەی ئەو ئاینی وەک سەرخانی کۆمەڵگە هەژمار دەکرد، پێی وابوو هەموو سەرخانێکیش رەنگدانەوەی ژێرخانەیەکەیەتی، کەواتە بۆئەوەی کار لەسەر گۆڕینی ئایدیۆلۆژیاو بیروباوەڕە ئاینییەکان بکرێت، بەر لەهەموو شتێک پێویستە ئەو ژێرخانە بگۆڕدرێت، کە

بەرهەمهێنەری ئەو بیروباوەڕو ئایدیۆلۆژیایانەیە، یاخود بەلایەنی کەم پارێزەریتیان، کەچی برای پێشمەرگەو رۆشنبیر، ژیانی خۆشی خستبووە مەترسیەوە وگفتوگۆی لەسەر ئەو بابەتە دەکرد، کە ئەمە زیاتر خزمەتی بە دوژمنانی کورد دەکرد، وەک دوای رووخانی رژێمی بەعس، کاتێک هەزاران بەڵگەنامەی دەزگا هەواڵگرییەکان بڵاوبووەوە، دەرکەوت، کە رژێم خۆی، لەرێگەی چاوساغەکانییەوە هانی ئەو جۆرە بیرکردنەوەی دەدا وبەهەڕمێنی دەخست، تاوەکو ئەوەی ناویان نابوو شۆڕش، لەبەرچاوی خەڵک سووک ریسوا بکرێت!.

ئێستا خەریکە هەمان هەڵەی هەشتاکانی سەدەی بیستەم، ئەمجارەیان لەبەرگی لیبڕالیست بوونەوەدا دووبارە دەکرێتەوە، هەندێک بابەت، وەک ئاماژەی پێکرا، کە نەلەدوورو نەلەنزیک خزمەت بە مەسەلەی میللەتەکەمان ناکات، لەکاتێکدا ئێمە لە هەستیارترین وناسکترین قۆناغی چارەنووس سازدا دەژین، لەجیاتی ئەوەی بەهەموو لایەک تواناکان تەرخان بکەین، بۆئەوەی وڵاتەکەمان لەو قۆناغە بەسەلامەتی دەربازبکەین، خەریکی ئەو گفتوگۆ سۆفیستانەن، کە جگە لە خزمەتکردنی رەوتی دواکەوتوو وکۆنە پارێزی ناو کۆمەڵگە، کە ئەوان وەک بەرووکەش نیشان دەدەن سەنگەریان لێیگرتووە، خزمەت بە کەسی تر ناکات، وڵاتە گەورەکان، ئەوانەی هەموو ئامڕازەکانی خۆپاراستن وبەرەنگاربوونەوەیان لەبەردەستدایە، بەهەموو شێوەیەک دژی ئەو شەپۆڵە ناتەندروستەی بەناوی لیبڕاڵیزمی نوێوە هێرش دەکات دەبنەوە، کەچی ئێمەی بێ چەک، کەتوانای خۆپاراستنی خۆمان نییەو ئەو هێزەی، کە پشتمان پێبەستووە لەلایەن داگیرکەران وئەو وڵاتانەوە چەک وپێداویستیەکانی بۆ دابین دەکرێت، کە خۆیان بنچینەی نەهامەتیەکانی کوردستانن وئەوان ئەو وڵاتەیان بەو دەردەی ئێستا بردووە!

روسیا، چین زۆر لەو وڵاتە گەورانە، لەکاتێکدا، کە سوودێکی باشیان لە هزری لیبڕالّی وەرگرتووە، وەک بانگەشەی بۆدەکەن هزری چەپگەرایی خۆیان بە هزری لیبڕاڵیزم موتربە کردووە وئەو دیاردە هاوڕەگەزیانە بەرێژەیەکی زۆر زیاتر

له کۆمەڵگاکانی ئەواندا هەیە، کەچی بەشێوەیەکی فەرمی ڕەتیدەکەنەوە، کەسێکی وەکو پوتین، سەرۆکی روسیای فیدڕاڵ، راشکاوانە ئەو کەلتوورەی ڕەتکردەوە بە هۆکارێک لە هۆکارەکانی داڕمانی شارستانیەتی لە قەڵەمدا، روونیکردەوە، کە لەبەرئەوەی شارستانیەتی رۆژئاوا لە کۆتایی قۆناغەکانی ژیانیدایە، بۆیە دەرگا بەرووی ئەو لەرێلادانە ئاکارییە دەکاتەوە، کە هۆیەکی سەرەکی دەبێت بۆ رووخانی ئەو شارستانیەتە، وەک ئاماژەی پێکرا لەمێژووشدا زۆر نمونەمان هەیە، کە ئەوە دەسەلمێنن هەر شارستانیەتێک لەرووی ئاکارییەوە لایدابێت، کۆتاییەکەی داڕمان بووە، جا ئەوانەی بانگەشە بۆ ئەو خاڵە رەشەی لیبڕالیزم دەکەن و دەیانەوێت، یاخود هەوڵدەدەن ئاکار بەشێوەیەکی تر پێناسە بکەنەوە، هەرگیز لەمڕووەوە سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، چونکە راستە ئەو لەڕیلادانە(شذوذ) بۆتە دیاردەیەک ولەنێو کۆمەڵگاکاندا، بە کۆمەڵگا رۆژهەڵاتی ورۆژئاواییەکانەوە، بەپلەی یەکەمیش کۆمەڵگە رۆژئاواییەکان، کە بەجدی بانگەشەی بۆ دەکەن بڵاوبۆتەوە ولە پێشوەچوونیشدا یە، کەچی تاوەکو ئێستا لەناو خودی ئەو کۆمەڵگەیانەشدا کارێکی پێشوازی لێنەکراوە، هەرگیز ناکرێت ومێژوو ئەوەی سەلماندووە، کە رەفتاری لەرێلادەر ناکرێتە رێسایەکی گشتی بۆ هەمووان وهەر وەک کارێکی نەشیاو قێزەون دەمێنێتەوە، جوانکردنی ئەو لەرێلادانەش لەلایەن لیبڕالیزمە نوێیەکانەوە، هێندەی مەبەستێکی ئاکاری و کرانەوەی لەدواوەیە، سەد هێندە مەبەستێکی سیاسی وستراتیژی دەیجوولێنێت دەیانەوێت لەو رێگەیەوە لەلایەک کۆنترۆڵی رێژەی دانیشتووان بکەن، لەلایەکی تر کۆمەڵگاکانی تر بخەنە دۆخێکی واوە، کە لەهەموو ئەو بەهایانە داببڕێت، کە توانای بەرەنگاربوونەوەیان لا بەهێز دەکات، بەواتایەکی تر دەیانەوێت لەرێگەی داڕماندنی ئاکارێکەوە، کە رەگی لەسروشتی خۆڕسکانەی مرۆڤەوە رۆچووە، کۆمەڵگەکان لەبارێەک هەڵوەشێننەوە توانای بەرەنگاربوونەوەی نەهێڵن، لەلایەکی تر لەرێگەی بڵاوکردنەوەی ئەو هزرانە، جۆشی بزووتنەوە ئاینییەکان، بەتایبەتیش بزووتنەوە ئیسلامییەکان بدەن، کە بەتوندی رووبەڕووی ئەو رەوتە مەترسیدارە

دەبنەوە، بۆئەوەی لە کۆمەڵگەکانی خۆیان زیاتر جێی خۆیان بکەنەوە وپتەوتر وبە هێزتر بن، تاوەکو لەرێگەی ئەوانیشەوە جڵەوی کۆمەڵگاکان بگرنە دەست ورێگەش نەدەن، کۆتایی بەو شەڕە بێت، کە بە شەڕی تیرۆریێ ناوزەد دەکەن وبەگوێرەی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆیان پێناسەی ئەو شەڕەش بکەن، وەک ئەوەی لە ئەفغانستان بینیمان، سەرەتا بۆ لێدانی سۆڤیەت ئیسلامییە توندڕەوەکانیان بەکاریانهێنا، پاشان هەر ئەو هێزانەیان وەک بیانوویێک بەکارهێنا، بۆ راگەیاندنی شەڕی تیرۆر وناشرینکردنی ئاینی ئیسلام، لەدواجاریشدا لەگەڵیاندا رێکەوتن ودەسەڵاتی ئەفغانستانیان، وەک دەڵێن لەسەر سینییەکی زێرین خستە بەردەستیان!.

# بیرکردنەوە و مەترسییەکانی رۆشنبیران

کاتێک رۆشنبیری تاکەکان لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی قووڵ وهەوڵی بەردەوام بۆ نوێگردنەوەی زانیاریەکان دانەمەزرابێت ونەتوانێت پرسیاری نویَ بەرهەم بهێنێت، ئەو جۆرە رۆشنبیرو رۆشنبیرییە مەترسیەکی ئێجگار گەورە بۆ سەر کۆمەڵگە دروست دەکات وبەلاڕێی دا دەبات، لەبەرئەوەی ئەو کاتە بابەتێکی مەترسیدارتر شوێنی ئەو فێربوونە راستەقینەیە دەگرێتەوە، کە دەرئەنجامی هەوڵ وماندوو بوون وشەونخونی وگەڕانە بەدوای زانیارییەکان، ئەویش بابەتی رازی بوونە بە فێربوونێکی روکەشانە، یاخود ئەگەر بتوانین ناوی بنێین فێربوونێکی ساختە، هەر رۆشنبیری وزانیارییەک لەسەر ئەو بنەمایە بەرهەم هاتبێت، هەرگیز نابێتە بنەمایەکی لەبار بۆ دروستکردنی یەکەیەکی نوێی هزری، کە بتوانێت لە ئەرک وبەرپرسیارییەتی قۆناغەکەی خۆی تێبگات ورووبەڕوو ئەو ئالنگارییانە بێتەوە، کە شالاوی بۆ دێنن، مەترسیدارترین دیاردە لەو پرۆسەیە دەکەوێتەوە، دیاردەی لاساییکردنەوەیە! لاساییکردنەوە نەک وەک پێشکەوتن هەژمار ناکرێت، بگرە گەورەترین کۆسپیش لەبەردەم پێشکەوتنەکاندا دروست دەکات، کاتیک گەلێک، یاخود کۆمەڵگەیەک بەتەواوی دەکەوێتە ژێر کاریگەری لاساییکردنەوەو ئالوودەی دەبێت، ئەو کۆمەڵگەیە توانای بیرکردنەوە وداهێنان لەدەست دەدات ولەلایەکی تر هیچ بایەخێک بۆ کەلتوورو بەها نەتەوەییەکانی خۆی دانانێت و دەکەوێتە سەر تووڵەرێی خۆ بزرکردن ونبوونەوە، بە واتایەکی تر توانای پشت بەخۆ بەستن لەدەست دەدات وهەمیشە لەسەر بەرهەمی خەڵکانی تر کاوێژ دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا لاسایکردنەوەیە لە خاڵە ئەرێنییەکان، وەک لاسایکردنەوەی گەلێک لە کارکردن بۆ داهێنان ودروستکردنی رکابەری و هەوڵدان بۆ پێشکەوتن وشوێنگرتنەوەی گەلانی تر، ئەو لاسایکردنەوەیە جیاوازە لەو لاسایکردنەوە کوێرانەی

له کۆمەڵگە دواکەوتوەکاندا ئەنجام دەدرێت، کاتێک تۆ بەرهەمی شارستانیەتێک وەردەگریت ووەک ئەوان بەکاریدەهێنیتەوە، واتای ئەوەیە تۆ هیچ ئەرکێکی خۆت نەخستە سەر پڕۆسەی ئەو بەرهەمهێنانە، ئەم هەنگاوە زۆر جیاوازە لەوەی کەرەستەی شارستانییەتێک وەربگریت وبەگوێرەی پیویستییەکانی خۆت بەکاریبهێنیت، ئەوەی یەکەم لەرێلادان ولەدەستدانی مۆرکی نەتەوایەتی دروست دەکات، هی دووەمیش جۆرێک لە جۆرەکانی داهێنان بەرهەم دەهێنێت وتوانای کۆمەڵگە بۆ بەرەنگاربوونەوە بەهێزتر دەکات، هاوکات دەتوانرێت بکرێتە بنەمایەک بۆ هەنگاوی گەورەترو داهێنانی گەورەتر، چونکە شارستانیەتەکانی مرۆڤایەتی هەمیشە شت لەیەکتر وەردەگرن وگۆڕانکاری بەسەردادێنن وبەگوێرەی سەردەمەکانی خۆیان شیکردنەوەی بۆ دەکەن وبەکاردیدەهێنن، ئەمە لە بابەتە سەرەکی وسەرەتاییەکانی فەلسەفەی مێژووە! هەر ئەوەشە هەندێک لە هزرمەندانی گەیاندۆتە ئەو رایەی، کەشارستانیەتی مرۆڤایەتی یەک شارستانیەتی گشتگیرەو ئەو شارسستانیەتانەی، کە ناوزەد دەکرێن وهەوڵدەدرێت مۆرکی نەتەوەیەک یاخود ئاینێکیان پیوەبلکێنرێت، لەراستیدا ئەوانە لقێکن لە شارستانیەتێکی گەورەتر، کە شارستانیەتی کۆی مرۆڤایەتییە، واتە پێشکەوتنەکانی کۆی مرۆڤایەتی وەک یەک شارستانیەتی کۆگیر لە قەڵەم دەدەن.

ئەو لاسایکردنەوەی زۆرینەی بەناو رۆشنبیری کوردی خدوویان پێوە گرتووە، ئەو لاسایکردنەوە کوێرانەیە، کە بنەمایە لەسەر تەوەزەلی وکارنەکردن، دەستپانکردنەوەیە وەکو سواڵکەرێک بۆئەوەی بەرهەمی کەسانی تر بخۆی وئامانەدەبی خۆت کەمترین شتی راستەقینەو رەسەن بەرهەمبێنی، نەک هەر ئەوەندە بگرە شەڕی هەموو توانایەکی تر بکەیت، کە بەدوای هەوڵدان بۆ بەرهەمێنان، یاخود بەلایەنی کەم بۆ زیادەکردنێک لەسەر بەرهەمەکانی خەڵکانی تر بدات، ئەو بەرخۆرییە مەترسیدارەی لەو شێوازە بیرکردنەوەو رەفتارە دەکەوێتەوە، سەرەتایەکی ترسناکە بۆ نەمان ولەناوچوونی کۆمەڵگە، دارمان هەڵوەشانەوەی هەموو نەتەوەکان، هەموو

کۆمەڵگەکان، هەموو شارستانیەتەکان لەو خاڵەوە دەست پێدەکات، چونکە خاڵی سەرەکی بۆ دامەزراندن وبەردەوام بوونی هەموو شارستانیەتێک کارکردن وداهێنانە، بەمەش جیاوازی لەنێوان ئەو کۆمەڵگانە بەدیار دەکەوێت، کە بەردەوام کاردەکەن ولەپێشەنگدان، لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەی هەر خەریکی حازر خۆرین، تاک لە کۆمەڵگەکانی یەکەم دا رۆژ بەرۆژ توانای بیرکردنەوەی زیاتر گەشەدەکات وبەردەوام دەبێت، لە کۆمەڵگەکانی بەشی دووەمیشدا، رۆژ بە رۆژ توانای بیرکردنەوە لەدەست دەدات و نەک هەر داهێنان ناکەن، بەڵکو ناتوانن بەشێوەیەکی تەندروست لە بەرهەمی پێشکەوتووی گەلانی تر تێبگەن ومامەڵەی لەگەڵدا بکەن!.

هەر کاتێک مرۆڤ توانای بیرکردنەوەی نەما، نەک هەردەکەوێتە دواوە، بەڵکو لەلایەن کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانەوە وەکو شمەک وکەلوپەلێکی بازرگانی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، واتە بە هەمان شێوەی سەردەمی کۆیلایەتی، چۆن کۆیلەکان لەپاڵ ئاژەکانی ترەوە، وەک مەڕو مانگاو چارەوی و...هتد هەژمار دەکران، بەهەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ  کۆیلەکان دەکراو وەکو سەر مەڕەکان، یا سەر مانگاکان حسێبیان بۆ دەکراو بەیەکەوە سامان وسەرچاوەی دارایی ئەریستۆکرات وخاوەن کۆیلەکانیان پێکدەهێنا. لەمێژووی زۆر لەوڵاتان نمونەی زۆر زەق لەمبارەیەوە هەیە، بەڵام رەنگ بێت مێژووی ئیمپراتۆریای رۆمانی لێرەدا باشترین نمونە بێت بۆ شیکردنەوەی ئەو راستیانەی باسی دەکەین، کە لەرووی یاسایشەوە وەکو کەسایەتی حسێبیان بۆ نەدەکردن ولەدووتوێی کالاو شمەکەکانیان دادەنا.

ئەمە ئەوەمان بۆ روونەدەکاتەوە، کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەو مرۆڤانەی کاردەکەن وبیردەکەنەوە لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی کارناکەن وبیرناکەنەوە، بیرکردنەوە پرۆسەیەکە لەگەڵ کارکردندا بە تەواوی بەیەکەوە بەستراوەتەوە، کاتێک تۆ کارناکەی واتای ئەوەیە تۆ ناتوانی بیرکردنەوەی خۆت پێشبخەی، تەنیا لەو چوارچێوەیەدا نەبێت، کە هەموو بوونەوەرەکانی تر پێویستییە فیزیەکانی خۆیانی بەهۆیەوە پەیدا دەکەن، واتە بیرکردنەوە خۆرسکەکە، کە تەنیا غەریزەکان

دەیجوولێنن! کاتێک دەڵێن مرۆڤ بونەوەرێکی مەدەنییە، ئەمە بەشێک لەراستییەکانی تیادا دایە، لەبەرئەوەی، ئەوەی مرۆڤ لەبوونەوەرەکانی تر جیادەکاتەوە مەدەنی بوون،. یاخود ئاخاوتن کردنەکەی نییە، بەڵکو بیرکردنەوەکەیەتی، مرۆڤ ناتوانێت ببێتە بوونەوەرێکی مەدەنی یاخود ئاخاوتنکەر، ئەگەر بێت بەر لەو هەنگاوە هەنگاوێکی تری نەنابێت. کە ئەویش پرۆسەی بیرکردنەوەیە، پێویستیەکان، واتە ئەو شەپۆلانەی لە دەوروبەریەوە دێن وکاریگەری لەسەر هەستی مرۆڤەکان دروست دەکەن، ئەو هەستکردنەیە ناچاریان دەکات وردتر مامەڵە لەگەڵ ئەو دەوروبەرەیاندا بکەن وبیربکەنەوە، کاتێکیش بیردەکەنەوە، گۆڕانکارییەکانی تر بەدوای یەکدا دێن وکارو کارلەیەکترکردنێک لەنێوان بیرکردنەوە وکارکردنەوە دێتە ئارا، کە تۆوی سەرەکی هەموو پێشکەوتنێک وهەوڵێکە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو، یاخود بۆ دامەزراندنی شارستانییەت! جا کەتۆ لەماڵەکەی خۆتدا راکشابیت وئامادە نەبێت کتێبێک بە تەواوی بخوێنییەوە وحەزیش بکەیت ببیە پرۆفیسۆر ولافی رۆشنبیر بوون وئەکادیمی بوون لێبدەی، ئەو کاتە تەیرێکی هێندە ماقووڵت لێدەردەچێت، کە جگە لەخۆت کەس متمانەی پێت نابێت ولەزیان زیاتر هیچت ترت بۆ ولات ودەوروبەرەکەت نابێت، هەر لەدۆخەشدایە کۆمەڵگە دەبێتە شوێنی تەراتێنی بیرو ئایدیۆلۆژییە جیاوازەکان وهەرکەسەی بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی ئەو کۆمەڵگەیە، یاخود ئەو نەتەوەیە بەکاردەهێنێت وسوودی لێوەردەگرێت، ئەمەش یەک راستەقینەی تاڵی بۆ بەیان دەکات، کە بەداخەوە توانای تێگەیشتنیشی لە دەستدەدات، ئەو راستەقینەش ئەوەیە ئەو نەک بە تەنیا کەسایەتی خۆی، وەک کەسایەتی کۆمەڵگەیی لە دەست دەدات، بەڵکو بوونی خۆی وەک بوونێکی مرۆڤانە و ئازاد لەدەست دەدات ودەکەوێتە دوو توێی قۆناغێکی کۆیلایەتی نوێوە، کە لەژێر چەندین برِو بیانوودا شارداوەتەوە وپەردەپۆش کراوە.

ئەو جۆرە کۆمەڵگەیانە، کە دەبێتە ناوەندێکی گونجاو بۆ شەڕوململانێی ئایدیۆلۆژیای ئەو گەل ونەتەوانەی، کە کاردەکەن وبیردەکەنەوە، تاکەکانی ئەو جۆرە

کۆمەڵگەیانەیە، کە بەئاسانی دەکەونە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکانەوەو بەزۆر شێوازی جیاواز ئەو ئایدیۆلۆژیایانە وەردەگرن وباوەڕی پێدەکەن، تەنانەت زۆرجاران بەبێئەوەی بیریان لێبکاتەوەو تێیان بگات، ژیانی خۆی دەکاتە قوربانیان، ئێستا کوردستان رێک بۆتە ئەو ناوەندەو تاکی کوردیش نەزانانە بۆتە قوربانی ئەو کۆیلایەتییە نوێیەو بەبێئەوەی هەست بکات، خراوەتە ناو کونجی قەفەسێکی گەورەوە و وەکو شمەکێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، نرخی ئەو شمەکەش بەگوێرەی پێویستییەکانی ململانێکان گۆڕانکاری بەسەر دادێت.

لەراستیدا چۆن مۆدەی جل وبەرگ بەگوێرەی قۆناغەکان دەگۆڕێت، مۆدەی ئایدیۆلۆژیاکانیش بەگوێرەی قۆناغەکان دەگۆڕێن ورووخساری ئەو موریدانەش، کە بەدوای ئەو ئایدیۆلۆژیایانە دەکەون، لەگەڵ گۆڕانی ئایدیۆلۆژیاکان گۆڕانی بەسەر دادێت، ئەگەر لەسەر شەقامەکانی کوردستان بگەڕێین، هەر لەشێوازی رۆیشتن ونان خواردن وجل و بەرگ پۆشین و،،،هتد تێدەگەی، کە چۆن تاکەکانی ئەو وڵاتە لەرێگەی ئایدیۆلۆژیاکانەوە، بیرکردنەوەی خۆیان لەدەست داوەو وەکو کۆیلەیەکی نوێ وهاوچەرخ ژیان بەسەر دەبەن، لەبەرئەوەی زۆرینەی ئەوانەی بانگەشەی ئەو ئایدیۆلۆژیا جیاوازنە دەکەن، لێی تێنەگەیشتوون، بۆیە بەشێک کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیای لیبڕاڵ وبەشێک ئایدیۆلۆژیای ئاینی وبەشێکی تر ئایدیۆلۆژیای مارکسی، یاخود چەپگەرایی، لەکۆتایدا هەموو شیان بوونەتە ئەو تەورەی داری نەتەوەکەی خۆیان لەژێرەوە دەبڕنەوە، چونکە ئایدیۆلۆژیا، وەک هەر بەرهەمێکی تر، دەبێت وەک ئامڕاز مامەڵەی لەگەڵ دا بکرێت نەک وەک ئامانج، کاتێک ئایدیۆلۆژیا دەبێتە ئامانج ئەو کاتە هەموو شتێکی دەکرێتە قوربانی وئەو کۆمەڵگەیەش، کە بەو شێوەیە بیردەکاتەوە ومامەڵە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاکان دەکات، دەکەوێتە سەر رێگەی راستەقینەی توانەوەو فەنا بوون!.

مەبەستمان لەو شرۆڤە کردنە ئەوەیە، کە ئەگەر کۆمەڵگەی کوردی بەردەوام بێت لەسەر ئەو رێگەیەی گرتویەتیە بەرو بەم نەزانییە مامەڵە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاکان

بکات، ئەوە دەبێت دڵنیا بێت کەوتۆتە سەر سکەی لەناوچوون وئەگەر فریای خۆی نەکەوێت، ئەوە وەکو زۆربەی ئەو نەتەوانەی لەمێژوودا ناویان دێت، چەند ساڵێکی کەمی تر، ئەویش دەچێتە ناو لاپەڕە تاریکەکانی مێژووەو دەبێتە بابەتێک لەو بابەتانەی بۆ هۆکارەکانی توانەوەو لەناوچوونی میللەتان لە ئایندەدا توێژینەوەی لەسەر دەکرێت.

## بەشی دەیەم
## دابەشکردنەوەی ماڵی خودا

### وێناکردنێکی تر بۆ کۆمەڵگە

مەرج نییە ئایدیۆلۆژیاکان تەنیا کار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەکان بکەن ووەک کۆمەڵێک پارچەی نوێ ولەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی خۆیان دایبتاشنەوە، وەک ئەوەی لە ئایدیۆلۆژیای لیبراڵیدا بینیمان، بەڵکو هەندێکجار ئایدیۆلۆژیاکان هەوڵی بەیەکەوە گرێدانەوە دەدەن وجەخت لەسەر بەشێک لەو کەلتوورانەش دەکەنەوە، کە لە خودی کۆمەڵگەکەدا لەبرەودایەو کاری پێدەکرێت، بەڵام لەو بەیەکەوە گرێدانەوەیەدا هەوڵدەدەن مۆرکێک بەو کۆمەڵگەیە ببەخشن، کە ئادگارە بنەڕەتییەکانی خۆی لەدەست بدات، واتە بچم وروخسارێکی تری نوێی وای لێ دێنێتە بەرهەم، کە هەرگیز لە بچم و روخسارە رەسەنەکەی خۆی نەکات. بە واتایەکی تر بەشێوەیەک گۆڕانکاری تیادا دەکات ودایدەڕێژێتەوە، لەگەڵ ئەو دارشتنەوەیەدا هەموو ئەو تۆوانەی دەیەوێت تیایدا دەیچێنێت ئەو تەیرەی لێبەرهەم دەهێنێت، کە خۆی دەیەوێت!.

بۆ زیاتر شیکردنەوەی ئەو خاڵە، با هەر ئەو ململانێیە وەک نمونە وەربگرین، کە لەکوردستان بەناوی ململانێی نێوان سکیولارەکان، کە پێیان دەڵێن عەلمانیەکان، تەنانەت هەندێک بە ئەتایست ومولحیدیش ناویان دەبەن، (ئەوەش کێشەیەکی تری رۆشنبیرو خوێندەوارانی کوردە لە تێنەگەیشتن وخراپ بەکارهێنانی زاراوەو چەمکەکان!)، کە وەک هەڵگرێکی هزری لیبراڵی خۆیان نیشان دەدەن لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی، واتە ئەو بزووتنەوە سیاسیانەی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی

بەکاردەهێنن بۆئەوەی بگەنە دەسەڵات وبەرژەوەندیەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن، قسەمان لەسەر لیبراڵەکان کرد، کە چۆن کار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی بنەمای خێزان دەکەن، بەرامبەر ئەوەش ئیسلامیەکان وا نیشان دەدەن، کە ئەوان کار لەسەر هێشتنەوە وپاراستنی خێزان دەکەن ودەیانەوێت وا لەخەڵکی کوردستان بگەیەنن، کە ئەوان بەرگریکارو پارێزەری خێزانن، کەچی ئەگەر سەیری روخسارو شێوازی ئەو مرۆڤانە وتەنانەت ئەو خێزانانەش بکەیت، کە کەوتوونەتە بەر شەپۆلی پاراستنی خێزان لەرێگەی ئایدیۆلۆژیای ئاینییەوە، بۆت دەردەکەوێت، کە لەشێوەی مرۆڤ وهەموو خێزانێکی تر دەچن، خێزانی کورد نەبێت، هەر لەجل وبەرگ وستایلی رێکخستنی روخسارەوە، تا دەگاتە شێوازی نانخواردن وجولانەوە وهتد، وا دێتە بەرچاو، کە لەرێگەی ئاینەوە پرۆسەیەکی بەعەرەبکردن زۆر بەگەرمی وبەچڕی بەڕێوە دەچێت، ئەگەر سەیری خێزانێکی موسڵمانی سادەی کوردی بکەی، کە چەند ساڵێک بەر لەئێستا ژیاون، بۆ نمونە دایک وباوک وخێزانی زۆرینەمان، یاخود لەئێستاشدا ئەو خێزانانەی بەخۆڕسکی ماونەتەوە وئاینی ئیسلامیان وەک بیروباوەڕ وەرگرتووە نەک وەک ئایدیۆلۆژیا، بەئاسانی بۆت دەردەکەوێت، کە دوو شتی زۆر جیاوازن ولەهیچ شتێکدا لەیەک ناکەن! چونکە ئاین کاتێک لە بیروباوەڕ (عقيدة) ەوە دەبێتە ئایدیۆلۆژیا بەشێک لە سیما روحییەکانی خۆی لەدەست دەدات ولەروانگەیەکی ماتریالی پوختەوە مامەڵە لەگەڵ ژیان دەکات، واتە بەتەواوی دەکەوێتە ژێر کاریگەری بەرژەوەندییە ماتریالییەکی ژیانی ئێستا وتەنانەت کاتێک باسی ئایندە وقۆناغەکانی دوای ژیانی سەر زەمینیش دەکات، ئەو باسکردنە بە مەبەستێکی سیاسی، نەک ئاینی بەکاردێنێت، کە ئامانج تیایدا ئاسوودەیی روحی ودەروونی بێت وپەیوەندیەکانی مرۆڤ لەگەڵ خواکەیدا بەهێزو پتەوتر بکات، بۆئەوەی باشتر ئەو بابەتە رونبکەینەوە، پێویستە پەنجە بخەینە سەر ئەو خاڵە بنەڕەتییەی، کە راستە ئیسلام لەرووی بیروباوەڕەوە یەکەو باس لەیەک خواو یەک پێغەمبەر دەکات وهەمووان لەدەوری یەک کتێبی پیرۆزدا(قورئان) کۆدەکاتەوە، بەڵام کاتێک ئەو بیروباوەڕە، یاخود ئەو

ئاینە دەچێتە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیاوە، ئەگەر لەرووکەشیشدا ئەو یەکبوونەی خۆی بپارێزێت، ئەوە لەکرۆکەوە بەگوێرەی بەرژەوەندی نەتەوەو گەلان، یاخود بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتداران لەیەکتر هەڵدەوەشێتەوە وکۆمەڵێک ئیسلامی بچووکتر پەیدا دەبێت، کە خۆی لە پەنا ئیسلامە راستەقینەو گەورەکەدا حەشار دەدات، ئەوانە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەن نەک ئاینی ئیسلام، لەو روانگەیەوە ئەگەر سەیری ئیسلامی تورک بکەی زۆر جیاوازە لە ئیسلامی فارس و ئیسلامی عەرەب و ... هتد، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کاتێک ئاین لە بیروباوەڕەوە دەچێتە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیاوە، دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو داب ونەریت وبەهایانەی، یاخود بەلایەنی کەم بەشێک لەو پرەنسیپانەی لە کۆمەڵگەدا لە ئارادان ودەیانەوێت خۆیان لەگەڵ ئیسلام بگونجێنن وئیسلامیش بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان رێکبخەوە وبەرگریش لەو ئیسلامە نوێیە بکەن، کە خۆیان دەیانەوێت!.

لەمبارەیەوە (ئەرنۆڵد تۆینبی) هزرمەندی گەورەی ئینگلیز، لە کتێبەکەیدا (توێژینەوە لەمێژوو) باسی ململانێی نێوان شمشێرو قەڵەم دەکات، رەنگ بێت ئەو نمونەیە لەبار بێت، بۆئەوەی ئەو لێکدانەوەی خۆمانی پێ روونبکەینەوە، لەو ململانێیەدا وەک ئەو ئاماژەی بۆ دەکات، هەمیشە شمشێرەکە سەردەکەوێت، بەڵام پێنووسەکە ئەگەر لەژێرەوەو دۆڕاویش بێت کاریگەری خۆی لەدەست نادات ولەناخەوە کاریگەری لەسەر ئەو شمشێرە دروست دەکات ودەیگۆڕێت، لەئەنجامی کارلەیەکترکردنی شمشێرو پێنووسەکەدا شتێکی نوێ دێتە بەرهەم، کە جیاوازە لە پێنووس و شمشێرەکە بەیەکەوە، واتە شارستانییەتێکی نوێ دروست لە دایک دەبێت، کە جیاوازە لە شارستانی ئەو شمشێرەی دەیویست بەزرۆ خۆی بسەپێنێت وئەو پێنووسەی بەرگری دەکردو دەیویست وەک خۆی بمێنێتەوە! ئیسلام کاتێک هاتە وڵاتی ئێران، کە لەسەرچاوە ئیسلامیەکان دا بە هەڵە بە وڵاتی فارس ناوهێنراوە، تەنیا قورئانێکیان پێبوو لەگەڵ کەلتوورێکی عەرەبی، دیارە قورئانیش لەزۆر بابەتدا

بەشێوەیەکی گشتگیر قسە دەکات وپێویستی بەشرۆڤەو لێکدانەوە هەیە، لەبەرئەوەی لە ئێران شارستانیەتێکی قوولتر و هەبوو لەشارستانیەتی بیابان نشینی عەرەبی، بۆیە لەو راڤەکردنەکان دا، ئیسلام کەوتە ژێر کاریگەری ئەو شارستانیەتە، لەئەنجامی شمشێری عەرەبەکان وپێنووسی ئێرانییەکان شارستانیەتێکی تر لەدایک بوو، کە پێی دەگوترێت شارستانیەتی ئیسلامی، ئەو شارستانیەتە کۆکەرەوەی شمشێرو پێنووسەکە بوو.

## دابەشکردنی ماڵی خودا

ئەو جیاوازییەی لە کەلتوورو داب ونەریت وبەهاکانی گەل و نەتەوە جیاوازەکاندا هەیە، لەپاڵ بەرژەوەندییە ئابووری جیۆستراتیژییەکاندا، وادەکات ئەو ئیسلامە یەکگرتووە، کە لەیەک خواو یەک پێغەمبەرو یەک کتێبی پیرۆزدا (قورئان) یەکدەگرێتەوە، پارچە پارچە بێت و کێشەی گەورە لەنێوان ئەو پارچانە دروست بێت، ئەگەر هەمووان وەک بانگەشەی بۆ دەکەن لەدەوری ئیسلام وەک ئەو بیروباوەڕەی، کە هەیە کۆببنەوە، هیچ کێشەیەک لەنێوان ئەو گەل ونەتەوانەدا نامێنێت، کە موسڵمانن، بەڵام کاتێک بەرژەوەندییە جیاوازەکان دێتە ئارا وهەمووان دەکەونە ململانێ لەسەر گەیشتنە دەسەڵات،، ئەو کاتە راڤەکردن وشیکردنەوەی جیاواز بۆ دەقە ئاینیەکان دەکرێت وهەر کەسەی بەگوێرەی پێویستی وبەرژەوەندییەکانی خۆی لێکیدەداتەوە، هەر بەوەندەش ناوەستێت، بەڵکو کار دەکات بۆئەوەی دیدو بۆچوونەکانی خۆی لەسەرئەوانەی تریش بسەپێنێت، بە واتایەکی وردتر وراشکاوانەتر ئەو کاتە ئاین بەهاکانی خۆی وەک پەیامێکی خوایی لە دەست دەدات ووەک ئامڕازێک، یاخود وەک هێزێکی نەرم (Soft Power) لەململانێیەکاندا بەکاردەهێنرێت، تەنانەت ئەوانەی لەخوا ترسن وبەپاکی وسادەییەوە ئاینەکەیان وەرگرتووە، توانای ئەوە لەدەست دەدەن، کە فریو نەخۆن ولەژێر کاریگەری ئەو ئایدۆلۆژیا ئاینیەدا رەوایی بە زۆر تاوانی گەورە دەدەن، کە ئەگەر کەمێک بیری لێبکەنەوە ولێی وردبنەوە، بۆیان دەردەکەوێت، خودی ئاینەکەی خۆیان ئەو کارە رەتدەکاتەوەو بە تاوانی دەزانێت!.

بەشێکی زۆر لە مێژووی کۆن وچاخە ناوەڕاستەکان مێژووی شەڕی نێوان ئایدیۆلۆژیا ئاینیەکانە، زۆرینەی شەڕەکانی مێژووی بەر لەزاین، شەڕی ئایدیۆلۆژیای ئاینی بوو، لەو شەڕانەدا گۆڕستانەکانیش لە توندو تیژی نەدەپارێزران وویران دەکران، بەمەش تۆڵەیان نەک لەزیندووەکان، بگرە لەمردووەکانیش دەکردەوە، لەبەرئەوەی پێیان وابوو ئەگەر گۆڕستانەکان خاپوور بکەن، ئەوە مردووەکان توانای

زیندوو بوونەوەیان لەو دنیای تر نامێنێت! شەڕی خاچ هەڵگرەکان، کە لەبەشەکانی تردا ئاماژەمان پێکرد، شەڕێک بوو لەرووکەشدا لەپەنای ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی وئایدیۆلۆژیای کریستیانی ئەنجام درا، یەکێکە شەڕە دزێوەکانی مێژوو، ئەوەی لە ئەوروپا پێی دەگوترێت قۆناغی چاکسازی ئاینی، لە راستیدا قۆناغی شەڕو ململانێی نێوان ئایدیۆلۆژیا ئاینەکان بوو، کە لەئەنجامدا بەرامبەر ئەوەی چەند ئاینزایەکی نوێ لەدایک بوو، بە دەیان هەزار مرۆڤ بوونە قوربانی، شەڕەکان دڕندەییەکی بێ وێنەییان تیادا ئەنجام دەدرا وشەڕی قێزەون وخوێناوی بوون، لەراستیدا هیچ شەڕێک نییە قێزەون نەبێت، بەڵام ئەو شەڕانەی لەپەنای ئایدیۆلۆژیای ئاینییەوە دەکرێن زۆر قێزەونترن وتوندوتیژی لە رادەبەریان تیادا ئەنجام دەدرێت، لەبەرئەوەی ئەو شەڕانە قالبێکی دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤ لەخۆوە دەگرێت وبەناوی خواو بەنوێنەرایەتی پێغەمبەرەکانی بەڕێوە دەبردرێن، باوەڕدارە سادەکانیش لەو شەڕانە، دەگەنە ئەو بڕوایەی چەندەی تاوانی گەورە وقێزەونتر زیاتر ئەنجام بدەن، کەئەوان بە قارەمانییەتی وخوا پەرستی لەقەڵەم دەدەن، هێندە زیاتر لە خوا نزیک دەبنەوە ووەک دەڵێن بەهەشت بۆ خۆیان مسۆگەر دەکەن!

یەکێک لەکاریگەرییە ترسناکەکانی ئایدیۆلۆژیای ئاینی، هاوشێوەی هەموو ئایدیۆلۆژیاکانی تر، شاردنەوەی راستەقینەو دروستکردنێکی وەهمێکی هێندە مەترسیدارە، کە تاکەکان جگە لە پێچەوانەی راستیەکان هیچ شتێکی تر نابینن، کێشەی گەورەش لێرەدا ئەوەیە، کە بەناوی راستییەوە مامەڵە لەگەڵ رەفتارە فریوخواردوو وناڕاستەکانی خۆیان دەکەن ونەک هەر بڕوای پێدەکەن، بەڵکو دەیان بڕوبیانوو بۆ خۆیان ودەوروبەریان دەهێننەوە دەیانەوێت ئەوەیان بۆ روونبکەنەوە، کە ئەوان لەلای حەق وراستین وبەرامبەرەکەیان لەرێلادەرو لەئاین دەرچووە، یاخود کافرەو پێویستە لەناو ببرێت! کەواتە ئەوانەی دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو ئایدیۆلۆژیا ئاینیانەوە دووجار فریو دەخۆن، جارێک لەرێگەی ئایدیۆلۆژیاکەوە، جارێکی تر لەلایەن خودی خۆیانەوە، کە بەهەموو شێوەیەک وبەمکوڕی کار لەسەر فریودانی خۆیان دەکەن،

بۆیە هەرگیز ئامادە نابن راستییەکان وەک خۆی ببینن، یا راستتر بڵێین توانای بینینی راستییەکان لە دەست دەدەن، بەم چەشنە ئایدیۆلۆژیای ئاینی دەبێتە ئەو دێوجامە رەنگاورەنگەی ژمارەیەکی لەبن نەهاتووی لەتاوان لە پەنا ئەنجام دەدرێت! لەو هەموو تاوانەش دەقە ئاینیەکان دەکەنە بیانوو، بۆ نمونە سەدام حوسێن یەکێک لە ئایەتەکانی قورئانی کردە ناونیشانی ئەو هەڵمەتە جینۆسایدەی بەرامبەر کوردی پیادە کرد، کە لەمێژووی هاوچەرخدا بە تاوانی ئەنفال ناسراوە، زۆرینەی زۆری وڵاتانی عەرەبی وئیسلامی دەستخۆشیان لەسەدام حوسێن کردو گەلەکانیان یارمەتیان بۆ کۆکردەوە، بۆئەوەی بتوانێت ئەو هەڵمەتە ئاینییە(جیهادە) دژی کوردی کافر بەباشی بەڕێوەبەرێت، سەرباری ئەوەی زۆرینەی کورد وەکو نەتەوە موسڵمانن، ئەمەش بابەتێکی روون وراستییەکی سادەیەو پێویست بە گفتوگۆو سەلماندن ناکات" تەنانەت ئەگەر لەکاتێکی وەکو ئێستاشدا سەرنج بدەیت، بۆ نمونە لەشارێکی وەکو هەولێر هێندەی چەندین وڵاتی عەرەبی و ئیسلامی مزگەوت هەیە، کەچی هێشتا گومان لە موسڵمانبوونی کورد دەکرێت وهەموو هێزە ئیسلامییەکان، بە توندڕەو ونەرم رەوەوە نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی فەرمی ئەو بۆچوونە ناڕاستە بەرامبەر کورد لای ئەو دەوڵەتە ئیسلامیانە راست بکەنەوە، هۆی ئەمەش وەک ئاماژە پێکرا، پەیوەندی بەخودی ئاینەکەوە خۆی نییە، بەڵکو بە ئایدیۆلۆژیا ئاینییەکەوە هەیە، کە کەوتۆتە ناو مەنزومەیەکی هەرێمی وجیهانی وبۆ خزمەتکردنی ئەو مەنزومەیە بەکاردەهێنرێت!.

لە ئێستادا تورکیا لەبەرزەقەی چاوانی جیهان و وڵاتە ئیسلامیەکانەوە، بەچەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لەکورد دەدات، هەموو توانایەکی بەکاردەهێنێت بۆ لەناوبردن وتواندنەوەی ئەو نەتەوەیەو شێلگیرانە کار لەسەر گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان دەکات، دەبینین نەک هیچ دەوڵەتێک لەسەر کوردی موسڵمان بەجواب نایەت بگرە بەشێکی زۆریان، بە هەندێک لەئیسلامییەکانی کوردستانیشەوە، لەژێر کاریگەری ئیسلامی تورکی ولەژێر پەردەی دوژمنداریيەتی پەکەکەی کافردا ! رەوایەتی دەدەنە ئەو رەشەکوژیەو ئەو تاوانە دژ بە ئاین ومرۆڤايەتيەی تورکيا

دەیکات، واتە پارتی کرێکارانی کوردستان، کە زوڵم زۆری تورکیا دروستیکردووە وبەرگری لەمافی گەلێکی بندەست وچەوساوە دەکات، بەهۆی جیاوازی ئایدیۆلۆژیاوە دەکەنە بیانوو بۆئەوەی پاساو بۆ تورکیای داگیرکەرو زۆردار بهێننەوە، لەکاتێکدا وەک مانگی چواردە روونە، کەتورکیا گەمەیەکی فراوانخوازی جیۆستراتیژی دەکات ودەیەوێت ئایدیۆلۆژیای ئاینی وەک ئامڕازێک بۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنێت، ئەگینا هێندەی ئەردۆگان ودەسەڵاتدارەکانی تورکیا دەستیان خستۆتە ناو دەستی ماسۆنییەت ودوژمنانی ئیسلام، تەنانەت ئەو دوژمنانەی، کە دوژمنی سەرسەختی ئاینی ئیسلامیشن، بوێری ئەوەیان نەبووە بەو شێوەیە دەست بخەنە ناو دەستی یەکترو ئەو تاوانە گەورانە بەو بێباکییە ئەنجام بدەن! لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا زۆرینەی موسڵمانەکان، وەک ئاماژەی پێکرا بەبەشێک لە ئیسلامییەکانی کوردیشەوە، وەک رزگاکەر سەیری ئەردۆگان دەکەن وپێیان وایە، دەیەوێت شکۆی دەوڵەتی عوسمانی ئیسلامی زیندوو بکاتەوە، کە بەدەستی کافرەکان لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی رووخاو هەڵوەشایەوە!.

# ماڵ هەبێت، مزگەوت بەتاڵە!

بەکورتی لێرەدا دەمەوێت بڵێم ئاین، کاتێک دەبێتە ئاینئایدیۆلۆژیا مۆرکی داب ونەریت وکەلتووری نەتەوەکان وەردەگرێت، خورد دەبێتەوە ولەژێر چەتری گشتگیری ئاینەکەدا، لەسەر هەمان شێوە، بەڵام بەکەمێک دەستکارییەوە ئاینی تا رادەیەک خۆجێی یاخود نیشتمانی لەدایک دەبێت، بەم چەشنە ئیسلامی تورکی وفارسی وعەرەبی لەدایک دەبێت، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو هەوڵانەیە، کەدەدرێت بۆئەوەی ئاین بخرێتە خزمەتی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانەوە، لە رۆژئاوای ئاسیا بەگشتی ورۆهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی ئەمە بەروونی لە ئاینداری تورک وعەرەب وفارسدا بەدیدەکرێت، کێشەکەی کورد لەوەدایە لەجیاتی ئەوەی ئاین وەک هەر هێزێکی نەرمی تر بخاتە خزمەتی خۆیەوە، کە لەبنەڕەتیشدا هەموو ئاینییەکان وەک بانگەشەی بۆدەکەن بۆ ئەوە هاتوون خزمەتی خەڵک بکەن، دەچن خۆیان دەخەنە خزمەت ئاینەوە، تورکەکان هەرچەند ئایندار بن، بەڵام تورکبوونی خۆیان لەیاد نەکردووە، ئێستا لە تورکیا هەڵوێستی سکیولارو ئایندارو ئەتایست وهەموو ئەوانەی تر، بەرامبەر مەسەلەی کورد زۆر لەیەکتر نزیکە، هەموو حیزبەکانی تورکیا بە ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکانەوە دەیانەوێت کورد لەناو پڕۆسەی سیاسی تورکیا بکەنە دەرەوە، ئەوە تا لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا هیچ حیزبێک ئامادەنییە لەگەڵ هەدەپە بچێتە ناو هاوپەیمانییەکەوە، هەرچەندە ئەو حزبە خۆی وەک حزبێکی نەتەوەیی وکوردی دەرنەخستووە! ئەمە واتای ئەوە نییە، کە تاک وتەرا ولێرەو لەوێ ، ژمارەیەکی زۆر کەم نەبێت پێچەوانەی ئەو بۆچوونە بێت، ئەگینا لە کرۆکدا بەشێوەیەکی گشتی ئەوان بەرژەوەندییە نەتەوەیی ونیشتمانیەکانی خۆیان پێش ئاینداریەکەیان خستووە! ئەگەرچی بەهەموو توانایەکیش هەوڵدەدەن ئەو راستییە بشارنەوە وپێچەوانەکەی نیشان بدەن، ئەو راستییە بۆ عەرەب وفارسەکانیش راستە.

عەرەبەکان، کەئاینی ئیسلام لەناو ئەوان سەری هەڵداوە، بۆ ماوەی زیاتر لە 656 ساڵ، واتە تا رووخانی دەوڵەتی عەباسی بە دەستی مەغۆلەکان، هەموو سەروەت وسامانی مرۆیی وسروشتی هەموو ئەو نەتەوانەیان خستە ژێر دەستی خۆیانەوە، کە بەناوی بڵاوکردنەوەی ئاینەوە داگیریان دەکردن، ئەو کۆگا زێڕەی هۆلاکۆ لەکاتی داگیرکردنی بەغدا دا دەستی بەسەر داگرت، نمونەی لە مێژوودا کەم بووە، زۆر لەو ئیمپراتۆریایانەی رووخان، وەک ئیمپراتۆریای یۆنانی ورۆمانی وفارسی و... هتد، هێندەی ئیمپراتۆریای عەباسی زێڕ وسەروەت وسامانیان نەکەوتە دەستی داگیرکەرەکانیانەوە، ئەمە ئەو راستییەیە، کە زۆربەی مێژوونووسە عەرەبەکان، یاخود ئیسلامییەکان، چاویان لەئاستیدا دەنوقێنن وخۆیانی لێدەدزنەوە! فارسەکانیش بەهەمان شێوە، کاتێک هاتنە ناو ئیسلام، هەوڵیاندا ئیسلام بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بگونجێنن وراڤە بکەن، راستە لە ئیمپراتۆریاکانی سەفەوی و .... دواتر کۆماری ئیسلامی نوێدا، مەسەلەی نەتەوەگەرایی پشتگوێ خراو مەسەلەی تایفەگەرایی هاتە پێشەوە، زۆر لە نەتەوەکانی تری غەیری فارس توانیان بگەنە پلە وپۆستی بەرز، بەڵام کۆی سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتە لە خزمەتی زمان وکەلتووری فارسەکاندا بووەو دایە!، واتە لەپاڵ ئەو هەموو شاردنەوەیەش، ئەگەر بەوردی توێژینەوەی لەسەر بکرێت، بەئاسانی دەردەکەوێت، کە هەموو مەسەلە ئاینی وئاینزاییەکان، واتە تایفیەکان، بەپلەی یەکەم خراوەتە خزمەت بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی فارس، بۆ نمونە تا ئێستا لە ئێران تاکە زمانی فەرمی زمانی فارسیە، بەهیچ شێوەیەک رێگە نەدراوە زمانەکانی تر ببێتە زمانی فەرمی، یاخود بەلایەنی کەمەوە رێگە بدرێت لەپاڵ زمانە فارسییەکەدا، وەک رێزێک بۆ ئەو نەتەوانەی پاڵپشتی ئەو سیستەمە سیاسییە دەکەن، بەلایەنی کەم لەهەندێک کایە بخرێنە کار، بۆ نمونە وەک کایەی پەروەردە تاوەکو تەنیا بتوانن خۆیان بپارێزن ونەتوێنەوە، ئەمە هەمان سیناریۆی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنستیمان دێنێتە بەرچاو، کە بەناوی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریاوە، هەموو تواناکانی ئەو گەل ونەتەوانەی لەچوارچێوەی سۆڤیەتدا دەژیان

خرایە خزمەتی زمان وکەلتوورو بەرژەوەندییە ستراتیژی وجیۆپۆلەتیکییەکانی روسەوە، تەنانەی لەروسیای نوێشدا، وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، بەهۆی گۆڕینی دیمۆگرافیای وڵاتەکانی سۆڤیەت لەسەر بنەمای دابەشکردنەوەی روس ودروستکردنی جالیەی روسی لەو وڵاتانەدا، ئێستاش ئەو مەسەلەیە وەک بۆمبێکی ئامادەکراو بەکاردەهێنرێت لەپێناو فراوانخوازییە جیۆپۆلەتییەکاندا، لەشەڕی ئۆکرانیا، ئەو دیمەنە بەئاسانی بەدی دەکرێت ودیارە لەناوچەی باڵکانیش هەمان بۆمب دانراوەتەوە، کاتێک دەبینین ئاڕاستە فراوانخوازییەکانی روسیا بەرەو ئەو ناوچە هەڵدەکشێت.

ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەوەی، کەهەموو ئەو گەل ونەتەوانە ئایدیۆلۆژیاکان بەشێوەیەکی گشتی دەخەنە خزمەتی ستراتیژییە نەتەوەییەکانی خۆیانەوە، لەپاڵ ئەوەشدا خۆیان وەکو گەبێکی موسڵمان و ئایندار و وابەستە بە ئاینەوە نیشانی خەڵک دەدەن، کەچی گەلێکی ستەمدیدەی وەکو کورد هەموو تواناو نەک بەرژەوەندییەکانی خۆی بگرە مانەوەو چارەنووسی خۆی دەخاتە خزمەت ئەو ئایدیۆلۆژیایانەوە! باشە ئەگەر مۆدێلی ئیسلامێکی تورکی وفارسی وعەرەبی هەبێت، چی دەبێت ئەگەر کورد هەوڵبدات، ئیسلامێکی کوردیش لەتەک ئەواندا هەبێت و لەرووی ئاینییەوە چ زیانێکی دەبێت!؟ ئەگەر ئاینەکان خۆیان لە بنەڕەتدا بۆ خزمەنی مرۆڤەکان هاتبن؟ نازانم خراپی ئەوە لەچیدایە ئەگەر ئێمە هەوڵبدەین وەکو نەتەوەکانی دەوروبەر ئیسلامێک، کریستانێک، جوولەکەیەکی تایبەت بەخۆمان هەبێت؟! بۆچی دەبێت ئایدیۆلۆژیایەکی مارکسی لەو سەری دنیاوە بێت کورد هەموو تواناکانی خۆیان بخاتە خزمەتییەوەو بەرامبەر ئەمەش هەموو بەرژەوەندییەکانی خۆی فەرامۆش بکات!؟ بەکورتی ئەگەر دۆخەکە بەو شێوەیە بێت بۆچی ئیسلامێکی کوردیش نەبێت؟ بەلایەنی کەم بۆئەوەی بتوانێت بەرژەوەندییەکانی کورد وەکو نەتەوەیەک بپارێزێت وئامرازێکیش بێت بۆ مانەوە وپاراستنی خۆی لەدەست کوشت وکوشتارەکانی برا موسڵمانەکانی تریدا، باشە بۆچی دەبێت هەوڵبدرێت مۆدێلی تورکی بۆ ئیسلام وەربگیرێت وهەوڵنەدرێت،

مۆدێلێکی کوردی، کە باپیرانمان کاریان لەسەر دەکرد بۆ ئیسلام دروست بکرێتەوە، جل وبەرگی رەسەنی کوردی وەک خۆیان دەڵێن چ شتێکی ناشەرعی تێدایە، تاوەکو ئافرەتانی ئێمە فێر بکرێن، کە سەرپۆشەکانیان لەسەر شێوازی تورکی بپۆشن؟! یاخود لەسەر شێوەی کەنداو وسعودیە جل بپۆشن؟ ئایا ئەمە پێچەوانەی بانگەشەی زیندوو کردنەوەی مزگەوت وبەرهەمهێنانی شاعیرانی هاوشێوەی نالی و مەحوی و .... هتد نیە!؟ ئەگەر بڕیار وابێت ئیسلام یەک بێت، بۆچی حیزبە ئیسلامییەکان بەسەر چەند دەوڵەتێک دابەش بووین؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە ئایدیۆلۆژیا، بە ئایدیۆلۆیا ئاینییەکەشەوە تەنیا رۆلی هێزێکی نەرم وروکەشانە دەبینێت، لە گەمە ستراتیژییەکاندا، بۆیە چۆن حیزبە بەناو سیکیولارەکانی کوردستان بەسەر زۆنی سەوزو زەرد دابەش بووین، حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستانیش بەسەر هەمان زۆن دابەش بووین، ئەوانیش لەژێر ناوی چاکسازی و مافی خەڵک و ... هتد، بەشێکیان لەگەڵ پارتین وبەشەکەی تریش لەگەڵ یەکێتین، ئەو دوو هێزەش لە بنەڕەتدا بەسەر دوو بلۆک وهاوپەیمانی جیاوازاد دابەش بووین، هەرچەندە لە رووکەشدا وانیشان دەدەن ئەوە جۆرێکە لە سیاسەتکردن، بەڵام لە راستەقینەدا ئەمە دابەشبوونێکی ستراتیژییەو رەگی لە رەهەندە جیۆستراتیژییە هەرێمی وجیهانییەکەدا رۆچووە.

کەواتە هەر ئایدیۆلۆژیای لیبڕاڵی نییە بەشێوەیەک لەشێوەکان مەترسی بۆ سەر تاک وکۆمەڵگەی کوردی دروست کردووە، شان بەشانی ئەو، واتە لەپاڵ مەترسییەکانی ئایدیۆلۆژیای لیبڕاڵی، ئایدیۆلۆژیای ئاینیش، وردتریش ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیش مەترسییەکی گەورەی بۆ سەر تاکی کوردی وکۆمەڵگەی کوردی دروست کردووە، کە ئیسلام لەکاتی هاتنییەوە بەو شێوە مەترسیدارە دژی کورد بەکارنەهێنراوە، سەرەتا هێزەکانی ئیسلام هەوڵیان دەدا کورد رازی بکەن، بەکێک یاخود بە قامچی بۆئەوەی ئیسلام وەربگرێت، کەچی ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکرێت، تاکێکی کوردی لەروانگەی ئایدیۆلۆژیایەکی ئیسلامی دیاریکراوەوە، خۆی پێناسە

بکاتەوە، کە هەر شێوازێک لەو شێوازە بەکارهێنانە، هێزێکی هەرێمی، یاخود جیهانی لەپشتەو دەیەوێت لە پەنای ئەو ئایدیۆلۆژییەوە ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆی بێنێتە دی!. راستە زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردی لەرووی ئاینیەوە موسڵمانە، بەڵام ئەو ململانێیەی بەناوی ئایدیۆلۆژیای ئاینیەوە بەرامبەر ئایدیۆلۆژیای لیبڕاڵی لە کوردستاندا دەگوزەرێت، لە ئاین، وەکو کۆمەڵێک پڕەنسیپ وبڕوابوونەوە دوورە ولەروانگەیەکی سیاسی وستراتیژیەوە، وەک هێزێکی نەرم بەکاردەهێنرێت، بۆ دارِشتنەوەی ناوچەکە لەسەر بنەمایەکی ئاینزایی، واتە تایفی، ئەو ململانێیەی بەناوی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامییەوە لەگەڵ لیبڕاڵیزم، لەناوچەکە بەگشتی وکوردستان بە تایبەتی بەڕێوە دەچێت، جگە لە بەکارهێنانی ئاین وەک ئامرازێک لەگەمەیەکی جیهانی گەورەدا زیاتر نییە، واتە دوورو نزیک هیچ پەیوەندییەکی بە ئاین وئاینداریی‌یەوە نییە!.
خەریکە لەپەنای ئەو ململانێیەوەش دیمۆگرافیای هەرێمی کوردستان مۆرکی کورد بوون لەدەست دەدات وسەرکردە سیکیولارەکانیش، نەک ئەو دۆخە نوێیە رەتناکەنەوە بگرە پشتگیریشی دەکەن! لەبەرئەوەی ئەو دۆخە بەپلەی یەکەم خزمەت بە بنەماڵەو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی ئەوان دەکات، لەکاتێکدا ئەوان پشتگیری گەلی خۆیان لەدەستداوە، دەیانەوێت بۆ پارێزگاری لەدەسەڵاتی خۆیان، خەڵکێکی نامۆ وئاوارە بێننە کوردستان، بۆئەوەی بەهەر شێوەیەک بێت بە دەسەڵاتی ئەوان رازی بێت. بۆیە دەبینین لەو خاڵەدا، واتە لەخاڵی گۆڕینی مەسەلەی کوردی لە مەسەلەیەکی نەتەوەیی ونیشتمانییەوە، وەک خۆیان پێناسەی دەکەن، بۆ مەسەلەیەکی تایفی، هەردوو ئاڕاستە بەرژەوەندییەکانیان یەکدەگرێتەوە وئەوەی زیانمەند دەبێت تەنیا کۆمەڵگەی کوردی وخاکی کوردستانە. دەیانەوێت کوردی باشوور، کە زۆرینەیان لەرووی ئاینزاییەوە سوونەن، تێکەڵ بە ململانێی نێوان سوونەو شیعە بکەن ولەو پەنایەشدا دیمۆگرافیای کوردستان بگۆڕن، دیارە هەردوو وڵاتی ئێران وتورکیا بەگەرمی کار لەسەر ئەو لایەنە دەکەن ودەوڵەتانی سوونەی کەنداویش خەزێنەکانی خۆیان بۆ سونەکانی ئێراق کردۆتەوە بۆئەوەی موڵک وماڵ وخانووبەرە لە هەرێمی کوردستان بکڕن، بە

بێئەوەی نە لەلایەن بەناو سکیولارەکانەوە، نە لەلایەن بەناو هێزە ئیسلامییەکانەوە بەکردەیی هەڵوەستیەک وناڕەزایەتییەکی کردەیی دەربارەی ئەو وڵاتە هەڕاجکردنە دەرببڕدرێت!.

## دیزە بە دەرخۆنەکردنی راستییەکان

ئەو راستیە تاڵە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە تاوەکو ئێمە تاکی کوردی لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیا پەروەردە بکەین و لەرێگەی ئایدیۆلۆژیاوە ستراتیژیە نیشتمانی نەتەوەییەکان بخوێنینەوە و خۆمان لە چوارچێوەی ئەو بازنە داخراوە دەرباز بکەین، کەزیاتر لە سەد ساڵە بە سەرلێشێواوییەوە تیایدا دەخولێینەوە. لەمێژووی نوێ وهاوچەرخدا، جێگەی داخە مەسەلەی خاک ونەتەوەیەکی دەیان ملیۆنی، هەمیشە خراپ ولەپێناو سوودو بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکان وهەندێک بنەماڵەی سیاسی کوردی خۆی بەکارهێنراوە، واتە مەسەلەی کورد وەک ئەو مانگایە شیردەرە بووە، کە هەموو لایەک هەوڵی دادۆشینی داوە، کە لەشیردانیش کەوتووە سەریان بڕیوە! بۆیە وەک زۆر جاری تر ئەو راستیەمان دووبارە کردۆتەوەو لێرەشدا دووپاتی دەکەینەوە، تاوەکو ئێستا بەدرێژایی ئەو ماوەیەی، کە مۆدێرنیتە هاتۆتە کوردستان وبایەخی جیۆستراتیژیای کوردستان گۆڕانکاری گەورەی بەسەر داهاتووە، کوردو خاکی کوردستان بۆتە کاڵایەکی بازرگانی وکەم کەس بەخودی کورد خۆشیەوە بەدڵسۆزانە لەخەمی نیشتمان وگەلەکەیدا بووە، ئەو لاپەڕانەی بەناوی مێژووی کورد نووسراونەتەوە، دەبێت سەرلەنوێ پێداچوونەوەیان پیا بکرێت و لە رەگەوە هەڵبووەشێنرێنەوە سەرلەنوێ دابڕێژرێنەوە، ئەگینا تاوەکو کورد لەسەر بنەمای ئەو مێژووە ساختەو ناڕاستەدا رۆڵەکانی خۆی پەروەردە بکات، جگە لەبەرهەمهێنانی کەسایەتیەکی هەلپەرست وشکستخواردوو زیاتر، ناتوانێت هیچ جۆرە کەسایەتییەکی تر بەرهەمبێنێت، وەک دەڵێن ئەوەی لەسەر پووچ بونیاد نرابێت پووچە!. بۆیە کورد بەدرێژایی ئەو ماوەیە، زیاتر بەدەست ئەو کەسانە ناڵاندوویەتی، کە وەک سەرکردە وقارەمانی نیشتمانی نیشاندراون، بەشێکی زۆر گەورەی کێشەی کورد لەو بازرگانە ساختەچی وبێبەهایانەدا بووە، کە بازرگانیان بە میللەتەکەیان وپیرۆزترین بەهاکانی

کردووە، ئەگینا کورد وەکو میللەت، تاکە میللەتێکە، کە بەو پشوو درێژییە، بەردەوام بووبێت لە قوربانیدان و هەمیشەش گیانی ئەو بەردەوامبوونەی تیادا بووە، بەپێچەوانەی ئەوەی ئێستا لەناو شەقامی کوردی وزڕ رۆشنبیرەکان، وەک هەوڵێک بۆ راکردن لە بەرپرسیارییەتی، وەک قەوانێکی سواو بەردەوام لێدەرێتەوە، هەموو تاوانەکان شکشتەکان دەخەنە ئەستۆی کۆمەڵگەی کوردی، لەکاتێکدا ئەو بۆچوونە نەک هیچ راستییەکی تیادا نییە، بەڵکو ناحەقی کردنێکی گەورەیەو هەوڵدانێکی پڕ شەرمەزارییە بۆ دیزە بەدەرخونە کردن وشاردنەوەی راستییەکان، ئەگینا رووی گەشاوەو راستەقینە لە کێشەی کورد کۆمەڵگەی کوردییە، ئەو کۆمەڵگەیەی ئامادەبووە هەموو شتێک پێشکەش بەوڵاتەکەی بکات، سەرباری ئەوەی رەنجی بەخەساردراوە، چەند ساڵ جارێک لاپەڕەیەکی رەشی تر بەسەر ئەو مێژووە دادراوەتەوە وهەموو قوربانیدانەکەیانی لە ئاو کراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ، یەکەمیان خەڵکی کوردستان بەهۆی خۆڕسکی و دوور بوونی لەفڕوفێڵەکانی مۆدێرنێتە، هەمیشە ئاسانتر کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکان وهێشتا رووی راستەقینەی هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی بە تەواوی  بۆ دەرنەکەوتووە، کاتێک سەرەتای هاتنی ئایدیۆلۆژیایەکی تر دەستیپێکردووە، بە واتایەکی تر سەرەتای قۆناغێکی تر لە فریودانی دەستیپێکردووە، هۆی دووەم وبنەڕەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەستەبژێرەی کوردی، کە خۆی لە سیاسەتمەدارو رۆشنبیرو ئەکادیمیستان دەدۆزێتەوە، ئەوانە کێشەی راستەقینەی کوردن، لەبەرئەوەی ئەوانە لەهەموو کەسێک زیاتر میللەتەی خۆیان فریو داوە، یاخود هانی فریوخواردنیان داوە! گەورەترین چارەسەری بۆ کێشەی کورد، تێگەیاندنی تاک وکۆمەڵگەی کوردییە لە سروشتی راستەقینەی ئایدیۆلۆژیاکان، بە تێگەیشتن وچۆنییەتی مامەڵەکردنییەتی لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاکان، چونکە هەر کاتێک توانی ئەو قۆناغە تێپەڕێنێت، ئەو کاتە دەتوانێت بە ئاسانی لەکرۆکی کێشەکەی خۆی تێبگات وئەو کاتەش دۆزینەوەی چارەسەری رەنگ بێت زۆر ئاسانتر بێت لەوەی وەک نیشان دەدرێت!.

لەم نووسینەدا بەروونی کاریگەرییە ترسناکەکانی ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکانمان لەسەر تاکی کورد وکۆمەڵگەی کوردی بۆ روونبووەوە، بەڵام چۆن دەتوانین بەشێوەیەکی تەندروست مامەڵە لەگەڵ ئەو کاریگەرییانە بکەین وریگەی گەشەسەندنی زیاتری لێبگرین، یاخود بەلایەنی کەم رێگەی گەشەسەندنی لێکەم بکەینەوە، بۆئەوەی بتوانین مێژوو بخەینەوە سەر رێچکەی راستەقینەی خۆی، کە هەوڵ وماندوو بوونەکان بخاتە چوارچێوەیەک وبەرەو پێشکەوتن وسەرکەوتن ئاراستەی بکات، واتە کێشەی کورد لەو نەخۆشییە سیزیفیە رزگار بکات، کە هەمیشە لەکاتێکدا بەرەو ترۆپک هەنگاو دەنێت، لەجیاتی ئەوەی بیر لەسەرکەوتن بکاتەوە، بیری لای خڵۆل بوونەوەو کەوتنە خوارەوە بێت، بۆئەوەی لەو دونییەتەو خۆ بەکەم زانینە رزگاری بێت، کە لەرێگەی بەکارهێنانی ئایدیۆلۆژیاکان وەک شەرێکی رۆشنبیری لەناخیدا چێنراوە.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی، کە ئایا ئێمە چۆن دەتوانین ئەو هەنگاوە هەڵێنین باشتر وایە، پرسیارەکە بەشێوەیەکی تر بکەین، ئەویش ئەوەیە ئەگەر ئایدیۆلۆژیا تا ئێستا ئەو کاریگەرە ترسناکەی لەسەر تاک وکۆمەڵگەی کوردی هەبووبێت، ئەی چۆن دەتوانین ئەمە چارەسەر بکەین، لەکاتێکدا لەوە دڵنیا بین، کە بوونی ئایدیۆلۆژیاکان پەیوەستە بە بوونی بیرو بیرکردنەوەی مرۆڤ، واتە تاوەکو مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی بیرکەرەوە بمێنێت وبیربکاتەوە، ئایدیۆلۆژیاکان هەر دەمێنن؟!

وەک ئاماژەی پێکرا ئایدیۆلۆژیاکان، وەک ماشێنێک وان بۆ بەرهەمهێنانی وەهم و دارشتنەوەی راستەقینەکان بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەوێت، بەندە بە ئاوەزو مێشکی مرۆڤەوە، لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی بیرکردنەوە وترسان لەبیرکردنەوە، ئایدیۆلۆژیان لەدایک دەبن ودەخرێنە کار، لەبەرئەوەی بیرکردنەوە چۆن مرۆڤ لەبوونەوەرێکی سروشتیەوە دەگۆڕیت بۆ بوونەوێکی مەدەنی، واتا رێگەی بۆ رۆشن دەکاتەوە، کە شتەکان وەک خۆی ببینێت، ترسان لە بیرکردنەوەش رێک ئەو پرۆسەیە

پێچەوانە دەکاتەوە، لەبەرئەوەی زۆرینەی مرۆڤەکان کاتێک بیر دەکەنەوە، لەچوارچێوەی ئەو زەمەنەدا بیردەکەنەوە، کە تێیان پەڕاندووە، واتە لەچوارچێوەی رابردوو وئەو ئەزموونانە بیر دەکەنەوە، کە بەدەستیان هێناوە، ئەگەر ئەم شێوازە بیرکردنەوە لەلایەک شێوازێک بێت بۆ سوود وەگرتن لە رابردوو، لەلایەکی تردا شێوازێک بووە بۆ مۆنۆپۆلکردنی زەمەنی ئێستا لەلایەن رابردووەوە، جا لەبەرئەوەی مرۆڤ کاتیک بیردەکاتەوە، هەمیشە رووبەڕووی پرسیاری سەخت دەبێتەوە، کە بوون وهەبوونەکەی دەخەنە مەترسییەوە، ترسان لەبیرکردنەوە وا لەمرۆڤ دەکات، هەمیشە لەرێگەی رابردووەوە، ئەو رابردووەی لەرێگەی بیرکردنەوەی و وێناکردنەکانی خۆیەوە و بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێت دایدەڕێژێتەوە، هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە پرۆسەی بیرکردنەوەکەی دەیوروژێنن! مەبەستمان لە دەربڕینی بەو شێوەیەی خۆی دادەڕێژێتەوە، ئەوەیە، کە مرۆڤ رابردوو لە دیگای خۆیەوە، یاخود لەروانگە وەزیفیکەیەوەو بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆیەوە دووبارە دادەڕێژێتەوە، ئەمەش دەرفەتێکی لەبار بۆ بەرهەمهێنانی وەهمەکان دروست دەکات، کە سیاسەتمەدارەکان، یاخود ئەوانەی ئایدیۆلۆژیاکان دەخەنە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە بۆئەوەی سوودی لێوەربگرن و هەمیشە لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بەکارییبێنن!

رەنگ بێت ئەوەی رێگەی بەردەوام بوون گەشەسەندنی وەهمەکانیش خۆش دەکات، ئەوە بێت، کە ئایدیۆلۆژیاکان هەمیشە بناغەی خۆیان لەسەر تیوورە مێژووییەکان، یاخود بەواتایەکی تر هەمیشە لەسەر گریمانە مێژووییەکاندا دادەڕێژنەوە، بۆیە ئەو رابردووە، لەرێگەی ئەو تیوورانەوە ئێستا کۆنترۆڵ دەکات وا لەمرۆڤ دەکات لەچوارچێوەی رابردووەوە، یاخود بەچەمکە کلاسیکیەکەی مێژووەوە بیر لە ئایندە بکاتەوە، ئەمەیە لە بواری فەلسەفەدا پێی دەگوترێت یۆتۆپیای رابردوو، کە زۆرجاران هانی گەلان دەدات، یاخود رێگە بۆ گەلان رۆشن دەکات، کە هەوڵی زیندو کردنەوەی ئەو شتانە بدەن، کە بەگرنگ ودەستکەوتی مێژوویی خۆیانی دەزانن،

دیاره بەرامبەر ئەمەش هەندێکجار مرۆڤ خەونی گەورە بەداهاتووەوەش دەبینێت، وێنەیەکی جوان بۆ داهاتوویەکی گەش دەکێشێت وهەوڵدەدات ئاڕاستەی مێژوو بەرەو ئەو داهاتووە بگۆڕێت، ئەو یۆتۆپیانەی ئاینده هەمیشه لەسەر تێکشکاندنی پۆتۆپیای رابردووەوە گەشەدەکات، لەبەرئەوەی مرۆڤ بۆئەوەی خەونەکانی خۆی جوانتر و ئاوەزمەنداتر نیشان بدات، ئەو کارەی لەسەر بنەمای ناشرین کردن وتێکشکاندنی یۆپۆتپیای رابردوو ئاسانتر بۆ مەیسەر دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا نەتەوە هەیە، یۆپۆپیاکەی رابردووی خۆی بە باشی دەپارێزێت ودوای هەزاران ساڵیش دەتوانێت ئەو یۆتۆپیایە بکاتە راستەقینە، وەک ئەوەی جولەکەکان بە دامەزراندنی ئیسرائیل کردیان وئێستاش لەسەر پڕۆژەکەیان بەردەوامن!. بەکورتی بیرکردنەوەی مرۆڤ لەنێوان دوو یۆتۆپیادا گەمە دەکات، ئایدیۆلۆژیاکان رۆڵێکی گرنگ لە دروستکردنی ئەو یۆتۆپیایانەدا دەبینن، لەکۆتایشدا چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پۆتۆپیایانە، چارەنووسی هەر میللەتێک دیاری دەکات، بەرەو هەڵدێری دەبات، یاخود رێگەی سەرکەوتنی بۆ رۆشن دەکاتەوە، ئەمەش دەوەستێتە سەر چۆنییەتی بەکارهێنان ومامەڵەکردن لەگەڵ ئەو یۆتۆپیایانە. چونکە لەکاتێکدا ئەو یۆتۆپیایانە خۆیان وەک ئامانج نیشان دەدەن، وەکو خودی ئایدیۆلۆژیاکە خۆی، ئامڕازێکن لە پڕۆسەی ستراتیژێکی نیشتمانی گشتگیرو فراوانترەوە، ستراتیژی هەر میللەتێکیش لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیا و یۆپیاکان دا دانامەزرێت، بەڵکو ئەو دوو یەکە هزرییە، دەبن بەئامڕازێک لە دووتویی ستراتیژێک ودەخرێنە گەڕ لەپێناو هێنانەدی ئامانجێکی راستەقینەدا.

# بەشی یازدەهەم

# جیۆستراتیژی، لە پەرتەوازەییەوە بۆ کۆکردنەوە

## ئیدارەدان لەجیاتی خۆبەدەستەوەدان

بوونی ئایدیۆلۆژیاو یۆتۆپیاکان پێداویستییەکی گرنگە لەکایە سیاسی وکۆمەلایەتی وئابوورییەکانی هەموو کۆمەڵگەیەک، بەڵام سەرئەنجامەکەی دەوەستێتە سەر چۆنییەتی تێگەیشتن ومامەڵەکردن لەگەڵ ئەو چەمکانەدا، دەکرێت لەروانگەیەکی ئاینییەوە، مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت وپیرۆز بکرێن، هاوکات دەکرێت لەروانگەیەکی واقعبینانەو وەک کەرەستەیەکی خاو مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، لەدۆخی یەکەمدا دەکرێنە ئامانج، لەو حالەتەدا لەجیاتی سەرکەوتن، کۆمەڵگە بەرەو دواکەوتوویی ونەزانی دەبات، وەک پاردەیەک بەرچاوی دەگرێت ورێگەی نادات راستییەکان وەک خۆی ببینێت. واتە وەک یەکەیەک مامەڵە لەگەڵ بایەخی ئایدیۆلۆژیاکان ناکات، کە بۆ ئامانجێکی گەورەتر بەکاردەهێنرێت، بەڵکو خودی ئایدیۆلۆژیاکە دەکاتە ئامانج و پیرۆزی دەکات، ترسناکی ئایدیۆلۆژیا ئا لێرە و لەو خاڵە دایە، ئەمەیە هۆی سەرەکی ئەوەی ئایدیۆلۆژیاکان دەبنە خێرو بێر وهۆکاری سەرکەوتن وفراوانخوازی بۆ هەندێک گەل و نەتەوە ودەبنە ماڵوێرانیش بۆ بەشێکی تر، لەبەرئەوەی لە دۆخی دووەمدا، ئایدیۆلۆژیاکان وەک ئامرازێک بۆ ئەودیوی ئایدیۆلۆژیاکان بەکاردەهێنرێت، لەو حالەتەشدا بە سادەیی و وەک کەرەستەیەک، کە بەرهەمی ئاوەزی خۆیانەو لەپێناو مەبەست ئامانجێکدا دایانناوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، واتە دەیخەنە چوارچێوەی ستراتیژێکی نیشتمانی ووەکو هەموو یەکەکانی تر، یاخود ئامرازەکانی تری ناو ئەو یەکەیە، بەگوێرەی قۆناغەکان رۆڵ بە ئایدیۆلۆژیاکان دەدەن، دووری

دەخەنەوە یاخود دەیهێننە پێشەوە وبەرزی دەکەنەوە، لە هەمو حالەتەکانیشدا، وەک ئاماژەی پێکرا، ناتوانن دەستبەرداری ئایدیۆلۆیاکان بن، جا هەر ئایدیۆلۆژیایەک بێت، لەقۆناغێکی دیاویکراودا رۆڵێکی بۆ دیار دەکەن و لەروانگەی ئەو رۆڵەدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، واتە وەکو ئامرازێکی تەکتیکی بەکاریدەهێنن و نایکەنە ستراتیژ، بەپێچەوانەی ئەو گەلانەی وەک ستراتیژ مامەڵە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاکان دەکەن ودەیانەوێت ئەو وەهمانە بێننە دی، کە ئایدلۆژیاکان دروستی دەکەن! لێرەدا رووبەڕووی دوو دنیا بینی جیاواز دەبینەوە، دنیابینییەک لەسەر راستەقینە بونیات دەنرێت، دونیابینییەکیش لەسەر وەهمەکان، بێگومان ئەوەی لەسەر وەهم بونیات دەنرێت هیچ ئایندەیەکی نابێت، لەبەرئەوەی ستراتیژی هیچ وڵاتێک لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیا داناڕێژرێت، بەڵکو لەسەر بنەمای راستەقینە جوگرافی وجیۆستراتیژیەکاندا دادەڕێژرێت، ئایدیۆلۆژیا لەروانگەیەکی گشتگیرەوە، جگە لە ئامرازێکی دیاریکراو لە دوو توێی ستراتیژێکی بەرفراوانی نەتەوەیی ونیشتمانیدا، ناتوانێت رۆڵی گەورەتر بگێڕێت، ئەمەش هەرگیز کەمکردنەوە نیە لە بەهای ئایدیۆلۆژیاکان، بەڵکو راستکردنەوەی ئەو روانگە نا تەندروستەیە، کە بۆ ئایدیۆلۆژیاکان وێنا دەکرێت ودەیانەوێت بیکەنە ئەسکووی هەموو قازانێک، لەکاتێکدا تەنیا ئامرازێکە وەک هەموو ئەو ئامرازانەی دەخرێتە چوارچێوەی ستراتیژێکەوە!.

گومانی تیا نیە، کە ئایدیۆلۆژیا ئامرازێکی کاریگەرە، بۆ یەکخستنی ریزی گەل و ئاڕاستەکردنی ئەو گەلە بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو، بەڵام ئەو ئامرازە نییە، کە بتوانیت بە تەنیا سەرکەوتن مسۆگەر بکات، بۆ نمونە ئایدیۆلۆژیا دەتوانێت سەربازێکی قارەمان دروست بکات، کە بەهەموو توانایەکییەوە بەرگری لە وڵاتەکەی خۆی بکات، بەڵام ناتوانێت سەرکەوتن بۆ سەربازە مسۆگەر بکات، ئەوەی سەرکەوتن بۆ ئەو سەربازە قارەمانە مسۆگەر دەکات، تێگەیشتنە لە رەهەندە جیۆستراتیژییەکان، کە ململانییە جیهانییەکانی تیادا دەگوزەرێت، واتا بینینی خودی شوێن و پێگەی خۆیەتی لەنێو دیمەنێکی گەورەتری جهانیدا، ئەگەر لەو دیمەنە گشتگیرە تێنەگات،

هەرگیز ناتوانێت لەو بازنە دەربچێت، کە بۆی کێشراوە، ئەمەش بە بێهەبوونی ستراتیژێکی نیشتمانی گشتگیر، کە لەسەر بنەمای یەکەکی جوگرافی یەکگرتوودا داڕێژرابێت. کارەساتەکە ئا لێرەدایە، دەبێت مرۆڤی رزگاریخواز هیچ چوارچێوەیەک، یاخود هیچ بازنەیەک، یاخود هیچ کۆت وبەندێک هزری نەبەستێتەوە، چونکە لە بنەماوە هزری بەستراوەتەوە، بە واتایەکی تر بە کۆیلە کراوە، جا ئەو کۆیلە کردنە لەرێگەی هێزی رەقەوە بێت یاخود هێزی نەرم، گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ نەتوانێت لە بازنەیەکی بیرکردنەوەی دیاریکراودا دەربچێت وخۆی رزگار بکات، ئەمە یەکێکە لەو دەرهاویشتە مەترسیدارانەی بە ئاشکرا لەو بزووتنەوانە بەدیدەکرێت، کە پێیان دەگوترێت بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد!

ئەگەر بەوردی سەیر بکەین، بەهۆی بوونی مەسەلەیەکی رەواو بوونی زوڵم زۆرێکی لە بن نەهاتوو، کاریگەری ئایدیۆلۆژیاکان لەسەر تاکی کوردی زۆر زیاتر بووە بە بەراوورد بە نەتەوەکانی تر، بەتایبەتیش ئایدیۆلۆژیای چینی باڵادەست، ئەوانە بەسەرکردایەتی بزووتنەوەکان نیشان دراون، ئەگەر بە پێی پۆلینکردنەکەی کارل مانهایم بۆ ئایدیۆلۆژیا لەم بابەتە بکۆڵینەوە، کە ئایدیۆلۆژیا بەسەر ئایدیۆلۆژیای چینی دەسەڵاتدارو چین بن دەست، واتە فەرمانڕەواو بەرفەرمان دابەش دەکات، ئەو کاتە بۆمان دەردەکەوێت، کە فەرمانڕەواکان هەمیشە دەیانەوێت لەرێگەی ئایدیۆلۆژیاکانەوە هەژموون خۆیان بسەپێنن وبەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن، بەپێچەوانە ئەمەش بەرفەرمانەکان هەمیشە هەوڵدەدەن لەرێگە ئایدیۆلۆیاکانی خۆیانەوە دۆخەکە بەشێوەیەک دابڕێژنەوە، کە بتوانن ئەوانیش بەرامبەر هەژموونی فەرمانڕەواکان بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن و بەرگری لەخۆیان بکەن، لێرەدا دەتوانین جیاوازی لە نێوان کۆمەڵگە پێشکەوتوو وخوێندەوارەکان لەگەڵ کۆمەڵگەکانی تر، ئەوانەی پێیان دەگوترێت جیهانی سێیەم دیار بکەین، لەکۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا هەمیشە جۆرێک لە هاوسەنگی لەنێوان ئەو دوو ئایدیۆلۆژیایەدا هەیە، یاخود بەلایەنی کەم هاوسەنگییەکە بەشێوەیەکی وا لاسەنگ نەبووە، کە چینی

بەرفەرمان نەتوانێت بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت وبەرگری لێبکات، بەپێچەوانەی گەلانی دووەم، کە توانای تێگەیشتن وبەرەنگاربوونەوەیان هێندە لاوازە، کە وەک نەبوو هەژمار دەکرێت، بۆیە ئەوانە بەشێوەیەکی نا ئاوەزمەندانە دەکەونە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیای فەرمانڕەواکان وکوێرانە خۆیان بە دەستەوەی دەدەن، هەر بۆیە دەبینین لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا پرۆسەی بەمێگەلکردنی کۆمەڵگە باشتر سەرکەوتن بەدەست دێنێت.

دیارە کۆمەڵگەی کوردی یەکێکە لەو کۆمەڵگانەی دەکەوێتە خانەی جۆری دووەمەوە، لەبەرئەوەی لەلایەک ئاستی خوێندەواری و هووشیاری تاک تاوەکو ئێستاش وەکو پێویست نییە و وەک بەشێک لە ستراتیژیەکانی دوژمنان هەمیشە کار لەسەر ئەوە کراوە، بەنەخوێندەواری وناهووشیاری بمێنێتەوە، دیارە بەرپرسە کوردەکانیش سوودیان لەم خاڵە وەرگرتووە، لەلایەکی تر بوونی زوڵم و چەوسانەوە، وایکردووە کۆمەڵگەی کوردی دەست بۆ هەموو پووشێک بەرێت بۆئەوەی خۆی رزگاربکات، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی لەژێر چەتری خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتیدا هەموو شتێک بکاتە قوربانی بەرژەوەندی چینەکەی یەکەم! لە کوردستاندا ئایدیۆلۆژیا توانیویەتی سەربازو پێشمەرگەو شەڕڤان و گەریلاو جەنگاوەری زۆر قارەمان بێنێتە بەرهەم، لەگەڵ ئەوەشدا سەربازی ئەو قوربانیدانە گەورەی ئەو جەنگاوەرە قارەمانانە پێشکەش بەگەل ونیشتمانەکەیان کردووە، کە لەدونیادا وێنەی کەمە، نەییانتوانیوە سەرکەون، لەبەرئەوەی ئەوان لەبنەڕەتدا لەچوارچێوەیەک و بەئاڕاستەیەکدا کاریان پێکراوە، واتە بەکارهێنراون، کە لەخودی ئامانجە راستەقینەکان دوور بووە، یاخود جۆرە ناتێگەیشتنێک هەبووە لە ئامانجەکە راستەقینەکان، لەهەموو راپەڕین وبزووتنەوە چەکدارییەکانی کوردیدا ئەمە بە روونی بەدیاردەکەوێت، چ لەو شەڕانەی لەگەڵ دوژمناندا کراوە، یاخود لەو شەڕانەی بەشەڕی ناوەخۆ، یاخود شەڕی براکوژی دەناسرێت روویداوە، لەهەردوو جۆرە شەڕیشدا جەنگاوەران شەڕی قارەمانەنەیان کردووە، تەنانەت دەتوانین بڵێین قارەمانییەتی بێوێنەیان نواندووە، بۆ

نمونه لەشەڕی بەرگرییکردن لە عەفرین، کۆمەڵێک گەنجی لەخۆبوردە بەگژ دنیادا چوونەوە، بەگژ ڕێکەوتنی ناتۆو ئەمریکاو روسیا داچوونەوە، کە گڵۆپی سەوزیان بۆ تورکەکان دایساند بۆئەوەی عەفرین داگیر بکات، سەرباری کەمی چەک وتفاق ونەبوونی خاڵیکی بەراوردکاری لەنێوان ئەو دووهێزە، توانیان بۆ ماوەی زیاتر لە 58 رۆژ بەرگری لەشارەکەیان بکەن، تەنانەت ئەو بەرگرییە بێوێنە وای لەسەرۆکی ئەمریکا کرد، کە لەرووکەشدا وەک خەمخۆر و هاوپەیمانی کورد نیشان دەدا، بەناڕاستەوخۆ داوا لەتورکیا بکات، مەسەلەی عەفرین زوو بەکۆتا بێنێت، واتە دەست و برد بکات لەداگیرکردنی ئەو شارە، بۆئەوەی ئەو بەرەنگارییە دلێرانەیە کاریگەری نەرێنیانە لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دروست نەکات.

سەرباری ئەو قارەمانییەتە، شەڕڤانان نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەستبێنن و لەدواجاردا بەناچاری لەشارەکە کشانەوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی لەبنەڕەتدا مەسەلەی عەفرین مەسەلەیەکی جیۆستراتیژی گرنگ بوو و پەیوەندی بەدابەشکردنەوە، یاخود گۆڕینی جیۆپۆلەتیکی هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەبوو، دەروازەیەکی تری لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست دەکردەوە، کە کاریگەرییەکی نەرێنیانەی لەسەر داڕشتنەی نەخشەی سیاسی ناوچەکەدا دەبوو، کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانبییەوە داڕێژرابوو و دەبووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی کۆی سیستەمی نێودەوڵەتی!. ئەو راستییە بۆ بزووتنەوە چەکدارییەکانی تری کوردیش لەمێژووی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم وسەرەتای سەدەی بیستەمەوە راستە، بۆنمونە لە ماوەی شەڕی یەکەمی سارددا، کوردستان، بەتایبەتی باشووری کوردستان بووە گۆڕەپانی شەڕێکی خوێناوی، بەهۆی هەوڵەکانی هەردوو بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا لە ناوچەکەدا، کۆتاییەکەی بە کیمیابارانکردن و خاپوورکردنی هەزاران گوندو لادێی کوردی بەکۆتا هات، هەرکاتێک ئەو دوو هێزە لەسەر بەرژەوەندییەکانیان رێکدەکەوتن، مەسەلەی کوردیان لە سویچی سەرەکییەوە دەکوژاندەوە. نەتەوە و جەنگاوەرە کوردەکانیان دەدایە دەست دەسەڵاتە

مەرکەزییەکان، واتە ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەر دابەش کرابوو، بۆئەوەی رووبەڕووی قەدەر وچارەنووسی خۆیانیان بکەنەوە!.

ئەگینا لە هەموو بەشەکانی کوردستاتدا مەسەلەی کورد هەر یەک مەسەلە بوو، لەباکوور و رۆژهەلات و رۆژئاوای کوردستان، لەجیاتی ئەوەی یارمەتی کورد بدەن، یارمەتی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانیان دەدا بۆئەوەی بەئاگرو ئاسن بەربنە گیانی کوردو سەرکوتی بکەن، لەهەمان کاتدا لەباشووری کوردستان، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چەک وتفاقی شەڕیان دەدایە دەست کورد وشەڕیان پێدەکرد، تەنیا ئەو چەک وتفاقانەشیان پێدەدان، کەبتوانن ئەو شەڕانەی پێبکەن، کە ئەوان خۆیان دەیانویست! نەک شەڕێک بتوانێت کاریگەری لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی میللەتی کورد هەبێت و ئەو ئامانجانە بێنێتە دی، کە ئەو نەتەوە ستەمدیدەیە خەونی پێوە دەبینی، شەڕی ئەیلوول چواردە ساڵانی خایاند، کەچی گۆڕەپانی شەڕەکان هەرلەدوورەوەو لەناو چیا سەختەکانی کوردستان دابوو، بەدرێژایی چواردە ساڵ نەتوانرا شارێک رزگار بکرێت ووەک پایتەختێک بۆ کاری دیپلۆماسی وحکومەتداری بەکاربهێنرێت، ئەمەش لەبەرئەوە بوو ئەو چەکانە نەدەدرایە دەست کورد، کە بتوانێت شارەکانی رزگار بکات و لەکاتی هێرشی تانک وزرێپۆشەکاندا بەرگری لەو شارانە بکات، ئەم کارە لەلایەکی تریشەوە کاریگەرییەکی نەرێنیانەی لەسەر ئیدارەدانی کوردیەوە هەبوو رێگەی نەدا ئیدارەیەک دابمەزرێت، کەلەسەر بنەمایەکی دامودەزگایی کاربکات وخەڵکی کوردستان ئەزموونی حوکمداری پەیدا بکات، هەرکاتێک هاوسەنگییەکان گۆڕان وئەو فشارانەی لەسەر حکومەتی ئێراقیان کرد هاتە بەرهەم، کوردیان گورگان خواردوو کرد وەک کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکای ئەو کاتە راشکاوانە رایگەیاند، کە ئەمریکا وڵاتێکەو ستراتیژی خۆی هەیە ودەزگایەکی خێرخوازی نییە! کەواتە ئایا هۆکاری ئەمە بۆ جەنگاوەرەکان دەگەڕێتەوە، کە لەسەر بنەمایەکی نیشتمانی ونەتەوەییەوە گۆشکرابوون یاخود بۆ گەمە جیۆستراتیژییەکە، زۆربەمان دەزانین، سەرباری ئەو پاشاگەردانی

وبێسەروبەرییەی لەناو ئەو بزووتنەوەیەدا هەبوو، هێشتا هەزاران پێشمەرگە ئامادەبوون گیانی خۆیان لەپێناو وڵاتەکەیاندا بەخت بکەن وچەک وتفاقی پێویستیش مابوو بۆئەوەی بتوانن ماوەیەکی زۆرتر بەرگری بکەن، کەچی کاتێک گەمە هەرێمی وجیهانییەکە بەکۆتا هات، چرای بەختی کوردیش کوژایەوە ولەماوەی چەند هەفتەیەکی کەمدا بەری رەنجی 14 ساڵ لە قوربانیدان خۆبەختکردن، وەک سلێمانییەکان دەڵێن لەئاوا کرا! بۆیە وەک لەزۆر شوێنی تر لەنووسینەکانماندا ئاماژەمان پێکردووە، ئەو بزووتنەوانە جگە لەزیان هیچ سوودێکیان بۆ کورد نەبووەو ئەو کارەساتانەی بەسەر کوردیان هێناوەو زۆر کەمتر نەبووە لەوەی داگیرکەرانی کوردستان بەسەر ئەو میللەتە ستەمدیدەیان هێناوە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو بزووتنەوانە لە بنەڕەتدا ستراتیژێکی تایبەت بەخۆیان نەبووە ولەچوارچێوەی ستراتیژێکی گەورەتری هەرێمی وجیهانیدا خراونەتە کارو بەکارهێنراون، کۆمەڵێک کەسانی بەرژەوەندیخوازو خۆپەرست، بەناوی سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی کوردەوە ئەو دەرفەتەیان قۆستۆتەوە، سوودیان لەو بزووتنەوانە وەرگرتووەو وەک کالایەکی بازرگانی بەکاریان هێناوە!.

# شاردنەوەی بایەخی تەختەکە

ئەم قەیرانە گەورەیەی تاکی کوردی دووچاری هاتووە، یەکێک لە بنەماکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم درکپێنەکردن وخولانەوە  لە ناو ئەو بازنە داخراوەدا، کە تاوەکو ئێستا کلیلەکە نەدۆزراوەتەوە نەتوانراوە وەکو پێوست هۆکارەکانی ئەو دۆخە تێیکەوتووە شرۆڤە بکات، نزیکەی یەک سەدەیە، واتا دوای دابەشکردنی کوردستان، دەڵێم دابەشکردن، ناڵێم پارچە کردن، چونکە کوردستان لەرووی جوگرافی وجیۆپۆلەتیکیەوە پارچە ناکرێت ویەک تەختایی جیوستراتیژی بایەخداری هەیە، بەڵام لەلایەنی سیاسی ویاساییەوە دابەشکراوە، لەنێوان ئەو پارچەکردن ودابەشکردنەدا پاردۆکسێکی وا خولقێنراوە، کە سەرلەنوێ هەموو کایەکانی کۆمەڵگەی کوردی پێناسە کردۆتەوە و تاکی کوردی دووچاری نامۆبوون کردووەو لە ناخەوە هەڵیتەکاندووە، ئەوانەی بەناوی کوردایەتی وخەباتی نەتەوەیشەوە کاریان کردووە، ئەو پارادۆکسەیان زیاتر زەق کردۆتەوە و وەک بنەمایەک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بەکاریانهێناوە!.

کاتێک باس لە کوردستانی ئێران وئێراق وتورکیا و... هتد دوایی دەکەیت، واتای ئەوە دەگەیەنێت تۆ لەرووی دەروونی پەروەدەییەوە تاکەکانت وا گۆش دەکەیت، کە کوردستان لەرووی جوگرافیشەوە پارچە کراوە، ئەمە مەترسیەکی ئێجگار گەورە لەسەر بایەخی جیۆستراتیژی کوردستان دروست دەکات ودەبێتە هۆی ونبوونی قوڵایی ستراتیژی نەتەوەیەک، ئەمە ئامانجی یەکەمی داگیرکەرانی کوردستانە، کە دەیانەوێت بە هەموو شێوەیەک کوردستان لەو بایەخە داماڵن، یاخود ئەو بایەخە بشارنەوە، کە ئەو وڵاتە لەسەر گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتی وجیهانیدا هەیەتی،  بە سەدان وبگرە بەهەزاران کتێب لەسەر بایەخی جیۆپۆلەتیکی تورکیا وئێران وئێراق وسوریا نووسراوە، کەچی بە چاک وبەخراپ ئاماژە بە پێگەی

جوگرافیای کوردستان نەکراوە، ئەمەش هەوڵێکە بۆ شاردنەوەی بایەخی جیۆستراتیژی کوردستان لە دوو تویی جیۆپۆلەتیکی ئەو دەوڵەتانەدا، هیچ نووسەرێک، بەداخەوە بە نووسەرانی کوردیشەوە کاریان لەسەر تێکشکاندنی ئەو تەلیسمە نەکردووە، کە مەسەلەی کوردی لە رێگای خۆی لاداوە وئاڕاستەکەی لێشێواندووە، ئەمەک رێک ئەو ئامانجەیە، کە داگیرکەرانی کوردستان کاری بۆ دەکەن، کاتێک تۆ دەڵێیت پەکەکە لە باشووری کوردستان چی دەکات، یاخود دەڵین حیزبەکانی رۆژهەڵات لەباشووری کوردستان چیدەکەن!؟ ئەمە رێک ئەو پرسیارەیە، کە دوژمنانی کورد شێلگیرانە کار بۆ وروژاندن وبرەو پێدان دەکەن.

کوردستان وەک تەختە، یاخود وەک بلۆکێکی یەکگرتووی جیۆستراتیژی، ناتوانێت مەسەلەی کوردستان لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا لەیەکتر جیا بکاتەوە، چونکە لەبنەڕەتدا کێشەی کورد لەهەموو پارچەکاندا یەک مەسەلەیە، بەش بەش کردنی ئەو مەسەلەیە رێگە نادات، یاخود گەورەترین کۆسپ لەبەردەم پێشوەچوونی بزاڤی کورد دروست دەکات، کاتێک هەر بزووتنەوەیەکیش نەتوانێت بەرەو پێشەوە بچێت، بێگومان لەشوێنی خۆی دەچەقێت، بەر امبەر ئەمەش گەلانی دەوروبەر زۆر بەخێرایی لەگەڵ گۆڕانیەکان دەگۆڕێن وفۆرمی نوێ وەردەگرن، دیارە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی زیاتر بەجێمانی و دابڕانی لە رەوتی گەشەسەندنی مرۆڤایەتیدا.

رەنگ بێت یەکێک لە مەترسیە گەورەکانی ئایدیۆلۆژیای کوردایەتی، ئەوە بێت، کار لەسەر ئەوە دەکات، یاخود دەیەوێت ئەو دابەشبوونەی کوردستان بە ناسنامەیەکی نەتەوەیی ونیشتمانی ببەستێتەوە، واتە بەکردەیی بزمارێک لە تابووتی ئەو بەیەکبەستنەوە روحی ونەتەوەییە بدات، کە دوژمنانی کورد لە ماوەی رابردوودا نەیانتوانیوە ئەنجامی بدەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کورد خۆی خەریکە دەکرێتە ئامڕازێک لە رەهەندە جیۆستراتیژیەکان و دژی خۆی بەکاردەهێنرێت! ئەم شیکردنەوەیە شیکردنەوەیەکی یۆتۆپیانەی خەیاڵ ئامێز نییە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی پێکهاتەکانی دۆسیەی کوردی وریکخستنەوەیەی

بەشێوەیەک لەبەرژەوەندی نەتەوەیی ونیشتمانی کورد خۆی دابێت. لەراستیدا کەس ناتوانێت نکووڵی لەوە بکات، وەک ئاماژەی پێکرا، کوردستان لەرووی سیاسی ویاساییەوە دابەشکراوە، لە ماوەی سەدساڵی رابردوودا ئەو دوو رەهەندە خەریکە رەهەندی دەروونی کەلتوور ی وسیاسی وپەروەردەیی و زمان و ... هتد لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، ئەمە واقعێکە کورد خۆشی کاری لەسەر کردووەو تۆختری کردۆتەوە، لێرەدا کێشەکە خۆ لەو خاڵەدا نادۆزێتەوە، بەڵکو کرۆکی کێشەکە لەوەدایە، کە هیچ بەشێک لەو بەشانە ناتوانێت ستراتیژێکی سەربەخۆی هەبێت، هەوڵدان بۆ خۆ جیاکردنەوە ودانانی ستراتیژێک لەسەر بنەمای ئەو دابەشکارییە لەگەڵ کۆی دیمە جیۆستراتیژییەکەی کوردستان ناگونجێت، بۆیە هەر جولانەوەیەک لەو چوارچێوەیەدا ئەنجام بدرێت، لە جیاتی ئەوەی بەهەوڵێک بۆ رزگاری وبەدەستهێنانی سەرکەوتن هەژمار بکرێت، دەکەوێتەوە چوارچێوەی هەوڵێک بۆ تێکشاندن وریشەکێش کردنی بنەماکانی بوونی نەتەوەیەک وهەڵتەکاندنی وڵاتێک، کە هەموو پێویستییەکانی وڵاتبوون ومانەوەی تێدایە.

ئایدیۆلۆژیاکان سەرباری ئەوەی لەروکەشدا وایان نیشان داوە، کە دان بەدابەشبوونی کوردستان نانێن وبەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد لە هەموو کوردستان بەیەک چاو سەیر دەکەن وبەیەک چارەنووسی دەبەستنەوە، بەڵام لەراستیدا ئەم بانگەشەیە راست نییەو لەبواری پراکتیکدا رێک پێچەوانە کاریان کردووە، بۆ نمونە پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لەدوای کۆماری مهابادەوە دەیەوێت خۆی وەک پێشەنگی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی نیشان بدات، لەکاتێکدا دەبینین لەهەموو بەشەکانی کوردستان، بەدەستی ئەو حیزبە، یاخود لەژێر کاریگەری ئەو حیزبە پارتی تری کوردی لەژێر هەمان ناو وبەهەمان ئایدیۆلۆژیا دروست بووینە، وەک پارتی دیموکراتی کوردستان لەسوریاو تورکیا، دیارە پارتی سەرەتا خۆی لەژێر کاریگەری پارت دیموکراتی کوردستان رۆژهەڵات دامەزراوە، واتە سەرباری ئەوەی ئەو حیزبە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بوونی هەیە، کە ئەمە

لەرووی پراکتیکییەوە دەبێت ببێتە هۆی دروستکردنی یەکێتییەکی نەتەوەیی، کەچی لە راستەقینەدا رۆڵێکی رێک پێچەوانەی بینیوە، بەشێکی زۆر لەسەرکردەکانی پارتە دیموکراتەکانی پارچەکانی تر، بەدەستی پارتی باشوور یا تیرۆر کراون یا دراونەتەوە دەست داگیر کەران، وەک سلێمان موعینی، یاخود کوژراون، وەک (سەعید قرمزچی) کە بە د. شڤان ناسراوە، بەشێک لەسەرکردەکانی تری پارتی دیموکراتی کوردستان – سوریا، لە زیندانەکان ئەو حیزبە رووبەڕووی ئازارو ئەشکەنجە بوونەتەوەو بە سەدان لاپەڕە بیرەوەرییەکانی خۆیان دەربارەی زیندانەکان وشێوازی ئەشکەنجەدانەکان تۆمار کردووە، ئەمە جگە لەو شەڕە خوێناوییەی، کە لەنێوان هەردوو پارتی دیموکراتی کوردستانی باشوورو رۆژهەڵات، واتە ئێران وئێراقدا روویدا بەدەیان گەنجی تێکۆشەرو دڵسۆزی کوردیان کردە قوربانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان  لەپێناو خزمەتکردنی داگیرکەرانی کوردستان.

کەواتە ئایدیۆلۆژیای کوردایەتی، لەجیاتی ئەوەی ببێتە فاکتەرێک بۆ یەکڕیزی ناو ماڵە گەورەکەی کوردی، بۆتە هۆی پەرتەوازە کردن ودوژمنداری دروستکردن لەنێوان بەشەکاندا، پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق، وەک ئامرازێک بەکارهێنراوە بۆ رێگەگرتن لەسەر بەرزکردنەوە وگەشەسەندنی مەسەلەی کورد لەهەموو بەشەکانی تری کوردستان، بەرامبەر ئەوەش سەرکردایەتی ئەو حیزبە توانیویەتی بمێنێتەوە وپاڵپشتی لە هەموو لایەک وەربگرێت، بۆ نمونە مەرجی ئێرانییەکان لە یارمەتیدانی ئەو حیزبە لەماوەی بزووتنەوەی چەکداری ئەیلوول ئەوە بووە، کە رێگە نەدات بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات گەشە بکات، بەرپرسە ئیسرائیلییەکان ودەزگا هەواڵگرییەکانی ئێران بەئاشکرا ئاماژە بەو خاڵە ترسناکە دەکەن،  بەهەمان شێوە کوشتی د. شڤان، بەهاندانی تورکیاو بەهەمان ئامانج بووە، بەم چەشنە ، ئایدیۆلۆژیای کوردایەتی نەک هەر نەیتوانی یەکێتی نەتەوەیی دروست بکات، وەک دەبوایەو پێویست بوو کاری بۆ بکات، بەپێچەوانەوە دوژمنداری لەنێوان هەموو پارچەکاندا دروست کرد.

مەبەستمان لە ئاماژەکردن بەو خاڵانە کولاندنەوەی برینەکان نییە، هێندە مەبەستمان گەڕانە بەدوای هۆکارەکانی ئەو لەرێلادانە ئایدیۆلۆژییەو پێشکەشکردنی چارەسەرێکی ریشەیی بۆ مەسەلەی کورد، بۆئەوەی لەو مێژووە پر لەشکستە رزگاری بێت وریگەی راستەقینەی خۆی بدۆزێتەوە، ئەم راستیانەی باسکرا، راستەقینەیەکی پوخت نیشان دەدات، ئەویش ئەوەیە لەریگەی ئایدیۆلۆژیاوە کورد نەک هەر نەیتوانیوەو ناتوانێت یەکێتی نەتەوەیی بەدەست بێنێت ورزگاری بێت، بەڵکو زیاتر پەرتەوازە دەبێت، بەشێوەیەکی سادەش ئەمە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کێشەی کورد لەبنەڕەتدا کێشەیەکی ئایدیۆلۆژی نییە و لە ئایدیۆلۆژیا گەورەترە!. ئایدیۆلۆژیا لەماوەی سەد ساڵی رابردوودا شکستی خۆی لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بە تەواوی نیشان دا، سەرباری ئەو دروشم رێگەچارانەی بەرزکرایەوە، هەر لە ئۆتۆنۆمییەوە تا دەگاتە فیدراڵی ودەوڵەتی نەتەوەیی کوردی، لەبەرئەوەی ئەو پرۆژانە لە بنەماوە هیچیان پرۆژەی کوردی نەبوون وئاوەزی کوردی بەرهەمی نەهینابوون وغەوارە بوون، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر وەک ئاماژەی پێکرا، کێشەی کورد لە بنەرەتدا نە کێشەیەکی نەتەوەییە، نەکێشەیەکی ئایدۆلۆژییە، بەڵکو کێشەیەکی جیۆستراتیژییەو پەیوەندی بە بایەخی جیۆستراتیژی کوردستانەوە هەیە، وەک گەورەترین وپڕ بایەخترین تەختەی جیۆپۆلەتیکی لە ئۆڕاسیادا! لێرەدا دەکەوینە تەنگ وچەڵەمەیەکی میتۆدی و پارادۆکسێکی ئاڵۆز، کەپێویستە روونیبکەینەوە، واتای چییە ئایدیۆلۆژیا ناتوانیت چارەسەری کێشەی کورد بکات، لەکاتێکدا هەموو تاکێک وهەموو کۆمەڵگەیەک بەشێوەیەک لەشێوەکان دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیاوە ؟!

## له پەرتەوازەییەوە بۆ کۆکردنەوە

خاڵێکی گرنگ هەیە دەمەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەم، ئەویش ئەوەیە ئایدیۆلۆژیاکان چەندە کاریگەرییەکی ترسناکیان لەسەر تاک وکۆمەڵگەی کوردی دروست کردبێت، ئیدارەدانی ئایدیۆلۆژیاکان کاریگەرییەکانیان دەیان هێندە ترسناکتر کردووە، لەبەرئەوەی ئایدیۆلۆژیا، بەتایبەتیش ئایدیۆلۆژیای کەسی، دەرهاویشتەو کاریگەرییەکانی تەنیا لەسەر خودی مرۆڤەکە دروست دەکات، مرۆڤیش تا رادەیەکی زۆر ئازادە، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ژیانی خۆیدا دەکات. ئەگەر هەرکەسێک لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیایەکیشدا بحولێتەوە، بەڵام ململانێی نێوان ئایدیۆلۆژیاکان دەبێت بەشێوەیەکی باش ولەسەرچاوەیەکی نیشتمانییەوە ئیدارە بدرێت، رەنگ بێت ئەمە نەک بەتەنیا رێگە لە مەترسییەکان بگرێت، بەڵکو بەپێچەوانەش بیشکێنێتەوە، واتە لەبەرژەوەندی کۆی کۆمەڵگەکەیدا بەکاریبێنێت. لەو روانگەیەوە دەتوانین بڵێین راستە لە کوردستان، وەک هەر کۆمەڵگەیەکی تر چەندین ئایدیۆلۆژیای جیاواز لە جووڵانەوەو ململانێدایە، بەڵام ئەوەی دۆخی کۆمەڵگەی کوردی لە کۆمەڵگەکانی تر جیا دەکاتەوە، ئەو ململانێیانە لەچوارچێوەی ئەو دابەش بوونەدا دەگوزەرێن، کە بەسەر کوردستان دا هاتووە، ئەمە بۆتە هۆی دروستکردنی بەرژەوەندی جیاواز لەنێوان بەشێک وبەشێکی تردا، لەکۆتاییدا کوردستان لەیەک ژینگەی سیاسییەوە کراوەتە چەندین ژینگەی سیاسی و بەهۆی نەبوونی چەترێک بۆ ئیدارەدانی ئەو ئایدیۆلۆژییە جیاوازانە لەچوارچێوەیەکی رێکخراوەوە، بۆیە هەموو هەوڵێک بۆ سەرکەوتن ویەکخستنەوەی ناو ماڵی کورد شکست دێنێت، بەم چەشنە لەجیاتی ئەوەی ئایدیۆلۆژیاکان ببنە هۆکارێکی ئەرێنی بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی کورد، بوونەتە هۆکارێک بۆ ماڵوێرانی تێکدانی و شیرازەی خێزان وکۆمەڵگەی کوردی!. تاکە چارەسەریش بۆ راستکردنەوەی ئەو دۆخە خوارو خێچە ئەوەیە، ئەو ئایدیۆلۆژیایانە لەچوارچێوەی ستراتیژێکی بەرفراوانی نیشتمانی، کە بەلایەنی کەم دەبێت وپێویستە لەو ستراتیژییەدا کوردستانی گەورە وەک بلۆکێکی جیۆستراتیژی یەکگرتوو ئیدارە بکرێت،لەسەر ئەو بنەمایە پێویستە ستراتیژێکی نیشتمانی بەرفراوان و ورد دابنرێت،

کە ببێتە هۆی ئەوەی، تەنانەت ئەگەر لەلایەنی تیووریشەوە بێت سەرەتا، ئیدارەدانێکی یەکگرتووی ئایدیۆلۆژیا و بەرژەوەندییە جیاوازەکان بکات و ململانێی نێوان ئەو ئایدیۆلۆژیایانە بەشێوەیەک رێکبخاتەوە، کە لەبەرژەوەندی کوردو خاکی کوردستاندا بێت، ئەو کاتە رۆڵ وکاریگەرییەکانی ئایدیۆلۆژیاش گۆڕانێکی ریشەیی ئەرێنی بەسەر دادێت!

بەڵام لە ئێستادا وایدەبینین دۆخەکە رێک پێچەوانەیە، سەرباری ئەوەی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەر دا دابەش کراوە، لەسەر لێدان وچرووککردن و نەهێشتنی مەسەلەی کورد یەکن، سەرباری ئەوەی ئەوان تاک تاکە، واتە بەجیاوازی بەرژەوەندییەکانەوە، هەریەکێکیان هەوڵیداوە لچکێکی ئایدیۆلۆژیاکانی کوردستان، بە واتایەکی وردتر لچکێکی هێزێک، یاخود حزبێکی کوردی لەبەردەستدا بێت و بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەڕێوەبەرێت. مەنزومەیەکی هەرێمیش هەیە، کە کە کار لەسەر چارەسەرکردنی ئەو جیاویازیانە وگێشەو ناکۆکییەکانی ئەو هێزە هەرێمیانە دەکات، کە بەهۆی بەرژەوەندییە جیاوازەکانەوە دێتەدی، واتە چەترێکی هەرێمی هەیە، کە ئەو دەوڵەتانە لەسەر بەرژەوەندییە جیاوازەکان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، بۆئەوەی سیستەمی نێودەوڵەتی بپارێزێت، پاراستنی ئەو سیستەمە نێودەوڵەتیەش، کە کوردستانی تیادا دابەش کراوە، ئاشکرایە، کە هەرگیز لەبەرژەوەندی کورد دا نییەو تا ئەو سیستەمەش تێکنەشکێنرێت، مەسەلەی کورد چارەسەر نابێت و کورد ناگاتە ئاواتەکانی، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە! بۆیە ئەو چەترەی، کە بۆ کۆکردنەوەو وبەیەکەوە گرێدانەوەی هێزەکانی کوردی لە پارچە جیاوازەکاندا پێشنیار دەکرێت، رێک دەبێتە ئەو فاکتەرەی، کە هەمان رۆڵی مەنزومە هەرێمییەکە دەگێڕێت. ئەو چەترە دەبێت بەنهێنی ولەپشت پەردەدا کار بکات، رێکحستنێکی وای بۆ بکرێت، بتوانێت بڕیار لەسەر ئاشتی وسەقامگیری ناوچەکە بدات، ئەمەش لەرێگەی دامودەزگایەکی زۆر رێکخراو وئاڵۆزەوە دەبێت.

ئاشکرایە، کە بەگوێرەی تیووری ریالیستی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، بنەمای سەقامگیری نێودەوڵەتی دەوەستێتە سەر هاوسەنگی هێز، کەواتە دەبێت ئەو دەزگا نیشتمانییە لەلایەک بتوانێت هاوسەنگی هێزی ناوچەکە لەبەرژەوەندی کورد و لەرێگەی خوردکردنەوەی ئەو دەزگایە بۆ کۆمەڵێک دەزگای بچووکتر، کە ئەرکی رێکخستنی هەموو کایە گرنگەکانی تر و بەگوێرەی ئەو ستراتیژییە نیشتمانییە

نهێنییەی، کە نابێت لەبازنەیەکی تەسک وداخراودا تێپەڕ بکات، دابڕێژێتەوە. ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو گۆڕانکاریانەی لەژێرخانی سیاسەتی نێودەوڵەتی وجیهانیدا دەکەوێتەوە، لەبەرئەوەی هەر بەگوێرەی ئەو تیووره ریالیستییه هیچ هێزێک لەسیستەمی جیهانیدا تا سەر بە چەسپاو سەقامگیر نامێنێتەووه، قەوارەی هێزەکان بچووک وگەوره دەبێتەوەو ولەگەڵ ئەویشدا بەشێوەیەکی مەتاتی سنووره‌کان دادەڕێژرێنەوه وگەورەو بچووک دەبنەوە! لە پەنای بەهێزبوونی ئەو هێزانەدا لەرووی چەک وتفاقەوه، واتە لەبواری هێزی رەقەوه، زۆر هێزی نوێی تر بە چەمکە مەعریفییەکەی لەدایک دەبێت، بۆ نمونە لەسەرەمی شۆڕشی گەیاندندا رۆڵی ئابووری زیاتر لەجاران دێتە پێشەوه، ئەمەش واتای ئەوەیە، کە رۆڵی ئابووری لەهەموو قۆناغەکاندا رۆڵی گەورەی هەیە بزوێنەری رەوڕەوەی مێژووه، وەک مارکس باسی دەکات، بەڵام لەسەردەمی شۆڕشی گەیاندندا، بەتایبەتی لە قۆناغی سیستەمی تاکجەمسەری ئاشکرابوو ئەو شتانەی لە پشت پەردەو لەودیوی کورسی و مێزەکانەوه روودەدات، زیاتر کەوتنە بەرچاوی زۆرینەی خەڵک، بۆیە دەرکەوت، کە شان بە شانی پێشکەوتنی ئابووری، هەماهەنگی ئابووری دەتوانێت کاریگەریەکی ئەرینیانەی لەسەر پەیوەندی نێوان هێزەکانی تردا دروست بکات، واتە لە کاریگەرییە نەرێنیەکانی ئایدۆلۆژیا کەم بکاتەوه، رەنگ بێت یەکێتی ئەوروپا نمونەیەکی زەقی ئەو شیکردنەوەیە بێت. ئەوروپا دوای چەندین ساڵ شەڕی ئەتنیکی و ئایدیۆلۆژی ئاینی خویناوی، بۆی دەرکەوت، کە لەرێگەی کارکردن بۆ هێنانەدی هاوسەنگی هێز و یەکلاییکردنەوەی کێشەکان لەسەر بنەمای شەڕو بەکارهێنانی هێزی رەقدا، هەرگیز ناتوانرێت پێشکەوتن وگەشەسەندنی شارستانییەتەکەیان بەردەوام بێت وهەنگاوی گەوره بنێت، بۆیە لە پاڵ دەستگرتنی بەهاوسەنگی هێزەوه، کە زیاتر لە سێ سەدەیە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتی کۆنترۆڵکردووەو بۆتە کرۆکی سیاسەتی جیهانی، سوودی لەهێزەکانی تر، وەک هێزی نەرم وەرگرت، کە دەتوانرێت رۆڵی زیاتری پێبدرێت، شان بەشانی ئەمەش بایەخی هێزە ئابوورییەکە زیاتر هاتە پێشەوه، دەرئەنجامی ئەو هەوڵە کاریان بۆئەوه کرد، کە یەکێتییەک، لە پەنای بلۆکێکی یەکگرتووی جیۆستراتیژی ئەوروپادا دروست بکەن، کە بۆ ماوەی زیاتر لەنیوسەدەیە، ئەو یەکێتیە رۆژ بەرۆژ هەنگاوی گەورەتر دەنێت وپێشکەوتنی زیاتر بەدەست دێنێت.

لەرێگەی ئەو یەکێتیەوە، واتە یەکێتی ئەوروپا، زۆربەی نەتەوەکان جیاوازەکان، ئەوانەی پێشتر وەک دوژمن لە یەکتریان دەڕوانی،لەرێگەی بەرژەوەندی ئابووریەوە بەیەکەوە لکێنرانەوە، بوونە دۆست وتەنانەت یەک ناسنامەی گشتگیریش، لەو رێگەیەشەوە کێشەو ناکۆکیەکانی خۆیان هەناردەی دەرەوە کردو بەختەوەری خۆیان لەسەر ماڵوێرانکردنی گەلانی تری جیهانی سێیەم درێژە پێدا. ئەو پەرتەوازە ئەتنیکیەو ئایدیۆلۆژییەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، بەشێکی گەورەی بۆ سیاسەتی پەرتکەو زاڵبەی رۆژئاواییەکان دەگەڕێتەوە، کە وەک دەرئەنجامێک بۆ رێنیسانس وشۆڕشی پیشەسازی دەگەڕێتەوە، کە توانیان جێ پێی خۆیان لەو ناوچانە بەهێز تر بکەن وبیخەنە ژێر هەژموونی خۆیانەوە.

کوردستان پێویستی بە یەکێتییەکی ئاوا هەیەو بۆئەوەی کورد خۆی ئیدارەی ململانێکان بکات وئەو و رۆڵە لەهێزە هەرێمی وجیهانییەکان بسەنێتەوە، واتە لەجیاتی ئەوەی هێزە کوردییەکان لەلایەن هێزە هەرێمییەکانەوە کاریان پێبکرێت و وەک داشێکی دامە یاریان پێبکرێت، پێویستە لەلایەن دەزگایەکی نیشتمانی باڵاوە، ئەو کارە ئەنجام بدرێت، بێگومان ئەمەش وەک باسمانکرد لەسەر بنەمای دانانی ستراتیژێکی وردو درێژ خایەندا، کە رەچاوی هەموو قۆناغە جیاوازەکان بکات وخۆی بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادە بکات، دادەنرێت، ئەو بیرۆکەیە تا رادەیەک وەک بیرۆکەیەکی ئەندێشەیی دێتە بەرچاو، لەبەرئەوەی کوردستان لەسەر خاکدا هیچ قەوارەیەکی رێکخراوو دامودەزگای نیشتمانی نییە، بەڵام لەسەردەمی شۆڕشی گەیاندندا، کە وەک دەڵێن دنیا بۆتە گوندێکی گچکە، دەتوانرێت ئەو دەزگایانە لە هەر شوێنێکی سەرزەمیندا دابنرێت ولەرێگەی شەپۆڵەکانی ئەنتەرنێتەوە کاربکات و ئیدارەی مەسەلەی کوردی، وەک یەک مەسەلەی جیۆستراتیژی بکات!

من دڵنیام زۆرینەی سیاسەتمەدارو رۆشنبیرانی کورد رەنگ بێت ئەو پڕۆژەیە، ئەگەر بکرێت ناوی پڕۆژەی لێبنێین، بە خەیاڵات وبە ئەندێشە بزانن، لەمەشدا ئەوان راست دەکەن، ئەو پڕۆژەیە پێویستی بە ئیرادە و بەرچاو روونییەک هەیە، کە ئەوان نەک نیانە، بەڵکو تازە بەهۆی پەیوەندییە ژێر بەژێرەکانیان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان ئەو ململانێیە نا ئاوەزمەندا نەو بەرژەوەندیخوازانەی لەنێویاندا هەیە، دیارە ئەوەی بەتیلە چاوێک سەیری دۆخی ئەمڕۆی کوردستان بکات، ئەوەی بۆ دەردەکەوێت، کە ئەو دەستە بژێرە سیاسییە، ئەگەر بتوانین ناوی دەستی

دەستەبژێری سیاسیان بۆ بەکاربێنی، توانای ئەوەشیان نییە بەو شێوەیە بیر بکەنەوە، بەڵام وەک دەڵێن ڕێگەی هەزار میل بەیەک هەنگاو دەست پێدەکات، هەر کاتێک دەست بەو هەنگاوە بکرێت، درەنگ نییە، بەپێچەوانەوە، چۆن لەماوەی سەد سالی رابردوودا بەشێکی زۆری خاکی کوردستان لەدەستچووە،ئەگەر بەخۆمان نەکەوین، لەسەردەمی شۆڕشی گەیاندندا پرۆسەی ئەو لەدەستدانە زۆر خێراتر بەڕێوە دەچێت، لەبەرئەوەی لەلایەک دوژمنەکانی کورد ئامڕازی زۆر نوێ وپێشکەوتوویان کەوتۆتە بەر دەست، کە دەتوانن ئەو پرۆسەیە خێراتر بکەن، ئەمە جگە لەوەی کە شۆڕشی گەیاندن گۆرانکارییەکانی بەشێوەیەک خێراکردووە، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێی راناگات وخەریکە نازانێت بەرەو کام ئاقار هەنگاو دەنێت!.

# سەرئەنجام

-ئایدیۆلۆژیا، بە هەموو جۆرەکانیەوە شتێکی پیرۆز نیەو نابێت مرۆڤ دەروێشانە بکەوێتە ژێر کاریگەرییەکانی ئایدیۆلۆژیاوە، هەرچەندە بریقەدار بێت و لێکدانەوە وشرۆڤەکردنێکی وردو لۆژیکیانە بۆ دیاردە کۆمەڵایەتی وسیاسی وئابووری وئاینیەکان پێشکەش بکات، چونکە لەبنەڕەتدا ئایدیۆلۆژیا هەرچەندە لۆژیکیش بێت، لەگەڵ بنەمای بیرکردنەوەی لۆژیکیانە داناگونجێت! لەبەرئەوەی یەکەم هەنگاوی یرکردنەوەی لۆژیکیانە لەوەوە دەست پێدەکات، کە دەبێت مرۆڤ بەر لەهەموو شتێک خاوەنی خۆی بێت و وەکو خۆی بیر بکاتەوە، نەک وەک خەڵکانی تر، ئایدیۆلۆژیاکان ئەو تایبەتمەندیە رەسەن وخۆڕسکە لە مرۆڤەکان دەسەننەوە، واتە وابەستبوونی تەواو بەئایدیۆلۆژیا، بەشێوەیەک لەشێوەکان جۆرە کۆیلایەتیکی شاردراوەو ئارەزوومەندانە لای مرۆڤ دروست دەکات، شێلگیرانەش بەرگری لەو کۆیلایەتیە دەکات وهەموو هەوڵێک دەدات بۆئەوەی بەکۆیلەتی بمێنێتەوە وئەو کۆیلەتیە بپارێزێت!

-وەک لەدووتویی ئەم نووسینەدا بۆمان دەرکەوت، گرنگترین ئەرکی ئایدیۆلۆژیا ئەوەیە، وا لە وەرگر بکات، ژیان بەو شێوەیە ببینێت، کە ئەو دەیەوێت، جا وێنا کردنی ئەو ژیانە هەر چۆنێک بیت بەگوێرەی جیاوازی ئایدیۆلۆژیاکانەوە دەگۆڕێت، بۆیە یەکەم هەنگاو بۆئەوەی خۆمان لەکاریگەرە ترسناکەکانی ئایدیۆلۆژیا بپارێزین، پێویستە هەمیشە لەسەر بنەمای ئەوەی دەیبین وهەستی پێدەکەین، ژیانی خۆمان وێنا بکەین، بەواتایەکی تر لەچرکەساتی ئێستادا، ئەو هەنووکەیەی تیایدا دەژین مامەڵە لەگەڵ چرکەساتەکانی تەمەندا بکەین وژیان ببینین، نەهێندە بایەخ بە رابردوو بدەین، بەشێوەیەک بێئەوەی هەست بکەین، ببینە کۆیلەی مێژوو، واتە نەتوانین لە زەمەنی خۆماندا بژین ولە رابردوودا بمێنینەوە، نەهێندەش عەودالی ئایندە بین، کە چرکەساتەکانی ئێستا لەدەست بدەین، ژیانی راستەقینە ئەو چرکە ساتەیە،

که ئێستا تیایدا دەژین، شەڕی ئایدیۆلۆژیاکان هەمیشە لەسەر ئەوەیە چۆن مرۆڤ لەو چرکە ساتە دوور بخەنەوە وای لێبکەن بۆ زەمەنیک بژیت، کە هی خۆی نییە، وەک کورد دەڵێت ئەمڕۆ بە قەرز دەداتە بەیانی، بەڵام کێ دەڵێت ئەو بەیانییە دێت!؟ لەکاتێکدا هاتنی ئەو بەیانییە بەو شێوەیەی ئایدیۆلۆژیاکان دەیانەوێت دڵنیا نییە وهەمیشە شتی وا لەژیانی مرۆڤ، لە رەورەوەی مێژوودا روودەدات، کە ناکەوێتە ژێر چوارچێوەی خەملاندنەوە. بۆ نمونە لە بزووتنە رزگاریخوازییەکان، ئایدیۆلۆژیای چەپگەرایی، وا لەمرۆڤ دەکات بۆ داهاتوویێک بژیت و کار بکات، کە تیایدا ئازاد دەبێت ودەتوانێت هەموو شتێک بە ئازادی بەدەست بێنێت، یاخود کۆمەڵگەیەک دروست دەکات، کە چەوسانەوەی چینایەتی تیادا نابێت، لە ئایدۆلۆژیای ئاینیدا لەسەر حسێوی بەدۆزەخ کردنی ژیانی ئێستا بەهەشتێک لە ئایندەدا دەڕازێنێتەوە، کە نەسەری دیارە نەبن وئەوەی خۆت گەرەکتەو لەژیان لیی بێبەش بووی، لەوێ قەرەبووت بۆ دەکرێتەوە، ئایدیۆلۆژیای لیبڕاڵیش لەرێگەی ئازادی ومافی مرۆڤەوە هەموو کارە قێزەون وناشیرینەکانی خۆی دەشارێتەوە، هەموو ئەو ئایدیۆلۆژیایانەش، خۆیان لە چرکە ساتی ئێستا دەدزنەوە، یاخود چرکەساتی ئێستا دەکەنە چرکەی کارکردنێکی کوێرانە لەپێناو هێنانەدی ئەو خەونانەی، کە ئەوان دروستیان کردووە، بەم چەشنە چرکە ساتەکان بە چاوەڕوانیکردنی ئایندەیەک بەڕێدەکرێت، کە دڵنیا نییە دێت یا نا!

-مامەڵەکردن لەگەڵ زەمەنی ئێستادا یەکێکە لە هەنگاوە بنەرەتییەکانی دوورکەوتنەوە لە کاریگەرییە ترسناکەکانی ئایدیۆلۆژیا، وەک دەڵێن چۆلەکەیەک لەنێودەست بێت لە دە چۆلەکەی سەر دار باشترە، بەڵام ئایا ئەو شێوازە مامەڵە کردنە هەروا بەئاسانی دەکرێت، لەکاتێکدا ئایدیۆلۆژیاکان بەدەیان شێوە لە دەرگای مرۆڤ دەدەن ودەیانەوێت بن دەستی بخەن، بێگومان فێرکردنی تاکەکان بۆئەوەی خۆیان لەمەترسییەکان ئایدیۆلۆژیا بپارێزن، یاخود رێگە نەدەن ژیانیان بەئایدیۆلۆژیا بکرێت، پێویستی بە پەروەردەو راهێنان هەیە، دەبێت سەرەتا هەوڵ بدرێت قوتابخانەو کایە پەروەردەییەکان لە بابەتە ئایدیۆلۆژیاکان پاکبکرێنەوە، ئینجا بەشێوەیەکی تایبەت فێربکرێن، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاکان دەکەن، دەبێت لەقوتابخانەکاندا قوتابی فێربکرێت چۆن ژیانی ئێستایان خۆش دەوێت وچۆن دەژین، بەتایبەتیش لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا، ئەو وانانەی پەیوەندیان بە زەمەنی ئێستاوە نییە، بەتەواوی لەو قۆناغە دوور بخرێنەوە، بەتایبەتیش ئەوانەی پەیوەندییان بە رابردووەوە (مێژوو)

و ئاینەوە هەیە، دەبێت لە قۆناغەکانی سەرەتایی بەهیچ شێوەیەک ئەو بابەتە مێژووییانە نەخوێندرێن، چونکە ئەو بابەتانە لە بنەڕەتدا کەرەستەی سەرەکی گەشەکردنی ئایدیۆلۆژیایە. بۆیە خاڵی سەرەکی بۆ پاراستنی تاکەکان لە کاریگەرییە ترسناکەکانی ئایدیۆلۆژیاکا، بێکاریگەر کردنی رابردووە لە ژیانی ئێستادا، ئەمەش لەرێگەی پەروەردەوە دەبێت، بەڵام دیارە ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، لەبەرئەوەی ئەرکی دەزگاکانی پەروەردە لە سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا، لەسەر بنەمای کۆپیکردنی گشتی دامەزراوە ودەیەوێت کەسایەتیەک بەرهەم بێنێت، کە پێویستییەکانی بازاڕی سەرمایەداری پڕ بکاتەوە، واتە ئەرکی خوێندنی گشتی لە سیستەمی مۆدێرنیتە دروستکردنی تاکێکە، هێندە زانیاریی رووکەشەی پێدەبەخشێت، کە خزمەت بەپرۆسەی بەرهەمهێنان وبەکاربردن دەکات، لەدەرەوەی ئەمە شتیکی تری فێر ناکات، ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی دروستکردنی کۆیلەیەکی نوێ!.

لەو روانگەیەوە رەنگ بێت دەزگا پەروەردەییەکان لەسەر ئاستی دەزگایی و لە قۆناغی ئێستادا نەتوانن لەمەدا رۆڵێکی بەرچاوبگێرن، چونکە ئەو جۆرە پەروەردەیە پێویستی بە سیستەمیکی سیاسی هەیە، بەکردەیی رەنگدانەوەی راستەقینەی ئیرادەی خەڵکەکەی بێت ولەپێناو خزمەتکردنی ئەواندا کاربکات، لەقۆناغی ئێستادا لەپارچەکانی تری کوردستان، هیچ سیستەمێکی لەو شێوەیە بوونی نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە سیستەمی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان رێک پێچەوانەی ئەمە دەجووڵێنەوە ودەیانەوێت تاکێکی بێ ئینتماو داڕماو دروست بکەن، کە بەتەوای لە بەها نەتەوەییەکانی داماڵرابێت ولەناخەوە هەڵوەشێنرابێتەوە! ئەو شێوازە سیستەمە بەناو کوردییەی لەباشوریشدا هەیە، گرەوی لەسەر ناکرێت ولەئاست ئەو ئەرکەدا نییە، بۆیە دەبێت بە پلەی یەکەم بگەڕێینەوە بۆ کایە سەرەتاییەکانی پەروەردە، کە ئەویش خێزانە، دەبێت خێزانی کوردی هێندە هووشیار بکرێتەوە، کە رێگە نەدات مێشکی مناڵەکەی بە ئایدیۆلۆژیایەک ئاو بدرێت، هەموو ژیانی بکاتە دۆزەخ، دەبێت خێزانی کورد لە جیاوازی نێوان نەوەکان تێبگات وئەوەی بۆ روونبێتەوە، کە هەر نەوەی بەشێوەیەک بیردەکاتەوە وکاردەکات، بۆیە دەبێت ئەو نەوەیە خۆی بەرهەمهێنەری بیرکردنەوەی خۆی بێت ولەرێگەی ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکانەوە کۆپیەکی لێ دروست نەکرێت، کە لەهەموو کەسێک بچێت خۆی نەبێت، خێزانی هوشیار لەمەدا رۆڵیکی ئێجگار گەورە دەبینێت، دەبێت مناڵ تا تەمەنێکی دیاریکراو

نەخرێتە ژێر کاریگەری هیچ ئایدیۆلۆیاییەک، لەبەرئەوەی ئەو جۆرە کەوتنە ژێرکاریگەرییەی ئایدیۆلۆژیا، جا هەر جۆرە ئایدیۆلۆژیایەک بێت مۆرکێکی ئاینی پێدەبەخشرێت وپیرۆز دەکرێت، ئەمەش یەکێکە لە رێگە سەرکەوتوەکانی دروستکردنی توندڕەوی، دیارە هەموو توندرەویەکیش دوژمنی سەقامگیری وژیانی ئارامە لەنێو کۆمەڵگەدا

-ناکریت رۆڵی میدیا لە بەئایدیۆلۆژیکردنی هەموو کایەکانی کۆمەڵگە بەکەم وەربگرین، چونکە میدیا زمانحاڵی حیزب وهێزە سەرەکییەکانە لەکۆمەڵگەدا، چ بەشێوەیەکی راستەوخۆ، یاخود ناراستەوخۆ بێت، وەک لای خۆمان پێیدەڵێن میدیای سێبەر، سەرباری بە ئایدیۆلۆژیکردنی هەموو بابەتێک، میدیاکان سەکۆیەکی لەباریشن بۆ تێکشکاندنی پەروەردە، ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر میدیادا هاتووە، لەوەی هەر کەسەی دەتوانێت لەرێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ببێتە خاوەنی میدیایەکی تایبەت بەخۆی وبتوانێت بیخاتە خزمەتی بیروبۆچوونەکانی خۆی، دەتوانرێت وەک هەنگاوێکی ئەرێنیانە وەربگیرێت وسوودی لێوەربگیرێت، ئەگەر هاتوو بەباشی بەکاربهێنرێت، گوێزرانەوەی میدیاکان لەنێو دەزگا فەرمییە داخراوەکانەوە بۆ ناوەوەی هەموو ماڵێک، رۆلی میدیای زیاتر کردووە، ئەگەر پێشتر دەگوترا راگەیاندن دەسەڵاتی چوارەمە لەپاڵ سێ دەسەڵاتەکەی تر، ئەوە ئێستا تۆرە کۆمەڵایەتیەکان ئەو شوێنەی گرتۆتەوە وهەرکەس لە رێگەی مۆبایلەکەی خۆیەوە دەتوانێت دەنگی بگەیەنێتە هەموو لایەک، ئەمە رۆڵێکی گرنگ لە پەروەدەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە دەبینێت، ئەگەر بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو زانستیانە بەکاربهێنرێت، هەروەک چۆن دەتوانرێت وەک ئامرازێک بۆ تێکدانی بنەما پەروەردەییەکان و تێکدانی شیرازەی خێزان بەکاربهێنرێت، وەک ئەوەی ئێستا لەهەرێمی کوردستان روودەدات، لەم بوارەدا دوژمنانی کورد توانیویانە باشتر سوود لەو ئامرازە وەرگرن ولەتێکدانی شیرازەی کۆمەڵگەی کوردی تێکشکاندنی بەهاکانیدا زۆر لەپێشەوەی ئەو هەنگاوانەن، کە دەیەوێت ئەو ئامرازە بۆ پەروەدەکردن دروستکردنی کەسایەتییەکی سەرکەوتوو بەکاربێنێت.

-وەک لەدووتوێی ئەو نووسینەدا روونکرایەوە، ئایدیۆلۆژیا پەیوەندی بەخودی بیرکردنەوەوە هەیە، کەسانێک دەیانەوێت لەرێگەی تیووریزەکردنی بیرکردنەوەی خۆیان، راستیەکانی خۆیان گشتگیر بکەن وبەسەر هەمووانی بسەپێنن،

لەکاتێکدا راستی بە تەنیا لای یەک یەکەی بیرکەرەوە نییە ودنیا فرە رەهەندە، لەگۆشەنیگایەکی یەک رەهەندییەوە هەرگیز ناتوانرێت هەموو گۆشەکان ببینرێت، ئەمە وا دەکات هەمیشە راستییەکان دابەش ببن وهەر بەشەی لای کەسێک، یاخود کۆمەڵێک، یاخود لەچوارچێوەیەکی گەورەتر حزبێک بێت، یەکێک لەمەترسییە ترسناکەکانی ئایدیۆلۆژیا ئەوەیە، دەیەوێت تاک رەهەندی خۆی بەسەر هەموو لایەکدا بسەپێنێت، کەئەمەش کارێکی ئەستەمە وهەمیشە کێشەو ململانێی لێدەکەوێتەوە، لەبەرئەوەی بەرژەوەندی جیاواز دروست دەکات وئەو بەرژەوەندییانە لەگۆشە نیگا و رەهەندی جیاوازدا رووبەڕووی یەکتر دەکاتەوە، لێرەدا پشت بەبەستن بەهێزی هزر دەگۆڕێت، بۆ پشت بەستن بەهێزی ماتریالی، ئەوەیە مرۆڤایەتی دووچاری پێشبڕکێی چەک کردووە ولە ئەنجامی ئەو پێشبڕکێیەشدا، بۆ سەرفکردنی چەکەکان بیانووی دایساندنی شەڕ رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبێت.

–چەند راستییەک هەیە دەبێت بە راشکاوی دانی پیابنێین، ئایدیۆلۆژیاکان وەهم بەرهەمدێنن وتێدەکۆشن بۆئەوەی ئەو وەهمانە بکەنە راستەقینە، بەواتایەکی تر لەرێگەی ئەو ئامڕازانەی لەبەر دەستیاندایە وا لە مرۆڤەکان دەکەن وەک راستەقینە مامەڵە لەگەڵ ئەو وەهمانەدا بکەن وبەچاویلکەی ئەوان بیانبینن، هەموو ئایدیۆلۆژیایەک بەشێوەیەک لەشێوەکان کاریگەری لەسەر ئاوەزی مرۆڤ دروست دەکات ودەیەوێت بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، بۆیە ئامانجی راستەقینەی ئایدیۆلۆژیاکان سەرەتا کۆنترۆڵکردنی ئاوەزی مرۆڤەکانەو دواتر بەکارهێنانییەتی وەک ئەوەی خۆی دەیەوێت، ئایدیۆلۆژیا وابەستەیە بەبیری مرۆڤەوە، تاوەکو مرۆڤ بیربکاتەوەو بیرکردنەوە بمێنێت، ئایدیۆلۆژیاکان هەردەمێنن، کەواتە مامەڵە کردن وپەنجە نەرم کردن لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا دا بژاردەی تیادا نییەو مرۆڤ هەرچەندە هەوڵبدات خۆی لێ بەدوور بگرێت، لەکەلێنێک لەکەلێنەکان لەدەرگا،یاخود لەپەنجەرەیەکی بچووکی مێشکییەوە دەچێتە ژوورەوەو کاریگەری خۆی دروست دەکات، بۆیە باشترین چارەسەر بۆ کەمکردنەوەی مەترسییە ترسناکەکانی ئایدیۆلۆژیا مامەڵە کردنە لەگەڵیدا، بەڵام مامەڵەیەکی ئاوەزمەندانە، لەجیاتی ئەوەی مرۆڤ بکەوێتە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیاکان و بە ئارەزووی خۆیان بیجولێنن، دەبێتە مرۆڤ خۆی کۆنترۆڵی ئایدیۆلۆژیاکان بکات وبەو شێوەیە بەکاریان بێنێت، کە

خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەو، یاخود خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەکەی دەکەن!.

-کاتێک مرۆڤ دەبێتە مرۆڤێکی تاک رەهەندو بەتوندڕەوی مامەڵە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیادا دەکات، دواتریش بەهۆی تێپەڕینی رۆژگار، بەشێک لە راستییەکانی دیوەکانی تر، واتە گۆشەکانی تری بۆ دەردەکەوێت، ئەگەری هەڵگەڕانەوەی لە ئایدیۆلۆژیاکەی زۆرتر دەبێت، بۆیە ئەوانەی لە ئایدیۆلۆژیای سەرەتایی، یاخود یەکەمیان یاخی دەبن زۆر بەجدی دەکەونە دوژمنایەتیکردنی، واتە وەک پەرچەکردارێک هەرگیز ناتوانن بە میانڕەوی مامەڵە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا نوێیەکە بکەن، رەنگ بێت باشترین نمونە لێرەدا هەردوو ئایدیۆلۆژیای مارکسی وئیسلامی بێت، کاتێک مارکسیەکان هەڵدەگەڕێنەوە خۆیان وەک لیبراڵێک یاخود وەک ئیسلامییەکی عەیار 24 نیشان دەدەن، ئیسلامییەکانیش کاتێک هەڵدەگەڕێنەوەو لە توندڕەوبوونی خۆیان پاشگەز دەبنەوە، هەموو ئەو شتانە ئەنجام دەدەن، کە ئیسلام پێی ناخۆشە، هەر تەنیا بۆئەوەی مۆرکی ئیسلامی بوونیان لەسەر لابچێت، هۆی سەرەکی ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی پێیاندەگوترێت جیهانی سێیەم، ئایدیۆلۆژیاکان لەسەر بنەمای لاسایکردنەوە وەردەگیرێن، نەک لە ئەنجامی تێگەیشتن و قووڵبوونەوە لە کرۆکی ئایدیۆلۆژیاکە خۆی، چونکە بەشێکی گرنگی بڵاوبوونەوەی ئایدیۆلۆژیا لەسەر بنەمای لاسایکردنەوەیە، نەک ئاوەز، ئەگەر سەیری کۆمۆنیستەکانی رۆژهەڵات بکەی، ئەو راستیەت بە ئاسانی بۆ دەردەکەوێت، خۆیان بە کۆمۆنیستێکی پاک وبێگەرد دەزانن وکەچی بەردەوام لەبەر دەرگای مزگەوتەکانیشدان، ئەم دوالیزمەی ئایدیۆلۆژیاکان دروستی دەکات، دەرهاویشتەی مەترسیداری لەسەر کەسایەتی سادەو خۆڕسکانەی مرۆڤ لێدەکەوێتەوە، چونکە لاسایی کردنەوە خوویێکی سروشتیە و مرۆڤ هەمیشە هەوڵدەدات لاسایی دەوروبەری خۆی بکاتەوە، کاتێک ئایدیۆلۆژیاش دەیەوێت تەنیا ئەو راستیانە نیشان بدات، کە لەبەرژەوەندی ئەودایە، ئەو راستیانە لە قەبارەی خۆیان گەورەتر

دەکات وئەوانەش دەشارێتەوە، کە لەبەرژەوەندی ئەودا نین، بۆیە کاتێک مرۆڤ دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیا، هەمیشە بەشێکی زۆر لەراستیەکانی لێ ون دەبێت، تەنانەت ئەو راستیانە بە ناڕاستیش دەزانێت، کە تارادەیەکی زۆر لە راستی بوونیان دڵنیابە، لەبەرئەوەی لەرێگای ئایدیۆلۆژیاوە مرۆڤ بەشێوەیەک بەرنامەرێژ دەکرێت، کە نەتوانێت لەیەک گۆشە نیگا زیاتر ببینێت، کەواتە ئایدیۆلۆژیا چەند ترسناکە ئەگەر بەشێوەیەکی تەندروست مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت، پەرچەکردارەکەشی، ئەگەر مەترسییەکانی زیاتر نەبێت هەرگیز کەمتر نییە!.

– ئەگەر تاکەکان لەتەمەنێکی بچووکدا بکەونە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیا، ئایدیۆلۆژیا دەتوانێت بەهەردوو رووی نەرێنی وئەرێنی، ئەو مرۆڤانە تێکبشکێنێت وسەرلەنوێ دایانبرێژێتەوە، واتە ئەگەر بەراوردێک لەنێوان کەسایەتی هەمان تاکدا بکەین، لەقۆناغی بەر لەئاڵوودەبوونی بە ئایدیۆلۆژیاو قۆناغی دوای ئاڵوودەبوونەکەی، جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەو قۆناغە جیاوازەدا بەدیدەکرێت، بەڵام لەهەموو حالەتێکدا ئایدیۆلۆژیا دەتوانێت ئیرادەیەکی بەهێز دروست بکات، بەڵام رێگەی سەرکەوتن بۆ ئەو ئیرادەیە رۆشن ناکاتەوە، وەک ئاماژەی پێکرا، ئایدیۆلۆژیا دەتوانێت سەربازێکی ئازاو قارەمان بەرهەمبهێنێت، بەڵام ناتوانێت سەرکەوتنی بۆ مسۆگەر بکات، ئەمەش هەرگیز لە بەهای ئایدیۆلۆژیاکە کەم ناکاتەوە، چونکە ئەرکی ئایدیۆلۆژیا ئەوەیە بتوانێت ئەو مرۆڤە ئامادە بکات، کە دەیەوێت ئەرکێکی پێ بسپێرێت بۆئەوەی لە قۆناغێکی دیاریکراودا جێبەجێی بکات، بەڵام داڕشتنی ئەو ئەرکەو چۆنییەتی جوولەپێکردنی ئەو سەربازە ئەرکی ئەو ستراتیژە نیشتمانییەیە، کەئایدیۆلۆژیاکەی تیادا وەک هێزێکی نەرم بەکاردەهێنرێت، ئەمەش ئەوەمان بۆ روونەدەکاتەوە، کە ئایدیۆلۆژیا تەنیا ئامرازێکە لەپاڵ ئامرازەکانی تر ولەچوارچێوەی ستراتیژێکی نیشتمانیدا دەبێت کاری پێبکرێت، ئەگینا لەجیاتی سەرکەوتن، سەرگەردانی وماڵوێرانی بۆ کۆمەڵگە لەگەڵ خۆیدا دێنێت، لەباشووری کوردستان ئەو دیمەنە زۆر بەزەقی بەرچاو دەکەوێت، کە دوو بنەماڵەی سیاسی زیاتر لە 70 ساڵە لە پەنای ئایدیۆلۆژیای جیاوازەوە، ململانێکانی خۆیان لەسەر دەسەڵات وهێنانەدی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان شاردۆتەوە، بەڵام زەمەن کەفالەتی ئەوە دەکات، کە رۆژێک لەرۆژان ولە چرکەیەک لەچرکەکاندا رووی راستەقینە بۆ خەڵک دەرکەوێت

ووەکو کابرای درۆزن، هەزار راستیش بڵێن کەس باوەڕیان پێنەکات، ئەمە ئەو دۆخەیە، کە ئێستا هەردوو هێزە سەرەکییەکەی باشووری کوردستان بەدەستییەوە دەناڵێنن.

-یەکێک لەلایەنە ترسناکەکانی تری ئایدیۆلۆژیا ململانێیەتی لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکانی تردا، چونکە ئەگەر ئەو ململانێیانە لە دەوڵەتێکی دیموکراتی پێشکەوتوودا لەرێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە یەکلایی بکرێنەوە، ئەوا لەو کۆمەڵگە دواکەوتووەکانەدا لەرێگەی لوولەی تڤەنگەوە یەکلایی دەکرێتەوە، بۆیە ئەگەر چوارچێوەیەکی نیشتمانی نەبێت، کە ئیدارەی ململانێیە ئایدیۆلۆژییەکان بکات، ئەوا نەک ململانێیەکی ناتەندروست، بگرە کۆی کۆمەڵگەکە بەرەو هەڵدێر دەبات، بە تایبەتیش ئەگەر ئەو ململانێیە لەچوارچێوەی یەک دەوڵەت ویەک مەسەلەی رزگاریخوازی وەکو مەسەلەی کورد دابێت، لەو حالەتەدا کۆمەڵگە بەرەو پچڕ پچڕی دەبات، چونکە هەر ئایدیۆلۆژیایەک لەو ئایدیۆلۆژیایانە لەلایەن هێزێکی هەرێمییەوە ئیدارە دەدرێت وبەکاردەهێنرێت، ئەگەر ئەو کارەش نەکات ئەوە جێگەی نابێتەوە وبەخێرایی لە گۆڕەپانەکە دەردەکرێت، بەم شێوەیە ئەو هێزانەی ئەو ئایدیۆلۆژیایەیان بەرزکردۆتەوە، هەر ئایدیۆلۆژیایەک بێت، ئیرادەی سیاسی خۆیان لەدەست دەدەن ووەک بوکەڵەیەک لە گەمە سیاسییەکاندا یارییان پێدەکرێت، لەرێگەی ئەمەشەوە رێگە لەپێشوەچوونی مەسەلەی نیشتمانێک، ولاتێک، نەتەوەیەک دەگیرێت، رێک وەک ئەوەی لەناو هێزە کوردیەکاندا لە ئێستادا دەگوزەرێت، لەبەرئەوەی دەروازەی کوردستان بەوالایی هێشتراوەتەوە و ئەوەی دێت وەک خاوەن ماڵ رەفتاری لەگەڵ دەکات، تاوەکو ئێستا ئاوەزی کوردی بیری لە دانانی ستراتیژێکی نیشتمانی فراوان وگشتگیر نەکردۆتەوە، کە سەرەداوی ململانێی نێوان ئایدیۆلۆژیاکانی کوردستان لە دەست دوژمنانی کورد دەربێنێت وخۆی ئەو ململانێیانە لەپێناو پێشکەوتن وبەرەو پێشوەچوونی کۆمەڵگەی کوردی ئیدارە بدات.

-لەسەر ئاستی ناوەخۆ هەمیشە ئایدیۆلۆژیای سەردەستە، واتە ئایدیۆلۆژیای دەسەلاتدارو فەرمانڕەواکان، هەوڵدەدەن هەژموونی خۆیان بسەپێنن، بەرامبەر ئەمەش خەڵکی بندەست هەوڵدەدەن وەرامی ئەو ئایدیۆلۆژیایە بدەنەوە وبەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەمواری بکەنەوە، کەواتە ئەگەر ئایدیۆلۆژیای دەسەلاتدارن هەوڵی خۆسەپاندن بدات، ئایدیۆلۆژیای بن دەستان، واتە بەرفەرمانەکان

هەمیشە هەوڵدەدات رووبەڕووی ئەو هەژموونییە ببێتەوەو کاریگەری کەم بکاتەوە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وجیهانیشدا، هەمیشە گەلانی سەردەستەو پێشکەوتوو، ئەوانەی توانیویانە شارستانی وهێزی گەورە بونیات بنێن، هەوڵدەدەن ئایدیۆلۆژیاکانی خۆیان بەسەر گەلانی تردا بسەپێنن، هەمیشە بەچاوێکی نزمترەوە سەیری هەموو گەلانی تر دەکەن، تەنانەت زاراوەی بەربەرییەتیش، کە لەبواری فەلسەفەی مێژوودا زۆر بەکاردەهێنرێت، کە نەخوێندەوار، یاخود نەزان دەگەیەنێت، بۆئەو گەلانە بەکارهێنراوە، کە لەدەرەوەی ئەو شارستانییەتانە ژیاون، بۆ نمونە گریکەکان، رۆمانییەکان، چینیەکان، کە خاوەنی شارستانی گەورەبوون، گەلانی دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان بە بەربەری ناوزەد دەکرد، گریکەکان لەرێگەی ئەسکەندەی مەکدۆنییەوە هەوڵیاندا ئەو بەربەریانە فێری شارستانیەت بکەن وشارستانییەتی خۆیان بەسەریاندا بسەپێنن مێژوو لەبەرژەوەندی شارستانییەتی گریکی بەکۆتا بێنن، چینییەکانیش شورای چینیان وەک ناوبڕێک لەنێوان خۆیان بەربەرییەکان دروست کرد، بۆئەوەی خۆیان لەوان جیا بکەنەوە.

-ئایدیۆلۆژیا کاتێک لە روانگەی راستییەکانەوە وەهمەکان بەرهەم دێنێت جارێک ترسناکە، کاتێک ئەو وەهمانە بەکاردێنێت، لەپێناو بەدیهێنانی وەهمێکی دیاریکراودا دوو جار ترسناک دەبێت، بەڵام لەهەموو ئەمانە ترسناکتر ئەوەیە، کاتێک ئایدیۆلۆژیا وەک ئامڕازێک لەلایەن دوژمنانی خۆتەوە ولەژێر ناوی خۆتەوە بەکاردەهێنرێت، ئەو کاتە مەترسییەکانی ئایدیۆلۆژیا لە هەموو کاتێک زیاتر دەبێت، لەبەرئەوەی ئەوانەی هەڵگری ئایدیۆلۆژیاکەن، جڵەوی ئیرادەی خۆیان لەدەستدەدەن وبەنیازی ئامانجێک کار دەکەن، بەڵام لەراستیدا رێک پێچەوانەی ئامانجەکانی خۆیان دەجوولێنەوە، بە بێئەوەی پێی بزانن دژی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەکاردەهێنرێن، زۆر گرنگە سەرچاوەی ئایدیۆلۆژیاکان هەرچیەک بێت، جڵەوی ئیدارەدان وچۆنییەتی بەکارهێنانی ئایدیۆلۆژیا لە دەستێکی نەتەوەیی ئەمیندا بێت، کە دەڵێم دەستێکی ئەمین، مەبەستم کەسێک نییە، بەڵکو مەبەستم دەزگایەکی نەتەوەیی باڵایە، بۆ نمونە لە دۆخێکی وەکو کوردستان، بتوانێت ئیدارەی چۆنیەتی کارکردن وململانێی نێوان هەموو ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکان بکات، لە بەرژەوەندی بەرژەوەندییە نەتەوەیی ونیشتمانییەکاندا بیشکێنێتەوە، تاوەکو دەزگایەکی لەو شێوەیەش دروست نەکرێت،

دۆخەکە وەکو ئێستا دەمێنێتەوە وکورد هەرگیز ناتوانێت لەئازاری بەکارت بوون رزگاری بێت وببێتە خاوەنی دیدو ئیرادەی راستەقینەی خۆی!.

# نووسەر لە چەند دێڕێکدا

کامەران احمد محمدامین (کامەران مەنتک)
قوتابخانەی سەرەتایی وناوەندی لەشاری هەولێر تەواوکردوە.
ساڵی 1982 ئامادەیی پیشەسازی بەشی کارەبای لەهەولێر تەواوکردوە.
ساڵی1992بەشداری لەتاقیکردنەوەی دەرەکی بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی بە شی وێژەیی کردوە
ساڵی 1997 بەکالۆریۆسی لەمێژوو، لەکۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین بەدەست هێناوە.
ساڵی 2000 ماستەر لەمێژوو، هەر لەهەمان کۆلیژوزانکۆدا.
ساڵی2007 دکتورا لەفەلسەفەی مێژووی پەیوەندییەنێودەوڵەتییەکان ، زانکۆی موسڵ.
-ساڵی 2000 بەکالۆریۆس لەیاسا ، زانکۆی سەلاحەدین.
- لە ساڵی 2011 پلەی زانستی بەرزکراوەتەوە بۆ پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر.
- ساڵی 2017 پلەی زانستی بەرزبۆتەوە بۆ پلەی پرۆفیسۆر لە بواری فەلسەفەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان.

**ئەزموونی وانەبێژی**

لە-2004 لەکۆلیژی مافی زانکۆی سەحەدین وانەی گوتوەتەوە
وەک وانەبێژێک لەبەشی راگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر وانەی گوتوە تەوە.
ئێستا مامۆستایە لەکۆلیژی زانستەرامیاریەکان لەزانکۆی سەلاحەدین - هەولێر

**بەرهەمەبڵاوکراوەکانی**

**بەزمانی کوردی**

**ئەدەبی**

فرمێسکی ئەستێرە، - شعر - 1988
پریاسگەی رێگای سەرکەوتن ، چامە1992
بێوار ، رۆمانێکی مێژوویی ، بەرگی یەکەم _کۆچ - 2004
بێوار ، رۆمانێکی مێژوویی ، بەرگی دووەم ، گێژەن – 2005

بێوار، رۆمانێکی مێژوویی، بەرگی سێیەم، گەڕانەوە- کتێبی ئەلیکترۆنی-2021

**فەلسەفەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان**

- کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتی وناوچەییدا ، توێژینەوەیەکی سیاسی – ئابووری. بڵاوکراوەکانی دەزگای سەردەم، 2000

-کوردستان لەسیاسەتی هەرێمایەتیدا 1932-1955، بڵاوکراوەکانی سەنتەری نما، 2010.

-بازرگانی رەشی نەوت وداڕشتنەوەی پەیوەندیە هەرێمایەتیەکان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2017

-داڕمان وبەکۆتا هاتنی ئیمپراتۆریای ئەمریکی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2017

- کوردستان بەرەوکوێ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2018

- کورد لە پڕۆژەی رێگای ئاوریشمی نوێدا – توێژینەوەیەک لە دیپلۆماسیەت وستراتیژەتی چین لە دەستپێشخەری -پشتێنەوڕێگا، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، 2020.

- پەیوەندیەکانی نێوان تورکیاورێکخراوی داعش لە روانگەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، 2020

-کوردستان لە رۆژگارە سەختەکاندا، کۆمەڵە وتار، کتێبی ئەلیکترۆنی- 2021

-کوردستان لەگۆڕانکارییەکانی سیستەمی جیهانیدا، بەرگی یەکەم، بەکۆتاهاتنی تاکجەمسەری وشەڕی نوێی سارد، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2022

- کوردستان لەگۆڕانکارییەکانی سیستەمی جیهانیدا، بەرگی دووەم، کوردستان لە پڕۆژەی ئۆڕاسیادا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2022.

- کوردستان لەگۆڕانکارییەکانی سیستەمی جیهانیدا، بەرگی سێیەم، کوردستان لەئۆکرانیاوە بۆ کوردستان، کوردو گرێکوێرەی گەیشتن بەدەریا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2022.

-کوردستان لە رۆژگارە سەختەکاندا، بەرگی سێیەم، کتێبی ئەلیکترۆنی، 2023.

-کێشەی زینی وەرتێ، خوێندنەوەیەک تر بۆ مەسەلەی کورد، هەولێر 2023.

**فەلسەفەی مێژوو**

- ئازادی لەنێوان فەلسەفەویاسادا ، توێژینەوەیەک لەفەلسەفەی یاساوسیاسەتدا، بڵاوکراوەکانی دەزگای سەردەم، 2005

– دیالێکتیکی زەمەنی مێژوویی وخوێندنەوەیەکی تر بۆ زانستی مێژوو، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر 2017
– شیکردنەوەوهارمۆنەتیزەکردنی مێژوو، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر 2018

**بەزمانی عەرەبی**

**فەلسەفە**

–السیاسه الدولیة فی ضوء فلسفة الحضارة، دراسه تحلیلیة نقدیة، دار المعرفة ، لبنان ، 2009.

**بەرهەمە بڵاونەکراوەکان**

**ئەدەبیەکان**

–تۆڵە، رۆمان.
–گوڵی ئەفسوناوی ، کورتەچیرۆک.
–هاواری بێدەنگ، کۆمەڵەشیعر

**توێژینەوە(کتێب)**

– دەروازەیەک بۆ بیرکردنەوەی ستراتیژی، 2021
–کۆبانی ومملانێیەنێودەوڵەتییەکان
–تورکیاوکۆمەڵگای نێودەوڵەتی
–ئازادی وشارستانیەت ، توێژینەوەیەک لەفەلسەفەی مێژوو.
–نەتەوایەتی وبزاڤی نەتەوایەتی کوردی.
–راپەڕینەکانی کوردی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لەژێر رۆشنایی گۆڕانکاریەئابوریەکاندا.
–کۆمۆتراژیدیاکانی هەرێمی کوردستان ومانیفێستی قۆناغێکی نوێ
–کوردوبەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای کوردی
–زانکۆ یا نەزانکۆی سەلاحەدین، نوقورچێکی توند لەجەستەیەکی مردوو

**بە زمانی عەرەبی**

–إنحطاط الامبراطورية الأمريكية وسقوطها – دراسة في ضوء فلسفة الحضارة.
–النفط وإعادة صياغة العلاقات الاقليمية في الشرق الاوسط، دراسة في ضوء فلسفة العلاقات الدولية

-ثلاثية القوى العظمى(روسيا، الصين، الهند) ومستقبل أوراسيا
-دراسة تاريخية سياسية تحليلة
-تغير طبيعة القوى وأثره في العلاقات الدولية- دراسة في ضوء فلسفة العلاقات الدولية
-الحرية بين جدلية العقل والارادة - دراسة فلسفية تاريخية

**<u>وتار</u>**

-لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەوتارونووسین لەگۆڤارورۆژنامەومالْپەڕەکوردیەکاندا.

ئیمەیلی نووسەر:
Kamaran.amin1@su.edu.krd
kameranmentk@gmail.com

Dr. Kameran Mentk

# KURDS AND IDEOLOGY

The Terrible Effects of Ideology on the Kurdish Individual

2023